
# بیروباوەڕی پێشەوایەتی

# عقائد الامامية



نووسینی

شێخ محەمەد ڕەزا ئەلموزەفەر

لێکۆڵینەوە

عەبدولکەریمی کرمانی


لە لایەنی ئەمینداریەتی گشتی نزرگەی حسێنی پیرۆز بەشی چالاکیبەکانەوە وەرگێڕاوە

دار الوارث للطباعة والنشر
DARALWARITH Printing & Publishing

بیروباوەڕی پێشەوایەتی

# بیروباوەڕی پێشەوایەتی

موجتەهیدی نوێخواز
شێخ محمەد ڕەزا ئەلموزەفەر

لێکۆڵینەوە
عەبدولکەریم کرمانی

دەزگای (الرافد) بۆ چاپ

Almuzaffar , Rida Muhammad ئەلموزەفەر ، محمەد ڕەزا
بیروباوەڕی پێشەوایەتی / نووسینی شێخ محمەد ڕەزا ئەلموزەفەر
لێکۆڵینەوە : عەبدولکەریمی کرمانی ، ١٩٥٩ ز
(الرافد) بۆ چاپ ، ١٤٣٥ ك ـ ٢٠١٤ز .

ISBN : ٩٧٨ -٦٠٠ – ٥٦٨٨ – ٦٠ – ٣
Arrafed – pub@yahoo.com

کتێبی عەرەبی : ١٥٢ لاپەڕە
شیعەی پێشەوایەتی ـ بیروباوەڕ
BP ٢١١/م٥٨ع٧

بیروباوەڕی پێشەوایەتی
شێخ محمەد ڕەزا ئەلموزەفەر
لێکۆڵینەوە : عەبدولکەریم کرمانی
لە بڵاوکراوەکانی (الرافد)
چاپی دەیەم
١٤٣٥ك ـ ٢٠١٤ز
ISBN : ٩٧٨ -٦٠٠ – ٥٦٨٨ – ٦٠ – ٣

هەموو مافەکان تۆمار و پارێزراوە بۆ لایەنی بڵاوکەر

## بەناوی خوای گەورە و دلۆڤان

صەلآت و سلاو لە سەروەرو پێغەمبەر و پێشەنگمان محمد و ئالە چاك و بێگەردەكەی بێت و نەفرەتی هەمیشەیی لە سەرجەم دوژمنانیان و سوپاس بۆ پەروەردگار .

**سەرەتای لێكۆڵینەوەكە**

بایەخدانم بە لێكۆڵینەوەی ئەم كتێبە گەر وشەی لێكۆڵینەوە دروست بێت لەم سەردەمە ، لە گرنگی ئەم كتێبەوە هاتووە ، و پێداویستی بلاوكردنەوەی لە نێوەندی جیاجیاكاندا ، چونكە بایەخ پێدانی زانا و وەرگێڕ و بلاوكەرەكان و ناوەندی زانستی و ڕۆشنبیری و هی دی بە بایەخەوە سەیری ئەم كارە بچووكە بە قەبارە و گەورە و دەوڵەمەند بە ناوەرۆك دەكەن و لەوانەش دەزگای (الغدیر)ی پیرۆز و چاپكردنە یەك لە دوای یەكەكانی ئەم كتێبە بە زمانە جۆراوجۆرەكان و ڕەنگاوڕەنگ گەواهین لەسەر قسەكانمان .

ئەمانەش لیستی سەرپەرشتكاریەكانمانن :

**ا) بە زمانی عەرەبی**

١- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة): ئەلموزەفەر، محمەد ڕەزا (١٣٢٢ ـ ١٣٨٤ﻫ ق) ، پێشەكی : حامد حفنی داود ، نەجەف : دەزگای ئەلنعمان ، مێژووی پێشەكی : ١٣٨٠ ﻫ ق ، جیبی ، ١٣٦ لاپەڕە .

٢- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة): ئەلموزەفەر، محمەد ڕەزا (١٣٢٢ ـ ١٣٨٤ﻫ ق) ، پێشەكی : حامد حفنی داود، قاهیرە، لە چاپكراوەكانی (النجاح): ١٣٨١ ﻫ ق /١٩٦١ ز ، ١٢٦ ل .

٣- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة): ئەلموزەفەر، محمەد ڕەزا (١٣٢٢ ـ ١٣٨٤ﻫ ق) ، پێشەكی : محمەد مەهدی ئەلئاصفی و حامد حفنی داود ، قم : دەزگای (التبلیغ) ئیسلامی ، مێژووی پێشەكی : ١٣٨١ﻫ ق ، جیبی ، ١٧٦ ل ، چاپی دووەم بە ئۆفسێت .

٤- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة): ئەلموزەفەر، محمەد ڕەزا (١٣٢٢ ـ ١٣٨٤ﻫ ق) ، پێشەكی : دكتۆر حامید حفنی داود ، لە چاپی یەكەم جیاوازە لەبەر ئەو ئیزافاتە گرنگانەی خراوەنەتە سەر ، لە چاپكراوەكانی (النجاح) ، ١٣٩١ﻫ ق ، جیبی ، ١٢٦ ل .

٥- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة) : ئەلموزەفەر ، محمەد ڕەزا ، پێشەکی : محمەد مەهدی ئەلئاصفی و حامد حفنی داود، (ناوی لایەنی بلاّوکەر نییە) ، ١٣٩٣ھ ق، جیبی ، ١٣٥ ل ، ئۆفسێت .

٦- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة): ئەلموزەفەر، محمەد ڕەزا (١٣٢٢ - ١٣٨٤ھ ق) ، پێشەکی : دکتۆر حامد حفنی داود ، قم : لە بلاّوکراوەکانی (الشریف الرضي) ، چاپ ٢ ، ١٤١١ھ ق ، وەزیری ، ١٣٦ ل .

٧- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة): ئەلموزەفەر، محمەد ڕەزا (١٣٢٢ - ١٣٨٤ھ ق) ، پێشەکی : محمەد مەهدی ئەلئاصفی و حامد حفنی داود ، قم : شکوری ، ١٣٧١ھ ش = ١٤١٣ھ ق ، چاپی سێیەم بە ئۆفسێت ، ١٧٤ ل .

٨- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة) : زانای گەورە شێخ ئەلموزەفەر ، محمەد ڕەزا (١٩٠٤ - ١٩٦٤ز) ، پێشەکی و لێدوان لەسەری : محمەد جەواد ئەلتەریحی ، قم : دەزگای پێشەوا عەلی (س.خ) ، چاپی یەکەم ، ١٤١٧ ھ ق ، ٥١٢ ل ، وەزیری .

٩- سەرەتای زانیاری خواوەندی لە شیکردنەوەی بیروباوەڕی پێشەوایەتی (بدایة المعارف الالهیة في شرح عقائد الامامیة) : شیکردنەوە و لێدوان : سەید موحسین ئەلخەرازی ، قم : ناوەندی بلاّوکردنەوەی ئیسلامی، چاپی یەکەم، (مێژووی پێشەکی : ١٣٦٦ھ ش = ١٤١٨ھ ق) ، وەزیری ، دوو بەرگ ، ب ١ : ٣٢٠ ل ، ب ٢ : ٢٨١ ل.

١٠- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة) : زانا شێخ محمەد ڕەزا ئەلموزەفەر، قم: ناوەندی توێژینەوەی بیروباوەڕ ، ١٤٢٢ ھ ق ، ١٧٦ ل.

١١- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة) : موجتەهدی نوێخواز ، محمەد ڕزا ئەلموزەفەر ، پێشەکی : دکتۆر حامد حفنی داود ، قم : دەزگای ئەنصاریان ، چ ٤ ، ١٤٢٢ھ ق ، ١٣٥ ل .

١٢- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة) : ئەلموزەفەر ، محمەد ڕەزا (١٣٢٢ - ١٣٨٤ھ ق) ، پێشەکی : حامد حفنی داود ، تاران ، کتێبخانەی گەورەی ئیسلامی ، دەزگای (البعثة) ، (بێ مێژوو) ، ١٣٦ ل .

١٣- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة) : ئەلموزەفەر ، محمەد ڕەزا (بێ مێژوو و ناوی بلاّوکەر)، ١٣٦ ل .

١٣- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة): ئەلموزەفەر، محمەد ڕەزا (بێ مێژوو و ناوی بلاّوکەر)، ١٣٦ ل .

١٤- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (عقائد الامامیة) : ئەلموزەفەر، محمەد ڕەزا (بێ مێژوو و ناوی بلاوکەر) ،پێشەکی : حامد حفنی داود ، تاران ، کتێبخانەی نوێی نەینەوا ، (بێ مێژوو) ، ١٣٦ ل .

١٥- بیروباوەڕی پێشەوایەتی بە بەرگێکی نوێ (عقائد الامامیة): فارس عەلی عامر، قم : الشریف الرضی ، چ ٢ ، ٢٢٧ ل .

١٦- سەرەتای زانیاری خواوەندی لە شیکردنەوەی بیروباوەڕی پێشەوایەتی : شیکردنەوە و لێدوان : سەید موحسین ئەلخەرازی ، قم : ناوەندی بلاوکردنەوەی ئیسلامی ، چ ٧ ، دوو بەرگ لە یەك جلد دا .

**ب - بە زمانەکانی دی :**

١- بیروباوەڕی پێشەوایەتی، (بە زمانی ئینگلیزی) : ئەلموزەفەر ، محمەد ڕەزا (١٩٠٤ - ١٩٦٤ز) ، قم : دەزگای ئەنصاریان ، ١٤٠٩ك/١٩٨٩ز ، ٨٩ ل .

٢- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (بە زمانی فەرەنسی): ئەلموزەفەر، محمەد ڕەزا، (١٩٠٤ك - ١٩٦٤ز)، وەرگێڕ : عەباس ئەلبوستانی ، لێدوان : محمەد جەواد ئەلتریحی، قم : دەزگای پێشەوا عەلی (س.خ) ، بێ مێژوو ، ٢٧٠ل .

٣- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (بە زمانی ڕووسی) : ئەلموزەفەر ، محمەد ڕەزا (١٩٠٤ك - ١٩٦٤ز) ، وەرگێڕانی : ناوەندی وەرگێڕان ، کۆمەڵەی جیهانی ئەهلی بەیت (س.خ) ، ١٩٩٨ز ، ١٥٢ ل . ١٣٦ ل .

٤- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (بە زمانی چینی) : ئەلموزەفەر ، محمەد ڕەزا (١٩٠٤ك - ١٩٦٤ز) ، وەرگێڕ : سلێمان هی خوا ، تاران ، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییە ئیسلامییەکان ، ١٩٩٧ز ، ٨٧ل .

٥- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (بە زمانی ئەردۆ) : ئەلموزەفەر ، محمەد ڕەزا (١٩٠٤ك - ١٩٦٤ز) ، وەرگێڕ : محمەد نەقەوی نەجەفی ، لێکۆڵینەوە : محمەد جەواد ئەلتەریحی ، قم : دەزگای پێشەوا عەلی (س.خ) ، یەکەم ، ٣٤٠ل .

٦- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (بە زمانی ئەردۆ) : ئەلموزەفەر ، محمەد ڕەزا (١٩٠٤ك - ١٩٦٤ز) ، هەڵەبژێر : ئەمجەد حسەین نەقەوی ، قم : دەزگای پێشەوا عەلی (س.خ) ، ٤٤٠ ل ، ١٤٢٠ك .

٧- بیروباوەڕی پێشەوایەتی (بە زمانی فارسی) : ئەلموزەفەر ، محمەد ڕەزا (١٩٠٤ك - ١٩٦٤ز) ، وەرگێڕ : عەلی ڕزا مەسجد جامعی ، تاران : وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕێنمایی ئیسلامی ، ڕێکخراوی چاپ و بلاوکردنەوە ، ١٣٨٠ ھ ش ، ڕوقعی ، ٣٦٨ل .

٨ـ بیروباوەڕی پێشەوایەتی (بە زمانی تاجیکی) : ئەلموزەفەر، محمەد ڕەزا (١٩٠٤ك ـ ١٩٦٤ز) ، وەرگێڕ : ئیقبال ئەستروشنی، تاران ، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییە ئیسلامییەکان ، ١٩٩٧ز ، ٢١٢ل .

هەروەها چەند چاپکردنێکی تر هەیە هی هەندێ بڵاوکەری ناوبراو و کەسانی تر لێرە باسمان نەکردووە بە مەبەستی کورتکردنەوە .

جێی چاکەیە ناوی هەموو ئەوانەی بەشداری لەم پرۆژە ڕۆشنبیرییە کردووە بە سوپاس و پێزانینەوە بهێنین و بەتایبەت برای بەڕێز فەزیلەتی شێخ دکتۆر محمەد جەواد ئەلتریحی و ئەوانەی لەگەڵیا بەشدار بوون لە ئامادەکردنی چاپی نایابی دەزگای پێشەوا عەلی (س.خ) و دیسان تەقەلا بەهادارەکانی مامۆستای زانا ئایەتوڵڵا سەید موحسین ئەلخەرازی لە ڕاڤەکردن و لێدوان کە شایستەی سوپاس و ڕێزە لای ئێمەوە و هەروەها کۆششی مامۆستای کۆڵنەدەر فارسعەلی عامر کە نەك هەر بەرگێکی تازەی کردە بەر (بیروباوەڕی پێشەوایەتی ـ عقائد الامامية) و بەس، بەڵکوو سەر لەنوێ شتی لابرد و شتی خستە پاڵ و زۆر لە دەستەواژەکان سەرلەنوێ داڕشت . لە خوای بەتوانا داواکارین دەستی هەموومان بگرێت بەرەو هەرچی چاکە و خێرە .

لەبەر ئەوەی بابەتەکانی ئەم کتێبە دەوڵەمەند و شیاو و ئاسانە و گونجاوە لەگەڵ پێداویستی و ئاستی جیاجیاکانی چینەکانی خەڵکی ، دیسان پێویستی بۆی جۆراوجۆر و دابەش دەبێت لە نێوەندە جۆراوجۆرەکاندا :

أ ـ **نێوەندی شیعە** لە تازەپێگەیشتوو و لاوان و کەسانی غەیری ئەمانە، فێرخواز و مامۆستا ، چ لەسەر ئاستی قوتابخە و زانکۆکان بێت یان لەسەر ئاستی حەوزەی زانستی بێت و تاکی شیعە هەوڵی خۆ ڕۆشنبیری کردن دەدات بە بنەماکانی مەزهەب و بیروباوەڕەکانی بە شێوازێکی سووك و ئاسان .

ب ـ **نێوەندی سوننە** کە بەشێوەیەکی گشتی بەردەوامە لەسەر ناسین و زانینی هەموو ئەو هزر و بیروباوەڕانەی برا شیعەکانیان لەخۆیان دەگرن و لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی تینوویەتی دەیەوێت قومێك ئاو بخواتەوە لە سەرچاوە ڕەسەنەکەی ، ئەمانە دیسان ئارەزووی ناسینی شیعە دەکەن لە ماوەی خودی شیعەوە ، نەك لە ماوەی میانگر و کەسانی نامۆ و نەیار .

ج ـ **نێوەندە غەیرە ئیسلامییەکە** کە ئارەزووی زانینی بیروباوەڕی ئیسلامی شیعە دەکەن و ئەمانەش دیسان هەوڵ دەدەن زانیاریان لەم بوارە دەسکەوێت ئەوەی لەسەر زاری

شیعەوە باس دەکرێن و دەنووسرێن لەگەڵ سووربوونیان لەسەر دابینکردنی وەخت و دڵنیایی .

ئەوەی بووە مایەی ڕوو کردنە لێکۆڵینەوە لە بیروباوەڕی ئیسلامی شیعە ، ئەو ڕووداو و پەرپێدانەیە کە دنیای سەردەم بەخۆیەوە دەیبینێ و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ڕەوتی توندڕەوی سەلەفی هاتووە و فرەوانبوونی نەخشەی بە شیعە بوون و تەشەنەسەندنی دیاری لە سەرانسەری دنیادا .

پاش زانینی گرنگی ئەم کتێبە و پێداویستی بۆی و جۆراوجۆری داواکارانی و جیاوازی ئاستەکانیان و وەبە لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی سەردەم و پێویستییەکانی زەمان ، بۆمان جۆراوجۆری شێوازی پێشکەشکردنی کتێبەکە دەردەکەوێت، جارێك ـ هەر وەکوو لیستی باسکراو هاتووە ـ بە سادەیی بڵاودەکرێتەوە و جارێکیش بە ڕاڤە و دوور و درێژییەوە و جاری سێیەمیش بە زیادە خستنەسەر و لێدوانی جیاوازەوە بڵاودەکرێتەوە و بەمجۆرەش بڵاوبونەوەی بە زمانەکانی تر بە پێی بارودۆخی دەوروبەر و پێویستی بۆی ، هەروەها بایەخدانی بڵاوکەر بە بابەتەکانی زانستی و ڕۆشنبیری و هونەری و زەوق و توانای دارایی دەوریان هەیە لە چۆنیەتی پێشکەشکردن و چاپی کتێبەکە .

ئەوەی تێبینی دەکرێت کە ئەم چاپکردنانەی ئەم کتێبە سەرباری زۆرییان بەڵام تەواوی مەبەست ناپێکن لەبەر هەمەجۆری پێویستی و فراوانبوونی و لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان خۆیان نەگونجاوە لەگەڵ پێشکەوتنی چاپ و مواسەفاتی سەردەم لە هەموو لایەنە جیا جیاکانییانەوە و هەروەها دەستەبەری پێداویستی ئەمڕۆی زانست نەکردووە لە باسکردنی فەرموودە و ئایات و دەقەکانی تر و دیکیومێنت کردنیان ، یان هەندێکیان بە شێوەیەکی تەواو باس لە ناونیشانی سەرچاوەکان نەکردووە و یان زۆر ورد نەبوون . دیسان هەندێکیان تەرخان کراوە تەنیا هەر بۆ مەبەستی خوێندن و شیکردن و وردبوونەوەی قسەکان و هەندێکیان زانیاری بەنرخ لەخۆیان گرتووە بەڵام زێد لە خودی قەبارەی کتێبەکە بوون و هەندێکی تریان نزیکبوونەوە لە زمانەکانی دی واتە لە دووتوێیدا دیسان وەرگێڕانی تەواویان لەخۆ گرتووە و ئەم شیکردن و وەرگێڕان و زیادکردنانە ، سەرباری سوودی زۆریان بووەتە هۆی لادان لە مەبەستی داواکراو کە هەردوو خوالێخۆشبوو مەبەستیان بوو : دانەرەکەی زانای مامۆستا محمەد ڕزا ئەلموزەفەر و پیشنیازکەر و بڵاوکەرە یەکەمەکەی مامۆستای بەڕێز محمەد کازم ئەلکەتبی کە مەبەستیان بڵاوکردنی سوودەکانی بوو . هەروەکوو چۆن ئەلموزەفەر بە

ڕەحەت بێ لە هەردوو پێشەکییەکەی چاپی یەکەم و دووەمدا دووپاتی کردووەتەوە، بۆیە پەخش بوونی ئەم کتێبە تەنیا لە نێوەندێکی سنووردار بووە ، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تردا ، گەر کتێب قەبارەکەی گەورە بێت نرخەکەشی بەرز دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی تەسکبوونی بواری دابەشکردنی ، سەرەڕای گشت ئەمانە بڕوامان بە هەمەچەشن و گۆڕان هەیە بەپێی شوێن و زەمانی پێداویستی و هەر گوڵێکیش ڕەنگ و بۆی تایبەت بەخۆیەوە هەیە .

بۆیە ئەم هەوڵە خاکییەم لەسەر چەند تەوەرێك دامەزراندووە :

١- پابەندبوون بە حاڵەتی ناوەند لە ڕوونکردنەوەی هەندێ خاڵ کە دانەر بە ڕەحمەت بێ باسی کردوون یان لە هەندێ لایەنی پێویست کە لە باسکردنیان سوود دەبەخشن و دوورکەوتنەوە لە فرەوانکردنی باسکردنی بیروباوەڕ یان شیکردنەوەی بۆچوونەکان و خستنە ڕووی بنەما و ئوسووڵ و دوورکەوتنەوە لە زۆربڵێی و درێژەبڕی .

٢- جەختکردنە سەر مەبدەئی لەیەك نزیکردنەوە لە نێوان ڕۆڵەکانی یەك ئایین لەبەر بڕوامان بە گرنگیەتی و هەروەها هاوشان لەگەڵ ئەو ئامانجەی دانەر بە ڕەحمەت بێت مەبەستی بوو و ئەمەش لە میانەی پشت بەستن بە بڕێك سەرچاوەی باوەڕ پێکراو هەردوو تیمی شیعە و سوننە بۆ دەرهێنان و تۆمارکردنی کردنی ڕیوایات و قسە و ڕاکان لەگەڵ باسکردنی ناوەکانیان و بۆ ئەوەی خوێنەری خۆشەویست بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستە زانستییەکانی بگەڕێتەوە بۆیان و بۆی ڕوون بێتەوە مەودای لەیەکنزیکبوونی بیروباوەڕی ئیسلامی کە لایەنگرانی قوتابخانەی ئەهل بەیت (س.خ) و براکانیان لە لایەنگرانی قوتابخانەکانی دی ئیسلامی کۆدەکاتەوە و ئەنجام خاڵی ناکۆکیان هەر لە نێوان خۆیان دەمێنێتەوە کاتێ ڕاستییەکان لە سەرچاوەکانی کەلتووری ڕەسەنی ئیسلامی بریقەدەدەن .

٣- بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگایان لە ڕاستییەکان بێتەوە کە بیروباوەڕی شیعەی ئیمامی کتوپڕ و مشەخۆر نییە بەسەر بیروباوەڕەکانی ئیسلام ، بەڵکوو بە ڕەسەنایەتی دیارە و لەسەر بنەمای پەیڕەوکردنی (ثقلین) : قورئانی پیرۆز و وەچەی بێگەرد و پابەندبوون بە ڕاسپاردەکانی پێغەمبەری خوا و دوا پێغەمبەر محمد (د.خ) و گەر هەندێ هۆکاری کتوپڕ و لایەنی نامۆ و هەلپەرست نەبوایە کە هەوڵی گەیشتنە نیازی شەخسی و خێزانی و وەدیهێنانی چاوچنۆکیان بە زاڵبوون بەسەر سەرچاوەکانی توانا و دەستوەردان و دەسەلات دەدا ، ئەوە هەموو موسڵمانان لە دەوری ئەهل بەیت (س.خ) کۆدەبوونەوە ئەوانەی خوا لە پیسی بەتەواوەتی پاکیان کردەوە و زانستەکانی

پێغەمبەرەکەیان (د.خ) بۆیان بەجێهێشت و بە پشتیوانی خوا لە کاتێکی نزیکدا بە ویلایەتەکەیان کۆدەبنەوە لە کاتی سەرهەڵدانی مەهدی نەتەوە و یەکخەرەوەی وشە و پیادەکەری داد لە ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوای سەر زەوی هەروەکوو چۆن باپیرەی خاتەمی پێغەمبەران (د.خ) مژدەی پێداین.

٤- ڕێنمایی کردنی خوێنەری بەدواداچوو بۆ هەندێ سەرچاوە کە هەلی بۆ دەرەخسێنێ لە فراوانبوون لەو بابەتانەی مەبەستیەتی .

٥- هەوڵدان بۆ نیشاندان و خستنەڕووی مێژووی مردنی دانەرەکان لە پەراوێزی کتێبەکەدا بۆ ئەوەی توێژەر بە ئاسانی زنجیرەی مێژوویی توێژینەوەکە بزانێت سەرباری ئەوەی دووبارەکردنەوەیان لە پەراوێزەکاندا بوار لەبەردەم خوێنەری خۆشەویست دەرەخسێنێ بۆ لەبەرکردنی ئەو مێژووانە و ئەنجام بەشداری دەکات لە پرۆسەی ڕۆشنبیرکردنی نەتەوە بە پیاوان و ڕاگەیاندنەکانیەوە .

٦- دەستپاکی و وردبوون بەپێی توانا لە گێڕانەوەی زانیارییەکان و تۆمارکردنیان .

دواجار لە خوای مەزن داواکارم بۆ خۆم و بۆ ئێوەش پشت و پەنامان بێت و لە کەموکورتیەکانمان ببورێت ئەو بەخشندە و دلۆڤانە.

سلاَو و ڕەحمەت و بەرەکەتی خواتان لێبێت .

**عەبدولکەریم کرمانی**

١٥ی ڕەجەب ١٤٢٤ك

## چەند لایەنێك لە ژیانی شێخ ئەلموزەفەر..[١]

### بنەماڵەکەی

بنەماڵەی ئەلموزەفەر یەکێکە لە بنەماڵە زانا و زانستەکانی نەجەفی پیرۆز و هەر لە ناوەڕاستەکانی سەدەی دوازدەهەمەوە ئەم بنەماڵەیە لەو شارە ناسراون و هەندێکیشیان لە (الجزائر)ی سەر بە لیوای بەسرە نیشتەجێبوون . .

فەقیه و زانا شێخ محمەد کوڕی عەبدوڵلا باوکی زانا شێخ محمەد ڕزا ئەلموزەفەر یەکێ لە زانایانی نەجەف و مەرجەعی لاسایی کردنەوە بووە لەو شارەدا (لە نەجەف پەروەردە و گەورە بوو ، هەر لە تافی لاوێتیدا چالاك و خەریکی عیبادەت و خوێندن بوو ، تا لە فیقە سەرکەوتنی وەدەس هێنا و ناوی دەرکرد و شارەزاییەکی باشی هەبوو لە لێکۆڵینەوە) ئینسکلۆبیدیایەکی فیقهی دانا و تیایدا کتێبی (یاساکانی ئیسلام ـ شرائع الاسلام)ی ڕاڤەکرد و ناوی نا (ڕوونکردنەوەی کەلام ـ توضیح الکلام) و لە فیقە کۆڵییەوە لە سەتایەوە تا کۆتاییەکەی)[٢].

### لە دایکبوونی

شێخ محمەد ڕزا ئەلموزەفەر ڕۆژی پێنجی شەعبانی ساڵی ١٣٢٢ك پاش مردنی باوکی بە پێنج مانگ لە دایکبووە و بە ئیرادەی خوای مەزن ئەم منداڵە شیرخۆرە باوکی خۆی نەبینی و نەش باوکە کوڕەکەی خۆی بینی ، برا گەورەکەی شێخ عەبدولنەبی کە ساڵی ١٣٣٧ك کۆچی دوایی کردووە پەروەردەی کرد و سۆزی پێ بەخشی کە جێی سۆزی باوکیەتی گرتەوە .

### پەروەردەبوونی هزری

شێخ ئەلموزەفەر لە ژینگەیەکی نەجەفی پەروەردە بوو و لە ئەنجومەن و دیوەخان و یانە و ئەڵقە و کۆڕ و قوتابخانەکانی بەشداری کردو لە زنجیرە خوێندنەکانی باڵا ئامادە بوو و لەسەر دەستی گەورە پیاوانی زانای ئایینی مامۆستا خوێندنی تەواوکرد و لە ناو ئەم خانەوادە دێرینە لە خانەوادە زانستەکانی نەجەف نەشونما و پەروەردە و گەورە بووە ، هەردوو برا زاناکەی شێخ عەبدولنەبی و شێخ محمەد حەسەن چاودێری و پەروەردەکردنی گرتنە ئەستۆی خۆیان .

---

(١) فصل مستل من كتاب (مدرسة النجف) لسماحة الشيخ محمد مهدي الآصفي .

(٢) آل المظفر : الشيخ محمود المظفر .

سەرەتای ژیانی خوێندنەکەی هەروەکوو سەرجەم خوێندکارانی نەجەف بە ئامادەبوون لە لێکۆڵینەوە ئەدەبی و فیقهی و ئوصول و ئەقڵی ئامادەبوو ، قوتابی شێخ محمەد تەها ئەلحوێزی بوو لە ئەدەب و ئوصول و لە شێعریشدا لێهاتوو ، لێهاتوو بوو لە هەموو ئەمانەدا و هەروەها خوێندکار بوو لای ماموٚستایانی وانەکانی قوناغی ئامادەیی ئەو سەردەمەدا و لە هەمووان سەرکەوتوو بوو .

پاش تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی خۆی تەرخان کرد بۆ خوێندنی بالاّ لە فیقه و ئوصول و فەلسەفە و ئامادەی وانەکانی براکەی شێخ محمەد حەسەن لەگەڵ براکەی تری شێخ محمەد حسەین بوو هەروەها لە وانەکەی شێخ ئاقا زیائەدین ئەلعراقی لە ئوصول و وانەکەی شێخ میرزا محمەد حسەین نائینی لە فیقه و ئوصول ئامادە بوو ، بەتایبەت لە لێکۆڵینەوەکانی شێخ محمەد حسەین ئەصفەهانی بە ڕەحمەت بێ لە فیقه و فەلسەفەی بەرزی ئیلاهی ئامادە بوو .

شێخ موزەفەر بە شێوەیەکی گەورە بیر و ڕاکانی ماموٚستاکەی شێخ ئەصفەهانی لە ئوصول و فەلسەفە کاری تێکردبوو و لاسایی دەکردەوە و هەمان پەیڕەوی ماموٚستاکەی گرتە بەر لە لێکۆڵینەوەی کتێبەکەی (ئوصولی فیقه) ، هەر هەمان بەرنامەی بەکار هێنا لە بەش بەشکردنی کتێبەکەی لە ئوصول هەروەکوو خۆی لە سەرەتای کتێبەکەی ئاماژەی بۆ دەکات ، دیسان کاریگەر بووە بە شێوازی نووسینەوەی کە ئەمەش لە نووسینی کتێبە مەزنەکەی (ئوصولی فیقه) دەرکەوتووە و لە هەر بۆنە و شوێنێك بواری قسەکردنی پێ بدرایە زۆر بەڕێزەوە ناوی دەهێناو سۆز و ئەمەکداری خۆی بۆی دەرخستووە کە خوێندکار بۆ ماموٚستاکەی خۆی دڵسۆز دەبێ .

خوێنەر هەست بەم ئەمەك وەفادارییە لە نووسینەکانی ئەلموزەفەر دەکات کە دەربارەی ماموٚستاکەی نووسیویەتی لە پێشەکییەکانی کتێبەکانی لە فیقه و فەلسەفە و لە پێشەکەی ئەسفارەکانی و هی دی لە نامە و وتارەکانی دا .

هەروەها لەسەر دەستی شێخەکانی لە فیقه و ئوصول و فەلسەفە تەواوی کردووە و بۆ خۆی لە تەقەلا و بیر و بۆچوون و توێژینەوەکانی سەربەخۆیی هەبووەو ماموٚستاکانی گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن .

لەو ماوەیەدا خەریکی دەرس وتنەوە بووە لەسەر ئاستی ئامادەیی و خوێندنی بالاّ لە فیقه و و ئوصول و فەلسەفە دا .

ئەمانە لە دەرەوەی قوتابخانەکانی کۆڕبەندی بلاّوکردنەوە و کۆلێجەکانی و ئەما ژیانی خۆی تەرخان کرد بوو بۆ نەشونما و پەرەپێدانی بەهەموو جۆرەکانیەوە .

تیایدا دەرسی ئەدەب و مەنتیق و فەلسەفە و فیقھ و ئوصولی دەوتەوە لەسەر ئاستی سەرەتاییەوە تا ئاستی بالآو نە پێگەی دیاری لە حەوزەش ڕێگەی ئەوەیان لێ دەگرت و نەش توانای هزری بالآی .

زۆر جار شێخ محمەد ڕزا ئەلموزەفەرمان بینیوە باس لە قۆناغەکانی یەکەم و قوتابخانەکانی کوڕبەندی بلاوکردنەوە پێشکەش دەکرد و بە سینگێکی فرەوانەوە پرسیارەکانیانی وەردەگرت و هانیانی دەدا توێژینەوە بکەن و بخوێنن و بیر بکەنەوە و دەچێتە ناویانەوە بۆ مرۆڤیش یەکەم جار وا دەردەکەوێت کە مرۆڤێکە لەگەڵ هاوکلاسی خۆی قسە دەکات نەك قوتابیانی ئەم ئاستەدا .

سەرباری گشت ئەوانە شێخ خاوەن دیدێکی قووڵ ورد و خاوەن سەلیقە و زەوق و دووربین بوو لەوەی لێی فێربووین لە فیقھ و ئوصول و فەلسەفەدا . شێخ هەر لە سەرەتای ژیانی خوێندنی دا هەوڵی ئەوەی دا ئاگای لە زانستی ماتماتیك و فەلەك و سروشت و عرووز بێت .

وا ڕێککەوت شێخ لە سەرەتای لاویەتیدا شارەزایی لە لایەکی ڕۆشنبیری سەردەم پەیدا کرد و چێژی لێ وەرگرت و هەوڵی دا ڕێگا بۆ ئەم ڕەنگە تازەیەی ڕۆشنبیری بگرێتە بەر و لەگەڵ ئەوانەی هەمان چێژیان لەم جۆرە نوێیەی ڕۆشنبیرییە وەردەگرت ڕێککەوت کە نامە لەگەڵ هەندێ لە گۆڤارە زانستییەکان بگۆڕن وەکوو (المقتطف) و هەندێ دەزگای بلاوکردنەوە و بۆ ئەوەی ئەو گۆڤارو کتێبانە کە ئەم جۆر و ڕەنگە تازەیە بلاودەکەنەوە بۆیان بنێرن .

دواتر بۆ شێخ ڕەخسا بەردەوام بێت لەسەر ئەم کەشە و ئاگای لە بزاڤی فیکری تازە پێگەیشتوو بێت و بەشێکی باش لەم (زانستە نوێیە) وەرگرێت و زۆر کاریگەر بێت پێیان هەروەکوو چۆن کاریگەر بووە بە مامۆستاکانی لە فیقھ و ئوصول و فەلسەفە .

**شاکارە زانستییەکانی**

چالاکی زانستی و نووسین و دانان بەشێکی گرنگ بووە لە نامەکەی شێخ محمەد ڕزا ئەلموزەفەر و چالاکییەکانی .

ئەگەر چالاکییە زانستییەکانی لە دانان و بلاوکردنەوەکانیمان خستە پاڵ چالاکییە چاکسازییەکانی لەسەر ئاستی گشتی و ئاستی خوێندندا هەست بە لایەنێکی گرنگی ئەم تەقەلایەی شێخ دەکەین کە لە ژیانیا کردوویەتی .

لە نووسینەکانی شێخ جوانی دەربڕین و دروست وتنەوە و داڕشتنی باش و باسکردنی نایاب و بەپیت و دەوڵەمەندی بابەتەکانی وردبوونەوەی هزری و قووڵی

تێڕوانین سوودبەخشی ناوەرۆك وەدی دەکرێن کە تێکەڵاوییەکە لە نێوان زانست و ئەدەب مێشك تێر دەکات و تینوویەتی سۆزیش دەشکێنێ .

لە نووسیندا ڕەوان وەك ئاو بێ هیچ جەخت لە خۆکردن خوێنەر لەگەڵیا دەڕوات وەکوو چۆن ئاو بە لێژاییەکەوە دێتە خوار بەبێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك و لە نووسیندا هیچ ڕەوانبێژییەکی ئاوەها بەکارناهێنێت کە دوور بکەوێتەوە لە بیرۆکە سەرەکییەکەی و خوێنەریش لە بابەتەکە بێزار بێت .

ئەو بابەتانەی لە نووسین و توێژینەوانەی باس دەکرد هەموو بابەتی زانستی بوون وەکوو ئوصول و لۆجیك (المنطق) و فەلسەفە ، کە بۆ ئەدیبێك ئەستەمە بتوانێت بە شێوەیەکی ئەدەبیانە دایانبڕێژێت یان لە قاوغی دەربڕینی ئەدەبی بەتاڵیان بکات ، شێخ لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بووە سەرباری قووڵی بابەتەکەی جوانی پێشکەشکردنی دەربخات و ئەم سەرکەوتنەیش زیاتر لە کتێبی خەونەکانی بەئاگابوون (أحلام اليقظة) دەردەکەوێت و تیایدا ڕاز و نیازی لەگەڵ سنگی خۆشەویستانی خوا دەکرد و قسەی لەگەڵ دەکردن دەربارەی تیۆرەکانی لە فەلسەفەی خواوندی بەرز و بەشێوەیەکی شیکراو وەڵامی لێ وەردەگرت و بە گێڕانەوەیەکی زۆر قەشەنگ .

زێدەڕۆیی نییە گەر وتم ئەم کتێبە سەرکەوتنێکی گەورەیە لە نووسینی فەلسەفی و فەلسەفە هیچ سکاڵایەکی نییە هەروەکوو چۆن نووسین سکاڵای هەیە کە کەرەستەکانی ناچنە ژێر باریەوە و ملکەچ نابن بۆی .

شێخ ئەلموزەفەر هەوڵی داوە نووسین ملکەچ بێت بۆ فەلسەفە ، یان فەلسەفە مل فرو بێنێت بۆ نووسین و هەردوو لەم کتێبەیدا کۆکردووەتەوە .

هەروەها نووسینەکانی شێخ ئەلموزەفەر بە جوانی باس و ڕێکخراوە تەنانەت هەر خاڵێك لە توێژینەوەکەدا لە شوێنی ئاسایی خۆی دەبێت و شوێنی تایبەتی خۆی ناگۆڕێت ببێتە هۆی تێکچوون و شڵەژانی لایەنەکانی باسەکە . سەرکەوتنەکانی نووسەر لە ڕێکخستن زیاتر لە کتێبی لۆجیك (المنطق) دەردەکەوێت ، لەم کتێبەدا خوێنەر دەبینێت کە چۆن بابەتەکان گەردنی یەك دەگرن و چۆن هەر بابەتێك زنجیرەی سروشتی خۆی وەردەگرێت بێ ئەوەی خوێنەر باز بداتە بۆ بابەتێکی تری ناو کتێبەکە یان ئەوەی دواتر ڕەت دەبن بەسەریا .

ئەم کتێبە لەگەڵ هاودەستەکانی ئوصول و فەلسەفەدا (الاصول) و (الفلسفە) کە خوا وای بۆ نووسیبوو بەتەواوی دەرنەچن ، بە نوێکردنەوە لە نووسینی کتێبەکانی

قوتابخانە لە قەڵەم دەدرێت و سەرکەوتنە لەم دەروازەوە خوا پشتیوانی ئەوانە بێت لەم بوارە هەنگاوەکانی شێخ ئەلموزەفەر دەگرنە بەر .

توێژەر لە کتێبەکانی شێخ ئەلموزەفەر کۆششی گەڕان و بیرکردنەوەی لە گشت نووسینەکانی بۆ دەردەکەوێت و سیماکانی ئەم کۆششەش لە باس و شیکردنەوەکان ڕوون و بەهێزن لە کتێبی (السقیفە)دا کاتی کۆبوونەوەی موسڵمانەکان لە سەقیفەی بەنی ساعدە و چی لەوێ ڕووی دا ڕاڤە و شی دەکاتەوە .

هەروەها باس لە هەڵوێستی کۆچبەران و هۆگران دەکات لە مەسەلەی خیلافەت و هەڵوێستی پێشەوا لەگەڵ خەلیفەکان .

لە لۆجیك ( المنطق )ەکەی زۆر جدییە کاتێ نیشانە بەکارهێنراوەکان لە ماتماتیك لە هەر چوار ڕێژەکە دەخوازێت یان کاتێ باسی دابەشکردن (القسمە) دەکات بۆ خوێنەر و یان شتی تر کە لەم گەشتە بە نرخەی نوێکردنەوەی توێژینەوە و جوانکاری لە باسکردندا و بەستن بە یەکەوەی بیرۆکەکە پێی دەوڵەمەند کردووە .

**شیعرەکانی**

شێخ ئەلموزەفەر لە تافی لاوێتیدا بەیناو بەین شیعری هۆنیوەتەوە و شیعری ناسکی وتووە و لە هەندێ کتێب و ڕۆژنامە بلاوکراونەتەوە و وێنەی شیعری زەریف و لەگەڵ ئاسۆی ئەدەبی نوێی یەکدەگرنەوە و دواتر وازی لە شیعر وتنەوە هێناوە و بایەخ بە کاروبارەکانی فیکری داوە .

**ڕۆڵی شێخ لە پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن و چاکسازی**

شێخ ئەلموزەفەر لە لوتکەی چالاکییەکانی چاکسازی بوو لە نەجەفی پیرۆز لە هەموو بزوتنەوە چاکسازییەکان سەردەمی خۆی بەشداری کردووە و ئەندامێکی چالاك بووە کە پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە .

بەڵام بیرۆکەی چاکسازی بەو هێزەی و بڕوای خاوەنەکانی بە پێویستی وەدی هێنانی لە حەوزەی زانستی بەرچاو ڕوون و بیرۆکەی مەنهەجی بۆ چارەسەرکردنی نەبووە .

بۆ شێخ هەڵکەوت لەبەر ئەزموونە دووروودرێژەکەی بیرۆکەی چاکسازی لای ڕوون بێت و باشتر لە پێشوو خوێندن و بانگەشەکردن ڕێك بخات .

لەبەر لێهاتوویی و دانایی توانیویەتی چارەسەری ئەم مەسەلانە بکات و ڕەگی یەکەمی کێشەکانیش بخاتە ڕوو و داوای لە برا و ڕۆڵەکانی کردووە بە دڵسۆزییەوە لە ڕەگەوە چارەسەری کێشەکە بکەن . کێشەکەش وەکوو ئەوەی بۆ شێخ دەرکەوتبوو لە دوو

ڕووەوە بوو لە بواری خوێندن و بواری بانگەشە کردن : لە بواری خوێندن تێبینی ئەوەی کرد کە خوێندن لە قوتابخانەکانی نەجەفی پیرۆز بە دوو قۆناغ ڕیك دەخرێن :

١ـ قۆناغی سەرەتایی و بەراییەکان ٢ـ قۆناغی توێژینەوەی دەرەکی .

قۆناغی بەراییەکان بە خولێکی ئامادەیی دەناسرێت ، کەچی قۆناغی دەرەوە بە خولێکی پسپۆری لە تەقەلادان .

لە سروشتی ئەم قۆناغەدا ڕێگا بە هیچ ڕاستکردنەوەیەك نادات لە ڕوخسار و ناوەرۆکی و ناتوانن ئەم قۆناغەی خوێندنە بخەنە ژێر باری هیچ ڕێکخستنێکی مەنهەجی تایبەتەوە و خوێندنیش لەم قۆناغەدا پەیڕەوی هیچ ڕێکخستنێکی تایبەت ناکات و نەش لە خوێندن دەکات بە واتای مەنهەجی کە ئێمە لێی تێگەیشتووین لە خوێندندا .

سروشتی ئەم ڕێکخستنە ڕێگا بەهیچ دەستنیشان کردن و ڕێکخستنێك نادات و ناکرێت گفتوگۆ لەیەك شت دەوربدرێت یان دەستنیشانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی تایبەت و هەروەها ناکرێت تاقیکردنەوەکە ببێتە هۆی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەم خولەدا .

تەنیا خولی یەکەم لە دەست کەمی و نەبوون دەتلێتەوە و پێویستی بە ڕێنمایی و ڕێکخستن هەیە و تێبینی بکە هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی بابەت و لاوازی شێواز .

بەڵام لە ڕووی بابەتەوە ئەو بابەتەی قوتابی خەڵکی نەجەف وەریدەگرێت لەم خولەی دەرس خوێندنە لە زۆر لایەندا تەنیا هەر ڕێزمان و صەرف و ڕەوانبێژی و لۆجیك و شیکردنەوە و فیقە و ئوصول دەخوێننەوە لەگەڵ فرانبوون لەم دوو بابەتەی دواییەدا .

هەرچەندە ئەم بابەتانە گرنگییان هەیە لە پێکهێنانی زیهنی قوتابی بەتەنها ئەرکەکانی پەیامی قوتابی ئەنجام نادەن لە ئاراستە و بانگەشەکردن و پەیامگەیاندن و ڕۆشنبیری و فێرکردن و قوتابی ناتوانێت تەنیا پشت بەم بابەتە ببەستێت گەر بیەوێت ڕۆڵی خۆی ئەنجام بدات لە ئاراستەکردن و بانگێشەکردن بەشێوەیەکی بەرفراوان.

لە ڕووی شێوازیشەوە شێخ موزەفەر تێبینی ئەوەی کردووە ئەو کتێبانەی خوێندن کە قوتابی نەجەف لەم خولە دەیخوێنن هێشتاکە مۆری نامۆیی و ئاڵۆزی پێیانەوە دیارە ئەمەش وا لە قوتابی دەکات تەقەلایەکی فراوان بدات بۆ تێگەشتنی دەستەواژەکان کە نامۆ و ئاڵۆزییان پێیانەوە دیارە . سەرباری ئەوەی ڕێکخستنەکە باش و مورەتەب نین لە ڕێکخستنی توێژینەوەکاندا .

ئەوانە پەیوەندییان بە ڕێکخستنی خوێندنەوە بوو، ئەما ئەوانەی تایبەتن بە بانگەشەو ڕێنمایی کردن :

شێخ ئەلموزەفەر گەیشتە ئەو ڕاستییە کە ئامێری باشی بانگەشە وتارخوێندنەوە و نووسینە ، و بانگەشەی ئیسلامیش لاوازن لەم ڕووەوە .

ئەوەی تایبەتە بە وتارخوێندنەوە بە ڕەحمەت بێت تێبینی ئەوەی کردووە کە شێوازی وتارخوێندنەوە لە نەجەف بەم شێوەی ئێستایدا بەس نییە بۆ نامەی نەجەف بەو شێوەیەی شایستەی پلە و پایەی ئایینی بێت و وتارخوێنیش ناتوانێت ئەرکی ئیسلامی خۆی لەسەر ئاستێکی فراوان ئەنجام بدات گەر ئاگا و شارەزایی نەبێت لە هزری تازە و کاروباری مەعریفەی ئەزموونگەرایی ، سەرباری ئاگابوونی تەواو بە کاروباری هزری ئیسلامی لە فیقه و شیکردنەوە و حەدیس و مێژوو و هی تر .

ئەوەی تایبەتە بە نووسینی ئیسلامییەوە تێبینی ئەوەی کردووە کە پێگەی ئایینی نەجەف پێویست دەکات بەشداری لە بڵاوکردنەوەی فیکری ئیسلامی بکات لەسەر ئاستێکی فراوانتر لە شێوەی ئێستایدا و بانگەشەی ئیسلامی لەویەوە دەرپەڕێت لە ڕێگای نووسین و دانان و ڕۆژنامە و بڵاوکردنەوە لەسەر فراوانترین ئاستدا و ئەم شەپۆلە هزرییەش کە لەوێوە دەردەپەڕێت کە هەڵگری بڕوا و چاکسازییە بە ڕوونی و ئاشکرا هەموو وڵاتانی دنیا بگرێتەوە و مرۆڤ لەهەر شوێنێك بێت لەسەر ئەم زەوییە لە کاتێکدا تێبینی ئەوە دەکرا کە قوتابخانەی نەجەف زۆرجار پێویستی بە بابەتی نووسین و توێژینەوە نەبووە .

لەلایەکی دووەمەوە تێبینی ئەوە کراوە کە مۆری تاکە کەسی باڵی بەسەر نووسین و توێژینەوەکانی نەجەف کێشاوە کە نووسەری نەجەفی پێشکەشیان دەکات و لە تەقەلای تاکە کەسی نزیکترە لەوەی تەقەلای بە کۆمەڵ .

لەلایەنی سێیەمەوە لەو سەردەمە لە نەجەف نە چاپخانە بووە و نەش دەزگای تایبەت بە بڵاوکردنەوە شایستەی ئەو بابەتە زانستییە بە پیتە بن کە نەجەف پێشکەشی بە چاپخانەی دەکرد .

هەروەها بۆ شێخ موزەفەر ڕەخسا لەو حاڵەتەی نەجەف بە مەزوعییەت و گشتی تەواو بکۆڵێتەوە ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەیزانی کە باسکردنی کێشەکە هیچ ئەنجامێکی نابێت گەر هەمووان دڵسۆزانە تەقەلای نەهێشتنی ئەو کەموکوڕییە نەدەن .

هەروەها دەیزانی کە شێوازە سەلبییەکان سوودبەخش نین بۆ بەرنگاربوونەوەی حاڵەتەکە و ڕووخاندنیش نەسوودی دەبێت و نەش گەشە بە شتێك دەدات گەر لە دوای ئەوانەوە بیناسازییەك نەبێتن و کاری چاکسازیش بێسوود دەبن لەمجۆرە بارودۆخەدا

گەر هاوشان نەبێت لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی مەوزوعی گشتی بارودۆخەکە و لەسەرخۆ و پلە بە پلەی چارەسەرکردنەکە .

شێخ درکی بە هەموو ئەوانەی کردووە و بە قووڵی بیریانی لێکردوەتەوە و قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و چووەتە مەیدانی کارەوە و باش زانیویەتی کە گەلێ کۆسپ و سەختی لەبەردەمیا هەیە ڕێگەی لێ دەگرن .

یەکەم شت هاتبێتە بیری پێکهێنانی کۆمەڵێکی وشیار لە براکانی لە خاوەن شکۆکانی حەوزە لە حاڵ و باڵی ژیانی نەجەف تێبگەن و هەست بە واقیعی پەیامی گەورەی فیکری بکەن کە لە گەردنی نەجەفە .

لە چواری شەوالی ساڵی ١٣٥٣ك بەرانبەر بە ١٩٥٣/١/١٠ز کۆمەڵێك گەنجی ڕۆخانی (لەوانەش شێخ ئەلموزەفەر) بەیانێکیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرد لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ داوای دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی ئایینییان کرد لە نەجەفی پیرۆز بەناوی کۆڕی بڵاوکردنەوەو پاش مشتومڕێکی زۆر وەزارەت ئیجازەی کردنەوەی کۆڕەکەی[(1)] داو پاشان هەوڵ درا بۆ ڕێکخستنی خوێندن و ئاسانکردنی کتێبەکانی خوێندنەوە و فراوانکردنی پرۆگرامی خوێندن و بۆ دەرکەوت کە خوێندنی مەنهەجی هەنگاوی یەکەمە لەسەر ئەم ڕێگایەدا و هەرچەندەش پێویستی خوێندنی تاکەسی هەبێت و هەرچەندەش باس سوودەکانی بکرێت ئەوە هەر دەبێت ڕەنگێکی تری خوێندن بچێتە پاڵ ئەو ڕەنگە لە خوێندن و پشت بە پەیڕەوی تایبەت ببەستێت و بەمجۆرە هەوڵی وەدی هێنانی بەشێك لە چاکسازی داوە .

ساڵی ١٣٥٥ك (نەخشەی دامەزراندنی قوتابخانەی باڵای زانستە ئایینیەکان یان کۆلێجێك بۆ تەقەلادان (كلية الاجتهاد) بە کردنەوەی پۆلی یەکەم کە تیایدا چوار زانست دەخوێندرایەوە: فیقهی ڕێنمایی کردن (الاستدلال) و شیکردنەوە و زانستی ئوصول و فەلسەفە بەشێوەی موحازەرە بە زمانێکی ڕوون و ئاسان قۆناغەکانی یەکەم و دووەم شێخ عەبدولحوسەین حلی دەرسیان پێ وتەوە و سێیەم و چوارەمیش شێخ عەبدولحوسەین ئەلڕەشتی و خۆ تەرخانکردنی ئەم دوو کەسایەتییە ناودارە بە دەرسوتنەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بە یەکێ لە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی نەجەفی پیرۆز دەژمێرێت و قوربانییەکی دەگمەنیشە کە بە درێژایی زەمەن بەچاوی ڕێز و سەرسووڕمانەوە سەیر و باس دەکرێن لەبەر ڕۆحییەتی چاکسازییان و کە پشووی

---

(١) پەیڕەوی کۆڕی بڵاوکردنەوە ١٣٧٠/ ئاب .

هاوینە دەهات و دواتر دەستی پێ دەکردەوە و تەنیا هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی نەبێت کە ئەمانە سووربوون لەسەر دەرسوتنەوە کە ئەمە ناز بوو یان بێزاری یان شتێکی تری چاوەڕێ نەکراو بوو تەنانەت لە وەکوو خودی ئەم دوو زانایە . خوا بچێتە گژی بوێری ئەدەبی کە چۆن لە سەخترین بارودۆخی پێویست بوو شکۆدار دەبێت)[1] .

ساڵی ١٣٧٦ك پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و چەند ئەزموونێکی دوور و درێژ شێخ ئەلموزەفەر کۆلێژی فیقهی لە نەجەفی پیرۆز دامەزراند و وەزارەتی مەعاریفی عیراقی ساڵی ١٣٧٧ك دانی پیا نا و بە دەرسوتنەوەی فیهی پێشەوایی و فیقهی بەراورد و ئوصولی فیقە و شیکردنەوە و ئوصول و حەدیس و ئوصولی (الدرایە) و پەروەردەی دەروونی و ئەدەب و مێژووەکەی و زانستی کۆمەڵناسی و مێژووی ئیسلامی و فەلسەفەی نوێ و لۆجیك و مێژووی نوێ و ئوصولی دەرسوتنەوە و نەحو صەرف و یەکێ لە زمانە بیانییەکان .

شێخی خوالێخۆشبوو ژیانی خۆی بە بڕوا و دڵسۆزییەوە تەرخان کردبوو لە پێناوی نەشونماکردنی ئەم دەزگایە کە شکۆدارە لە دەروونی موجاهدینەکان و فەلسەفەی ئیسلامی دەوتەوە و لە کاتی ئامادەنەبوونی هەندێ لە مامۆستایان خۆی لە گشت زانستەکان پۆلەکانی بەڕێوە دەبرد و لە هەمان کاتیشدا بەشەکانی کتێبە بە بەهاکەی (اصول الفقه) ئامادە دەکرد بۆ خوێندن لە کۆلێژی فیقە و دەست بەکار دەبوو بە کاروباری بەڕێوەبەرایەتی و ڕاگرایەتی و دانان و تەنانەت هەندێ جار نووسینی تۆمارەکان .

چەند جارێك شێخم بینیوە بە دەستی خۆی تۆماری هەندێ خوێندکار دەنووسێتەوە یان هەندێ نامەی چاپ دەکرد و هەروەها دەزگاکە لەسەر شانی شێخی کۆچکردوو دەمەزراوە و ژیانی تەرخان کردبوو لە پێناویا و بە دڵەوە کاری بۆ دەکرد هەموو توانای بۆی تەرخان کردبوو .

هەموو ئەوە شانبەشانی دەزگا و پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانی تری ئیسلامی کە شێخ دایمەزراندبوو یان بەردەوام بوون یان شکستیان هێنابوو ... سەرباری بزووتنەوەی بلاوکردنەوە و دانان کە شێخ لە نەجەف بووژاندییەوە لەوانەش هەردوو گۆڤاری ((البذرة)) و ((النجف)) .

---

(١) منتدى النشر وآماله ٨ ـ ٩ : الشيخ محمد رضا المظفر .

شێخ ئەلموزەفەر تەوەری بزووتنەوەکە بوو بەهەموو شێوازەکانی ئەم چالاکییەو زۆر جاریش بووژانەوەیان و هیچ شتێکی نە لە وتەکانی نە لە قەڵەمەکەشی بە درێژایی ئەم ماوەیە دەرنەچووە لەم دەزگایە تەنیا لە کاتی لێپرسینەوە نەبوایە و شێخ دەچووە سەر شانۆ و بە ڕۆحێکی بەرز پشت ئەستوور و بڕوایەکی بە هێز ئەم بەرپرسیاریەتیەی دەگرتە ئەستۆ . زۆر جار شێخ دەبینرا دەرسی بە قوتابییە تازەپێگەیشتووەکانی دەوتەوە و یان ئامۆژکاری و ڕێنماییانی دەکرد و بە شێوەیەکی ئاسان و بە ڕۆحانییەت ئاڕاستەیانی دەکرد .

شێخی کۆچکردوو هیچ وەختێك نەیدەزانی واتای وشەی من (انا) چییە و ئەم وشەیە نە لە ڕق و نە لە خویشەویستیدا بەکارنەهێناوە تەنیا لە خۆشەویستی زاتی خوا نەبێت.

دەروونی گەورەی نارەحەت دەبوو لە وشەی کینە و نەش حەزی بووغز و دوژمنایەتی بوو ، گوێی لێ بگرە چۆن هەڵوێستی خۆی دیاری دەکات لە نەیارەکانی یان ڕاستتر بڵێین نەیارەکانی دەزگاکە (... من لە هاوڕێکانم زیاتر داوای لێبوردن دەکەم بۆ کۆمەڵێکی گەورە کە هەڵوێستێکی نەیارانەیان بووە بەرانبەر بە پرۆژەکەمان تەنانەت ئەوانەی دڵنیاین لە نیاز پاکییان و دڵنیان لە نیاز پاکیمان) .

لە کەم کەس ئەمجۆرە لە خۆبوردەییمان بینیوە لەوانەی بینیومانە لە خاوەن بیرۆکەکان تا ئەم ڕادەیە لە پێناوی ئەو بیرەی کە مرۆڤ بڕوای پێیەتی .

باشترین و خۆشەویسترین شت لام کۆتایی بەم قسانەم بهێنم ئەم ڕستە ناسکەیە کە لە دەروونی بەرزی نووسەرەکەی هەڵدەقوڵێت (ئێمە ئامادەین قوربانی نوێ بدەین بە خۆمان و لەکار دەکشێینەوە کاتێك ببینین کەسانی تر هەن حەز دەکەن پێشی بخەن بە تایبەت گەر لەو بڕوایە بوون شێوازێکی گشتی تر دەبەخشنە ئەم پرۆژەیە بەهاتنیان و دڵنیاش بن ئێمە کرێکار دەبین لەم پرۆژەیە لە هەرکوێدا بین و نامانەوێت بەم قسانە دووپاتی نیاز پاکیمان بکەین .

ئەمە نە کەم و نە زۆریش لامان گرنگ نییە پاش ئەوەی ڕووی دا و ، بەڵکوو ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بێت سەرخستنی ئەم پرۆژەیە بە شێوەیەك شایستە بە ناو و پێگەی نەجەف بێت و ئەو ئەرکەی خراوەتە ئەستۆی بە شێوەیەکی تەواو ئەنجام بدات و بە هەر نرخێك بووە تەنانەت گەر نرخەکەشی ڕۆحمان بووە ، ئای چەند هەرزانە لە پێناوی ئەرك

چەند جارێك وتوومانە ئێمە تەنیا هەنگاوی کورتمان هاویشتووە لە پێناوی ئەو ئامانجانەی مەبەستن) ... بەمجۆرە بوو چیرۆکی دەروونی گەورە .

نەجەفی پیرۆز
محمەد مەهدی ئەلئاصفی

پێشکەشکردنی دکتۆر حامد حفنی داود

## بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

زۆر بە هەڵە دەچێت ئەوە کەسەی بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەتوانێت بڕواکانی شیعەی پیشەوایی و زانست و ئادابەکەیان دەزانێت ئەوەی نەیارەکان دەربارەیان نووسیوە ، هەرچەندە ئەم نەیارانە زانست و توانایان هەبێت و هەرچەندەش پێشبکەون لە ئەمانەتی زانستی لە گێڕانەوەی دەقەکان و شیکردنەوەیان و لێدوان لە سەریان بە شێوازێکی بێگەرد و دوور لە ڕەگەزپەرەستی .

بە دڵنیاییەوە ئەمەی بانگەشەی بۆ دەکەم دەڵێم پاش بەسەربردنی ماوەیەکی دوورودرێژ لە خوێندنی بڕواکانی دوانزە پێشەوا و بەتایبەت و بڕواکانی شیعە بەگشتی، لەم خوێندنە درێژەمدا کە بەهەڵدانی لاپەڕەکانی کتێبی مێژوونووس و ڕەخنەگران لە زانایانی ئەهلی سووننەم بەسەر برد شتی وام دەست نەکەوت و ئەوەی زیاتر بووە هۆی پەرۆشم بۆ ئەم خوێندنە و ئارەزووی فرەم بۆ زانینی وردەواڵەکانی شتی زیاتر لە بارەی ئەوەی ویستم بگەمە ڕاستییەکانی .. چونکە خوێندنەوەیەکی پچڕ بوو خۆمم تەرخان کرد بۆ خوێندنەوەی کتێبی نەیارەکانی ئەم مەزهەبە کە مەزهەبێکە بەشێك لە موسڵمانانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زەوی دەگرێتەوە .

ئینجا لەبەر ناچاری و ئارەزووی توندم بۆ گەڕان بە دوای ڕاستی لە هەرکوێدا بێت و دانایی لە هەر شوێنێکدا دەسکەوێت و حیکمەتیش نێچیری بڕوادارانە و جڵەوی خوێندنی زانستییەکەم بەرەو خوێندنی مەزهەبی دوازدە ئیمام بەرەو لایەنەکەی تر ببەم . ئەوەش خوێندنی ئەم مەزهەبەیە لە ماوەی کتێبی خاوەنەکانیەوە و شارەزاییت هەبێت لە بڕوای قەومەکە لە ماوەی نووسینەکانی شێخ و توێژەرو لێکۆڵەرەکانی زانا و داناکانیان و ئاساییە پیاوانی مەزهەبەکە زیاتر شارەزاییان لە مەزهەبەکەی خۆیان هەیە لەوەی نەیارەکان دەیزانن هەرچەندە ئەو نەیارانە لە فەصاحەت و ڕەوانبێژی بە توانا بن و بەختیان یار بێ لە زمانپاراوی و ئاشکراکردنی ئەوەی لە دەروون دەخولێتەوە .

سەرباری ئەوەش دەسپاکی زانستی کە لە یەکەمەکانی بنەمای پەیڕەوی زانستی نوێیە - و ئەو بەرنامەیە کە هەڵمبژاردووە و بۆ خۆم کردوویەتی بە دەستوورم لە توێژینەوە و نووسینەکانم دا کاتێك هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ماددی و ڕۆحی دەدەم - ئەم ئەمانەتە باسکراوە پێویست بە سووربوونی تەواو دەکات لە گواستنەوەی دەقەکان و خوێندنەوەیەکی ورد ، ئاخۆ چۆن بۆ توێژەرێکی لێهاتووی

زانستی و ڕووناسی تەواو هەست بە ڕاستییەکان دەکات و لە ڕاست و دروستی ئەو دەقانەی پەیوەندیدارە بە شیعە و شیعەگەرایی بە بنەمایەکی بتەو دەکۆڵێتەوە .

ئەمانە هانی دام فراوان بم لە خوێنەوەی کتێبەکانی خودی شیعەکان و زانیاری دەربارەی بڕواکانیان وەدەس بهێنم کە بە دەستی خۆیان نووسیویانە و لەسەر زاری خۆیان بێ زیاد و کەم وتوویانە و بۆ ئەوەی نەکەومە ئەو تێکەڵکردنە کەسانی غەیری من لە مێژوونووس و ڕەخنەگران تێکەوتوون کاتێ حوکمیان بەسەر شیعە و شیعەگەراییان دا و ئەو توێژەرە کە دەیەوێت کۆمەڵێك ڕاستی بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە جگە لە سەرچاوەی یەکەمەکانیان و سەرچاوە ڕەسەنەکەیان بەڵکوو تووشی هەڵە و لە ڕێگاش دەچێتە دەرەوە و کاری بێهودە ئەنجام دەدات ، ئەمە نە زانستە و نەش فڕی بەسەر زانستەوە هەیە.

ئەمە بوو کە زانا ((احمد أمين)) تێکەوت کاتی باس لە شیعەی کرد لە کتێبەکانی . ئەم زانایە هەوڵی دا هەندێ لایەنی ئەو مەزهەبە بۆ ڕۆشنبیران ڕوون بکاتەوە خۆی بە گەلێك باسی شیعە تووش کرد وەکوو ئەوەی وت : جولەکە لە شیعەگەراییەوە سەری هەڵداوە و هەروەها وتی : ئاگر حەرامە بۆ شیعە تەنیا کەمێك نەبێت و ، دیسان وتوویەتی کە شیعە سەر بە عەبدوڵڵا کوڕی سەبەئن و هی تر لەم جۆرە باسانە کە ناڕەوایی سەلمێنراوە و ئەستۆ پاکی شیعە لەو قسانە و زاناکانی بە ڕەخنە و پلار بەرەنگاری بوونەوە و زانا محمەد ئەلحسین ئال کاشف ئەلغتاء لە کتێبەکەی ئەصلی شیعە و بنچینەیان ((أصل الشيعة وأصولها) بە درێژی باسی ئەمەی کردووە .

من کە دوای سەرچاوەکانی شیعەی ئیمامی و ئەصل و سەرچاوەیان کەوتم خۆشحاڵ بووم کە چاوم بە دۆستێکی دێرین و بڵاوکەرێکی عێراقی شکۆدار کەوت کە ئەویش سەید مورتزا ئەلڕەزەوی ئەلکەشمیرییە و هەندێ لە کتێبە دەگمەنەکانی شیعەی پێبوو لە دەزگاکانی چاپکردن لە قاهیرە چاپیانی کردبوو ، یەکێ لەو کتێبانەی ئەم زاتە بەخشندەیە پێشکەشی کردم کتێبی ((أصل الشيعه واصولها)) بوو کە پێشتر ناومان بردن و کتێبی ((عبدالله بن سبأ)) و چەند بەشێك لە کتێبی ((وسائل الشيعة)) و چەند کتێبێکی تر لە بارەی بیروباوەڕی شیعە و فیقهی شیعە .

ئەمڕۆکەش بەڕێز سەید مورتەزا کەشمیری کتێبێکی نوێی مامۆستا محمەد ڕزا ئەلموزەفەر ڕاگری کۆلێژی فیقە لە نەجەفی پیرۆز پێشکەش کردم لە بارەی بیروباوەڕی پێشەوایەتی و داوای لێکردم پێشەکییەك بۆ ئەم کتێبە مەزنە بنووسم و بیروڕای ئاشکرای خۆم دەربارەی بنووسم پاش ئەوەی بڕیاری دابوو چاپ و بڵاوی بکاتەوە و

هەرکە لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە سەرم سووڕما بەوەی لەم کتێبە نووسیویەتی بە باسکردنێکی وردی بیروباوەڕی پێشەوایەتی و بەجێهێنانی ڕوون و ئاشکرای مەبەستی نووسەر و کە بە شێوەیەکی بە تام و جوان پرشنگدار و پێشەکی باس لە بیروباوەڕی شیعە دەکات و بەشێوەیەکی ڕێك بابەتەکانی دابەش کردووە و ئەو لە سەرووی ئەمەشەوە بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان سوودی تەواو کە توێژەر مەبەستیەتی لە کتێبی شیعە و کورت و سووربوون لەسەر ئەوەی نووسەر دەیەوێت بۆ خوێنەرانی بیگێڕێتەوە ، کۆدەکاتەوە . ئەم کتێبە بەم شێوەیەی کە دانەر مەبەستیەتی کە دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەرانی بیروباوەڕی پێشەوایەتی بە سەرچاوەیەکی کشتگیری هەموو لایەنەکانی بابەتەکە دەژمێرێت هەرچەندە زۆر پوخت و کورتە .

لێرەدا مەبەستم ستایش و پیاهەڵدانی نووسەر نییە لەوەی نووسیویەتی بەڵکوو بە وێژدان بووم لەگەڵ ڕاستییەکان و بۆ خوێنەرانی ئەم کتێبە بچووکە ئەوە لە دید و بۆچوونی بەندە لە سەرەتاییەکانی بڕوای زانستییە کە ئامانجی توێژەرەکانە کاتێ وێنای ڕاستییەکان دەکێشن و لە پێگەی شیاوی خۆیان دایدەنێن .

بۆیە من بۆ خوێنەری بەڕێز وێنەی جوانی ئەم کتێبە خنجیلانەیە بە قەبارە و گەورە بە بیرۆکە و واتا دەخەمە ڕوو، ئەم کتێبە کە دانەرەکەی بە چڕ و پڕ بەڵگە و ڕێنمایی کردووە و بیانوو و گەواهی سەلماندنی لە قورئانی پیرۆز و حەدیس جارێکیان و وتەی پێشەوایانی دوانزە پێشەوا جارێکی تر هێناوەتەوە ، ئەم وێنە جوانانە ـ کە پێشکەشتانی دەکەم ـ گومانم لەوەدا نییە هەڵوێستەیەك بە خوێنەر دەکات هەر وەکوو من هەڵوێستەم کرد و بۆ لای خۆی ڕایان دەکێشێت چۆن منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و گەر ئەم پێشکەشکردنەی من نەخوێننەوە ، چونکە زۆرجار هەست نێوان توێژەر و خوێنەر بەیەك دەبەستێتەوە و ئامانجەکانیان یەك دەگرنەوە لە حوکمدان بەسەر بیرو واتا چونکە حەق و ڕاستی یەکن و نابنە دوو مادامەکی ئەوانەی دەیبێژن و کاری پێدەکەن بە هزر پێش دڵ و بە جەرگ پێش ئارەزوو حوکمی خۆیان دەدەن مادامەکی بە وێژدانن نەك دەمارگیر .

لەم وێنانەوە کە بە خوێنەر وێست دەکەن مەسەلەی تەقەلایە (الاجتهاد) لای پەیڕەوانی پێشەوایان و ئەو وێنانەی لە کەڵە زانایانی سوننە بە جێ ماون کە تەقلادان (اجتهاد) دەرەکەی بە چوار پێشەوای فیقە قفڵ کردووە: (ابی حنیفە و مالك و شافعی و ابن حنبل) ئەمە و گەر مەبەستمان تەقەلادانی ڕەها بێت . بەڵام ئەو هەوڵانەی فەقیهەکانی پاش ئەمانە داویانە تەنیا تەقەلادانە لە مەزهەب یان بەشێکە لە تەقەلادان لە لقەکاندا و

ئەمانەش و هی دی لای ئەهلی سوننە لە هەموو حاڵەتدا سەدەی چوار تێپەڕ ناکات و ئەوەی دەربارەی غەزالی هاتووە لە سەدەی پێنجەم و ئەبوو تاهیر ئەلسەلەفی لە سەدەی شەشەم و عیزەددین کوڕی عەبدولسەلام و ئیبن دەقیق ئەلعەبد لە سەدەی حەوتەم و تەقیەددین ئەلسبکی و داهێنەر[1] ابن تیمیە لە سەدەی هەشتەم و زانا جەلالەددین عەبدولڕەحمان کوڕی ئەبوو بەکری ئەلسەیووتی لە سەدەی نۆیەم ... هەموو ئەمانە ـ لە دیدی پەیڕەوی زانستی نویٚ ـ لە (باب الفتوی) تێپەڕ ناکات و ناچنە خانەی تەقەلادان و ئەمانەش لە کتێبەکەمان مێژووی یاسادانانی ئیسلامی لە میسر ((تاریخ التشریع الاسلامی فی مصر)) ڕوون کردوەتەوە .

بەڵام زانایانی شیعەی پێشەوایی ئەوە بۆ خۆیان بە دوای تەقەلادان (اجتهاد) دەگەڕێن بە هەموو وێنەکانیەوە کە بۆمان گێڕایەوە و ـ بە تەواوی سوورن لەسەری و دەرگاکەی داناخەن بیٚ زاناکانیان لە هەر سەدەیەك لە سەدەکاندا تا ئەمڕۆمان و زیاتریش لەوە گریمان بەڵکوو مەرجی بوونی تەقەلادەری سەردەم دادەنێن لە نێوان خۆیاندا و بە فەرزی دەزانن لەسەر شیعە یەکسەر پەیڕەوییان بکەن جگە لەو موجتەهیدەی مردوو بێت ، مادامەکی ئەم موجتەهیدە سەردەمە کۆلەکەکانی تەقەلاکەی ـ ئوصول و سەرچاوەکانی ـ لە موجتەهیدە پێشووەکانیان و لە پێشەوا مەزنەکان پشتاوپشت وەرگرتووە . ئەمەش مەبەستێك نییە سەرنجم یان دڵم بۆ لای قسەکانیان لە تەقەلادان ڕابکێشت ، بەڵکوو جوان و نویٚ لە مەسەلەیەدا تەقەلادان بەمجۆرەی دەربارەیان دەخوێنیتەوە لەگەڵ یاساکانی ژیان و پێشکەوتنیان دەگونجێن و وا لە دەقە شەرعییەکان دەکەن هەمیشە زیندوو و بزوێنەر بن کە هاوشانن لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی زەمان و مەکاندا و ئەو بەستەلەکە نەکراوە نین کە دووری بخەنە نێوان ئایین و دنیا یان بڕوا و پێشکەوتنی زانست و ئەو مەسەلانەن کە لە زۆر لە مەزهەبەکانی تر بەدییان دەکەین کە پێچەوانەیانین .

لەوانەیە ئەو زۆرییە فراوانەی کتێبی پێشەوایەتی تێبینی دەکەین و گەورە بوونی بەردەوامی کتێبخانەی شیعەگەرایی بە دیدی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ واڵاکردنی دەلاقەی دەرگای تەقەلادان (اجتهاد) .

---

(١) زۆر لە زانایانی سوننە باسی بە داهێنەر دەکەن ، بەڵام صوفییەکان کۆك بوون لەسەر ئەوە و لە نێوان پێشەوا تەقیەددین ئەلسەبکی و ابن تیمیە مشتومڕ لە زۆر لایەنی فیقە و بڕوا هەبوو ، بڕوانە کتێبی : (تاریخ التشریع الاسلامي في مصر) .

ئەوەی لە دیمەنی دووەم سەرنجی بیرمەندەکان ڕادەکێشێت و وایان لێ دەکات بە دواچوون بۆ یەکە یەکەی ئەم مەزهەبە بکەن و بچنە بنج و بنەوانی مەسەلەکانی ئەویش گفتوگۆکانی زانیانی شیعەی ئیمامین لە مەسەلەی جوانی و ناشرینی (الحسن والقبح) لە شتەکاندا و ئایا شتی جوان ، جوانە بە خۆی و بە حوکمی سروشتی خۆی یان ئەو جوانییەیە کە خوا فەرمانی پێکردووە و بڕیاری داوە بۆ بەندەکانی!! و هەمان شت لەگەڵ شتی ناشرین، ئاخۆ ناشرینە بۆ خۆی و سروشتەکەی کە تیایدایە ، یان ناشرینی بۆی هاتووە کە خوای مەزن لە جوانی بێ بەشی کردووە !! .

تۆ کە ئەمە دەخوێنیت و بە دواچوون بۆ ئەوەی دانەر گووتوویەتی سەبارەت بیروباوەڕی پێشەوایەتی بە خۆت ئەوە تێبینی قسەکانیان دەکەیت کە ڕای یەکەمیان بووە سەبارەت جوانی و ناشرینی و هەردوو لە دیدی شیعە بە شێوەیەکی گشتی و پێشەوایەتی بەشێوەیەکی تایبەت گەوهەری و زاتین لە شتەکاندا و لە لەلایەن فەرمان و نەهی خواوە نەهاتوون و ئەوەش پەیڕەوێکە سەرنجی زۆر لە توێژەرەکان ڕادەکێشێت و سەریان سووڕ دەمێنێتەوەو بە دوورو درێژی و تێڕامان بیری لێدەکەنەوە .

بەڵام ئێمە لەو مەسەلەیە هیچ سەرسووڕمان و تێکەڵاوبوونێك نابینین چونکە شیعەی پێشەوایەتی زۆر لە ئەحکامی ئایینیان بە مەنهەجی هزر وەردەگرت بە چەندینی وەرگرتنیان بە مەنهەجی گواستنەوە و بیروڕایان لە مەسەلەی جوانی و ناشرینی خودی هەر هەمان بیروڕای کەڵە زانایانی موعتەزلەیە .

لێرەدا پرسیارێك هەیە دەبێت وەڵامی بدەینەوە ، ئەوەیە : ئایا شیعە کاریگەر بوون بە کەنارگیرەکان (المعتزلە) ؟ یان موعتەزلە کاریگەر بوون بە شیعە ؟ زوربەی توێژەران ئەوە دەڵێن کە شیعە کاریگەر بووە بە موعتەزلە چونکە پرۆگرامی ئاوەزیان پەیڕەو کردووە و بەڵام من سوورم لەسەر ئەوەی موعتەزلە کاریگەر بوون بە شیعە و شیعەقەرایی وەکوو بڕوا کۆنترە لە موعتەزلە وەکوو بڕوا و کەنارگیریی (معتزلە) لە دایکبووە و لە باوەشی شیعەگەرایی گەورە بوو و سەرانی شیعە کۆنترن لە بوونیان لە کەڵە زانایانی کەنارگیرییەکان (معتزلە) . ئەوە دەسەلمێنم مادامەکی پەنادەگرینە ڕاستییە مێژووییەکان و مادامەکی گومانمان لەوە نییە کە چینی یەکەم لە شیعە هەر لە سەردەمی ڕاشدینەکانەوە سەریان هەڵداوە و لەسەردەمی خیلافەتی پێشەوا عەلی (س.خ) بەشێوەیەك پێشکەوتن جێگای مشتومڕ نییە و هەر کە پێشەوا بە زوڵم و دوژمنکاری شەهید کرا دەچێتە ماڵی ئاخیرەت ئەوە شیعە حزبێکی بوو کە بەرهەڵستکاریان بەرانبەر هەموو حیزبە سیاسی و ئایینیەکانی ئیسلام دەکرد .

ئا لێرەوە دەتوانم بۆ خوێنەر ڕوونی بکەمەوە شیعەگەرایی ئەوە نییە کە توێژەرە خەڵەفاو و سوفیانییەکان دەڵێن مەزهەبێکی نەقلی پەتییە و یان لەسەر ئاسەوارەکانی ئایینی پڕکراو بە قسەی پڕوپووچ و خەیاڵ و حەدیسی جوولەکەکان کە دوورن لە ڕاستی ، یان لە بیروباوەڕی عەبدوڵلاّ کوڕی سەبەء و هی دی لە کەسایەتییە خەیاڵییەکانی مێژوو وەرگیراوە ، بەڵکوو شیعەگەرایی ـ لە دیدی بەرنامەی زانستی نوێ ـ بە پێچەوانەی تەواوی ئەوەی نەیاران بۆی دەچن ، مەزهەبی یەکەمی ئیسلامە کە بە تەواوەتی بایەخ بە هەموو ڕیوایات و ڕایەکان داوە و لە نێوان مەزهەبەکانی ئیسلام توانیویەتی ڕێگایەکی گشتی و ئاسۆ فراوان بگرێتە بەر و گەر شیعە سەرنەکەوتبووایە لە نێوان مەعقوول و مەنقوول ئەوە هەستمان بەو ڕۆحیەتە نوێیەی ئیجتهاد و پێشکەوتنەی مەسەلە فیقهیەکانیان لەگەڵ زەمان و شوێندا نەدەکرد کە پێچەوانەی ڕۆحی شەریعەتی نەمری ئیسلامی بێت .

با باسی وێنەی سێیەمت بۆ بکەم ، لەوانە وا ئەندێشە بکەیت کە پێچەوانە یان دژی بەرنامەی ئەقڵییە کە بۆمان باس کردیت لە وێنەی پێشوودا ، کە ئەویش بایەخدانی شیعەیە بە سەردان و بەسەرکردنەوەی ئارامگای ئەولیاو پێشەواکانی ئال بەیت و لە تەنیشت نزرگاکانیان بە عیبادەت و نوێژ و صەلاّوات و گێڕانی کۆڕی زانستی و یادکردنەوەی هەر دوانزە پێشەواکانیان خەریك دەبن ، ئەمانە هەموو لە دیدو بۆچوونی هاودەمەکان لە موسڵمان و ئەزموونگەراییەکان کە پشت بە ئاوەز و ڕا دەبەستن ئەوانە بە خورافە و ناڕەوا لە قەڵەم دەدەن بەتایبەت لایەنگرانی ئەحەد کوڕی عەبدولحەلیم کوڕی تیمیە و لایەنگرانی قوتابییە مێژووییەکەی محمەد کوڕی عەبدولوەهاب ئەلنجدی دامەزرێنەری مەزهەبی وەهابی و کەسانی غەیری ئەمانە لە هاودەمەکانمان کە نامانەوێ بە خامە باسیان بکەین .

بەڵاّم زوربەی ئەهلی تەسەنن و هەموو میانڕەوەکانیان ئەوان بە کۆی دەنگ لەگەڵ برا شیعە ئیمامیەکانن لە بیروباوەڕ، چونکە هەردوولا لەو بڕوایەدان کە ئەولیاو پێشەواکان و هەموو ئەوانەی سەر زەوین سوودیان بۆت نییە تەنیا بە شتێك نەبێ ئەویش ئیرادەی خوایە بۆت و هیچ زیانێکیان نییە بۆت تەنیا ئەوەی خوا ئەیەوێ بۆت نەبێ و هیچ کاریگەری و زیان و سوودیان نییە تەنیا بە ئیزنی خوا نەبێت و لەسەر ئەم بنەمایەدا سەردانی ئارامگەی ئەم کەسانە هەر بۆ ئارامگرتن بە ئاکارو پەیڕەویکردنی ئاکار باش و پاڵەوانیەتیان وەرگرتنی پەندو وانە بە یادکردنەویان و لەلای هەردوو مەزهەب شیاوە .

وێنەی چوارەمیش کە کتێبەکەی دانەرم خوێندەوە ئەقڵمی بۆلای خۆی کێشا ، بەڵکوو بە دڵم بوو سەرنجی ڕاکێشام و مەبەست ئەو توانایەی بوو لە ئاشکرا کردنی بیروباوەڕەکانی پێشەوایەتی بە شێوازێکی پۆل پۆل کاریگەری شیعە بە پرۆگرامی ئاوەزی ئاشکرا دەکات و پێشتریش باسم کردووە هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شیعە قووڵبوونەوەتەوە لە زانستەکانی ئەقڵی بە قەدەر ئەوەی لە پێشەواکانیان ڕیوایەت کراوە لە حەدیس و بیروڕایان و ئەمەش ڕێپیشاندەری تەواومانە لەسەر پەیوەندی بەهێزی نێوان شیعە و کەنارگیری و لە نێوان ناودارانی شیعە و ناودارانی کەنارگیری (معتزلە) و ئەوەی بە کتێبەکەمان ((الصاحب بن عباد)) بچێتەوە دەبینێت کە تا چ ڕادەیەك شیعە پیران و ناودارانی کەنارگیرین (معتزلە)ن و پیرانی کەنارگیری پیرانی شیعەن تەنیا ئەوانە نەبن ناوازە بوون و ئەم پەیوەندییانە گەیشتە لوتکەی بەیەك کاریگەربوونی نێوان هەردوو هۆز لە ناوەڕاستەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی و تا گەیشتە کۆتاییەکەی لە کەسایەتی (الصاحب بن عباد) کە ڕابەرایەتی موعتەزلە و شیعەگەرایی کرد لە نیوەی دووەمی ئەو سەدەیە کە شارستانیەتی ئیسلام گەیشتە ترۆپك .

گەر دانەری بەڕێز باس لە یەکگرتنەوەی خاسییەت (توحید الصفات) کرد لە خودی خوای مەزن ئەوە بیروباوەڕی کەنارگیرییەکانمان دێنێتەوە لە وتنی یەکگرتنەوەی خاسییەت و لە پێناوی ئەمەشدا خۆیان ناو نا بە ئەهلی یەکگرتنەوە چونکە پێشەواییەکان و کەنارگیرییەکان یەکدەگرنەوە و هاوبەشن لەوەی خاسییەت هەر هەمان زاتە ، واتە خوای مەزن خۆی بینەر و بیسەرە بە زاتی و بەمجۆرە زۆر جیاوازی لە نێوان زات و خاسییەت ناکەن کە ئاوەز تێکەڵ بێت و زیهن بەرەو واتای شەریکدانان ببات و ئەمەش - گومانی تیا نییە - لە شتە جوانەکانی تێڕامەکانیانە لە یەکگرتنەوە .

هەروەها تێبینی ئەم پەیوەندییە بتەوەی نێوان پێشەوایەتی و کەنارگیرییەکان دەکەین کە دانەر لەو بیروباوەڕانەی پەیوەندارن بە واتای یەکسانی خواوەندی (العدل الالهی) هەیە لە واجیبی کردەوەی جوانی خوای مەزن و هەروەها واجیبی دوورکەوتنەوە لە کاری زشت و ناشرین لە خوای گەورە و ئەوەی لەم وتارە گووتوویانە دوورکەوتنەوە و ترسی دانە پاڵی زوڵمە بە خوای مەزن و ئینجا باس لە پێشەوایەتی و بەڵگەی ئەهلی تەسەنوونن و فەرموودەی خوای مەزن دەهێنێتەوە :

﴿ لَا يُسْئَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْئَلُونَ ﴾ ئەوان بە حوکمی ئەم بڕوایە ڕازی بە قسەی ئیمام ئەحمەد ئەلدەردیر ـ یەکێکە لە ناودارانی سوننە و تەصەوفی سەدەی دوازدەهەم ـ کە دەڵێت :

**ئەوەی دەڵێت کاری جوان بکە واجیبە　　　بۆ خواوەند ئەوە بەد ڕەوشتی کرد**

لەگەڵ ئەوەشدا من دیسان پوزش هەموو پوزشیان بۆ دەهێنمەوە بۆ ئەوانەی دڵیان پاك و بێگەردە و دوورکەوتنەوەیە لە خستنە پاڵ زوڵم بۆ گەورەیی خۆی و ئەگەر ئەوەش لە دەستەبەری ترسی زوڵمە .

بۆ ڕاستیش هەردوو هۆزەکە : کەنارگیرەکان و شیعەی پێشەوایەتی لە لایەك و ئەهلی تەسەنونن و صۆفییەکان لەلایەکی تر بۆچوونی خۆیان هەیە لە ستایشی بێ خەوش و تەواوی خواوەندی و موعتەزیلە و پێشەواییەکان بە لایانەوە باشە داکۆکی لە عەدل و دادی ئیلاهی دەکەن ، کەچی ئەهلی تەسەنونن و صۆفی و بڕێك لە پێشینە پیاوچاکان ئەمانە داکۆکی لە ئازادی ئیلاهی دەکەن واتا ئازادی ڕەهای خوای مەزن و ئەو ئازادییە کە هیچ کۆت و بوندێکی نییە و هیچ هێزێکیش لە سەرووی نییە و بەڵگەی فەموودەی خوا دەهێننەوە ﴿ لَا يُسْئَلُ عَمَّا يَفْعَلُ ﴾ و هەر یەك لەو دوو لایەنە دژ بە یەکە ـ لە دیدی بەرنامەی زانستی نوێ ـ بۆچوونی خۆی هەیە پەیڕەوی دەکات.

هەروەها دانەر باس لە قەدەر و چارەنووس دەکات (قەزاو قەدەر)) و ئاخۆ مرۆڤ شتێك هەیە بەڕێوەی دەبیات یان یان فەرمانی بە دەست خۆیەتی (**مسیر أم مخیر**)ە ؟ و یان بە پێی قسەی پێشەواییەکان : ئایا مرۆڤ ناچارە یان سەرپشکە (**مجبر أو مفوض**) ؟ و ئەم بابەتە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە فەلسەفەی دادی ئیلاهی کە کەنارگیرییەکان شوبهاندوویانە ، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەین کە پێشەواییەکان لەم ڕووەوە ڕێگای تر دەگرنە بەر ، ڕێگایەکی میانڕەو ، ئەوە ناڵێن ناچاری ڕەها کە گروپی جەبرییەکان (مرۆڤ مەجبوورە لەسەر قەدەر) (الجبریین) وتوویانە و بەمانەش دەوترێت (الجهمیە)و ئەمانە باس لە سەرپشکی ڕەها ناکەن کە گروپی سەرپشکەکان (المفوضین) دەیڵێن و ناویان نراوە چارەنووسساز قەدرییەکان (القدریة) لە کەنارگیرەکان . بەڵام کە ئەوەی ناچارییەکان (الجبریین) وتویانە ئەمانە نایڵێن چونکە کە وتت ناچار واتە مرۆڤ هیچ ئیرادە و هەڵبژاردەیەکی ڕەسەنی لەبەر نامێنێت و دەبێتە یاری بە دەستی قەدەر یان وەکوو پەڕ دەبێت بە دەمی گەردەلوولەوە و گەر وا بێت ئەوە ـ لە تێگەیشتنی ئەوان ـ ئەوە خوا موحاسەبەیان دەکات لەسەر هەڵەکانیان زوڵمێکی گەورەیە چونکە ئەو وەختە

هیچ دەسەلأتێکی نییە نە لە هەڵبژاردن و نەش توانای هەیە ڕێگای لێ بگرێت کە نەکەوێتە ئەو هەڵەیە و ئەوانە دان بەم ناچارییە نانێن چونکە سیفەتی دادوەری لە خوا دەسێننەوە و لەمەوە شاعیر دەڵێت :

**هاویشتیە ناو دەریا بە باڵ بەستراوی و پێی وت ، نەکە بکەی تەڕ بیت بە ئاو**

بەلأم کە دوور دەکەونەوە لە قسەی ئەوانەی وتوویانە مرۆڤ سەرپشکی تەواوە و لە هەڵبژاردن ڕەهایە ئەوە وا لە مرۆڤ دەکات کە لە قسە و کردەوەکانی سەربەخۆ بێت لە ئیرادە و ویستی خوا ، ئەوە لە - دیدی ئەوان - ڕای سەرپشك و قەدەرییەکان کە دەڵێن مرۆڤ خۆی کردەوەکانی دەخوڵقێنێت بە بێ هیچ دەستوەردانێکی توانای خوا لەم کردەوانەی و هەندێ لە ڕەخنەگرانی بیروباوەڕەکان هەندێ حەدیسیان هێناوەتەوە لەسەر بەرپرسیارەتی و ئەستۆی خۆیان لەوانە فەرموودەی (س.خ) قەدەرییەکان کافری ئەم نەتەوەیە (القدرية مجوس هذه الامة) و ئا لەمەوە دەزانین هەڵەی قەدەرییەکان لە قبووڵ نەکردنی سیفەتی دادوەری تەباك و تەعالا دەکەن چونکە ئەو موحاسەبەی مرۆڤ دەکات لە سەر کردەوەکانی کە خۆی هێناویەتە ئاراوە و بەبێ هیچ دەستێوەردانێکی بەندەکان . کەچی هەڵەی قەدەرییەکان توانا و دەسەلأتی خوای مەزن بەسەر بوونەوەرەکانی نەفی دەکەن و هەردوولا توندڕەو و زۆر دوورن لە حەقیقەتدا .

گەر پێشەواییەکان قسەکەی پێشەوا جەعفەر ئەلصادق دەڵێنەوە کە وتوویەتی : نە ناچاری و نە سەرپشك کردن ، بەلأم مەسەلەیەك لە میانەی دوو مەسەلەدا ، ئەوە بەتەواوەتی ڕێکن لەگەڵ برا ناودارە سوننە مەزهەبەکانیان چونکە ئەهلی تەسەنونن دەڵێن کە مرۆڤ بەشێکی ئیختیارییە نەك ناچاربوونی پەتی و نەش خۆی کردەوەکانی دەخوڵقێنێ و بەناوبانگترین کەس ئەمەی وتووە ئیمام ئەبوو ئەلحەسەن ئەلئەشعەرییە و هەروەها ئیمام فەخرەدین ئەلڕازی هەوڵی داوە فەلسەفەی ڕێکبخات لە نێوان مەزهەبی ناچاری و مەزهەبی سەرپشك (الجبر والتفويض) تا ئەویان لە بارەیەوە کە ئەو وتوویەتی مرۆڤ ناچار لە ناوەوە و سەرپشکە لە ڕواڵەتدا و ئەمەش وتارێکی وردە لای ئەوانەی دەستی بالأیان هەیە لە زانست شارەزایان بە وردەواڵەکانی بیروباوەڕی ئیسلام .

وێنەی پێنجەمیش هەیە کە کۆتایی بە قسەکانمان دەهێنین لەم پێشەکییە دا ، ئەویش وتەی پێشەوایەتییە سەبارەت (البداء) ئەویش شتێك و کردەوەیەك بکرێت و ئینجا بسڕێتەوە و ئەمەش قسەی ئیمامییەکانە لە مافی خوای مەزن تا ئەو قسەیان بە زۆری وتراوە : خواپەرستی بۆتە بڕواو بڕوا لە خاسیەت و سیفاتی بوونەوەرەکانی چونکە ئەنجامدانی کارێك ئینجا سڕینەوەی ئەمە بیرکردنەوەیەکی کتوپڕە و دوای هەڵە دەبێت

ڕاستبکرێتەوە و دوای نەزانی زانین ، زۆریش لە بیرمەندەکان گاڵتەیان بە مێشکی شیعە دەکرد بە نیسبەت بڕوا بۆ خوای مەزن و شیعەی پێشەوایەتی لەوانە بێبەرییە و لەوەی خەڵکی لە بڕوا (البداء) تێگەیشتوون و ئەوەش لای ئەوان و زانایانی سوننە لەسەری کۆکن کە زانستی خوا کۆنە و پاك و دوورە لە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ و بیرکردنەوە کە لە سیفاتی بوونەوەرەکانە ، ئەوەی گۆڕانکار و سڕینەوەیان بەسەر دێت پاش سەلماندنی ئەوە لە قەدەر بۆی نووسراوە فەرموودەی خوای مەزن هاتووە :

﴿يَمْحُوا اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ﴾

با نموونەیەك بۆ ئەوە بهێنینەوە واتای بڕوا (البداء ـ بۆیان دەرکەوت) لای پێشەواییەکان دەخاتە ڕوو : فلأنە کەس هەر لە سەرەتای ژیانیەوە نەهامەتی بۆ نووسراوە و لە تەمەنی چل ساڵان تۆبەی خوا کرد و لە قەدەر لە کامەرانییەکان نووسراو لە زانستی خوا هەموو مێژووی ئەم مەسەلەیە دەگرێتەوە لە ئیسپات و سڕینەوە پاش تەوبەکردن ، واتە لە زانستەکانی لای خوا ئەم کەسە نەهامەت و بەدبەخت دەبێ و دواتر کامەران دەبێت کە تەوبە دەکات .

(البداء) کە پێشەواییەکان باسی دەکەن مەسەلەی بڕیاردانە بەسەر ڕوخساری کردەوەی ئیلاهی لە بونەوەرەکانیا بەو شێوەیەی حیکمەتی خۆی پێویست دەکات و ئەو شتانە کە ڕواڵەت دەیانبینین . بۆیە ڕووی کێشەکە بە هەڵە لە شیعە گەیشتوون بە قسەی (البداء) لەوەوە سەرچاوە گرتووە کە شیعە (البداء) دەدەنە پاڵ زانستی کۆنی خوا نەك بۆ ئەوەی لە لەوحی قەدەر نووسراوە .

ئەوەی لەو ڕوونکردنەوەی پێشکەشم کردن لەگەڵما هاوڕا بیت کە بیروباوەڕی پێشەوایەتی ڕاستی قسەکانیان لە بارەی (البداء) و ئەوەی لە هزریان هەیە لە قووڵی بڕیاردان لەسەری چونکە واتای ـ لە دیدی من ـ خوای مەزن پەرە بە بوونەوەرەکانی خۆی دەدات بپێی پێویستییەکانی ژینگە و زەمان کە خۆی خوڵقاندوونی و نهێنی کاریگەری بە بوونەوەرەکانی لای داناوە ـ گەر بە ڕوواڵەت بێت ـ و بە باسی (البداء) تەنیا وتارێکە دەتوانین لە ڕێگاو هیدایەتیەوە نهێنی (الناسخ والمنسوخ)تان بۆ بکەم لە قورئان دا و ئەو حیکمەتە کە لە ئایاتەکانی قەدەغەکردنی خواردنەوەی مەی هاتووە و چۆن ئەو قەدەغەیە پلە بە پلە هاتووە لەسەر وێنەی قۆناغەکان خوای مەزن بەوە خوارو خێجەکانی دەروونی مرۆڤایەتی پێ چارەسەرکرد و لە کۆتی ئەو عادەتە بەتوندە

هێدی هێدی ڕەها بێت تا ئەو دەروونە چاك دەبێت و گەر بەجارێك بێبەش و حەرامی بکردایە ئەوە زۆر زەحمەت دەبوو بۆ دەروون ! ئەمەیە بڕوای پێشەوایەتی لە (البداء) .

پێخۆشحاڵیش دەبم لەم شوێنەوە هەوڵی خۆم بدەم بۆ لەیەك نزیکردنەوەی نێوان مەزهەبەکانی ئیسلام و داوای سەرکەوتن لە خوا دەکەم لە نووسینەکەمدا ئەوە بخەمە ڕوو کە تا چ سنوورێك ئەم مەزهەبانە لە جەوهەرو ناوەرۆك و ئامانج ڕێکن و گەرچی لە ڕواڵەت و شێواز جیاوازییان هەبێت .

پیرۆزباییش لە مامۆستای دانەر دەکەم کە سەرکەوتوو بووە لە کۆکردنەوە لە نێوان (المنقول) و (المعقول) لە باسکردنی بیروباوەڕی پێشەوایەتی و خوێنەرانی بە ڕۆشنبیرییەکانی بیروباوەڕی پێشەوایەتی ئاشنا و دەوڵەمەند کردووە و لە نێوان ناڕەزایی لە بیروڕا و توانای ڕایی کردن کۆکردوەتەوە و ئەمەش بەسە بۆ ئەوانەی هەندێ بە وێژدانن .

دکتۆر حامد حفنی داود
مامۆستای ئەدەب لە کۆلێژی زمان
سەرپەرشتیاری خوێندنی ئیسلامی
لە زانکۆی (علیکرە) لە هیندستان
قاهیرە ١٣٨١/٦/١٧ك ـ ١٩٦١/١١/٢٥ز

## پێشەکی چاپی دووەم

دە ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەم نامیلکەیە تێپەڕیوە و لەو ماوەیەدا هۆیەکی وا نەبوو بیروڕام بگۆڕم لەوەی نووسیومە و بە پێی پێداویستییەکانی گشتی بۆ ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی شیعەی پێشەوایەتی و چەسپاندنی .

بەڵکوو شتێك هانی دام ڕازی بم لەسەر دووبارە بڵاوکردنەوەی هیوادارم ئامانجەکەی پێکابێ و مەبەستەکانیشی جێبەجێ کردبێت و ئەو هەورە بڕوێنمەوە کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەبەردەم هەردوو هۆزە ئیسلامییە گەورەکە بوو: ئەهلی تەسەنن و شیعە و ئەو تۆز و گەردە کە ڕابردووی دوور بەسەر بیروباوەڕە ئیسلامییە دروستەکان نشتبوو لابەرم .

من دڵنیام ئەمڕۆ نزیککردنەوە لە نێوان مەزهەبەکان کارێکی پێویست و ئامانجێکی پیرۆزە بۆ هەر موسڵمانێکی بەغیرەت لەسەر ئیسلام هەرچەندە بێت بیروبۆچونی مەزهەبی و ڕایی دەربارەی عەقیدە و ئەوەش باشە خاوەن بیروباوەڕەکان خۆیان شارەوەکان و ڕاستییەکانی دەربخەن .

ئەم شێوازەش - بەڕای من - باشترین شێوازە بۆ ئەوەی بیرۆکەی دروست دەربارەی مەزهەبەکە بخرێتە ڕوو و نزیکترە بۆ تێگەیشتنی ئەو ڕاستییەی بیروڕای لایەنەکەی .

وە لەبەر خاتری نووری چاوم کە لە پێناوی خوا کار دەکات بەڕێز سەید مورتزا کەشمیری ئەوە چاوم بەم نامەیە خشاندەوە و هەندێ دەسکاری و ئیزافەم کردە سەری بە پێی وەختی جەڵجاڵ بە کێشەکان لەگەڵ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی چاپ یان غەیری چاپ و بۆ ئەوەی جارێکی بە چاپی بگەیەنم و لە خوای مەزن دەپاڕێمەوە مەبەستە جێبەجێ بکات و سەرمان بخات و بمانەخاتە سەر ڕێگای ڕاست و حەق و چاکترین بەرپرسیارە .

دانەر

٢١شەوال ساڵی ١٣٨٠ك

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوا و صەلات و سلاو لە محمەد چاکترینی مرۆۋ و ئال بەیتی شکۆی بێت .

ئەم بیروباوەڕانەم نووسیوە مەبەستیش لەوە تۆمارکردنی پوختەیەك بوو لەوەی دەربارەی بیروباوەڕی پێشەوایەتی تێگەیشتم لەسەر شێوازی ئال بەیت (س.خ) .

ئەم پووختەیەیەم دوور لە بەڵگە و سەلماندن و دووریش لەو دەقانەی دەربارەی پێشەواکان هاتووە بۆ ئەوەی ئەوانەی تازە دەستیان پێکردووە و خوێنەر و زانا سوودی لێ ببینن و نام نا ((بیروباوەڕی شیعە)) و مەبەستم لە شیعەی پێشەوایەتی دوانزە پێشەواکەیە بەتایبەت .

ساڵی ١٣٦٣ك نووسیومە بۆ ئەوەی وەکوو باسێکی لە خولی کۆلێژی کۆڕبەندی بلاوکردنەوەی ئایینی پێشکەشی بکەم و بۆ ئەوەی سوودی لێببینن و دەسپێکیش بێت بۆ توێژینەوە زمانییەکانی بالاّ .

بەلاّم ئەمساڵ و - پاش تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەریا - بەڕێز محمەد کازم ئەلکەتبی - خوا پشتیوانی بێت - داوای دووبارە پیاچوونەوەی لێکردم و بە نامەیەکی پوخت و زنجیرە بەیەك بەستراو کۆیان بکەمەوە بە مەبەستی بلاوکردنەوە و سوودی گشتی و داکۆکی لە پێشەوایەتی بکرێت لەو هەموو پلار و توانجانەی خراوەتە پاڵ پێشەوایەتی و بەتایبەت هەندێ لە نووسەرانی سەردەم لە میسر و شوێنی هێشتا بەردەوامن بە خامەکانیان هێرشی توند دەکەنە سەر شیعە و بیروباوەڕیان ، یان لە نەزانینەوە یان خۆیان نەزان دەکەن لە شێوازی ئال بەیت و وەزیفەی ئایینیان و بەم کارەیان زوڵمیان لە حەق کردووە و نەخوێنەواری و نەفامی لە نێوان خوێنەرانی کتێبەکانیان بلاوکردووە بانگەشەی دووبەرەکی لەیەك دووربوونەوەی وشەی موسڵمانان و وروژاندنی ڕق و کینە لە دڵو دەروونیان ، بەڵکوو هانی دژایەتی نێوانیان دەکرد و هیچ شارەزایەکیش - بەتایبەتی ئەمڕۆ - نزیکردنەوەی نێوان تاقمە جیاجیاکانی ئیسلام و نەهێشتنی ڕق و بوغزیان پشت گوێ ناخات، ئەگەرچی نەتوانین یەکڕیزییان و کۆکردنەوەیان لە سێبەری یەك ئالاّ یەك بخەین ، هیچ نەبێ لێکیان نزیکەینەوە .

ئەمە دەڵێم - بەداخەوە - من هەست دەکەم هیچمان لەم هەولاّنەماندا پێ ناکرێت کە لەگەڵ ئەو نووسەرانە هەوڵمان دا ، وەکوو دکتۆر ئەحمەد ئەمین و هاوشێوەی ئەو لەوانەی بانگخوازی دووبەرەکین ، هەرچەندە بیروباری پێشەوایەتییان بۆ ڕوون دەکەیتەوە زیاتر بەرهەڵستی دەکەن و سوور دەبن لەسەر هەڵەکانیان .

بەلامانەوە سووربوونی بەرهەڵستییەکانی ئەمانە و غەیری ئەمانە گرنگ نین تەنیا لەوە دەترسین گەمژەکان فریو بخۆن ئەو درۆیانەیان بەسەر تێپەڕبێت و ئەو دەمدرێژییە ببێتە مای وروژانی بوغز و کینە ، هەرچییەك بێت ، من کە ئەم نامەیە پێشکەشی بڵاوکردنەوە دەکەم هیوادارم سوودی هەبێت بۆ ئەوانەی شەیدای حەقن بەمەش بەشدارییەکی سوودبەخشم بە ئیسلام گەیاندبێت ، بەڵکوو بۆ هەموو مرۆڤایەتی و بە پێشەکییەك و چەند بەشێك پێشکەشم کرد و سەرکەوتن لەلایەن خواوەیە .

**محمەد ڕزا ئەلموزەفەر**

**نەجەفی پیرۆز - عێراق**

**٢٧ی جەمادی ئاخرە ١٣٧٠ك**

**دەستپێک : لەبارەی ئیجتیهادکردن و لاساییکردنەوە**

## ١- بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی ڕوانین و مەعریفەوە

ئێمە لەو بڕوایەداین ، کە خودای مەزن هێزی بیرکردنەوەی پێبەخشیوین ، عەقڵی پێداوین ، فەرمانی پێکردووین ، کە بیر لە خەڵقکراوەکانی خۆی بکەینەوە ، بە تێڕامانەوە سەیری شوێن و کاریگەریی ئەفرێندراوەکانی ئەو بکەین ، لەناو حیکمەتەکانی ئەودا کاری خۆی ڕایی بکەین ، ئایاتی بوونی ئەو لەناو ئاسۆ و لەناو خودی خۆشماندا ببینین. خودای مەزن دەفەرموێت :

﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ ﴾[1]

هەروەها توانجی لەو کەسانە داوە ، کە خۆیان تەقلیدی باوباپیرانیان دەکەن ، بەو فەرمودەیەی خۆی کە دەفەرموێت : ﴿قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾[2]. هەروەها تانوتی لەو کەسانەش داوە ، کە دەکەونە شوێنی خەیاڵ و گومانی خۆیان و پشت لە کاری غەیبی دەکەن ، بەوەی کە دەفەرموێت : ﴿إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ﴾[3].

لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئێمە بڕوامان پێی هەیە ، ئەوەیە ، کە عەقڵی خۆمان ئەوەمان بەسەردا فەرزدەکات ، کە سەیری بونەوەرەکان بکەین و بتوانین خولقێنەری ئەم گەردوونە بناسین ، هەروەها ئەوەشمان بەسەردا فەرزکراوە ، کە بڕوانینە بانگەشەی بانگێشە و باس لە پێغەمبەربوونی خۆیان و موعجیزەی پێغەمبەربوونیش دەکەن . کە ئەمانەمان کرد، ئیتر ڕاست نابێت لاسایی شتێکی تر بکەینەوە، کە جیاواز بێت لەمانە، ئیتر پلە و پایەی ئەوانەی تر هەرچەندێك بێت و تا هەرچەندیش کاریگەر بن .

بۆیە ئەو شتانەی کە لەناو قورئانی پیرۆزدا هاتوون و هانمان دەدەن ، کە بیر بکەینەوە و بکەوینە شوێنی زانست و مەعریفە ، بۆیە ئەم فەرمانەش وەك داننانێك وایە بەو ئازادییە خۆڕسکەدا ، کە لە عەقڵدا بوونی هەیە و کەسە عاقڵەکانیش هاوڕان لەسەر

---

(١) سورەتی فصلت : ئایەتی : ٥٣

(٢) سورەتی البقرە : ئایەتی :١٧٠.

(٣) سورەتی الانعام: ئایەتی: ١١٦، سورەتی یونس: ئایەتی:٦٦ ، سورەتی النجم : ئایەتی : ٢٣ ، ٢٨.

بوونەکەی . هەروەها ئەمە وەك هۆشداریدانێکیش وایە بۆ ناخی مرۆڤەکان و پێیان دەڵێت ، کە ئێوە ئامادەگیی مەعریفە و بیرکردنەوەتان هەیە . زەینیان دەکاتەوە بەرەو ئەو شوێنە ئاراستەیان دەکات ، کە بەپێی حوکمی عەقڵ پێویستە ڕووی تێبکەن.

کەواتە بەپێی ئەمانە نابێت مرۆڤ لەبارەی بۆچوونی مەسەلە عەقائیدییەکانەوە خۆی فەرامۆش بکات ، یان پشت بە لاساییکردنەوە بەو کەسانە ببەستن ، کە پەروەردەیان کردوون یان هەر کەسێکی تر. بەڵکوو پێویستە لەسەری ، کە بەو عەقڵە خۆڕسکەی کە خۆی هەیەتی و دەقە قورئانییەکانیش پشتگیرییان لێکردووە، خۆی شتەکان بپشکنێت ، ڕابمێنێت ، سەیر بکات و ئیشی خۆی لەناو ئسووڵی ئایینەکەی خۆیدا ، واتە لەوەدا کە پێی دەگووترێت ئسووڵی ئایین[1] ، ڕایی بکات . گرنگترینی ئەم شتانەش بریتین لە **یەکتاپەرستی** ، **پێغەمبەرایەتی** ، **پێشەوایەتی** و **ڕۆژی قیامەت**. بۆیە هەر کەس لە ئەم مەسەلەیانەدا خۆی دایە دەستی باوکی یان کەسانی تر بۆ مەسەلەی بڕواهێنان بە ئەم شتانەی ناویان هات ، ئەوە هەڵەی کردوە و لەسەر ڕێگەی ڕاستیش لایداوە ، هەرگیز بەهانەی پێ نییە ، وەك بەڵگە بیهێنێتەوە .

بۆیە بە کورتی لێرەدا دوو بانگەشەمان هەیە :

**یەکەم** : بوونی ڕوانین و مەعریفە لەبارەی ئسووڵی بیروباوەڕەوە پێویستە و ناکرێت لەمانەدا خۆت تەقلیدی کەسانی تر بکەیت .

**دووەمیان** : ئەمە پێش ئەوەی واجیبێکی شەرعی بێت ، واجیبێکی عەقڵییە ، واتە ئەو زانستەی کە کەسەکە خۆی دەیەوێت لە دەقە ئایینییەکانەوە دەریناهێنێت ، ئەگەرچی ئەوەش ڕاستە ، کە لەپاش بەڵگەی عەقڵەوە پێویستە بڕیارەکەت لەلایەن دەقە ئایینییەکانەوە پشتگیریی لێبکرێت.

**بۆیە مانای واجیبی عەقڵی تەنها بریتییە لەوەی کە عەقڵ هەست بە پێویستبوونی مەعریفە بکات و بیربکاتەوە و ئیجتیهاد لە ئسووڵی بیروباوەڕەکانیشدا بکات.**

---

**(١) هەموو ئەوشتانەی کە لەناو ئەم نامەیەدا باس کراون بەشێك نین لە ئەسڵ و ئسووڵی بیروباوەڕ ، چونکە زۆربەی ئەو بیروباوەڕانەی کە باسکراون ، وەك قەزاو قەدەر و گەڕانەوە بۆلای خودا ، ناگونجێت ڕوانینی تایبەت بە خۆتت هەبێت لەسەریان، بەڵکوو بۆئەمانە پێویستە ڕاست و ڕەوان بگەڕێینەوە بۆلای ڕای دروستی پێغەمبەر و پێشەواکان . بۆیە زۆربەی بیروباوەڕەکانی ئێمەش لەم بوارەدا دەچنەوە سەر ئەسەری پێشەواکانمان لەوەی کە بە ڕاستی لە خۆیەوە هاتووە (منه قدس سره) .**

## ٢- بیروباوەڕی ئیمە لەبارەی لاسایکردنەوە بە لقەکانەوە

هەرچی لقەکانی ئایین هەیە ، بریتین لەو کۆمەڵە حوکمەی شەریعەت ، کە پەیوەندییان بە کار و کردەوەوە هەیە، لەبەر ئەوە ، ئەمانە نابێت ڕوانین‌و ئیجتیهادیان تیادا بکەین ، بەڵکوو ئەگەر لە شتە زەرور و جێگیرەکانی ناو ئایین نەبوو لەنموونەی فەرزبوونی نوێژکردن‌و ڕۆژوو و زەکاتدا ، ئەوا یەکێك لەم سێ مەسەلەیەی بەسەردا پیادە دەبێت :

یان ئەوەی کە کەسی ڕاسپێردراو خۆی ئیجتیهاد بکات و سەیری بەڵگەی ئەو حوکمانە بکات ، کە بۆ مەسەلەکەی دەگونجێن . یان ئەگەر لە توانایدا هەبوو ئەوا ئیحتیاتی خۆیی بۆ وەربگرێت. یان لاسایی کەسێکی مجتهید بکات ، کە تەواوی مەرجەکانی تیادابێت، وەك مەرجی عاقڵ‌و دادپەروەر بێت (**نەفسی خۆیی پاراستبێت ، پارێزگاریی لە ئایینەکەی کردبێت‌و ئارەزووەکانی خۆیی فەرامۆش کردبێت و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودای خۆی بێت**)[1] .

---

(١) قورئانی پیرۆز زەمی خەڵکی گشتیی جولەکە دەکات، بەوەی کە تەقلیدی زاناکانیان کردووە ، لەم دوو ئایەتەدا: ﴿ وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ ٱلْكِتَٰبَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ... ﴾، ئایەتەکانی ٧٨ و٧٩ لە سورەتی البقرە . پیاوێك بە پێشەوا سادقی (س.خ) وت، باشە ئەگەر ئەو جولەکانە شارەزاییان لە بارەی تەوراتەوە نەبێت و تەنها شت لە زاناکانیانەوە ببیستن بەبێ ئەوەی کە ڕێگەیەکی تریان لەبەردەستدا هەبێت، ئیتر بۆچی زەم بکرێن لەسەر ئەوەی کە شتیان لە زانای خۆیان وەرگرتووە؟ پاشان ئایا خەڵکی گشتیی جولەکەیش وەك خەڵکی گشتیی ئیمەن لە لاساییکردنەی زاناکانیاندا؟ ئەی ئەگەر ئەوان بۆیان نەبێت لە زاناکانیان وەربگرن ئەی بۆچی ئەمانە بۆیان هەبێت ؟ ئەمجا پێشەوا ڕووەکانی لەیەکچون و جیاوازیی نێوانی زاناکانی ئیمەو ئەوانەی ئەوانی بۆ ڕوون کردەوەو زانیارییەکی زیاتریشی پێداو گووتی: "ئەگەر خەڵکی گشتییەکەی ئومەتەکەی ئیمەیش لە فیقهناسەکانی خۆیانەوە فێری فسقی ئاشکراو دەمارگیریی توندو خۆهەڵواسین بەکاولەی دنیاو شتە حەرامەکانی بن و هەرکەسیان بە دڵ نەبوو بیفەوتێنن و هەر کەسیشیان بەدڵ بوو خراپە و گومڕاییەکانی وەك باشە و چاکەکاری باس بکەن، ئەوا ئەوانیش شایانی چەوساندنەوە و سووکایەتی پێکردن دەبن، لەبەرئەوە هەرکەسێ : لە عەوامی ئیمەیش خۆی تەقلیدی فەقیەی وەها بکات، ئەوا ئەوانیش هەروەکو ئەو جولەکانە وەهان، کە خودا زەمی کردوون کە تەقلیدی کاری چەوتی زاناکانی خۆیان بوون. بەڵام ئەگەر کەسێك فەقیهێکی خۆپارێزبوو، پارێزگاریی لە ئایینەکەی خۆیکرد، گوێڕایەڵی فەرمانی خوداکەی خۆی بوو، ئەوا خەڵك دەتوانن لاسایی ئەو بکەن. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: التفسير المنسوب للامام العسكري (س.خ) (٢٦٠ك). هەروەها ئەم سەرچاوانەش هەمان ئەم فەرموودەیان گواستۆتەوە، بەڵام بە جیاوازییەکی کەم و دەستەواژەی (مخالفا على هواه) لەبری (مخالفا لهواه) هاتووە ، بڕوانە: الاحتجاج للطبرسي (٥٦٠ك): ٢: ٢٦٣. وسائل الشيعة -

بۆیە ئەگەر کەسێك خۆی موجتەهید نەبێت ، دوور بێت لە گومان ، هەروەها نەچووبێتە سەر تەقلیدی ئەو موجتەهیدەی، کە هەموو مەرجەکانی تێدایە، ئەوا هەموو پەرستشەکانیشی پووچن و لێی وەرناگیردرێت ، ئەگەرچی هەموو تەمەنی خۆیی لە نوێژ و ڕۆژووگرتنیشدا بەسەر بردبێت . مەگەر ئەو کارەی کە ئەو کردوویەتی لەپاش خۆیەوە کەسانی تریش تەقلیدی بکەن[1] ، لەبەرئەوەی کە کارەکەی بەو شێوەیە ئەنجام دابێت ، کە مەبەستەکەی نزیکبوونەوە بێت لە خودای مەزن .

## ٣ـ بیروباوەڕی ئێمە دەربارەی ئیجتیهادکردن

ئێمە لەو بڕوایەداین ، کە ئیجتیهادکردن لەناو حوکمە لاوەکییەکاندا ئەرکێکی (واجیبی کیفایە)یە لەسەر هەموو موسڵمانێك لەو ڕۆژگارانەدا کە ئیمامی لێ نەبێت[2]، ئەمە بەو مانایەی کە دەبێت بە ئەرك لەسەر هەموو موسوڵمانەکانی هەموو سەردەمەکان. بەڵام ئەگەر کەسێك خۆی هەستاو ئەم کارەی ئەنجام دا و مەرجە پێویستەکانی تێدابوو، ئەوا ئیتر ئەرکەکە لەسەر موسوڵمانەکانی تر دەکەوێت. بۆ ئەوان ئەوەندە بەسە ، کە کەسێك هەیە گەیشتوەتە پلەی ئیجتیهادکردن‌و مەرجەکانیشی تێدایە ، لەبەرئەوەی ئیتر ئەوان خۆیان لاسایی ئەو دەکەن و بۆ مەسەلە لاوەکییەکانی ناو ئایینەکەیان دەگەڕێنەوە

---

- للحر العاملی (١١٠٤ك): ٢٧: ١٣١، ح (٣٣٤٠١) فەرمودەی (٢٠) لە دەروازەی عدم جواز تقلید غیر معصوم فیما یقول برایە . بحار الانوار للمجلی (١١١١ك): ٢: ٨٨، فەرموودەی (١٢) لە دەروازەی (١٤).

(١) ئەگەر بزانیت کارەکەت لەگەڵ واقیعدا دەگونجێت دروستە ئەنجامی بدەیت. یان ئەو کەسەی کە پێویستە تەقلید بکات، فەتوای بۆ بدرێت ، بڕوانە : منهاج الصالحین (فتاوی مرجع المسلمین زعیم الحوزة العلمیة ابوالقاسم الموسوي الخوئي) : ١: ٧، مەسەلەی دووەم لەخۆ تەقلیدکردندا . هەروەها مامۆستا ئایەتوڵڵا الخرازی لەم ڕووەوە قسەی هەیە : تیایدا دەڵێت : کە "بکرە ئەگەر کارەکەی لەگەڵ واقیعدا گونجا ، بەڵام لەگەڵ بۆچوونی ئەو کەسەدا ڕێك نەبوو، کە خۆیی تەقلید کردووە ، ئەوا ڕاستە و چونکە ڕێگەی بەرەو واقیعەکەی گرتووە."

هەروەها بڕوانە : بدایة المعارف الالهیة في شرح عقائد الامامیة للخرازي (هاوچەرخ): ١: ١٨، پەراوێزی ژمارە (١) بەهەمان شێوە ئەنجامدانی ڕاستە ئەگەر خۆی زانیی کە بە ئەنجامدانی یان وازلێهێنانی سەرپێچی لە فەرمانێکی ئیلزامی ناکات ، لە ڕێگەی زانستی ویژدانی یان لە ڕێگەی ئەو جۆرە دڵنیابوونەوە کە سەرچاوەکەیان دەچێتەوە سەر عەقڵ وەك زانراو و ئاگادارکردنی کەسێکی شارەزا کە بتوانێت بچێتەوە سەر ئەو: بۆ ئەمەش بڕوانە : منهاج الصالحین (فتاوی آیة الله العظمی السید علي السیستاني) : ١: ٩.

(٢) بەپێی فەرموودەی خودای گەورە، کە لە ئایەتی ژمارە ١٢٢ی سورەتی التوبە دا دەفەرموێت:﴿ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ﴾ .

بۆلای ئەو. چونکە لە هەموو سەردەمێکدا پێویستە موسوڵمانەکان سەیری خۆیان بکەن، ئەگەر بینیان لەناو خۆیاندا کەسێکی خۆبەخش هەیە ، کە دەتوانێت بگات بە پلەی ئیجتیهادکردن و ئەم پلەیەش ئەوەندە بەرزە ، کە ئەگەر کەسێك بەختی زۆر باش نەبێت ناتوایێت پێی بگات ، ئەو کەسەش مەرجەکانی ئەوەی تێدابوو و کە بتوانن خۆتان تەقلیدی ئەو بکەن ، ئەوا قایل بن پێی ، خۆتانی تەقلید بکەن و بۆ مەسەلەکانی دینەکەتان بگەڕێنەوە بۆلای ئەو . بەڵام ئەگەر کەسێکیان نەبوو بگات بەو پلەیە ، ئەوا پێویستە هەموویان بگەن بە پلەی ئیجتیهادکردن و ئەمجا لەناو خۆیاندا کەسێکیان ئامادەبکەن بۆئەوەی ئەو خۆی تەرخان بکات بۆ وەرگرتنی ئەو پلەیە بۆئەوەی ئتیر ئەوانی تریان هەموویان ئەو ئەرکەیان لە کۆڵ ببێتەوە ، بۆشیان ناگونجێت خۆیان تەقلیدی کەسێك بکەن کە ئیجتیهادی کردبێت و مردبێت.

ئیجتیهادکردن بریتییە لە ڕوانین و سەیرکردنی بەڵگە شەرعییەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی ئەو حوکمە لاوەکییانەی سەردەستەی پێغەمبەران هێناونی ، دیارە ئەم حوکمانەش بەپێی گۆڕانی زەمان و سەردەمەکان ناگۆڕێن (حەڵاڵی محەمەد تا ڕۆژی قیامەت حەڵاڵە، هەروەها حەرامی محەمەدیش تا ڕۆژی قیامەت هەر حەرامە)[1]. بەڵگە شەرعییەکانیش بریتین لە قورئانی پیرۆز و سونەت و ئیجماع و عەقڵیش بەپێی ئەو حوکمانەی کە لە ناو ئسوڵە فیقهییەکاندا باس کراوە. بەدەستهێنانی پلەی ئیجتیهاد پێویستیی بە زانینی مەعریفە و زانیاریی زۆر هەیە ، کە ئەگەر کەسێك هەوڵی زۆری بۆ نەدات و خۆیی بۆ تەرخان نەکات و کۆششی بۆ نەکات، ناتوانێت بەدەستی بهێنێت.

## (٤) بیروباوەڕی ئێمە دەربارەی کەسی موجتەهید

ئێمە بڕوامان وایە ، کە ئەگەر لە شوێنێك ئیمامی لێ نەبوو(س.خ) ، ئەوا ئەو موجتەهیدەی کە هەموو مەرجەکانی تێدایە دەبێت بە جێگری پێشەوا[2] ، دەبێت بە

(١) بڕوانە : بصائر الدرجات الکبری للصفار (٢٩٠ ك): هـ: ١٦٨، ح (٧) لە دەروازەی (١٣). ئەمە لە زمانی ئیمامی سادقەوە (س.خ) دەگێڕدرێتەوە، هەروەها لە کتێبی الکافي للکلیني (٣٢٩ك): ١: ٥٨، دەروازەی البدع والرای والمقاییس ح (١٩): "حلال محمد حلال ابدا الی یوم القیامة، و حرامه حرام ابدا الی یوم القیامة، لایکون غیره ولایجیء غیره". هەروەها هەمان شت بە دەربڕینی تریش هاتووە، وەك ئەوەی کە لەم سەرچاوانەدا دەبینین: الکافي : ٢: ١٧ ـ ١٨، باب الشرائع ح (٢). والمحاسن للبرقي (٢٧٤ یان ٢٨٠ك): ١: ٤٢٠، ح (٩٦٣/ ٣٦٥). هەروەها کشف الغمة في معرفة الائمة للاربلي (٦٩٣ك): ٢: ٤١٤.

(٢) مەبەست لەمە بریتییە لە پێشەوای دوازدەهەم لە پێشەواکانی ئالی بەیت (س.خ) کە بریتییە لە ئیمامی مهدي (عجل الله فرجه الشریف)، کە لە ڕۆژگاری حوکمی عەباسییەکاندا لە ساڵی (٣٢٩ك) –

دادوەر و سەرکردەی ڕەها، دەتوانێت دەستەڵاتی ئیمامی هەبێت لەناو مەسەلەکانی تایبەت بە کێشەکانی خەڵك و حوکمکردنیش، بۆیە هەر کەس لەم هەڵگەڕێتەوە، ئەوە لە پێشەوا هەڵگەڕاوەتەوە، هەرکەسیش لەئیمام هەڵگەڕایەوە، ئەوە لەخودا هەڵگەڕاوەتەوە، ئەمە هەروەکوو شەریك دانانە بۆ خودا ، وەك ئەوەی کە لە فەرموودەیەکی سادقی ئالی بەیتەوە هاتووە (س.خ)[1] .

کەواتە ئەگەر کەسێك موجتەهیدێکی وابوو، کە هەموو مەرجەکانی تێدابوو، تەنها ئەوەندە نییە ، کە توانای فەتوادانی هەبێت ، بەڵکوو ویلایەتی گشتیشی هەیە ، لەناو مەسەلەی حوکمدا و یەکلاییکردنەوە و دادوەریدا دەگەڕێنەوە بۆلای ئەو. ئەم شتانە دەبن بە کاری پسپۆریی ئەو و نابێت جگە لە ئەو کەسی تر کاری تیدابکات، مەگەر ئەو کەسە ئیمام خۆی ڕێگەی پێدابێت ، هەروەها نابێت بە دەر لە فەرمانی حەدی خودا بەسەر کەسدا فەرزبکرێت.

لەبارەی مەسەلەکانی تایبەت بە داراییشەوە کە کار و پسپۆریی ئیمامە ، دەبێت بگەڕێنەوە بۆلای ئەو. ئەم پلە و سەرکردایەتیکردنە گشتییە پێەوا (س.خ) داویەتی بە ئەو موجتەهیدەی، کە مەرجەکانی تێدایە ، بۆئەوەی لەکاتی ئامادەنەبوونی خۆیدا لەبریی ئەو نوێنەرایەتی بکات ، بۆیە پێیشی دەگوترێت (جێگری گشتی).

---

- لەبەرچاو چووەتە غەیبییەکی گەورەوە، لەبەر چەند بارودۆخێکی تایبەتی و حیکمەتی خودایی، بە فەرمانی خودایی چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت ، کە دەربکەوێتەوە حکومەتی دادپەروەریی جیهان دابمەزرێنێت . ئەو نووسەرەش کە ناویمان هێنا بەر ڕەحمەتی خودا بکەوێت باسی ئەوی کردووە.

(١) بڕوانە : الكافي للكليني (٣٢٩ك): ١: ٦٧، فەرموودەی دەیەم لە دەروازەی اختلاف الحديث . هەروەها ٧: ٤١٢، فەرموودەی پێنجەم لە دەروازەی كراهية الارتفاع الى قضاة الجور. تهذيب الاحكام للطوسي (٤٦٠ك): ٦: ٢١٨، ح (٥١٤)، كتاب القضايا و الاحكام، الحديث السادس من باب (من اليه الحكم واقسام القضاة و المفتين) الباب : (٨٧). و ٦: ٣٠٢، ح (٨٤٥)، الحديث ٥٢ من باب (من الزيادات في القضايا و الاحكام)، رقم الباب: ٩٢. الاحتجاج للطبرسي (٥٦٠هـ): ٢: ١٠٦. عوالي اللئالي للاحسائي (نحو ٨٨٠هـ): ٣: ١٩٢، ح (٣٧) من باب الجهاد، و٤: ١٣٤، ح (٢٣١) من باب الاحاديث المتعلقة بالعلم واهله وحامليه. وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١: ٣٤، ح (٥١)، الحديث (١٢) من باب ثبوت الكفر والارتداد بجحود بعض الضروريات وغيرها مما تقوم الحجة فيه بنقل الثقاة و ٢٧: ١٣٧، ح (٣٣٤١٦)، الحديث الاول من باب وجوب الرجوع في القضاء والفتوى الى رواة الحديث من الشيعة.

## بەشی یەکەم : ئیلاهیات

### ٥ - بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی خودای مەزنەوە

ئێمە لەو بڕوایەداین ، کە خودای باڵادەست یەك خودایە ، تاکە ، هیچ شتێك وەك ئەو نییە ، دێرینە لەناوناچێت و دەشمێنێتەوە، ئەو یەکەمە (الاول) دوواییینە (الاخر) ، زانایە (علیم) حەکیمی بەسەلیقەیە (حکیم) دادپەروەرە (عادل) زیندووە (حی) تەوانمەندە (قادر) دەوڵەمەندە (غەنی) بیستەرە (سمیع) هەروەها بینەریشە (بصیر). بەو شتانە وەسف و باسی ناکرێت ، کە وەسفی خەلقکراوەکانی دەستی خۆیی پێدەکرێت. چونکە ئەو نە تەنە و نە وێنەیە، نەك کرۆکە و نە ڕووکەشە ، قوورسیی و سووکیی نییە، وەستان و جووڵانی نییە ، نە شوێنی هەیە و نە سەردەم و زەمان ، نە ئاماژەشی بۆ دەکرێت . هاوشانی نییە ، هاوشێوەی نییە ، هاودژی نییە ، نە خێزانی هەیە و نەش منداڵ ، نە هاوبەش ، شوێنی نادیارە و لە هەموو شوێنێکدایە ، هیچ چاوێك ئەو نابینێت ، ئەو هەست بە هەموو بینینەکان دەکات.

بۆیە ئەگەر هەر کەسێك بۆ شوبهاندن بڵێت کە خودا شێوەی هەیە، یان دەموچاوی هەیە یان دەست و چاوی هەیە، یان بڵێت کە خودا دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دنیا ، یان بڵێت کە خودا لە شێوەی مانگدا دەردەکەوێت بۆ خەڵکی ناو بەهەشت ، یان هەر شتێکی تری هاوشێوەی ئەمانە بڵێت، ئەوا ئەو کەسە وەك ئەوە وایە کە کفری بە خودای خالقی پاك و بێگەرد کردبێت. چونکە وەك ئەوەی ئیمامی باقر (س.خ)[1] دەڵێت ، ئەگەر ئێمە بە

---

(١) بحار الانوار للمجلسي (١١١١ك): ٦٦: ٢٩٣. شرح اصول الکافي للصالحي المازندراني (١٠٨١هـ): ٣: ٢٢٥. دەقی فسەکەی بەمشێوەیەیە"کل ما میزتموه باوهامکم في اجق معانیه ، مخلوق مصنوع مثلکم، مردود الیکم". هەروەها لە ئیمامی سادقەوە سەلامی خودای لەسەربێت، دەگێڕنەوە ، کە فەرموویەتی(هەرکەسێ: بە وەهمەوە خودا بپەرستێت ئەوە کفری کردووە. هەرکەس ناوەکەیی بەبێ ماناکەی پەرست کفری کردووە، هەرکەس ناوەکەی و ماناکەیی پەرست ئەوە شیرکی بۆ داناوە، هەرکەسیش ماناکەیی پەرست بە پێی تێرمی ناوەکانی و ناوەکانیشی سفەکانیی لەگەڵدا دانا واتە ئەو سیفەتانەی کە خودا وەسفی خۆیی پێکردووە، ئەوا دڵی خۆیی لەسەر خودا جێگیرکردووە، هەروەها بە نهێنی و ئاشکراش ناوەکانی خودای بەدەمدا دێت و ئەم کەسانە بڕوادارن.) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە الکافي للکلیني (٣٢٩هـ): ١: ٨٧، فەرموودەی یەکەم لە دەروازەی المعبود. التوحید للصدوق (٣٨١هـ): ٢٢٠: فەرموودەی (١٢) لە دەروازەی ٢٩، بەشی اسماء الله تعالی. الفصول المهمة في اصول الائمة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١: ٦٣، فەرمودەی یەکەم و دووهەم لە دەروازەی (١٥) بە ژمارەی ٩٥ و ٩٦.

وەهمی خۆمان هەرشتێکی دروست بکەین ، هەرچەند ماناکانیشی زۆر وردبێت، ئەوا ئەو شتەش وەك خۆمان داهێنراو و دروست کراوە و دەگەڕێندرێتەوە بۆ خۆمان. لەبەر ئەوە دەربڕینی حەکیمانەی ئێمەش ناگاتەوە بە زاتی خودا و ئەو زۆر لەوە دوورترە ئێمە بتوانین بە زانستی وردی خۆمان پێیبگەین!

بە هەمان شێوە هەرکەس بڵێت ، کە لە ڕۆژی قیامەتدا خودا دەبیندرێت، ئەو کەسە خۆی دەچێتە ڕیزی کافرییەوە ، ئەگەر کەسێکیش لەڕووی زمانەوە شلۆق بوو و نەهی لەوە بکات، کە بیشوبهێنێت بە تەنێك ، ئەوا ئەمیش لە نموونەی ئەو کەسانەیە کە مێشکی خۆیانیان جام کردووە بەرانبەر بە زاراوەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی شەریف ، عەقڵی خۆیانیان فەرامۆش کردووە و لە پشتیانەوە بەجێیان هێشتووە ، لەبەرئەوە نەیانتوانیوە بەپێی ڕوانین و بەڵگە و ڕێساکانی خوازە و مەجاز کار بە ڕوواڵەتەکان بکەن.

## ٦ـ بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی یەکتاپەرستییەوە

ئێمە لەو بڕوایەداین ، کە دەبێت لە هەموو لایەکەوە خودای مەزن وەك تاك سەیر بکرێت ، هەروەها پێویستە خود و زاتەکەشی هەر وەك تاك سەیر بکرێت ، چونکە ئەو لە خودی خۆی و لە زەرورەتی بوونیشیدا هەر تاکە . هەروەها دووەم شت پێویستە لە ڕووی سیفاتیشیەوە وەك تاك سەیر بکرێت ، لەبەر ئەوەی کە وەك لە داهاتوودا باسی دەکەین ، سیفاتەکانیشی هەر بریتین لە خۆی . لەبەرئەوە لەناو سیفاتەکانی خۆیدا هیچ هاوشێوەیەکی نییە ، ئەوەتا ئەو لە زانایی و تواناییدا هاوشانی نییە ، لە خەلقکردن و ڕۆزی پێبەخشیندا هاوبەشی نییە ، لە هیچ ڕوویەکی کامڵێتییەوە کەس نییە وەك ئەو بێت . هەروەها سێیەم پێویستە لە پەرستنیشدا ئەو تاك بێت ، نابێت بە هیچ شێوەیەك جگە لەو هیچ بوونێکی تر بپەرسترێت ، نابێت لە هیچ جۆرێکی پەرستندا ، بە هیچ شێوەیەکی هاوشانی بۆ دابندرێت ، چ پەرستنە واجبەکان بێت یان ناواجبەکان ، چ لە نوێژکردندا بێت یان هەر جۆرە پەرستشێکی تر. لەبەر ئەوە هەرکەس هاوبەشی بۆ ئەو دانا لە پەرستندا ئەوا ئەو کەسە دەبێت بە موشریك، وەك ئەوە وایە لە پەرستنیدا ڕووی لە بوونێکی تری جگە لە خودا بێت، حوکمی ئەم کەسەش وەك ئەو کەسە وایە، کە بت و پەیکەرە دروستکراوەکان بپەرستێت ، هیچ جیاوازییەکیان نییە.

بەڵام زیارەتکردنی گۆڕەکان و پرسەگێڕان لە جۆری ئەوە نین ، کە لە پەرستندا خۆت لە کەسێکی تری جگە لە خودا نزیك بکەیتەوە ، وەك ئەوەی هەندێك کەس بە وەهم

بۆیدەچن ، لە بێئاگاییەوە بێت ، بەڵکوو ئەمەش جۆرێکە لە نزیکبوونەوە لە خودای مەزن بە کردەوەی باش، هەروەك ئەوە وایە ، کە بەوشێوەیە لە خوداوە نزیك ببیتەوە ، کە سەردانی نەخۆش بکەیت، لە ناشتنی تەرمدا ئامادەبیت ، سەردانی برایانی ئایینی خۆت بکەیت و دڵی هەژاران بدەیتەوە، چونکە سەردانکردنی نەخۆش ـ بۆ نموونە ـ خۆی لە خۆیدا کارێکی چاکە و بەهۆیەوە بەندەکان لە خودا نزیك دەبنەوە. کەواتە ئەمە نزیکبوونەوە نییە لە نەخۆشەکە بەو مانایەی کە بریتی بێت لە پەرستنی کەسێکی تری جگە لە خودا یان شەریکدانان بۆ پەرستنەکەی خودا. بەهەمان شێوە هەموو کارە باشەکانی تری وەك سەردانکردنی گۆڕەکان و پرسەگێڕان و تەرمناشتن و سەردانیکردنی برایانیش هەر بەم شێوەیەن .

ئەوە لەناو زانستی فیقهیدا سەلمێندراوە پێویست ناکات ئێمە لێرەدا جارێکی تر بیسەلمێنینەوە ، کە سەردانکردنی گۆڕەکان و پرسەگێڕانیش لە ڕیزی کارەچاکەکانن.

مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم کارانە بەهیچ شێوەیەك لە جۆری شەریك دانان نییە لە پەرستندا بەو شێوەیەی کە هەندێك کەس بۆی دەچن . ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە بریتی نییە لە پەرستنی ئیمامەکان ، بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە ، کە یادیان زیندوو ڕابگیردرێت ، بە بیردا بهێندرێنەوە و دروشمەکانی خودا لە ڕێگەی ئەوانەوە مەزن ڕابگیردرێن ﴿وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ﴾ (١)

هەموو ئەم کارە باشانە بەشەرع سەلمێنراون کە خۆشەویستن. بۆیە ئەگەر مرۆڤ بەم شتانە لە خوداوە نزیك بکەوێتەوە و مەبەستی بەدەستهێنانی (خ.ڕ) ، ئەوا شایانی پاداشتدانەوەی لای خودایە و پاداشتی ئەو وەردەگرێت.

### ٧ـ بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی سیفاتە باڵاکانی خوداوە

ئێمە لەو بڕوایەداین سیفاتە بەرزەکانی خودا بریتین لە جێگیری : واتە ئەو حەقیقەتی کامڵ و ڕاستییە ، کە خەسڵەتی (جوانی و کامڵی)ی هەیە ، وەك زانایی و توانایی و دەوڵەمەندی و ئیرادە و ژیان ، هەموو ئەمانە لەناو خودی گەورەیدا ئامادەن ، هیچیان سیفەت و خەسڵەتێکی وا نین ، کە لەو زیاتربن . بوونی ئەم سیفەتانە لە بوونی خود بەولاوە زیاتر نین ، کەواتە تواناکەی لەناو بوونی ژیانەکەیدایە ، ژیانەکەی لە

---

(١) سورەتی حەج ، ئایەتی : ٣٢ .

تواناکەیدایە ، هیچ دووانەییەك لەناو سیفات و بوونیدا نییە ، سیفەتە کامڵییەکانی تریشی هەر بەم شێوەیەن.

ڕاستە ئەو سیفەتانە لە مانا و چەمکەکانیاندا جیاوازن، نەك لە حەقیقەت و بوونیاندا، چونکە ئەگەر ئەمانە لە بوونیاندا جیاوازبوونایە - و لەبەر ئەوەی کە بەپێی فەرزەکان سیفاتەکانیش دێرینن و وەك خود واجبن - ئەو کاتە واجیب بوونەکەشی زۆر دەبوو، بەڵام ئێمە بەدوای یەکتایی ڕاستەقینەوەین ، ئەمەش پێچەوانەی یەکتاییە.

بەڵام خەسڵەتە جێگیرەکانی تری وەك ئەفرێنەری و ڕۆزیبەخشی و کۆن و ئەزەلی بوون و باڵایی ، هەموو ئەمانە لە ڕاستیدا دەگەڕێنەوە سەر یەك خەسڵەتی ڕاستەقینەی خودی خۆی ، کە بریتییە لە باڵادەستبونی ئەو بەسەر خەلقکراوەکانیدا ، دیارە ئەمەش تەنها یەك خەسڵەتە ، بەڵام کۆمەڵە خەسڵەتێکی زۆر لەوەوە دادەتاشرێن ، کە وەك جیاوازی لە شوێنکەوتە و تێبینیکردنی ئەو سیفەتانەدا دێنە پێشچاو.

بەڵام ئەو خەسڵەتە نەرێییانەی تر ، کە پێیان دەگوترێت سیفاتی (جەلالی - شکۆداری) کۆمەڵە سیفەتێکن ، دەگەڕێنەوە سەر یەك خەسڵەتی سلبی ، کە ئەویش خەسڵەتی ئیمکانە ، چونکە داماڵینی خەسڵەتی ئیمکانی پێویستە، ئەمەش مانای وایە، کە نەبوونی ئیمکانی شێوەی لەش و سیما و جووڵە و قوورسی و سووکی و شتی تری لەمشێوەیە ، بگرە هەموو ئەو سیفەتانەی کە دەکرێت سلبی بن. لە ڕاستیدا نەبوونی ئیمکانی ئەم سیفەتانە دەگەڕێتەوە سەر خەسلەتی بوونە کامڵەکەی ، ئەو بوونەی کە کامڵبوونەکەی خۆی دسەلمێنێت ، کە وا بێت خەسڵەتە سلبییەکان دواجاریش دەچنەوە سەر خەسڵەتی کامڵی . چونکە خودای باڵادەست لە هەموو ڕوویەکەوە هەر یەك خودایە ، ئەو یەکەش بریتییە لە زاتە پیرۆزەکەی خۆی ، کەواتە ڕاستی یەکێتیی (الواحد الصمد) هیچ پێکهاتەیەکی تری نییە.

سەرسووڕمانمان لە گووتەی ئەو کەسە تەواو نابێت ، کە دەڵێت خەسڵەتە جێگیرییەکان دەچنەوە سەر خەسڵەتە سلبییەکان ، چونکە دەبێت لەوە تێبگەین ، کە خەسڵەتەکانیشی بریتین لە خودی خۆی ، کەواتە وەرە بیر لەوە بکەرەوە ، کە خەسڵەتە جێگیرییەکان دەچنەوە سەر خەسڵەتە سلبییەکان ، بۆئەوەی بگەین بەوە کە بە دڵنیاییی بڵێین زاتی خودا هەر یەکە و زۆر نابێت ، بەڵام لێرەدا دەکەوینە ناو هەڵوێستێکی خراپترەوە، چونکە وامان کرد کە بڵێین خودەکە بریتییە لە بوون و تەنها بوونێکی پوخت، کە هیچ کەموکووڕییەکی نییە ، ئاراستە و ئیمکانیشی نییە، بەمەش کردمان بە

عەدەم و بە سلبییەکی پوخت ، پەنامان بە خودا ، کە سەهوو و هەڵەی قەڵەم و نووسین بەرەو چ بێمانایی و هەڵەیەکمان دەبات.

سەرسووڕمانمان لە گووتەی ئەو کەسە تەواو نابێت ، کە دەڵێت خەسڵەتە جێگیرییەکانیشی زیادن بۆ ئەو ، لەبەرئەوەی بەم گووتنە باسی فرە ژمارەیی پێشینەکان و هاوبەشی نییە و ئەزەلی و پێش خۆی هیچ شتی تر نییە . ئەوەتا مەولانا پێشەوای بڕواداران و سەردەستەی یەکتاپەرستان (س.خ) دەڵێت :{ كَمَالُ الْإِخْلَاصِ لَهُ نَفْيُ الصِّفَاتِ عَنْهُ ، لِشَهَادَةِ كُلِّ صِفَةٍ أَنَّهَا غَيْرُ الْمَوْصُوفِ ، وَشَهَادَةِ كُلِّ مَوْصُوفٍ أَنَّهُ غَيْرُ الصِّفَةِ ، فَمَنْ وَصَفَ اللَّهَ سُبْحَانَهُ فَقَدْ قَرَنَهُ ، وَمَنْ قَرَنَهُ فَقَدْ ثَنَّاهُ ، وَمَنْ ثَنَّاهُ فَقَدْ جَزَّأَهُ ، وَ مَنْ جَزَّأَهُ فَقَدْ جَهِلَهُ}.

(واتە ئەوپەڕی دڵسۆزیی تەواو بۆ خودا بریتییە لەوەی لە سیفەتەکانی خوڵقێنراوەکان جودا بکرێتەوە ، بۆیە هەر سیفەتێك كە غەیری وەسفکراوەکە پیشان دەدات ، بە گەواهیی ئەوەش كە وەسفکراوەکان بریتی نین لە سیفەتەکان ، بۆیە ئەگەر کەسێك وەسفی خودا بە سیفەتی خوڵقێنراو پێناسە بکات ، و هاوتا بۆ خودا دابنێت و شوبهاندنی خودا بە شتێك ئەوە دەیکاتە دوو خودا و ئەوەی کردویەتییە دوو خودا ئەوە کردویەتییە دوو بەشەوە و ئەوەی کردییە دوو بەشەوە شەبیهی بۆ دانا و خودا نەناسراو دەبێت)(١) .

## ٨ - بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی دادپەروەرییەوە

ئێمە لەو بڕوایەداین ، کە یەکێك لە خەسڵەتە جێگیرەکانی کامڵبونی خودای باڵادەست بریتییە لەوەی کە ئەو دادپەروەرە و ستەمکار نییە . ئەو لە دادوەریکردنەکەیدا ستەم ناکات ، لە حوکمکردنەکەیدا کەس ناترسێنێت ، پاداشتی گوێڕایەڵان دەداتەوە و بۆی هەیە سزای گومڕابوەکانیش بدات ، تەکلیفی شتێکی وا لە بەندەکانی خۆی ناکات ، کە لە توانایاندا نەبێت، لە حەقی خۆیان زیاتر سزایان نادات. لەو بڕوایەداین، کە ئەوی سوبحانەهو مەزن واز لە چاکە ناهێنێت و کاری دزێویش ناکات. چونکە ئەوی باڵادەست توانای چاکەکردن و وازهێنانی لە دزێوییش هەیە . لەبەرئەوەی بەپێی زانیاریی خۆی باش دەزانێت ، کە باش باشە و خراپەش خراپە ، ئەو نیازی وانییە واز لە چاکە

---

(١) نهج البلاغة ، خطب الامام علي (ع.س) جمعها : الشريف الرضي (٤٠٦هـ) : الخطبة الاولى يذكر فيها ابتداء خلق السماء والارض وخلق آدم ، الاحتجاج للطبرسي (٥٦٠هـ) : ١ : ٢٩٦ . شرح نهج البلاغة لابن حديد (٦٥٦هـ) : ١ : ٧٢ . بحار الانوار للمجلسي (١١١١هـ): ٤ : ٢٤٧ و ٥٧ : ١٧٦ و٧٤ : ٣٠٠ و ٩٦ : ٢٦٣ .

بهێنێت و دزێوی ئەنجام بدات. چاکە بە کاری ئەو ناشێوێت، بۆئەوەی ناچاربێت واز لە کارەکە بهێنێت ، خراپەش پێویستی بە کاری ئەو نییە بۆی ئەنجام بدات . لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئەو حەکیمە ، بۆیە پێویستە کردەوەشی حەکیمانە بێت و بەپێی کامڵترین و تەواوترین سیستم و ڕێسابێت.

خودا زۆر لەوە باڵاترە ، کە ستەم و دزێویی ئەنجام بدات. بۆیە ئەگەر زوڵم بکات ، ئەوا هۆکارەکەی یەکێکە لە ئەم چوارەی خوارەوە و لەوە زیاتر نییە.

١ـ شارەزای ئیشەکە نەبێت و نەزانێت ، کە ئەوە دزێوە .

٢ـ شارەزای بێت ، بەڵام ناچاربێت ئەنجامی بدات و نەتوانێت وازیشی لێ بهێنێت.

٣ـ شارەزای بێت ، ناچار نەبێت ، بەڵکوو پێویستی بەوە هەبێت ئەنجامی بدات.

٤ـ شارەزای بێت ، نە ناچاربێت و نە پێویستیشی پێی بێت ، بەڵکوو کردنەکەی لەبەر ئارەزوو و گاڵتە و ڕابواردن بێت.

بەڵام مەحاڵە خودای مەزن هیچ کام لە خالانەی سەرەوەی تێدابێت ، ئەو کە ئەوپەڕی کامڵییە ئیتر چۆن ئەم کەموکوڕییانەی تێدابێت. بۆیە پێویستە و فەرزە ئێمە وا حوکم بدەین، کە ئەو پاک و بێگەردە ، نە ستەمی هەیە و نە کاری دزێویش دەکات.

بەڵام هەندێك لە موسوڵمانان بە جائیزیان داناوە کە خودای خاوەنی ناوە پیرۆزەکان کاری دزێو بکات ، بە جائیزیان داناوە، کە ئەو سزای کەسە گوێڕایەڵەکان بدات و گومڕاکان و بگرە کافرەکانیش بخاتە بەهەشتەوە. بە جائیزیان داناوە تەکلیفی وا لە بەندەکانی خۆی بکات، کە لە توانایان زیاتر بێت ، شتی وایان لێ داوا بکات، کە نەتوانن ئەنجامی بدەن ، ئەمجا خودا لەسەر ئەوە سزایان بدات. ئەمانە وایان داناوە جائیز بێت کە ستەمکردن و جەور و درۆ و خەڵەتاندن لە خودا دەربکەوێت ، گوایە خودا بەبێ حیکمەت و مەبەست و بەرژەوەندی و سوود ئەم شتانە ئەنجام بدات ، بە بەهانەی ئەوەی کە گوایە خودا هەرشتێك ئەنجام بدات لێی ناپرسرێتەوە ، بەڵام ئەوان لێیان دەپرسرێتەوە ﴿ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴾ [١].

کەواتە ئەو خودایەی ئەم کەسانە بەپێی بیروباوەڕە گەندەڵەکانی خۆیان وێنایان کردووە : وێنەیەکە ستەمکارە، خراپە، درۆزن و هەڵخەڵەتێنەرە و دزێوی دەکات و واز لە چاکەکردنیش دەهێنێت. خودای مەزن زۆر لەوە بەرزتر و باڵاترە. ئەمەی ئەوانە دەیڵێن هەر کفری تەواوە. ئەوەتا خودای باڵادەست لە کتێبە پیرۆزەکەیدا دەفەرمووێت:

---

(١) سورەتی الانبیاء ، ئایەتی : ٢٣ .

﴿ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعِبَادِ ﴾ [1].

هەروەها دەفەرمووێت : ﴿ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ ﴾ [2].

هەروەها دەفەرمووێت : ﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴾ [3] .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ [4].

چەندان ئایەتی پیرۆزی تریش هەن وەلآمن ، ئەی خودای مەزن تۆ ئەم گەردوونەت بە بێ مانا خەلق نەکردووە.

## ٩- بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی تەکلیف (ڕووڵێنان)ەوە

ئێمە لەو بڕوایەداین ، کە خودا تەکلیفی ئەنجامدانی هیچ کردەوەیەك لە بەندەکانی ناکات ، تا ئەو بەندانە بەهانەی حجەیان لەسەر دروست نەبێت ، تەکلیفی هیچ شتێکیان لێناکات ، ئەگەر لە توانایاندا نەبێت و تاقەت و مەیلی ئەنجامدانیان نەبێت و نەیزانن، لەبەرئەوەی ئەوە ستەمە ئەگەر تەکلیف لە کەسانی لاواز و نەزانێك بکەیت ، شتێك فێر بن ، کە خۆیان توانای فێربوونیان نەبێت.

بەڵام کەسێك لەبەر ئەوە نەزان بێت، کە خۆی سستی نواندبێت ، لەوەی کە نەیەوێت حوکمی شتەکان و تەکلیفەکانیش بزانێت ، ئەوا ئەو کەسە لەلای خودای مەزن بەرپرس دەبێت ، لەسەر کەموکورتی نواندنەکەشی سزا دەدرێت ، لەبەرئەوەی لەسەر هەموو مرۆڤێك پێویستە ، کە خۆی فێری هەموو ئەو شتانە بکات ، کە لەناو شەرعدا پێویستی پێیان دەبێت.

هەروەها لەو بڕوایەشداین: کە بۆ خودای مەزن پێویستە ، کە تەکلیف لە بەندەکانی خۆی بکات، شەریعەتیان بۆ دابنێت، شەریعەتێك کە سوود و قازانجی خۆیانی تێدایە، بۆئەوەی بەرەو ڕێگای چاکە و ئاسوودەیی هەمیشەییان ببات، بەرەو بەرژەوەندیی خۆیان ڕایان بکێشێت، هەروەها لە ئەو شتانەش لایان بدات، کە گەندەڵن و زیانیان

---

(١) سورەتی المؤمن (غافر) ، ئایەتی : ٣١ .

(٢) سورەتی البقرة ، ئایەتی : ٢٠٥ .

(٣) سورەتی الدخان ، ئایەتی : ٣٨ .

(٤) سورەتی الذاريات ، ئایەتی : ٥٦ .

تێدایە بۆ مرۆڤەکان خۆیان و بۆ پاشەڕۆژیشیان. کە زانییان و پەیڕەوییان نەکرد، خۆیان بەرپرسیار دەبن ، چونکە ئەوەتا ئەوە ڕەحم و بەزەیی خودایە بەرانبەر بە بەندەکانی خۆی و ئەوە کەسەکان خۆیانن، کە نازانن بەرژەوەندیی خۆیان لە چیدایە و ڕێگای پڕ لە بەرژەوەندیی خۆیان لە دنیا و قیامەتیشدا لە کوێیە . ئەوان زۆربەی ئەو شتانە فەرامۆش دەکەن، کە دووایی بە زیان و زەرەرمەندبوونی خۆیان دەشکێتەوە، چونکە خودای مەزن گەورە و میهرەبانە ، ئەو لە ئەوپەڕی کامڵێتیی خۆیدایە و مەحاڵە هیچ خراپەیەك لە ئەوەوە دەربکەوێت.

ئەو بە گەورەیی خۆی ئەم سۆز و بەزەییەی لانابات ، با بەندەکانیشی گومڕابن، بەرانبەر بە تاعەتکردن و گوێڕایەڵیبوونی فەرمانەکانی ئەو، مل بە فەرمانی چاکە و نەهیی خراپەکاریی نەدەن.

## ١٠- بیروباوەڕی ئیمە لەبارەی قەزاو قەدەرەوە[1]

خەڵکانێك هەن ، کە پێیاندەگوترێت ناچارکراوەکان (المجبرة) وا بۆ شتەکان دەچن ، کە خودای مەزن خۆی ئەنجامدەری کردەوەی بەندەکانیەتی، ئەوە خۆیەتی، کە خەڵکی ناچار کردووە سەرپێچیی فەرمانەکانی بکەن ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لەسەر ئەنجامدانی سەرپێچییەکان سزایان دەدات، خۆی ناچاری کردوون تاعەت و گوێڕایەڵیی بکەن ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر تاعەتکردن ستایشیان دەکات و پاداشتیان دەداتەوە ، لەبەرئەوەی ئەو خەڵکە دەڵێن : لە ڕاستیدا کردەوەکانی خەڵك بریتین لە کردەوەکانی خودا خۆی، بۆ مەبەستی پێ ئەنجامدان کردەوەکان دەسپێردرێن بە ئەوان، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانە خۆیان شایانی ئەو جۆرە لە کردەوەن. سەرچاوەی ئەم بۆچوونە بریتییە لە نکولیکردن لە هۆبەندیی سروشتی (السببیة الطبیعیة) لە نێوانی شتەکاندا ، خودای مەزن خۆی هۆکاری ڕاستەقینەیە و جگە لە ئەو هۆکاری تر بوونی نییە. ئەو خەڵکە نکوولییان لە هۆبەندیی سروشتی کردووە لە نێوانی شتەکاندا، لەبەرئەوەی وایانزانیوە ، کە ئەوە خواست و ئیرادەی خودای مەزنە و، چونکە تەنها ئەو خۆی ئەو ئەفرێنەرەیە ، کە هیچ هاوبەشێکی تری نییە.

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە سەرچاوەی : الانسان والقضاء والقدر ، المطهري ، مرتضى، ترجمها من الفارسية الى العربية : محمد علي التسخيري، بيروت: دار التعارف للمطبوعات، ط٢/ ١٤٠٢/ ١٩٨١م. هەروەها بڕوانە: المختار في الجبر والاختيار ، الصادقي الحسيني، محمد علي، تقرير لبحث السيد علي العلامة الفاني، مطبعة النجف، ١٣٧٥ هـ.

بۆیە هەرکەسیش بەم شێوەیە قسە بکات ، ئەوا تۆمەتی زوڵمکردنی داوەتە پاڵ خودای مەزن و خودایش زۆر لەوە بالاترە ، تۆمەتی وای بۆ دابنرێت.

هەروەها خەڵکانێکی تر ، کە ئەمانەیان - ڕێپێدەر و ڕێپێدراوەکانن (المفوضة) وا بۆ شتەکان دەچن ، کە خودای مەزن کردەوەکانی داوەتە دەستی ئەفرێنراوەکان خۆیان ، و قەزا و قەدەری خۆییشی لەسەریان لابردووە ، لەبەر ئەو بەهایەی ، کە ئەگەر ئێمە ئەنجامدانی کارەکان بدەینەوە پاڵ خودا، ئەوا مانای وایە ئەنجامدانی کەموکوڕیشمان داوەتە پاڵی، لەبەر ئەوەی بوونەرەکان هۆکاری تایبەت بە خۆیانیان هەیە ، ئەگەرچی هەر هەمووشیان دواجار بچنەوە سەر هۆکاری هەموو هۆکارەکان و هۆکاری یەکەم کە بریتییە لە خودای مەزن خۆی . هەرکەسیش بەم شێوەیە قسە بکات ، ئەوە خودای مەزنی لە سەلتەنەتەکەی خۆی بردۆتە دەرەوە و هاوبەشی بۆداناوە لە خەڵقکردندا.

لەبەرئەوە بیروباوەڕی ئێمە لەم بارەیەوە هەر بەو شێوەیەیە، کە لە ئیمامە پاك و بێگەردەکانمانەوە پێمان گەیشتووە (س.خ). کە ئێمە دەبێت لە نێوانی دوو بژاردەدا یەکیان وەربگرین، لەنێوانی دوو شتی پەسەندکراودا ئێمە ڕێگەی ناوەڕاستی دووانەکە وەربگرین. واتە ئەوە وەربگرین، کە ئەو کەسە مشتومڕەکەرانەی خاوەن قسەو باسانە نەیانتوانیوە لێی تێبگەن، خەڵکێکیان ڕاوناوەو خەڵکێکیش لەوان ڕای کردووەو تا چەند سەدەی پاش ئەو ڕووداوانە ئەمجا زانست و فەلسەفە ڕاستیەکانیان ئاشکرا کردووە.

بۆیە ئیتر ئەوە شتێکی نامۆ نییە بۆ ئەو کەسانەی کە ئاشنای حیکمەت و سەلیقەی ئیمامەکان و قسەو گووتەکانیان نین، وابزانن، کە (لە نێوانی دوو مەسەلەدا مەسەلەیەك) داهێنراوی هەندێك فەیلەسووفی ئەم دوواییانەی ڕۆژگاری ئەوروپایە و ئاگایان لەوە نەبێت ، ئیمامەکانی ئێمە بە چەند سەدە لەپێش ئەوانەوە پێی گەشتوون.

ئەوەتا بۆ دەرخستنی ڕێگەی ناوەندیی ، ئیمامە سادقەکەی ئێمە (س.خ) ، ئەو گووتە بەناوبانگەی هەیە، کە دەڵێت : (نە زۆرەملەیی و نە ڕێپێدان ، بەڵکوو ڕێگەیەك لە نێوانی ئەم دووانە هەردووکیاندا)(١).

---

(١) الكافي للكليني (٣٢٩ك): ١: ١٦٠، هەروەها ، التوحيد الصدوق (٣٨١ك) دەروازەی ڕەتکردنەوەی (الجبر والتفويض) الحديث (٨)، و ٢٠٦، باب اسماء الله تعالى، فەرمودەی (٩)، عيون اخبار الرضا عليه السلام للصدوق (٣٨١هـ)٢:١١٤٢. الاعتقادات للشيخ مفيد (٤١٣هـ)، باب الاعتقاد في نفي الجبر والتفويض ، روضة الواعظين للنيسابوري (٥٠٨هـ): ٣٨. الاحتجاج للطبرسي (٥٦٠هـ): ٢: ١٩٨، ٢٥٣. هەروەها لە زمانی پێشەوای بڕوادارانیشەوە دەگێڕدرێتەوە و لەناو : نهج السعادة للمحمودي (هاوچەرخە): ١:٤٨٣، كنز العمال للمتقي الهندي (٩٧٤هـ):١: ٣٤٩. هەروەها بڕوانە : فتح الباري -

بۆ ئەم مەبەستە و بۆئەوەی کە بزانین تا چەند مانا و پوختەی ماناکەشی وردن ، دەبێت بڵێین ، کە کردەوەکانی ئێمە لەلایەکەوە کردەوەی خۆمانە و ئێمە خۆمان هۆکارە سروشتییەکانی کردەوەکانی خۆمانین و لەژێر توانا و خواستی خۆماندا ئەنجام دەدرێن ، لەلایەکی تریشەوە هەمووی لەلای خودای باڵادەستەوە بە قەدەر دانراوە و دەچێتەوە مەیدانی دەستەلاتەکانی ئەو ، لەبەر ئەوەی زاتی ئەو خۆی شەبەنگ و بەخشەری بوونە. ئەو ئێمە ناچار نەکردوە ئەو هەڵسوکەوتانە بکەین، بۆئەوەی دواجار لەسەر یاخیبوون و خراپەکانمان سزامان بدات، لەبەرئەوەی ئێمە خۆمان توانا و بڕیارمان بەدەستە لەبارەی ئەو کارانەوە کە دەیانکەین، هەروەها ئەو ڕێپێدانی کارەکانی ئێمەشی نەداوەتە دەستی خۆمان بۆئەوەی لە چنگ و دەستەڵاتی خۆی دەربچێت و دەریکردبێت، بەڵکوو ئەفراندن و حوکمدانو بڕیاردان هەمووی لەلای خۆیەتی، ئەو خۆی تواناو دەستەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێتەوەو بەندە لە دەستی ئەودایە.

بە هەرحاڵ بیروباوەڕی ئێمە وایە ، کە قەزا و قەدەر یەکێکە لە نهێنییەکانی خودای مەزن خۆی ، بۆیە هەرکەس توانیی کە بە دروستی و بەبێ زیادەڕەوی لێی تێبگات، ئەوا بۆی خۆی باشە، بەڵام ئەگەر نەیتوانی، ئەوا دەبێت خۆی بچێت بەدوایدا بگەڕێت و وردەکاریش بکات لە تێگەیشتنیدا.بۆئەوەی چەواشە نەبێت و بیروباوەڕەکەشیی لێ تێك نەچێت ، چونکە ئەم کارانە لە کارە زۆر وردەکانن. بەڵکو بگرە کۆمەلە مەسەلەیەکی زۆر وردی فەلسەفیین تەنها ئەو کەسانە دەتوانن بە باشی لێی تێبگەن ، کە لەناو خەڵکدا تاکن و دانسقەن ، بۆیە زۆرکەس هەن کە قسەیان لە ئەم مەسەلەیەدا کردووە و قاچیان تیایدا خزاوە. کەواتە لەناو تەکلیفکردنیشدا شتی وا هەن، کە لە سەرووی توانا و دەستەڵاتی مرۆڤی ئاساییەوەن ، بەپێی ڕوانینی ئیمامە پاك و بێگەردەکانی ئێمە (س.خ) ، بۆمرۆڤ بۆ ئەم شتانە ئەوەندە بەسە ، کە بڕوای پێیان هەبێت ، کە ئەمانەش یەك مەسەلەی نێوانی دوو مەسەلەن ، بۆیە نە زۆرەملەیی جەبری تێدایە و نە ڕێپێدانی تەفویز. چونکە ئەم مەسەلانەی بەشێك نین لە ئسووڵە ئیعتیقادییەکان بۆئەوەی بە هەر شێوەیەك بێت مرۆڤ هەوڵ بدات وردەکاریی تەواویان تێدا بکات.

---

- شرح صحيح البخاري للعسقلاني (٨٥٢هـ)١٣: ٤١٠. هەروەها بڕوانە : فيض القدير شرح الجامع الصغير للمناوي (١٣٣١هـ): ١: ٥٤٠.

## ١١- بیروباوەڕی ئیمە لەبارەی ئەلبداء [1]

ڕوانین لە مرۆڤدا بریتییە لەوەی ، کە ڕاوبۆچوونێکی لەبارەی شتێکەوە بۆ دروست ببێت ، کە پێشتر ئەو ڕوانینو بۆچوونەی نەبووبێت، بۆنمونە ڕا و نیازی خۆی دەربارەی ئەو کارە بگۆڕێت، کە پێشتر نیازی وابووە ئەنجامی بدات، واتە گۆڕانێکی وای بەسەردا بێت کە ڕاو بۆچوونەکەی دەربارەی شتەکانی خۆی لەلا بگۆڕدرێت ، ئەمجا ئیتر بڕیار بدات واز لە ئەو ئیشە بهێنێت ، کە پێشتر دەیەویست ئەنجامی بدات، لەبەر ئەوەی کە نەزانێت بەرژەوەندییەکەی لە کوێدایە و پەشیمانیش بێتەوە لە کاری پێشووی خۆی. کەواتە بەم مانایە بێت ڕوانین شتێکە مەحاڵە لە خوای مەزن ڕوو بدات ، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی جیاوازبوونی ڕوانین بریتییە لە نەزانینو کەموکوڕی. دیارە ئەم دوو شتەش لە خودای مەزن بوونیان نییە، بۆیە ئیمامەتیش باسی شتی لەو شێوەیە ناکات.

سادق (س.خ) ، گووتویەتی ، کە (هەرکەس بڵێت کە خودای مەزن ڕوانینی خۆیی گۆڕیوە لە شتێکدا ، ئەوە لەلای ئێمە وەك کفرکردن وایە بە خودا.)[2] .

هەروەها گووتوشیەتی : (هەر کەس گووتی کە ئەمڕۆ لە شتێکدا ڕوانینێکی لەبارەی خوداوە بۆ دروست بووە، کە دوێنێ ئەو شتەی نەزانیوە ، ئەوا دوێنێی خۆیی لە خودا بێبەری کردووە)[3] .

بەڵام لە زمانی ئیمامە بێگەردەکانی ئێمەوە (س.خ) دەگێڕنەوە، کە هەندێك گێڕانەوە هەن بە وەهم وادەزانن ڕوانین بەپێی ئەو مانایەی لە پێشەوە باسکراوە ڕاستە ، وەك

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: البداء في ضوء الكتاب والسنة، محاضرات العلامة السبحاني، جعفر، بقلم: جعفر الهادي ، ئامادەکردنی : مؤسسة الامام الصادق (س.خ) ، قم: مؤسسة النشر الاسلامي، مێژووی لەسەر نییە .

البداء (سلسلة على مائدة الكتاب والسنة ـ ٨)، العسكري، مرتضى (هاوچەرخە)، بەیروت، س.پ : ٢٤/١٢٤.

البداء في القرآن الكريم، البهبهاني، عبدالكريم (لجنة البحوث واجوبة الشبهات) قم : المجمع العالمي لأهل البيت (س.خ) .

اهل البيت عليهم السلام و القرآن الكريم: معرفة، محمد هادي، الفصل الثالث (البداء) لە لاپەرە ١١٧ـ ١٧٨، قم: کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیی ئالی بەیت سەلامی خودایان لەسەربێت.، چاپی یەکەم ١٤١٩.

(٢) الاعتقادات للشيخ مفيد (٤١٣هـ): ٤١.

(٣) لە (كمال الدين و تمام النعمة)ی الصدوق دا (٣٨٢هـ): ٧٠، بەمشێوەیە هاتووە (من زعم ان الله يبدو له في شيء اليوم ، لم يعلمه امس فابرؤوا منه) .

ئەوەی کە لە زمانی سادقەوە (س.خ) دەگێڕنەوە، کە گووتویەتی "ما بدا الله في شي كما بدا له في اسماعيل ابني"[(١)] لەبەر ئەوە هەندێك لە نووسەرانی سەر بە دەستە و گروپە ئیسلامییەکان ئەو قسەیە دەدەنە پاڵی هۆزی ئیمامیەت ، کە باسی ڕەوایی ڕوانینیان کردبێت[(٢)] ، مەبەستیشیان ئەوەیە بەم قسەیە لە مەزهەب و لە ڕێگای ئالی بەیت بدەن ، ئەمەشیان کردووە بە کۆمەڵە لێدان و زڕاندنی ناوی دژی شیعە .

بۆیە بۆ ئەمە وا ڕاستە ئێمە بەو شێوەیە بیڵێین ، کە خودای گەورە لەناو کتێبە حەکیمەکەی خۆیدا فەرموویەتی :

﴿ يَمْحُوا اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ ﴾ [(٣)]

ئەمەش مانای وایە ، کە لەوانەیە خودای باڵادەست شتێك لە زمانی پێغەمبەرێك یان وەلییەکی خۆیەوە دەربخات ، یان شتێك بێت ، کە لە ڕواڵەتدا بەرژەوەندییەك وا بخوازێت کە ئەو شتە دەربخرێت، ئەمجا خودا خۆی شتەکە لابدات و بەو شێوەیە نەبێت ، کە یەکەم جار دەرکەوتووە ، چونکە پێشوەخت خودا لە شتەکان ئاگادارە ، وەك ئەوەی ناو چیرۆکی ئیسماعیل ، کە باوکی ئەوەی بینی ، کە خەریکە سەری دەبڕێت.

لەبەرئەوە مانای گووتەکەی ئیمام (س.خ) ئاوایە : کە هیچ مەسەلەیەك وەك ئەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیمامەکە ڕوون نییە ، کە خودا فەرمانی لەناودان (ئیختڕام)[(٤)]ی

---

(١) التوحيد للصدوق (٣٨١ هـ): ٣٣٦. كمال الدين وتمام النعمة للصدوق : ٦٩.

(٢) شەیخی سەدووق (ڕ.خ) ، کە یەکێکە لە ناودارانی ئیسلام و پایە گەورەکانی ناو زانایانی شیعە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا دەڵێت : (ئەو ڕوانینەی کە دەسپێردرێت بە ئیمامەت ئەوەیە ، کە بتوانێت ڕاستیی مەسەلەکە ئاشکرا بکات ، خۆ ئەوەتا عەرەب دەڵێن (بدا لي شخص) واتە ئەو شتەم بۆ دەرکەوتووە ، نەك مەبەستیان ئەوە بێت ، کە بڵێن پەشیمانیم بۆ دەرکەوتووە ، چونکە خودای مەزن زۆر لەوە بەرزتر و گەورەترە.) . بڕوانە (كمال الدين و تمام النعمة للصدوق (٣٨١هـ) : ٦٩ .

(٣) سورەتی الرعد ، ئایەتی ٣٩.

(٤) ئیختیڕام واتە لەناوچوونی کەسێك بە مردنی یان بە کوژرانی ، کەواتە زەمانە ئیختیڕامی کردن مانای وایە ، کە لەناوی بردوون و دەمارییانی بڕاویوەتەوە، بڕوانە: مجمع البحرين : مادە خ ر م، ١:٦٤٠، الطريحي، فخرالدين (١٠٨٥ هـ) ساغکردنەوەی ئەحمەد حسەینی: نووسینگەی مكتب نشر الثقافة الاسلامية، ط٢، ٤ مجلدات.

پێکردووه ، که مه‌به‌سته‌که‌ی ڕوونه ، بۆئه‌وه‌یه ، که له پاش ئیمامه‌وه ئه‌ویش نه‌بێت به ئیمام[1] ، به‌ڵام له ڕاستیدا بوو به ئیمامیش ، چونکه ئه‌و کوڕه گه‌وره‌ی ئیمامه‌که بوو.

که‌واته ئه‌وه‌ی به‌پێی ئه‌م مانایه له به‌دائه‌وه نزیکه ، بریتییه له نه‌سخکردنی شه‌ریعه‌ته‌کانی پێشوو به شه‌ریعه‌تی پێغه‌مبه‌رمان محه‌مه‌د (د.خ) . یا نه‌سخکردنی هه‌ندێك له ئه‌و حوکمانه‌ی که پێغه‌مبه‌ری ئێمه (د.خ) هێناونی.

## ١٢- بیروباوه‌ڕی ئێمه له‌باره‌ی ئه‌حکامه‌کانی ئایینه‌وه

ئێمه له‌و بڕوایه‌داین، که خودای مه‌زن هه‌وو حوکمه‌کانی خۆی ـ له‌باره‌ی واجیبه‌کان و حه‌رامکراوه‌کان و شته‌کانی تریشه‌وه ـ وه‌ها داناوه، که له‌به‌رژه‌وه‌ندیی به‌نده‌کانی بن و به‌پێی کاروکرده‌وه‌ی به‌نده‌کان خۆیان بێت ، که‌واته ئه‌و شته‌ی به‌رژه‌وه‌ندیی ته‌واوی تیادابێت ئه‌وا به ئه‌رك دایناوه ، هه‌رشێکیش خراپیی ته‌واوی تیادابێت ، ئه‌وا نه‌هیی لێکردوه ، ئه‌وه‌شی به‌رژه‌وه‌ندییه‌کی گریمانکراوی تیادابێت ئه‌وا داویه‌تیه ده‌ستی خۆمان.

هه‌موو حوکمه‌کانی تریش به‌م شێوه‌یه‌ن، ئه‌مه‌ش به‌شێکه له دادپه‌روه‌ری و لوتفی خودا به‌رانبه‌ر به به‌نده‌کانی خۆی.

ئه‌و هه‌ر ده‌بێت بۆ هه‌موو ڕووداوێك حوکمی خۆیی هه‌بێت ، له‌به‌رئه‌وه هیچ شتێك نییه ، که بونی هه‌بێت حوکمێکی خودای له‌سه‌ر نه‌بێت ، ئه‌گه‌رچی ئێمه‌ی مرۆڤیش نه‌توانین ڕێگه‌ی په‌ی پێبردنه‌که‌ی بدۆزینه‌وه.

هه‌روه‌ها ده‌شڵێین : ئه‌وه‌ش شتێکی دزێوه ، که ئه‌و فه‌رمانمان به شتێك پێبکات ، که گه‌نده‌ڵیی تیادابێت ، یان نه‌هی له شتێك بکات که به‌رژه‌وه‌ندیی خۆمانی تیادا بێت.

به‌ڵام چه‌ند گروپێکی موسوڵمانان ده‌ڵێن : دزێو ئه‌و شته‌یه ، که خودای مه‌زن نه‌هیی لێکردوه ، چاکه‌یش ئه‌و شته‌یه ، که خودای مه‌زن خۆی فه‌رمانی پێکردووه. به‌م پێیه ، له‌ناو کرده‌وه‌کانی ئێمه‌دا شتی وا نییه که به‌رژه‌وه‌ندی و باش یان گه‌نده‌ڵێ و خراپ بێت ، که‌واته نه چاکه و نه خراپه هیچیان خۆیی نین ، دیاره ئه‌مه‌ش بۆچوونێکه پێچه‌وانه‌ی زه‌روره‌تی عه‌قڵییه .

---

(١) "ماظهر لله امر كما ظهر له في اسماعيل ابني، اذ اخترمه قبلي ليعلم بذلك انه ليس بإمام بعدي" التوحيد للصدوق (٣٨١هـ):٣٣٦، باب البداء ، الحديث رقم ١٠ كمال الدين وتمام النعمة للصدوق (٣٨١هـ) :٦٩، ومجمع البحرين للطريحي (١٠٨٥هـ):١٦٨:١ مادة بدو.

ئەوانە وایان داناوە ، کە خودای باڵادەست کاری دزێو ئەنجام بدات و مەبەستی لەوە بێت فەرمانی بە گەندەڵی پێبکات و نەهی لە ئەو شتانە بکات ، کە بەرژەوەندییان تێدایە. پێشتر گوتمان کە ئەم گوتنە سەرکێشی و موجازەفەیەکی زۆر گەورەی تێدایە، لەبەر ئەوەی نەزانین و لاوازی دەداتە پاڵ خودای سوبحانەهو وە تەعالا ، بەڵام خودا زۆر لەوە باڵاتر و گەورەترە.

پوختەی قسەکانمان : بۆ بیروباوەڕمان وا ڕاستە ، کە بڵێین : کە بۆ خودای مەزن هیچ بەرژەوەندی و سوودێك لەوەدا نییە کە فەرمانی واجیبەکان بە ئێمە بکات و نەهیی ئەو شتانەشمان لێبکات کە خۆی حەرامی کردوون . بەڵکوو مەبەست لە سوود و بەرژەوەندیی هەموو ئەرك و واجیبەکان ئێمەی مرۆڤەکانین ، بۆیە ئیتر ئەوە مانای نییە ئێمە مانای سوود و زیانی خۆمان لەناو ئەو کارانەدا دەربهێنین ، کە فەرمان بە ئەنجامدانیان و نەهی لە کردنیان کراوە، لەبەر ئەوە خودای مەزن بە بێهوودە فەرمانمان پێ ناکات و بە خۆڕاییش نەهیمان پێناڵێت، چونکە ئەو زۆر لەوە دەوڵەمەند و گەورەترە.

## بەشی دووەم : پێغەمبەرایەتی

### ١٣- بیروباوەڕمان لەبارەی پێغەمبەرایەتییەوە

ئێمە لەو بڕوایە داین ، کە پێغەمبەرایەتی وەزیفەیەکی خوداییە ، لە خوداوە هاتووە ، بۆیە ئەرکێکی ڕەبانییە . خودا دەیدات بە کەسێك ، کە خۆی هەڵیبژاردووە ، لەناو بەندە ساڵحەکان و ئەو وەلییانەی خۆیدا هەڵیاندەبژێرێت ، کە لە مرۆڤبووندا کامڵن ، ئەمانە دەنێرێت بۆ خەڵکانی تر بۆئەوەی ڕێنماییان بکەن و ئەو ڕێگانەیان پیشان بدەن ، کە بۆ دنیا و بۆ ئاخیرەتیشیان سوود و بەرژەوەندیی خۆیانی تێدایە ، بۆئەوەی ئەو خەڵکانە پاك بکەنەوە و لە ژەنگی خووی خراپ و دابونەریتی گەندەڵ پاکیان بکەنەوە ، فێری حیکمەت و زانیارییان بکەن ، ڕێگای ئاسودەیی و چاکەیان پیشان بدەن ، بۆئەوەی مرۆڤایەتی بگات بەو ئاستە بەرز و شایانەی کە خۆی شایستەیەتی ، ئەمجا لە هەردوو دنیاکەدا بگات بە پلەی بەرز و باڵا.

هەروەها لەو بڕوایە داین ، کە ڕێسای لوتف - واتە لوتف و بەزەیی بەو شێوەیەی کە لەمەودوا ماناکەیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە - وا پێویست دەکات ، کە ئەفرێنەری لەتیف بەرانبەر بە بەندەکانی خۆی ، پێغەمبەرەکانی خۆی بنێرێت بۆ هیدایەتدانی مرۆڤەکان بەرەو ڕێگای مژدەبەخش و گەیاندنی پەیامی چاکخوازی ، بۆئەوەی ئەوانیش ببن بە باڵوێزو جێنشینی خودا.

هەروەها لەو بڕوایە داین ، کە خودای مەزن ئەو مافەی بە خەڵك نەداوە ، کە ئەوان خۆیان پێغەمبەری خۆیان دەستنیشان بکەن ، یان بیپاڵێوون یان هەڵیبژێرن ، ئەمان لەوەدا سەرپشك نەکراون . بەڵکوو هەموو ئیش و کارەکانی ئەم بوارە بەدەستی خودای مەزن خۆیەتی و ئەو خۆیەتی ، کە ﴿ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ ﴾ [1] .

هەروەها ئەوان بۆیان نییە بڕیار لەوە بدەن ، کە ئەو کێ دەنێرێت بۆئەوەی ببێتە هیدایەتدەر و مژدەبەخش و ئاگادارکەرەوە . هەروەها بۆشیان نییە حوکمی خۆیان بخەنە سەر ئەوەی کە ئەو پێغەمبەرە چی حوکم و سونەت و شەریعەتێکیان بۆ دەهێنێت.

---

(١) سورەتی الانعام ، ئایەتی : ١٢٤.

## ١٤ـ پێغەمبەرایەتیش سۆزە

مرۆڤ بونەوەرێکی نامۆیە، پێکهاتەی دروستکردنەکەشی ئاڵۆزە، سروشت و دەروون و عەقڵی ئاڵۆزی هەیە ، ئەم ئاڵۆزییە لەناو کەسێتیی تاك بە تاکی مرۆڤەکاندا هەیە، لەلایەك تێزی گەندەڵخوازیی تێدایە و لەلایەکی تریشەوە حەزی چاکەخوازی و خێرخوازیشی تێدایە.

لەلایەك : لەسەر سۆز و ڕەمەکی غەریزەکانی وەك خۆویستن و ئارەزوو وروژان و ملدان بە ئارەزووەکان دروست کراوە، خۆڕسکی وایە، کە حەزی لە زاڵبوون و زیادەڕەویکردن و زاڵبوونە بەسەر کەسانی تردا و خۆ هەڵواسینە بە ژیانی دنیا و تام و چێژەکانیدا ، وەك ئەوەی کە خودای مەزن خۆی دەفەرموویێت : ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴾ [١] هەروەها ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَيَطْغَىٰٓ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴾ [٢] و ﴿ إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ ﴾ [٣] جگە لەمانەش چەند ئایەتی ڕوون و ڕەوان هەن ئاماژە بەوە دەدەن ، کە دەروونی مرۆڤایەتی چەند کاریگەریی سۆز و ئارەزووەکانی هاتۆتە سەر.

هەروەها لەلایەکی تریشەوە: خودای مەزن عەقڵێکی ڕێپیشاندەری پێ بەخشیووە ، کە ڕێنمایی دەکات بەرەو چاکە و شوێنی خێرخوازی و ویژدانێکی وای داوەتێ ، کە ڕێگەی پێنەدات ستەم بکات و هەرکارێکی خراپ و بێزراویش ئەنجام بدات ، ئەوا سەرزەنشتی خۆی دەکات.

ئائێستەش ململانێی ناوەکیی لەناو ناخی مرۆڤەکاندا لە نێوانی سۆز و عەقڵدا بەردەوامە . بۆیە ئەگەر کەسێك توانیی عەقڵەکەیی زاڵ کرد بەسەر سۆزەکەیدا ، ئەوا ئەو کەسە لە پلە بەرز و عاقڵەکانە و ڕوحانیەتی تەواوی هەیە ، هەر کەسێکیش کە سۆزەکەی زاڵ بوو بەسەریدا ، ئەوا ئەو کەسە هەردوو دنیاکەی لەدەست دەدات، مرۆڤایەتییەکەی پڕدەبێت لە دوودڵی و خراپە و دادەبەزێتە ڕیزی ئاژەڵەکانەوە .[٤]

---

(١) سورەتی العصر ، ئایەتی : ٢.

(٢) سورەتی العلق ، ئایەتی : ٦ ـ ٧.

(٣) سورەتی یوسف ، ئایەتی : ٥٣.

(٤) خودای گەورە لە سورەتی الشمس دا و لە ئایەتەکانی ٧ ـ١٠ دا دەفەرموویێت : ﴿ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴾

سەختترین نەیاریش بۆسەر ناخی مرۆڤ بریتییە لە سۆز و سەربازەکانی سۆز. بە هۆی ئەمەوەیە، کە دەبینیت ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك نوقمی ناو چەواشەکاری بوون لە ڕێگەی هیدایەتدانیش لایانداوە و تەنها مل بە ئارزووەکانی خۆیان دەدەن و دەکەونە دوای حەز و سۆزەکانیان ﴿ وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ ﴾ [(١)] .

بەڵام مرۆڤ لەبەرئەوەی کورتی دەنوێنێت و ئاگاداری هەموو ڕاستییەکان و نهێنیی شتەکانی دەوروبەری خۆی و ئەو شتانەش نییە ، کە لەناو ناخی خۆیەوە هەڵدەقووڵێن، ناتوانێت بە تەنها خۆی لەوە تێبگات ، کە چ شتێك زیانی لێدەدات و چ شتێکیش سوودی پێدەگەیەنێت ، نازانێت ئەو شتانە چین ، کە ئاسوودەی دەکەن ، یان بەدبەخت، ئەم شتانە نە بۆ سوودی خۆی دەناسێت و نە دەشزانێت بۆ مرۆڤایەتی و دەوروبەرەکەی و کۆمەڵگەکەی چۆنە . چونکە ئەو جاریَ نەیتوانیوە خۆی بناسێتەوە، لەبەر ئەوە چەند زیاتر بە شتە سروشتییەکان و بونەوەرە مادییەکان ئاشنا ببێت، ئەوەندەش زیاتر لە ناسینی ناخی خۆی دوورتر دەکەوێتەوە.

لەبەرئەوە مرۆڤ زۆر پێویستی بەوە هەیە کە بگاتەوە بە پلەکانی ئاسوودەییدا و بگات بەو کەسانەی کە ڕێگەی خۆشەویستیی ئەو شتانەی پێبناسێنێت و ئەو پەیڕەوە ڕوونە بخاتە بەردەستی ، کە دەیگەیەنێت بە گرتنەبەری ڕێگای هیدایەت ، بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانێت سەربازەکانی ناو عەقڵی خۆی بەهێز بکات ، بۆئەوەی بتوانێت بەسەر نەیارەکەی خۆیدا زاڵ ببێت ، بۆئەوەی بگات بە ئەو کاتەی ، کە مرۆڤ خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەو شەڕە یەکلاییکەرەوەی نێوانی عەقڵ و سۆز.

دەبێت مرۆڤ ئەو کاتە چەند پێویستی بە کەسێك هەبێت کە دەستی بگرێت و بەرەو ڕێگەی چاکە و چاکەکاری ئاراستەی پێبدات ، لەو دەمەدا ، کە سۆز خەڵەتاندویەتی ـ زۆرجار سۆز مرۆڤ هەڵدەخەڵەتێنێت ـ و کار و کردەوەکانیی خۆیی بە جوانی پیشان دەدات و وای لێدەکات ، کە لادانەکانی خۆیی بەلاوە جوان بێت ، شتی ناشیرینی وەك جوان پیشان دەدات ، شتی جوانیشی وەك ناشیرین پیشان دەدات. چەواشەی دەکات لە ناسینەوەی ڕێگەی بەرەو چاکەکاری و ئاسودەیی و خۆشنودی ، لە هەمان کاتدا خۆیشی ئەو زانیاری و سەلیقەیەی نییە، کە بتوانێت شتی باش و سودبەخش و چاك لە شتی زیانبەخش و دزێو جیابکاتەوە . هەموو تاکێك لە ئێمە ، بە خۆمان بزانین یان

---

(١) سورەتی یوسف ، ئایەتی : ١٠٣.

نەزانین، گرفتاری دەستی بوونی ئەم جۆرە شەڕەین، مەگەر کەسێك کە خودا خۆی لە هەڵە پاراستبێتی.

لەبەرئەوە نەك هەر بۆ مرۆڤی کێویی نەزان ، بەڵکوو بۆ مرۆڤە مەدەنییە ڕۆشنبیرەکانیش قوورسە ، کە بتوانێت بە تەنها خۆی بگات بە هەموو ڕێگاکانی خێرو چاکەخوازی و هەموو شتانەش بناسێت، کە لە دنیا و ئاخیرەتیشدا، سود یان زیانی پێدەگەیەنن . چ وەك تاك بۆ خۆی ، یان بۆ کۆمەڵگە و دەوروبەرەکەشی . بۆیە تاچەند بتوانێت لەگەڵ هاوەڵ و هاوشانەکانی خۆیدا پێکەوە بن و چەند لەگەڵ ئەواندا کۆڕ و کۆنگرە و دیدار ساز بدات ، هەر پێویستی بە دەستگرتن دەبێت .

لەبەرئەوە پێویست بووە کە خودای مەزن کەسێك بنێرێت بۆ ناو خەڵك کە ڕەحمەت بێت بۆیان و لەتیفیش بێت لەگەڵیاندا ﴿ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ ﴾ [(١)] بۆئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە لەوەی کە چ شتێك خراپە و گەندەڵیی ئەوانی تێدایە و چ شتێکیش چاکە و ئاسوودەییانی تێدایە.

بوونی سۆز و بەزەیی لەلای خوداوە واجیبە ، لەبەرئەوەی بە سۆزبوونی خودا خۆی بەرانبەر بە بەندەکانی بەشێکە لە کامڵییە ڕەهاکەی خودا ، لەبەرئەوە ئەو خۆی بەسۆزە بەرانبەری بەندەکانی و دڵنەرم و بەخشندەیە ، لەبەرئەوە ئەگەر لە شوێنێکدا شیانی ئەوە هەبوو ، کە بەخشین و لوتفی خودا داببەزێتە خوارەوە ، ئەوا خودای مەزن ڕێگە بە لوتفەکەی خۆی دەدات ببارێت . چونکە لەناو گۆڕەپانی ڕەحمەتی ئەودا ڕژدی بوونی نییە ، هەروەك ئەوەی کە لە بەخشین و کەرەمی خۆیشیدا کەموکووڕی نییە.

مانای وجوبەکە لێرەدا ئەوە نییە ، کە کەسێك فەرمانی ئەو سۆزە بە ئەوی مەزن بکات بۆئەوەی ئەویش گوێڕایەڵیی بکات ، خودا زۆر لەوە باڵادەستترە ، بەڵکوو ماناکەی وەك ئەوە وایە ، کە تۆ بڵێیت مسۆگەرە ، کە دەینێرێت و نائومێدت ناکات.

## ١٥ـ بیروباوەڕمان لەبارەی موعجیزە نواندنی پێغەمبەرانەوە

بیروباوەڕی ئێمە وایە ، کە ئەوی خودای مەزن ، ئەوکاتەی ڕێپیشاندەرو پێغەمبەرێکی نارد پێویستە کەسێتیی ئەو پێغەمبەرەش بناسێنێت ، ڕێنوێنیی خەڵك بکات بەرەو لای ئەو ، بە شێوەیەکی تایبەت و بە دەستنیشانکراوی. ئەمەش تەنها بەوە دەکرێت ، کە

---

(١) سورەتی الجمعە ، ئایەتی : ٢.

بەڵگە و حوجەتی[1] هەبێت لەسەر پەیامەکەی ، بەڵگەکانی پێشکەش بکات ، بۆ تەواوکردنی لوتفەکەی خودا و درێژەدان بە ڕەحمەتەکەی.

دیارە ئەمەش بەڵگەیەکە ، کە تەنها بە خودای ئەفرێنەری بونەوەرەکان خۆی نەبێت بە کەسی تر ناسەلمێندرێت : واتە کە بەڵگەیەکە لە سەرووی توانای مرۆڤایەتییەوەیە، بەڵام خودا خۆی لەسەر دەستی پێغەمبەرە هیدایەتبەخشەکە ئەنجامی دەدات ، بۆئەوەی ئەو پێغەمبەرە ببێت بە ناوەندێك بۆ ناساندنی خودا و ڕێنوێنیکەر بەرەو خودا خۆی. ئەم بەڵگە و دەلیلە ئەو شتەیە کە پێی دەگووترێت پەرچوو (موعجیزە) . لەبەرئەوەی کە بە شێوەیەکە مرۆڤ ناتوانێت پێی بگات و شتێك لە شێوەی ئەو کردەیە ئەنجام بدات.

هەروەها بۆ پێغەمبەریش پێویستە کە موعجیزەیەکی پێبێت پیشانی خەڵکی بدات بۆئەوەی ببێت بە بەڵگە لەسەریان ، بۆیە پێویستە ئەو موعجیزەیە وا دەربکەوێت ، کە خەڵك توانای ئەنجامدانیان نەبێت ، خەڵکانی زانا و هونەرمەندی سەردەمەکەش پێیان نەکرێت ، نەوەك خەڵکانی تری ئاسایی . هەروەها پێویستە ئەو موعجیزە نواندنە ببەسترێتەوە بە بانگەشەیەکی پێغەمبەرایەتییەوە ، بۆئەوەی ببێت بە بەڵگە لەسەر بانگەوازەکەی و بەدەستیشیەوە بێت . بۆیە ئەگەر ئەو خەڵکە هەڵبژاردەیەش نەیانتوانی ئەو کارە ئەنجام بدەن ، ئەوا دەزانن کە ئەوە لە سەرووی توانای مرۆڤەوەیە و سەروو ئاساییە ، کەواتە تێدەگەن ، کە خاوەنی ئەوموعجیزەیە لە ئاستێکی سەرووی ئاستی مرۆڤەوەیە، لەبەرئەوەی ئەو پەیوەندییەکی رووحیی بە سەرکاری هەموو بونەوەرەکانەوە هەیە، کە خودای مەزنە .

بۆیە ئەگەر بۆ کەسێك شیا ، کە موعجیزەیەکی سەروو ئاسایی ئەنجام بدات. ئەمجا لەپاڵ ئەوەشەوە ، خۆی گووتی ، کە پێغەمبەرە و پەیامیشی پێیە ، ئەوا ئەو کاتە ئیتر بڕوای پێدەکرێت و خەڵك متمانە بە بانگەواز و ئیمان و پەیامەکەی دەکەن و ملکەچی فەرمان و قسەکانی دەبن ، کێ بڕوای پێهێنا ، دەیهێنێت و کێیش کوفری پێکرد، ئەوا کوفری پێدەکات.

لەبەرئەوە دەبینین کە موعجیزەی هەر پێغەمبەرێك بۆ زانست و زانیاری و هونەری سەردەمی خۆی ساز و گونجاوە ، بۆ نموونە موعجیزەکەی مووسا (س.خ) ئەو عەسایەی بووە کە هەموو سیحرەکانی ئەوانی هەڵوەشاندۆتەوە. لەبەرئەوەی لە سەردەمی ئەودا

---

(١) خودای مەزن لە ئایەتی ١٦٥ی سورەتی النساء دەفەرموێت : ﴿ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴾ .

سیحرکردن شتێکی زۆر باو بووه . که ئەساکەی ئەو هاتووه ، ئیتر هەموو سیحرەکانی ئەوان پووچەڵ بونەتەوه . بۆیه ئەوان تێگەشتن ، که ئەو شتەی مووسا له سەرووی توانای ئەوانەوەیه و له هونەرەکەی ئەوانیش باڵاتره ، کەواته ئەو موعجیزەش لەوانەیه که مرۆڤ ناتوانێت له شێوەی ئەو ئەنجام بدات و خەڵکانی هونەر و زانستزانیش لەبەردەمیدا لاواز دەبن[1] .

عیسا پێغەمبەریش موعجیزەیەکی هەبوو ، که کەڕ و گەڕی چاك دەکردەوه و مردووشی زیندوو کردۆتەوه : چونکه ئەو له سەردەمێکدا هاتووه ، که هونەری پزیشکی لەناو خەڵکدا زۆر باو بووه ، ئەو ڕۆژگاره زانایان و پزیشکەکان پلەیان باڵا بووه ، بەڵام زانستەکەی ئەوان نەیتوانیوه بگاتەوه به ئیشەکەی عیسادا (س.خ)[2] .

موعجیزه نەمرەکەی پێغەمبەرەکەی ئێمەش بریتییه له قورئانی پیرۆز ، که له ڕەوانبێژی و زمانڕەوانیدا موعجیزەیه، دیاره هۆکاری ئەمەش ئەوەیه، که ئەو سەردەمەو هەنەری ڕەوانبێژی باو و ناسراو بووه ، ڕەوانبێژەکان له پێشەنگی خەڵك بوون، لەبەرئەوەی ئاخاوتن و شێوازی دەربڕینیان بەرز و باڵا بووه، بۆیه که قورئان هات وەك هەوره تریشقه وابوو بۆیان ، تووشی حەپەسان و سەرسووڕمانی کردن ، تێیگەیاندن ، که ئەوان له ئاستی دەربڕینەکانی قورئاندا نین ، بۆیه که زانییان ناتوانن به تۆزی پێی ئەو دەربڕینانەشدا بگەن، ئیتر ملکەچی بون[3] .

---

(۱) بڕوانه ئایەتەکانی ۱۱۳ تا ۱۲۰ له سورەتی الاعراف ، که دەفەرموویت : ﴿ وَجَآءَ ٱلسَّحَرَةُ فِرْعَوْنَ قَالُوٓاْ إِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ ٱلْغَٰلِبِينَ ۞ قَالَ نَعَمْ وَإِنَّكُمْ لَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ۞ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلْقِىَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ نَحْنُ ٱلْمُلْقِينَ ۞ قَالَ أَلْقُواْ ۖ فَلَمَّآ أَلْقَوْاْ سَحَرُوٓاْ أَعْيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَآءُو بِسِحْرٍ عَظِيمٍ ۞ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ ۖ فَإِذَا هِىَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ۞ فَوَقَعَ ٱلْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ۞ فَغُلِبُواْ هُنَالِكَ وَٱنقَلَبُواْ صَٰغِرِينَ ۞ وَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴾ .

(۲) بڕوانه : سورەتی آل عمران ، ئایەتی : ٤٩ : ﴿ وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنِّى قَدْ جِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ أَنِّىٓ أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۖ وَأُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ وَأُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِى بُيُوتِكُمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾ .

(۳) بڕوانه : سورەتی الاسراء ، ئایەتی : ۸۸ : ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُواْ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴾ .

وەك بەڵگەش لەسەر لاوازبوونی ئەوان لە بەرانبەر قورئاندا تەحەداکەی قورئانە بۆ ئەوان ، کە تەحەدایان دەکات و دەڵێت ئەگەر دەتوانن دە دانە سورەت لە شێوەی ئەمانە بهێنن ، ئەوانیش نەیانتوانیوە[1] ، ئەمجا تەحەدای کردن و فەرمووی دە یەك دانە سورەت بهێنن ، لە شێوەی ئەمانە ، کەچی ئەوان شکستیان خوارد[2].

بۆیە کاتێك کە ئێمە دەزانین ئەوان شکست دەخۆن و قورئانیش هەر تەحەدایان دەکات ، ئەمجا زانیمان کە ئەوان لە بریی ململانەی زمانەوانی کەوتونەتە پلارلێدان ، ئیتر تێدەگەین ، کە قورئانیش لە جۆری موعجیزەیە ، محەمەدی کوڕی عەبدوڵلا ، (س.خ) هێناویەتی و وەك پەیام بەسەریدا خوێندراوەتەوە.

کەواتە تێدەگەین ، کە پێغەمبەری خودا بە حەق هێناویەتی و ڕاستیشی فەرمووە لە گواستنەوەیدا (د.خ) .

## ١٦- بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی پارێزبوونی پێغەمبەرانەوە[3]

هەروەها ئێمە لەو بڕوایە داین ، کە تەواوی پێغەمبەران ، هەر هەموویان لە هەڵە بەدەرن و پارێزراون (مەعسومن) ، هەروەها هەموو ئیمامەکانیش (س.خ) ، ئەگەرچی هەندێك موسوڵمانان لەمەدا ناکۆکن لەگەڵ ئێمەدا ، ئەوان پێیان وایە کە پێویست ناکات نەك ئیمامەکان بەڵکوو پێغەمبەرەکانیش مەعسوم بن.

عیسمەت چییە ؟ عیسمەت و مەعسووم بوون بریتییە لە خاوێنبوونەوە لە تاوان و گومڕایی گەورە و بچووك ، لە هەڵە و لەبیرچونەوە ، ئەگەرچی هیچ عەقڵێکیش نییە کە لەو بڕوایەدا بێت ، کە پێغەمبەرێکیش بێ هەڵە بووبێت ، بەڵکوو پێویستە تا ئەو ئاستە بێ خەوش بێت ، بۆ نموونە کە زیادەڕەوی بەسەر خەڵکدا نەکات ، لە ڕێگادا شت نەخوات ، بە دەنگی بەرز پێنەکەنێت . واتە کارێکی وا نەکات ، کە بەپێی نەریتی باو لەلای خەڵك جوان نەبێت .

---

(١) بڕوانە : سورەتی هود ، ئایەتی : ١٣ ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾.

(٢) بڕوانە : سورەتی البقرة ، ئایەتی : ٢٣﴿ وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ .

(٣) بۆ وردەکاریی زیاتر و نەهێشتنی گومان لە ئەم بوارەدا بڕوانە (تنزيه الانبياء : الشريف المرتضى، علي بن الحسين الموسوي (٤٣٦هـ)، بيروت : دار الاضواء ، ط٢، ١٤٠٩هـ / ١٩٨٩م).

بەڵگە لەسەر ئەوەی کە عیسمەت بوون پێویستە[1] : ئەگەر جائیز بوایە و بگونجایە پێغەمبەر لە فەرمانی خودا دەربچوایە ، یان هەڵەی بکردایە ، یان شتی لەبیر بچوایە ، یان هەر شتێکی وەك ئەمانەی بکردبایە ، ئەو کاتە یان دەبوو بە واجیب ، کە ئێمەش بکەوینە شوێنی ئەو و هەمان سەرپێچی و هەڵەیەی دووبارە بکەینەوە ، یان پێویست نەدەبوو وابکەین . بۆیە ئەگەر پێویست بوایە ئەوا ئەو کاتە ئێمەش بە وەرگرتنی رێپێدان لە خودای مەزنەوە بۆمان هەبوو سەرپێچی بکەین ، بگرە دەشبوو بە واجیب لەسەرمان ، بێگومان ئەمەش بەپێی زەرورەتی ئایین و عەقڵ پووچە .

بەڵام ئەگەر پێویست نەبێت بکەوینە شوێنی لە ئەو هەڵەیەیدا ، ئەوا ئەمەیان پێچەوانەی پێغەمبەرایەتی دەبێت ، چونکە بەپێی پێغەمبەرایەتی پێویستە هەمیشە گوێڕایەڵی بین[2].

بەڵام هەر قسە و کردەوەیەك لە پێغەمبەرەوە بێت و ئێمە گریمانی سەرپێچیکردن یان هەڵەمان تیادا بینی ، ئەوا نابێت بە قسەی بکەین ، چونکە ئەگەر وامان کرد ئەوا سوودی پێغەمبەربوونەکەی ئەو نامێنێت ، ئەویش وەك کەسێکی ئاسایی ناو خەڵکی لێدێت ، کە قسە و کردەوەیان ئەو بەها بەرزەی نەمێنێت کە هەمیشە پشتی پێدەبەسترێت ، هەروەها نە گوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکانی وەك پێویست دەمێنێتەوە و نە متمانەی رەهاش بە قسە و کردەوەکانی دەمێنێت.

ئەم بەڵگەی عیسمەتبوونە هەروەك خۆی بەسەر ئیمامەتیشدا پیادە دەبێت ، لەبەر ئەوەی بۆ ئیمامیش وا پێویستە کە دەبێت ئەو لەلایەن خودای مەزنەوە دابندرێت

---

(١) ئەوەی کە زانایان وەك بەڵگە لەسەر عیسمەتبوونی پێغەمبەران سەیری دەکەن، بریتییە لەو فەرمودەیەی خودای مەزن، کە لە ئایەتی ١٢٤ی سورەتی البقرە دا دەفەرمووێت : ﴿ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ ﴾ کە خودای گەورە بواری بە کەسێك نەداوە، کە زوڵمی کردبێت بتوانێت پلەیەکی بەرزی وەك پێغەمبەرایەتی و ئیمامەت وەربگرێ ، هەر وەك ئەوەی کە خودای مەزن خۆی لە هەردوو ئایەتی ٨٢ و٨٣ی سورەتی (ص) دا دەفەرمووێ : ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴾ ئەوەمان پیشان دەدات، کە ئیبلیس ددان بەوەدا دەنێت ، کە توانای ئەوەی نییە ، ئەو کەسانە هەڵبخەڵەتێنێت ، کە خودای عەزەوەجەل لە گوناه و هەڵە پاکی کردونەتەوە.

(٢) بڕوانە : ئایەتی ٦٤ لە سورەتی النساء کە دەفەرمووێت : ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ ... ﴾.

بۆئەوەی لە پاشی پێغەمبەرەوە جێنشینی پێغەمبەر بێت و هیدایەتی خەڵك بدات، ئەمەش بە وردی لە بەشی ئیمامەتدا باس دەکەین.

### ١٧- بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی سیفاتەکانی پێغەمبەرەوە (د.خ)

ئێمە لەو بڕوایە داین ، کە پێغەمبەر - بەو پێیەی کە پێویستە مەعسووم بێت - پێویستە کامڵترین و باشترین خەسلەتە ڕەوشتی و عەقڵییەکانی تێدا بێت ، لە نموونەی بوێری و سیاسی و کارسازی و ئارامگری و سەلیقە و زیرەکی ، بۆ ئەوەی جگە لە خۆی مرۆڤێکی تر نەبێت بتوانێت هاوشانی ئەو بێت ، چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەوا بۆی نابێت سەرۆکایەتیی هەموو بوونەوەران بکات و هێزی ئەوەی نییە هەموو جیهان بەڕێوە ببات.

هەروەها پێویستە لە دایکبونەکەشی خاوێن بێت ، ئەمین بێت ، ڕاستگۆ بێت ، خاوێن بێت و لە پێش ڕاسپاردنەکەشیەوە هیچ خراپەیەکی نەکردبێت ، بۆ ئەوەی خەڵك لێی دڵنیابن ، پەنای بۆبەرن و بە ئارامیی بزانن ، بەڵکوو بگرە بۆ ئەوەی شایانی ئەو پلە بەرزەش بێت ، کە لەلایەن خودا خۆیەوە پێی دەبەخشرێت.

### ١٨ - بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی پێغەمبەران و کتێبەکانیانەوە

بە گشتی بڕوامان وایە کە هەموو پێغەمبەرە نێردراوەکانی خودا ڕاستن و لەسەر حەقن[1]. هەروەها بڕوامان وایە ، کە عیسمەت و بێگەردن ، بۆیە ئەوە کوفرە و لە ئایین دەرچوونە کە نکوولی لە پێغەمبەربوونیان بکرێت و قسەیان پێبگوترێت و سووکایەتییان پێبکرێت ، لەبەرئەوەی ئەم کردەوانە بریتییە لە نکولیکردن لە پێغەمبەرەکانی خۆمان کە هەواڵی ئەوانی تری دا بە ئێمە و پێی فەرمووین ، کە ئەوانیش ڕاستن.

بەڵام ئەوانەی کە ناوەکانیان و شەریعەتەکانیان ناسراون ، وەك ئادەم و نووح و ئیبراهیم و داوود و سولەیمان و مووسا و عیسا و ئەوانەی تریش ، کە قورئان ناوی بردوون ، پێویستە بەشێوەی تایبەت ئیمانمان پێیان هەبێت ، بۆیە ئەگەر کەسێك

---

(١) بڕوانە : ئایەتی ١٣٦ لە سورەتی البقرە ، کە دەفەرموێت : ﴿ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴾ .

نکوولی له یەکێکیان بکات ، ئەوا نکوولیی له هەمویان کردووه و به تایبەتییش نکوولیی له پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەرەکەی خۆمان کردووه.

هەروەها واجیبه که بڕوامان به کتێبەکانیان و هەموو ئەو شتانەیان هەبێت ، که بۆیان دابەزیوه.

بەڵام ئەو تەورات و ئینجیلەی که ئێسته لەبەردەستی خەڵکدان ، سەلمێندراوه ، که له ئەو شێوەیەی که پێی دابەزیوون شێوێندراون ، بەهۆی ئەو گۆڕین و ئاڵوگۆڕ و زیادانەی که له پاش سەردەمەکانی مووسا و عیساوه (س.خ) تیایاندا ئەنجام دراوه ، که کەسانی خاوەن ئارەزوو و تەماع دەستکارییان کردوون و بگره ئەوەش که ئێسته هەیه ، بەشی هەرەزۆربەیان - یان هەموویان - له پاش سەردەمه ڕەسەنەکەی خۆیانەوه لەلایەن هەواداران و لایەنگرانەوه بۆیان زیادکراوه.

## ١٩- بیروباوەڕمان دەربارەی ئیسلام

ئێمه لەو بڕوایەداین ، که ئایینی لای خودا بریتییه له ئیسلام ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُ ﴾[1] چونکه ئیسلام شەریعەتی ڕەوای خوداییه و دوایین و تەواوترین شەریعەتی خوداییه ، لەهەموویان سەرکەوتووتره له ئاسوودەکردنی مرۆڤدا ، هەموو بەرژەوەندیی دنیا و قیامەتی مرۆڤی تێدایه ، بۆئەوه دەشێت به درێژایی سەردەمەکان و سەدەکانیش بمێنێتەوه ، نه دەگۆڕێت و نه جێگەشی دەگیردرێتەوه ، هەموو ئەو سیستمانەی تێدایه، که مرۆڤ له ڕووی تاکێتی و کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوه پێویستی پێیان دەبێت.

ئەمجا لەبەر ئەوەی که دوایین شەریعەته و ئێمەش چاوەڕوانی ئەوه ناکەین که شەریعەتێکی تر بێت و ڕەوشی نوقمبووی ناو ستەم و گەندەڵیی مرۆڤ چارەسەر بکات، بۆیه هەر دەبێت ڕۆژێکی وا بێتەوه پێشەوه ، که تیایدا ئایینی ئیسلام بەهێز ببێتەوه و به دادپەروەری و یاساکانی خۆی هەموو دنیا ئاوەدان بکاتەوه.

ئەگەر شەریعەتی ئیسلام به یاساکانیەوه له سەر زەوی به تەواوی و به ڕاستی جێبەجێ کرا ، ئەوا ئاشتی دەکەوێته نێوانی مرۆڤەکانەوه و ئاسوودەبوونیشیان

---

(١) ئەم بەشه له ئایەتی ١٩ی سورەتی ئال عمران وەرگیراوه ، که دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ وَمَا ٱخۡتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ﴾.

دەرەخسێت و دەگەن بە باڵاترین ئاستی خەونی مرۆڤایەتی لە خۆشنودی و عیزەت و فراوانیی دەست و دڵ و ڕەوشتی باڵا. ئەگەر خۆشەویستی و برایەتی لە نێوانی هەموو خەڵكدا و لە دنیادا بڵاوببێتەوە، ئەوا زوڵمی تیادا ناكرێت ، ئیتر هەژاری و نەدارییش نامێنێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ ئەو ڕەوشە خراپ و لەرزۆكە لەلای ئەو كەسانە دەبینین ، كە خۆیان ناودەنێن موسوڵمان ، ئەوە هۆكارەكەی ئەوەیە ، كە ئایینی ئیسلام بە دەقەكانی و بە ڕوحەكەی وەك خۆی پیادەنەكراوە. هەر لە سەرەتای سەدەی یەكەمی ئیسلامییەوە تا دەگات بە ئەمڕۆی خۆمان كە ناوی موسوڵمانمان لە خۆمان ناوە دەبینیت تا ئەمڕۆشمان هەر بەرەو خراپتر دەچین ، هۆكارەكەی ئەوەیە كە ئێمە دەستمان بە ئایینی ئیسلامەوە نەگرتووە بۆیە بەم شێوەیە كەوتینە دواوە ، بگرە بە پێچەوانەشەوە ، هەڵگەڕانەوەی خەڵك لە ڕێنماییەكانی و بە سووك سەیركردنی یاساكانی و بڵاوبوونەوەی ستەم و دوژمنكاری لە نێوانیاندا، هەر لە پاشاكانیانەوە تا ڕووتەنەكانیان و لە تایبەتەكانیانەوە تا گشتییەكانیان وایكردووە ، كە پێشكەوتنیان دوا بكەوێت ، هێزەكەیانی لاوازكرد، ورەی دابەزاندن و نەهامەتی و نارەحەتیی هێنا بەسەریاندا ، لەبەرئەوە خودایش بە گوناهەكانی خۆیان شپرزەی كردن .

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ ﴾ [1] ئەوەش سونەتی خوایە بۆ خەڵككراوەكانی ، ﴿ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْمُجْرِمُونَ ﴾ [2] ، ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴾ [3] ، ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَىٰ وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ ﴾ [4] .

ئەی چۆن چاوەڕوانی ئەوە لە ئایینێك بكەین ، كە ئومەتێك لە نەهامەتییەكانی ڕزگار بكات، ئەگەر ئەو ئایینە لەلای ئەو ئومەتە تەنها مرەكەبی سەر كاغەز بێت و كاریش بە كەمترین ڕێنماییەكانی نەكات.

ئایین و ئەمانەت ، ڕاستگۆیی و دڵسۆزی ، مامەڵەی چاك و وەفا ، هەروەها ئەوەش كە موسوڵمان چیی بۆ خۆی ویست بۆ براكەشی هەر ئەوەی بوویت ، لە ئەو بنەما

---

(١) سورەتی الانفال ، ئایەتی : ٥٣ .

(٢) سورەتی یونس ، ئایەتی : ١٧ .

(٣) سورەتی هود ، ئایەتی : ١١٧ .

(٤) سورەتی هود ، ئایەتی : ١٠٢ .

بنچینەییانەن کە ئایینی ئیسلامیان لەسەر دامەزرێندراوە ، موسوڵمانانیش لە ڕۆژگاری زۆر کۆنەوە تا ئەمڕۆ و ئەم سەردەمەمان هەر لەسەر ئەو شتانە نەهاتوون ، بۆیە دەیانبینین پەرش و بڵاون ، چەندان حیزب و دەستەن ، لەسەر ئەم دنیایە شەڕیانە، لەسەر خەیاڵ بە یەکتریدا دەکێشن. یەکتری کافر دەکەن ، ڕا و بۆچوونیان ڕوون نییە ، بەو ئیشانەوە سەرقاڵن ، کە بۆ خۆیان گرنگییەکی نییە ، لەبەر ئەوە کرۆکی ئایینەکەیانیان لەبیرچۆتەوە ، بەرژەوەندیی خۆیان و کۆمەڵگەکەشیان نابینن . ئەو شتانەی کە سەرقاڵیان دەکات ، بریتییە لە ناکۆکبوونیان لەسەر خوو و ڕەوشتی ناو قورئان ، بەڵێنی هەڕەشە و گەڕانەوە ، ئایا بەهەشت و دۆزەخ ئێستە هەن ، یان دواتر بوونیان دەبێت . چەنان ناکۆکیی تری لەم شێوەیە هەن کە تووشی شەڕی دەستەویەخەی کردوون ، هەندێکیان ئەوانی تریان بە کافر هەژمار دەکەن . ئەمەش ئەگەر ببێت بەڵگە لەسەر بوونی شتێك ، ئەوا بەڵگەیە لەسەرئەوەی ، کە ئەمانە لەسەر سونەتی ڕێگە ڕاستەکە لایانداوە ، بەرەو فەوتان و لەناوچوونی خۆیان ملیان ناوە.

بە تێپەڕبونی زەمەن و سەردەم ، لادانی ئەمانیش زۆرتر بووە ،تا نەزانی و چەواشەبوون ژیانیانی تەنیوەتەوە . خۆیان سەرقاڵی شتی بێ مانا و توێکڵەکانی دەرەوە کردووە . خۆیانیان سەرقاڵی ماندووێتی و پووچگەری و وەهم کردووە ، خەریکی شەڕکردن و مشتومڕو شتایشی خۆکردنن ، لەبەرئەوە دواجار کەوتوونەتە ناو نۆکەندێکی وەهاوە ، کە بنیشی نەبێت ، ئەو ڕۆژەش ئیتر ڕۆژئاوای وریا و - دوژمنی سەرسەختی ئیسلام - توانیی ئەم زەوییانە داگیر بکات ، کە هیی ئیسلامە ، کەچی ئیسلامیش بێئاگا بوو باوێشکی دەدا ، بۆیە فڕێدرایە ناو ئەم چاڵە قووڵەی ئێستایەوە، کە تەنها خودای مەزن خۆی نەبێت ، کەس نییە بزانێت ئاست و مەودای ئەم چاڵە چەندە ؟

﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴾ (١) .

بۆیە بۆ ئەمڕۆ و پاشی ئەمڕۆش موسوڵمانان ڕێگەچارەیەکیان نییە ، تەنها ئەوەندە نەبێت ، کە بگەڕێنەوە ناو ناخی خۆیان و خۆشیان بخەنە بەر بەرپرسیارێتیی ئەوەی ، کە ئایا بۆچی ئەو زیانەیان لێ کەوتووە! دەبێت هەستنەوە و بە ڕێنماییە باشەکانی ئایینەکەیان خۆیان و نەوەکانیشیان چاك بکەنەوە و بشتوانن ئەو جەور و ستەمەی نێوانی خۆیان لاببەن . چونکە بە ئەم کارە دەتوانن خۆیان لە ئەم کێشە گەورەیە دەرباز

---

(١) سورەتی هود ، ئایەتی : ١١٧ .

بکەن ، بۆئەوەی بتوانن لەپاش ئەوەوە ئەم زەویەی ئێستە کە پڕیەتی لە جەور و ستەم بتوانن پڕی بکەنەوە لە یەکسانی و دادپەروەری ، بەو شێوەیەی کە خودای مەزن و پێغەمبەرەکەشی (د.خ) بەڵێنیان پێداون و بەو شێوەیەش ، کە لە ئایینەکەیان چاوەڕوان دەکرێت وەك دووایین ئایینی سەرزەوی ، دیاریشە ، کە بەبێ ئیسلام ئومێدی چاکبوونی دنیا و ناوەوەی دنیا لە ئارادا نییە. بۆیە پێویستە کە ئیمامێك هەبێت ئەم وەهمانە لە ئیسلام بکاتەوە ، کە پێیەوە نووساون ، بتوانێت ئەو بیدعە و چەواشەکارییانەشی لێبکاتەوە و مرۆڤ ڕزگار بکات و لە ئەو گەندەڵییە گشتگیرییە ڕزگاریان بکات، کە پێیانەوە لکاوە، ڕزگاریان بکات لە ئەو ستەمە هەمیشەییەو ئەو دوژمنکارییە بەردەوامە، کە ئێستە سووکایەتی بە بەها ئاکارییەکان و بە ڕووحی مرۆڤایەتیش دەکرێت ، بۆیە داواکارین خودا ئەو ڕۆژەمان بۆ نزیك بکاتەوە و هاتنەدییەکەشی ئاسان بکات[1].

## ٢٠- بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی شەرعدانەری ئیسلامەوە

ئێمە لەو بڕوایە داین ، کە خاوەنی پەیامی ئیسلام بریتییە لە محەمەدی کوڕی عەبدوڵلا ، ئەو خاتەمی هەموو پێغەمبەرانە ، سەردەستەی نێردراوەکانە ، هەروەها باشترینیشیانە ، هەروەها ئەو سەروەری هەموو مرۆڤە ، هیچ کەس و چاکەکارێك نییە شان بدات لە چاکەکانی ئەو ، لە کەرامەتدا کەس نییە نزیکی بکەوێتەوە ، لە عەقڵدا هیچ عاقڵێك نییە بتوانێت نزیکی ئەو ببێتەوە ، لە خولقدا هیچ کەسێك لە شێوەی ئەو نییە ، لەبەر ئەوەی ئەو خاوەنی ئەخلاقی مەزنە[٢]، لەو یەکەم ڕۆژەوە ، کە مرۆڤ خەلق کراوە تا ڕۆژی قیامەت.

## ٢١- بیروباوەڕمان لەبارەی قورئانی پیرۆزەوە

ئێمە لەو بڕوایە داین ، کە قورئان وەحییەکی خوداییە و لەلایەن خودای مەزنەوە دابەزێندراوە و لەسەر زمانی پێغەمبەری ئەکرەمەوە گێڕدراوەتەوە و ڕوونکردنەوەو

---

(١) لە زمانی ئیمامی مەهدییەوە ، خودای تەعالا دەربازبوونەکەی نزیك بخاتەوە ، دەگێڕنەوە ، کە فەرموویەتی : دوعا زۆر بکەن و داوای ڕزگاربوون بکەن ، چونکە ئەو ڕزگاربوونە ڕزگاربوونی خۆتانە . بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : الغیبة للطوسي (٤٦٠هـ): ٢٩٣، ح ٢٤٧. هەروەها الاحتجاج للطبرسي (٥٦٠هـ): ٣: ١١١٥، ح ٣٠.

(٢) ئەمە ئاماژەیە بە ئایەتی ٤ لە سورەتی القلم ، کە خودای مەزن دەفەرمووێت : ﴿وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾.

بەیانی هەموو شتێکی تێدایە. قورئان ئەو موعجیزە نەمرەیە کە هەرچی مرۆڤە لە ئاستی ڕەوانبێژی و بەلاغەکەی ئەودا لاواز دەبن ، ڕاستی و مەعریفەی زۆر بەرزی تێدایە ، نە گۆڕین و نە شێواندان و نە ئاڵوگۆڕکردن لە خۆناگرێت[1].

کەواتە ئەمەی بەردەستی ئێمە ، کە دەیخوێنینەوە ، هەر هەمان ئەو قورئانەیە ، کە دابەزێندراوەتە سەر پێغەمبەر ، بۆیە ئەگەر هەرکەسێك جگە لەمە شتێکی تری لەبارەوە بڵێت ، ئەوا ئەو کەسە سنووری بەزاندووە ، بە هەڵەدا چووە ، گومانکاریشە. هیچ کام لەمانەش لەسەر پەیڕەوی هیدایەت نین . چونکە ئەوە قسە و فەرموودەی خودایە کە ﴿ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ﴾ [2]

هەروەها لە بەڵگەی تری ئیعجازبونەکەی ، ئەوەیە کە تا چەند زەمەن بەرەوە پێشەوە بڕوات و زانست و هونەرەکانیش پێشکەوتن بە خۆیانەوە ببینن ، دەبینیت قورئان هێشتا پاراو و شیرینە ، مەبەست و فکرەکانی هەر بەرزن ، لەناو تیۆرێکی زانستیی جێگیردایە و هیچ گریمانێکی ئەوەی تێدا نییە ڕاستیە فەلسەفییە دڵنیاکانی ڕەت بکرێنەوە ، بەپێچەوانەی کتێبی زانایان و فەیلەسووفە گەورەکانەوەیە ، ئەمانە ئەگەرچی گەورە و مەزنیش بن ، کەچی دەبینیت ـ هیچ نەبێت ـ هەرچەندە پێشکەوتوش بن شتێکی وایان تێدا هەیە ، کە پووچ ، خراپ یان بێمانا بن ، وەك فەیلەسووفە مەزنەکانی یۆنان لە نموونەی سوقرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ ، کە ئەمانە کۆمەڵە فەیلەسووفێکن، لەپاش خۆیانەوە هەرکەس هاتبێت ددانی بەوەدا ناوە ، کە ئەمانە باوکی زانست و فەلسەفەن و لە ڕووی فکرییەوە زۆر پێشکەوتوون.

هەروەها ئێمە لەو بڕوایە داین ، کە پێویستە بە قسە و بە کردەوەش ڕێزی قورئانی پیرۆز بگیردرێت و بە مەزن سەیر بکرێت ، لەبەر ئەوە ناکرێت وشەکانی پیس بکرێن، تەنانەت یەك وشەشی دەبێت ڕێزی خۆیی لێ بگیردرێت ، لەبەر ئەوەی کە ئەو وشەیە بەشێکە لە قورئانی پیرۆز.

هەروەها ئەگەر کەسێك پاك و لەش سووك نەبوو نابێت دەست بە وشە و پیتەکانیەوە بدات.

---

(١) لەبەر ئەوەی کە خودا خۆی لە ئایەتی ٩ ی سورەتی الحجر دا ئەوەی بۆ قورئان مسۆگەر کردووە، کە دەفەرمووێت : ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾.

(٢) سورەتی فصلت ، ئایەتی : ٤٢.

﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُطَهَّرُونَ ﴾ [1] كە مانای خاوێنیی تەواو دەدات ، ڕێگری لەوە دەكات كە كەسانێك دەستی بۆ بەرن كە لەشیان پیس بێت یان لە سووڕی مانگانە و نیفاس و شتی تری لەم شێوەیەدا بن ، یان لەبەر هەر هۆیەكی ترەوە بێت كە بووبێتە هۆی ئەوەی دەستنوێژی بشكێت نابێت دەستی بۆ ببات تا خۆی خاوێ نەكاتەوە و دەستنوێژی تازە بگرێت .

نابێت بسووتێندرێت ، هەروەها نابێت هیچ جۆرە سووكایەتییەكی پێبكرێت ، لەو جۆرە سووكایەتییانەی كە لەلای خەڵك وەك كەم سەیركردن وایە، لە نموونەی فڕێدانی و پیسكردنی و پێ پیادانانی و دانانی لە شوێنی نەشیاودا ، بۆیە ئەگەر كەسێك مەبەستی بوو، كە خۆی بە مەبەستەوە سووكایەتیی پێبكات ـ بە ئەنجامدانی یەكێك لەم كردەوانە بەرانبەری ـ ئەوا ئەو كردەوەیەی لە ڕیزی كردەوە مونكیرەكان دەبێت لەلای ئیسلام، حوكمی ئەوەیان هەیە ، كە ئەمانە لە دین دەرچوون و كفریشیان بە خودای ڕەبولعالەمین كردووە.

## ٢٢ـ ڕێگای سەلماندنی ئیسلام و شەریعەتەكانی پێش ئیسلام

ئەگەر كەسێك لەبارەی ڕاستبوونی ئایینی ئیسلامەوە لە دژی ئێمە وەستایەوە ، ئەوا ئێمە دەتوانین بە سەلماندنی موعجیزەی قورئان دژایەتیی بكەین . بەو شێوەیەی كە لەبارەی موعجیزەبوونی قورئانەوە ئاماژەمان كرد، بۆیە ئەم ڕێگەیە هەمان ئەو ڕێگەیەیە، كە خۆمان بەكاری دەهێنین بۆ خۆمان ئەوكاتەی كە گومان و تێڕامانمان لەلا دروست دەبێت ، مەبەستمان لەو گومان و تێڕامانانەیە ، كە لەلای هەر مرۆڤێكی ئازاد لە بیركردنەوەدا دروست دەبن ، ئەو كاتەی كە كەسەكە خۆی دەیەوێت بیرباوەڕەكەی دامەزراو و جێگیر بكات.

هەرچی شەریعە پێشووەكانیشە ، لە نموونەی جولەكە و نەسرانی ، ئەوا ئێمە لەپێش پەسەندكردنی قورئان و تەنانەت لەپێش موسوڵمانبوونی خۆشمانەوە بەهانەیەكی وامان بەدەستەوە نییە ، كە خۆمان بە ئەو ئایینانە قەناعەت پێبكەین ، گومانمان دەربارەیان ناڕەوێتەوە ، چونكە ئەوانە هیچ موعجیزەیەكیان بەدەستەوە نەماوە وەك كتێبە پیرۆزەكەی ئێمە ، هەروەها شوێنكەوتووەكانیشان ئیشی خارقی سەروئاسایی و موعجیزەیان نەماوە ، بەو شێوەیەی كە پێغەمبەرە پێشووەكان هەیانبووە. بۆیە ئەوانە

---

(١) سورەتی الواقعە ، ئایەتی : ٧٩ .

تۆمەتی ئەوەیان لەسەرە کە شتەکانیان گۆڕیوە و بە حوکمی خۆیان کاریان پێکردوون، لەبەر ئەوەی لەناو ئەو کتێبانەی ئەواندا کە ئێستە لەبەر دەستی ئێمەدا هەن شتێکی وەها لەناو ئەو تەورات و ئینجیلانەدا نەماوەتەوە ، کە بدرێتە پاڵی پێغەمبەرەکان و موعجیزەیەکی نەمر بێت ، بۆئەوەی ببێت بە بەڵگەیەکی یەکلاییکەرەوە لەناو ناخی مرۆڤدا بۆئەوەی ئیسلامیش قەناعەت بە ئەوان بهێنێت.

بەڵام وا بۆ ئێمە ـ ی موسوڵمانان ـ راستە ، کە بڕوامان هەبێت و ددان بەوەشدا بنێین، کە ئەو شەریعەتانەی پێشویش پێغەمبەریان هەبووە ، ئێمەش لەپاش بڕواهێنانمانەوە بە ئاینی ئیسلام دەبێت بڕوامان بە هەموو ئەو شتانە هەبێت ، کە لە میانەی ئیسلامەوە هاتوون ، ئەمانە لەگەڵ کۆی ئەو شتانەی تردا ڕاستن کە پێغەمبەرەکانی پێشوو باسیان کردوون.

کەواتە بەم پێیە کە کەسی موسوڵمان بڕوای بە ئیسلام هێنا، ئیتر پێویستی بەوە نییە، پێویستی بەوە نییە بچێت بگەڕێت بەدوای ئەوەدا ، کە شەریعەتی نەسرانی ڕاستە یان نا و لێکۆڵینەوەی بۆ بکات . لەبەر ئەوەی کە ئیسلامت پەسەندکرد ئیتر پێغەمبەرەکانی تریشت پەسەندە کە هیی خودان ، ئیمان هێنان بە ئیسلام ئیمان هێنانە بە پێغەمبەرانی پێشوو و دێرینەکان ، لەبەر ئەوە لەسەر موسوڵمان پێویست نییە بچێت بەدوایاندا بگەڕێت و بەدوای ڕاستبوونی موعجیزەی پێغەمبەرەکانیاندا بکەوێتە گەڕان ، چونکە ئەم بووە بە موسوڵمان و ئیمانی بە ئیسلام هێناوە و ئەوەش بەسە.

بەڵێ ، بەڵام ئەگەر کەسێك بەدوای ڕاستبوونی ئایینی ئیسلامدا گەڕا و نەیتوانی ڕاستبوونەکەی بسەلمێنێت بۆ خۆی ، ئەوا دەبێت بچێت بەدوای ڕاستبوونی ئایینی نەسرانیدا بگەڕێت ، لەبەر ئەوەی ئەویش یەکێکە لە ئەو ئایینانەی کە لە پێش ئایینی ئیسلامەوە هاتوون . ئەگەر پشکنینی لە ئەمیشدا کرد و نەگەشت بە قەناعەتی تەواو، یەقینی لەلا دروست نەبوو ، ئەوا دەبێت بچێت بەدوای ئایینێکی تری ئاسمانیدا بگەڕێت ، کە ئەویش وەك گریمان ئایینی جولەکەیە ، ئیتر بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت لە پشکنین تا ئەو کاتەی کە بە دڵنیایی خۆی ، یەکێك لە ئایینەکان وەردەگرێت ، یان هەموویان ڕەت دەکاتەوە .

بەپێچەوانەی ئەمەشەوە ، کە باسکرا ، ئەو کەسەی کە لەسەر ئایینی جولەکەیی پەروەردە بووبێت یان نەسرانی ، ئەوا ئایینەکەی نابێتە هۆی ئەوەی کە ئیتر ئەو نەچێت بەدوای ڕاستیی ئایینی نەسرانی و ئایینی ئیسلامیدا بگەڕێت ، بەڵکوو پێویستە لەسەری کە سەیر بکات و بە حوکمی عەقڵیش بیر بکاتەوە ، هەروەها بۆ کەسی

نەسرانییش ئەوەندە بەس نییە ، کە ئیمانی بە مەسیح هێنابێت (س.خ) بەڵکوو پێویستە لەسەری کە بگەڕێت و پشکنین لەسەر ڕاستی و دروستیی ئیسلام بکات. بۆیە ئەوەندە بەس نییە ، کە ئەگەر ئیمانی بەو ئایینانە هێنا ، ئیتر گەڕان و پشکنینی تازە نەکات ، چونکە ئایینی جولەکە و نەسرانییش ئەوەیان تێدا هاتووە و ڕەتیشی ناکەنەوە کە ئایینی تریان بەدوادا دێت ، کە حوکمەکانی ئەوان نەسخ دەکاتەوە ، هەروەها هیچ کام لە مووسا و مەسیحیش (س.خ) ، نەیانگووتووە ، کە لە پاشی ئێمەوە پێغەمبەری تر نایەت.

ئیتر چۆن ئەو نەسرانی و جولەکانە دەتوانن لە بیروباوەڕەکەی خۆیان دڵنیابن و پەنای کۆتاییان ببەنە بەر ئایینەکەی خۆیان و نەچن بەدوای ئەو شەریعەتانەی تردا بگەڕێن، کە بەدوای ئایینەکەیی خۆیاندا دێن ، بۆ نموونە وەك شەریعەتی نەسرانی لەپاش ئایینی جولەکەوە ، هەروەها شەریعەتی ئیسلامی لەپاش ئایینی مەسیحییەوە . چونکە بەپێی عەقڵی خۆڕسك ، پێویستە ئەوان بچن پشکنین و کنەی خۆیان لەبارەی ئەو ئایینانەی پاش خۆیانەوە بکەن ، ئەگەر ڕاستبوونی تازەکەیان بۆ سەلمێندرا ، ئەوا ئایینەکەی خۆیان دەبەنە سەر ئەو تازەیە ، ئەگەر ڕاستبوونەکەشیان بۆ نەسەلمێندرا، ئەو کاتە ئیتر لەسەر ئایینەکەی خۆیان ماونەتەوە و پەنای بۆ دەبەنەوە .

بەڵام بۆ کەسی موسوڵمان ـ وەك گووتمان ـ ئەگەر کەسەکە بڕوای بە ئیسلام هێنا، ئەوا ئیتر پێویست نییە بچێت پشکنینی تر بکات ، نە لەسەر ئایینەکانی پێش ئایینەکەی خۆی و نە لەسەر ئەوانەش ، کە گوایە خۆیان دەڵێن لەپاش ئیسلامەوە هاتوون.

پێشووەکان ، لەبەر ئەوەی کە ئەوان متمانەیان هەیە ، ئیتر بۆچی بەدوای بەڵگەیاندا بگەڕێین ؟ بەڵکوو تەنها لەبەر ئەوەی کە حوکمی ئەوەیان هەیە ، کە بە شەریعەتی ئیسلامی نەسخ کراونەتەوە ، ئیتر نابێت کار بە حوکم و کتێبەکانیشیان بکەین.

هەرچی ئەوانەی دواتریشن[1] ، لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) فەرموویەتی لە دوای من پێغەمبەرێکی تر نییە[2] و هەروەها ئەویش کەسە ڕاستگۆ

---

(١) قورئانی پیرۆز فەرموویەتی کە محەمەد دووایین پێغەمبەرە (د.خ) ، بڕوانە : ئایەتی ٤٠ لە سورەتی الاحزاب: ﴿مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا﴾ .

(٢) هەروەها لە پێغەمبەر (د.خ) دەگێڕنەوە، کە فەرموویەتی (خەڵکینە لە پاش من نە پێغەمبەرێکی تر هەیە و نە سونەت و هەر کەسەش بانگەشەی ئەوە کرد ئەوە ئاگر جێگەی بانگەشە و بودعەکەیە و ئەوەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات و ئەوەی پەیڕەوی دەکات بیانکوژن ، جێگای ئەوانە ئاگرە ...)-

متمانەپێکراوەکەی﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ﴾[1] و ئیتر بۆچی داوای بەڵگە لەسەر ڕاستیی بانگەشەی پێغەمبەرایەتیی ئەو بکەین ؟ ئەگەر کەسێك هەبێت داوای بەڵگە لەسەر ئەمە بکات؟

بەڵێ ، لەپاش تێپەڕبونی سەردەمی زۆر بەسەر سەردەمی کەسی خاوەن پەیامەکەدا، لەسەر کەسی موسوڵمان پێویستە ، کە بە جیاوازیی مەزهەب و ڕا و بۆچوونەکانەوە و بە فرەیی دەستە و گروپەکانەوە ، هەر هەمان ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر کە دەزانێت دەیگەیەنێت بە زانین و ناسینی حوکمە دابەزیووەکان بۆسەر محەمەدی خاوەن پەیام

---

- بڕوانە : الامالي للشيخ مفيد (٤١٣هـ): ٥٣. هەروەها وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ٢٨: ٣٣٧.، ح (٣٤٩٠٠) فەرمودەی سێیەم لە دەروازەی : ئەوەی جنێو بە پێغەمبەر (د.خ) دەدا یان بە درۆ وتی من پێغەمبەرم .

" لە نەتەوەکەم درۆزن و دەجال هەن بیست و حەوتیان ئافرەتن و من کۆتای پێغەمبەرەکانم و لە دوای من پێغەمبەر نییە" مسند احمد (٢٤١هـ): ٥: ٣٩٦. مجمع الزوائد للهيثمي (٨٠٧هـ): ٧: ٢٣٢. باب ماجاء في الكذابين .

"بەنی ئیسرائیل پێغەمبەریان زۆر بوو هەر کە پێغەمبەرێکیان دەمرد یەکێکە ئەهاتە شوێنی و هیچ پێغەمبەرێك لە دوای منەوە نییە..." صحيح البخاري (٢٥٦هـ):٤: ١٤٤٤. السنن الكبرى للبيهقي (٤٥٨هـ): ٨: ١٤٤. صحيح مسلم (٢٦١هـ): ٦: ١٧. هەروەها پێغەمبەر (د.خ) لە گوتارەکەیدا بۆ پێشەوای بڕواداران عەلیی کوڕی ئەبی تالیب دووپاتی کردووە و لە فەرمودەی المنزله والمتواتر : (تۆ بۆ من لە پایەی هاروونی بۆ مووسا ، بەڵام لە دوای من پێغەمبەرێکی تر نییە). بڕوانە: المحاسن للبرقي (٢٧٤ او ٢٨٠ هـ):١: ٢٥٩، كتاب الصفوة، باب الانفراد، الحديث ٩٩. الغارات للثقفي الكوفي (٢٨٣هـ): ١: ٦٢. الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٨: ١٠٧. معاني الاخبار للصدوق(٣٨١هـ): ٧٤ـ٧٩، باب (معنى قول النبي لعلي: انت مني بمنزلة هارون من موسى الا انه لانبي بعدي)، الاحاديث: ١، ٢. الامالي للطوسي (٤٦٥هـ):١٧١، ٢٥٣، ٣٠٧، ٣٤٢، ٥٤٨، ٥٥٥، ٥٥٨، ٥٦٦، ٥٩٨، ٥٩٩ . مسند ابي داود الطيالسي (٢٠٤هـ): ٢٩. مصنف عبدالرزاق (٢١١هـ): ١١: ٢٢٦، ح (٢٠٣٩٠). مسند احمد (٢٤١هـ): ١: ١٨٤، و ٣: ٣٢. صحيح مسلم (٢٦١هـ): ٧: ١٢٠. سنن ابن ماجة (٢٧٣هـ): ١: ٤٥، ح (١٢١). سنن الترمذي (٢٧٩هـ): ٥: ٣٠٤، ح (٣٨١٤). السنن الكبرى للنسائي (٣٠٣هـ): ٥:٤٤، ٤٥، ١٠٨، ١٢٠، ١٢١، ١٢٣، ١٢٢، ١٢٤، ١٢٥، ١٤٤، ٢٤٠، الاحاديث: ٨١٣٨، ٨١٤١، ٨٣٩٩، ٨٤٢٩، ٨٤٣٣، ٨٤٣٥، ٨٤٣٨، ٨٤٤١، ٨٤٤٢، ٨٤٤٦، ٨٤٤٧، ٨٥١١، ٨٧٨٠. سنن البيهقي (٤٥٨هـ): ٩: ٤٠. وقال في ذيل الحديث: اخرجه البخاري ومسلم في الصحيح من حديث الشعبة وتابع عشرات المصادر الاخرى.

(١) بڕوانە هەردوو ئایەتی پیرۆزی ٣ و ٤ لە سورەتی النجم.

(د.خ) . لەبەرئەوەی کەسی موسوڵمان ڕاسپێردراوە کە کار بە هەموو حوکمەکان بکات هەر بەو شێوەیەی کە لە ڕێگەی شەریعەتی خوداوە دابەزیوون.

بەڵام چۆن بزانرێت ، کە ئەمانە ئەو حوکمانەن ، کە دابەزێندراون و هەر وەك خۆشیانن ، لە کاتێکدا ، کە موسوڵمانەکان جیاوازن ، تایفەکان پەرش و بڵاون ، نە نوێژمان یەکە و نە پەرستنمان ڕێك وەك یەکە ، نە کاری هەموو مامەڵەیەکمان وەك یەك دەڕوات ، ئێمە خەریکی چیین ؟ کەواتە بە چ جۆرە نوێژێك نوێژ بکەین ؟ بە کام چەشنە بیرو بۆچوونە کار بە پەرستشەکان و مامەڵەکانی تری وەك نیکاح و تەڵاق و میراتی و کڕین و فرۆشتن و ڕاستاندنی حەدی خودا و ئەو شتانەی تر بکەین ؟

خۆ مرۆڤ بۆی ناشێت بچێتە سەر ئەو تەقلیدەی کە باوباپیری و کەسوکار و هاوەڵەکانی لەسەری بوون ، ئەویش بەوە سوکنایی بێت ، بەڵکوو پێویستە لەسەری، کە یەقینی هەبێت لە نێوانی خۆی و خودای خۆیدا، لەنێوانی خۆی وەك تاکێك و خودای مەزنیش وەك خودا، کە لێرەدا نە موجامەلەبوونی هەیە و نە ماستاوکردن، نەلایەنگری و نە دەمارگیری.

بەڵێ ، پێویستە مرۆڤ بە تەواوی دڵنیا بێت لەوەی ، کە نموونەییترین ڕێگەی گرتۆتەبەر کە خۆی بڕوای پێی هەیە کە لەسەر ئەو ڕێگەیە ئەستۆی پاك دەبێتەوە و ئەو ئەرکانەشی لەسەر دەکەوێت ، کە لەلایەن خودای مەزنەوە فەرزکراون بەسەریدا و ئیتر دڵنیایە لەمەیاندا کە نە گلەیی لێدەکرێت و نە سزاش دەدرێت ، لەبەرئەوەی ڕێگەی خۆیی گرتووەتە بەر و حوکمەکانیشی لەو ڕێگەیەوە هەڵێنجاوە ، بۆیە ئیتر ناشبێت کەسێکی تر بێت لەبەر خودا گلەیی لەو بکات. ﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَـٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴾ (١) ، ﴿ بَلِ ٱلْإِنسَـٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ ﴾ (٢) ، ﴿ إِنَّ هَـٰذِهِۦ تَذْكِرَةٌ ۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا ﴾ (٣) .

یەکەمین شت ، کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا بیری لێ بکاتەوە و لە خۆی بپرسێت ، ئەوەیە کە دەبێت بپرسێت ، ئایا ڕێگەی ئالی بەیت بگرێتەبەر؟ یان ڕێگەی کەسانی تری جگە لەوان؟ ئەمجا ئەگەر ڕێگەی ئالی بەیتی گرتەبەر، ئایا ڕێگە ڕاستەکەی ئەوێش بریتییە لە ڕێگەی دوازدە ئیمامی یان ڕێگەی تیم و دەستەکانی تر؟

---

(١) ئایەتی ٣٦ لە سورەتی القیامە .

(٢) ئایەتی ١٤ لە سورەتی القیامە .

(٣) ئایەتی ١٩ لە سورەتی المزمل و ئایەتی٢٩ لە سورەتی الانسان.

ئەگەر ڕێگەی سونەشی گرتەبەر. ئایا کام لە چوار مەزهەبەکەی ئەوان بگرێتەبەر؟ یان کام لە مەزهەبە ڕیزکراوەکانی تر هەڵبژێرێت ؟ بەم شێوەیە ئەو کەسەی کە ئازادیی هەڵبژاردنی خرایە بەردەست ئاوا کۆمەڵە شتێکی لەلا دروست دەبێت ، تا ئەو کاتەی کە خۆی لە ڕووی حەقەوە پەنا دەبات بۆ کەسێك کە لە پنتێکی بەهێزدایە، لەبەر ئەوە و - لەپاش ئەمانەوە - پێویستە ئێمە بەدوای ئیمامەتدا بگەڕێین و بزانین چی لە دوای پێشەوایەتییە دوازدەییەکەدا دێت .

## بەشی سێیەم : ئیمامەت

### ٢٣- بیروباوەڕمان لەبارەی ئیمامەتەوە

ئێمە لەو بڕوایە داین ، کە ئیمامەت ئەسڵێکە لە ئسووڵی ئایین ، ئەگەر بڕوات بە ئیمامەت نەبێت ، ئیتر ئیمانەکەت تەواو نابێت. ناشبێت لە مەسەلەی ئیمامەتدا لاسایی باوکان و کەسوکاران و پەروەردەکارانت بکەیتەوە ، ئەگەرچی ئەم کەسانەشت خەڵکی زۆر مەزن و گەورەبن ، بەڵکوو پێویستە ، کە چۆن سەیری یەکتاپەرستی و پێغەمبەرایەتی دەکەیت ، ئاواش سەیری ئیمامەت بکەیت .

هەر هیچ نەبێت کەسی ڕاسپێردراو ئەو کاتە تەکلیفە ئایینییەکانی لەسەر نامێنێت، کە خۆی تا چەند بەشێوەی سلبی یان ئیجابی بڕوای بە تەکلیف و ڕاسپاردەکان هەیە، بۆ نموونە ئەگەر کردەوەیەك یەکێك نەبێت لە ئسووڵەکان ئەوا ناتوانرێت تەقلیدی تیادا بکرێت ، لەبەرئەوەی کە خۆی ئەسڵە ، لەبەرئەوە لەلایەك پێویستە بڕوات پێی هەبێت، واتە لەو لایەوە ، کە کەسی ڕاسپێردراو ئەرکێکی لەسەر نامێنێت ، کە خۆی بڕوای تەواوی بەوە هەبێت ، کە ئەوە فەرمانێکی خوداییە و بە عەقڵی خۆیشی لەوە تێبگات، کە ئەوە ئەرکی سەرشانیەتی و دەبێت ئەنجامی بدات ، ئەگەرچی لە هەمووشیان دڵنیا نەبێت و زانیاریی تەواویشی لە بارەیانەوە نەبێت ، لەبەر ئەوەی هەر دەبێت بگەڕێتەوە سەر ئەم کردەوانە.

هەروەها ئێمە لەو بڕوایە داین ، کە ئیمامەتیش وەك پێغەمبەرایەتی وایە ، یەکێکە لە لوتفەکانی خودای مەزن ، لەبەر ئەوە پێویستە لە هەموو سەردەمێکدا ئیمامێکی ڕێپیشاندەر هەبێت و وەك جێنشینی پێغەمبەر شان بداتە بەر ئەرکەکانی ، لەبەر ئەوە پێویستە لە هەموو سەردەمێکدا ئیمامێك هەبێت ڕێپیشاندەری خەڵك بێت بۆئەوەی کە بزانن چاکە و ئاسوودەیی هەردوو دنیاکەیان لە چیدایە ، لەبەرئەوە پێغەمبەر (د.خ) چ ویلایەتێکی بەسەر خەڵکەوە هەبێت بۆ ڕاییکردنی کاروبار و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و ڕەخساندنی دادپەروەری لە نێوانیاندا و بۆ نەهێشتنی ستەم و دوژمنکاری لە نێوانیاندا.

لەبەر ئەمە ئیمامەت بریتییە لە بەردەوامی و ئیستیمراریەتی پێغەمبەرایەتی . هەر ئەو بەڵگەیەی کە پێوستی کردووە پێغەمبەر بنێردرێت ، هەمان بەڵگەیش بە واجیبی دەزانێت ، کە لەپاشی پێغەمبەرەوە ئیمامیش هەبێت .

لەبەر ئەوە دەڵێین : پێشەوایەتی تەنها لە ڕێگەی دەقەوە دەبێت ، دەقێك لە خودای مەزنەوە ، لەسەر زمانی پێغەمبەرەوە ، یان لەسەر زمانی ئیمامەکەی پێشی خۆیەوە، بۆیە پێشەوایەتی بە دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنی لەلایەن خەڵکەوە نابێت ، بۆیە بۆیان نییە کەسێك دابنێن ، کە خۆیان ویستویانە ، یان ئیمامێك دابمەزرێنن، بۆئەوەی کە ویستیان وازیشی لیٚ بهێنن ، وازی لێبهێنن بۆئەوەی بەبیٚ ئیمام بمێننەوە ، بەڵکوو "ئەوەی بمرێت و نەزانێت پێشەوای زەمانەکەی کێیە بە مردنێکی جاهلییەت دەمرێت"[1] ، ئەمە لە فەرموودەی پێغەمبەری هەرە مەزن سەلمێندراوە.

لەبەر ئەوە نابێت و ناگونجێت هیچ سەردەمێك بەبیٚ ئیمام بێت ، دەبیٚ ئیمامێك هەبێت پەیڕەویکردنیشی فەرزبێت و لەلایەن خودای مەزنەوە دانرابێت . ئیتر مرۆڤەکان بەدڵیان بێت یان نا، پشتگیریی بکەن یان نا ، پەیڕەویی لێبکەن ، یان پەیڕەویی نەکەن ، چ لەپێش چاوی خەڵك بێت یان نەبێت[2] . لەبەر ئەوەی کە چۆن دەگونجێت پێغەمبەر خۆی

(١) لەناو سەرچاوەکانی هەردوولا لە شیعە و سونەدا ئەم فەرموودەیە بە دەربڕینی نزیك لە یەکترەوە هاتووە ، باسی ئەمانەی خوارەوەیان دەکەین : المحاسن للبرقي (٢٧٤هـ) طبعة دار الكتب الاسلامية : ٩٢، ١٥٤، ١٥٥. بصائر الدرجات الكبرى للصفار (٢٩٠هـ): ٢٧٩، ٥٢٩، ٥٣٠. قرب الاسناد للحميري البغدادي : (٣٠٠هـ): ٣٥١. الكافي للكليني (٣٢٩هـ):١: ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٧٩. و : ٢: ٢٠، ٢١، و ٨: ١٤٦. الامامة والتبصرة من الحيرة لابن بابويه القمي (٣٢٩هـ): ١٥٢. الغيبة للنعماني (٣٨٠هـ): ١٢٧، ١٣٠، ١٣٤، ١٣٥. عيون اخبار الرضا عليه السلام للصدوق. البلاغة لابن ابي الحديد المعتزلي (٦٥٦هـ): ٩:١٥٥، و ١٣: ٢٤٣. مجمع الزوائد للهيثمي (٨٠٧هـ) :٥ : ٢٢٥ باب لزوم الجماعة والنهي عن الخروج عن الامة وقتالهم. كنز العمال للمتقي الهندي (٩٧٤هـ) . ١ : ١٠٣، ٢٠٨،ح (٤٦٤)، ح (١٠٣٨). ١: ٦٥، ح (١٤٨٦٣). ينابيع المودة للقندوزي الحنفي (١٢٩٤هـ): ٣: ٣٧٢، الباب ٩١، ح (٣).

(٢) لە زمانی ئەمیری موئمنین عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە دەگێڕنەوە، (س.خ)، کە فەرموویەتی: (ئەم زەوییە ئەوەی لیٚ نابڕێت، کە کەسێك بە بەهانەوە کار بۆ خودا بکات، یان ئەوەتا ئەو کەسە ئاشکرا و بەناوبانگە، یان ترساوە و بە نهێنی کاردەکات، بۆئەوەی بەهانە و بەڵگە ئاشکراکانی خودا بەتاڵ نەکرێنەوە.)

بڕوانە نهج البلاغە : شرح محمد عبدە:٤: ٣٧، باب المختار من حكم امير المؤمنين (ع.س) و .... من كلام لە عليه السلام لكميل بن زياد النخعي رقم (١٤٧). هەروەها بڕوانە كمال الدين وتمام النعمە لە نووسینی الصدوق (٣٨١هـ) : ٢٩٤، تحف العقول للحراني (سەدەی حەوتەمی کۆچی): ١٧٥. بڕوانە خصائص الامة للشريف المرتضي(٤٠٦هـ)١٠٦. الغارات للثقفي الكوفي (٢٨٣هـ): ١: ١٥٣. مناقب امير المؤمنين عليه السلام للكوفي (لە ساڵی ٣٠٠ کۆچیدا زیندوو بووە.):٢: ٩٦. هەروەها (الهداية الكبرى للخصيبي ٣٣٤هـ: ٣٦٢). دستور معالم الحكم ومأثور مكارم الشيم لابن سلامة (٤٥٤هـ): ٨٤، نزهة الناظر وتنبيه-

ئامادە نەبێ - وەك غەیبوونی كاتی مانەوەی لەناو ئەشكەوتەكەدا و هەردە و دەستدا - بۆ ئیمامیش ڕاستە غەیب بێت ، ئیتر لە حوكمی عەقڵدا جیاوازی نییە لە نێوانی غەیبوونی ماوەی زۆر و ماوەی كەمدا . ئەوەتا خودای مەزن دەفەرموویت : ﴿ وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ ﴾ [1] ، هەروەها فەرمووشیەتی: ﴿ وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴾ [2]

## ٢٤- بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی عیسمەتبوونی ئیمامەوە

هەروەها لەو بڕوایەداین ، كە ئیمامیش وەك پێغەمبەر پێویستە پارێزراو بێت لە هەموو دزێوی و خراپەكارییەك، نە بە ئاشكرا و نە بە نهێنی هیچ خراپەیەكی نەبێت ، بە ئاگایی بێت یان بێ ئاگایی، لە لەدایكبونیەوە تا مردنی. هەروەها پێویستە لە ئەنجامدانی هەڵە و بەهەڵەداچوون و لە بیرچوونەوەش پارێزراو بێت، چونكە ئەركی ئیمامەتی ئەوەیە، كە پارێزگاری لە شەرع بكەن، هەروەك پێغەمبەر وان، هەر ئەو بەڵگەیەی كە وامان لێدەكات بڕوامان بە عیسمەتبوونی پێغەمبەرەكان هەبێت، هەمان بەڵگەش وامان لێدەكات، بڕوامان بەعیسمەتبوونی ئیمامەكانیش هەبێت بەبێ جیاوازی.

لیس على الله بمستنكر    ان يجمع العالم في واحد[3]

واتە ئەوە خودایە كە قودرەت و توانای هەیە ، كە هەموو دنیا لەناو یەك كەسدا كۆبكاتەوە.

---

- الخاطر للحلواني (سەدەی پێنجەم): ٥٧، تاريخ مدينة دمشق لابن عساكر (٥٧١هـ): ١٤: ١٨، ٥٠: ٢٥٣، ٢٥٤. ينابيع المودة للقندوزي الحنفي (١٢٩٤ هـ): ١: ٨٩، ح: (٣٤). هەروەها زۆر كتێبی تریش، چونكە ئیبن حەجەری عەسقەلانیشمان هەیە، كە گووتویەتی ئەم فەرموودەیە ڕاست و سەحیحە، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە كتێبی: فتح الباری عەسقەلانی (٨٥٢هـ): ٦: ٣٥٩.

(١) ئایەتی ٧ لە سورەتی الرعد.

(٢) ئایەتی ٢٤ لە سورەتی فاطر .

(٣) ئەمە شیعری ئەبوو نەواسە، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە كتێبی : مختصر المعاني للتفتازاني (٧٩٢هـ): ٣٠٦، لەناو سەرچاوەكەدا هاتووە :

ليس من الله بمستنكر    ان يجمع العالم في واحد.

## ٢٥- بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی سیفات و زانستەکانی ئیمامەوە

ئێمە لەو بڕوایەداین ، کە ئیمامیش وەك پێغەمبەر پێویستە لە باشترین خەڵك بێت لەناو سیفەتەکانی کامڵبوندا ، وەك بوێری و کەرامەت و پاکی و ڕاستگۆیی و دادپەروەری و کارسازی و عەقڵ و ئاوەز و حیکمەت و ڕەوشتەوە.

کەواتە ئەو بەڵگانەی کە لەناو پێغەمبەردا هەن ، پێویستە هەمان بەڵگە لەناو ئیمامیشدا هەبن.

هەرچی زانستەکەیەتی : ئەوەیە ، کە هەموو مەعریفە و حوکمەکانی خودا و هەموو زانیارییەکان لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە یان لە ئیمامەکەی پێشی خۆیەوە وەردەگرێت.

بۆیە ئەگەر شتێکی تازەیش هاتە پێشەوە، ئەوا دەبێت لە ڕێگەی ئیلهام و سروشەوە بیزانێت ، دەبێت بەو هێزە قودسییەی کە خودای مەزن بە ئەوی بەخشیوە بتوانێت بیزانێت ، بۆیە ئەگەر ڕووی خۆیی کردە شتێك و مەبەستی ئەوە بوو ، کە ڕووی ڕاستەقینەی ئەو شتە بزانێت ، ئەوا نە هەڵەی تیادا دەکات و نە گومانیشی لەسەر دروست دەبێت ، بۆئەمەش پێویستی بە بەڵگەی عەقڵی نییە ، هەروەها پێویستیشی بەوە نییە ، کە فێرکەران فێری بکەن ، بەڵکوو هەموو زانستەکەی خۆی زیاد دەبێت و زۆر دەکات ، هەر لەبەر ئەمەیە ، کە حەزرەتی پێغەمبەری خودا (د.خ) لە کاتی دوعاکردنیدا بۆ خۆی فەرموویەتی : ﴿رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾ [(١)]

منیش دەڵێیم ، توێژینەوە دەروونییەکان سەلماندوویانە کە لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا سەعاتێك یان چەند سەعاتێك هەیە ، کە تیایاندا هەموو شتێك بزانێت ، ڕەنگە لەو سەعاتەدا لە ڕێگەی زەینەوە، کە زەینیش بەشێکە لە ئیلهام و بەهۆی ئەو هێزانەوە کە خودای باڵادەست بەوی بەخشیوە بتوانێت هەندێك شت بزانێت ، دیارە بە پێی جیاوازبوونی مرۆڤەکان ئەم هێزانەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر زیاد و کەم دەکەن، فراوان و بەرتەسك دەبنەوە. ئیتر وایە ، کە زەینی مرۆڤ لە کاتێکدا بازێك دەدات و دەچێتە ناو کایەی مەعریفە و زانینەوە ، بەبێ ئەوەی کە مرۆڤەکە خۆی لەو کاتەدا پێویستی بە زانین هەبێت یان پێویستی بە سازکردنی پێشەکی و سەلماندن و فێرکردنی لایەنی فێرکەران هەبێت . بۆیە هەموو مرۆڤێك لە ژیانی خۆیدا هەلی زۆری وای دێتە بەردەست.

---

(١) بڕوانە ئایەتی ١١٤ لە سورەتی طه.

کە وابێت ، مرۆڤ دەتوانێت لەناو هێزی ئیلهامبەخشی ناو مێشکی خۆیدا، بگات بە ئەو پەڕی پلەی کامڵبوون ، ئەمە شتێکە فەیلەسوفە دێرینەکان و تازەکانیش ددانیان پیایدا ناوە.

لەبەرئەوە دەڵێین ، کە خۆی لە خۆیدا دەگونجێت ، ئەو هێز و توانای ئیلهامەی کە لەلای ئیمام هەیە و پێی دەگوترێت هێزی قودسی بگات بە ئەوپەڕی پلەکانی کامڵبوونی خۆی. لەناو بێگەردبوون و پاکبوونی بچێتە باری ئەو ئامادەباشییەوە کە بتوانێت لە هەموو کات و هەموو حاڵەتێکدا زانیاری وەربگرێت ، بۆیە کەی ڕووی کردە شتێك و بیەوێت بیزانێت ئەو شتە چییە ، ئەوا بە توانای ئەو هێزە ئیلهامییە پیرۆزەوە بەبێ وەستان و بەبێ پێگوتن و بەبێ ئەوەی کە فێرکەرێك فێری بکات دەیزانێت و لەناو ناخی خۆیدا ئەو زانیارییانەی بۆ دەردەکەوێت وەك بینینی ناو ئاوێنەیەکی ڕوون دەتوانێت بیبینێت ، نە ڕتووشی تێدایە و نە چەواشەیی.

لەناو مێژووی ئیمامەکاندا (س.خ) ئەم مەسەلەیە ڕوونە ، ئەوانیش وەك حەزرەتی محەمەد (د.خ) ، کەس فێری نەکردوون ، هیچ مامۆستایەك وانەی پێ نەگوتوون، هەر لەسەرەتای منداڵییانەوە تا تەمەنی کامڵبوون ، تەنانەت خوێندنەوە و نووسینیشان پێ نەگوتراوە ، نە سەلمێندراوە، کە کەسێکیان چوبێتە حوجرەیەکەوە ، یان لە بوارێکدا وانەی لە مامۆستایەك وەرگرتبێت[1] لەگەڵ ئەو پلە بەرزە زانستییەدا، کە هەیانە و کەس

---

(١) وا زانراوە، کە ئیمامەکانی ئالی بەیت (س.خ)، خۆیان سەرچاوەی زانست عیلم بوون. ئەوەتا یەزیدی تاغوتی سەدەردەمەکەی خۆی، بەر نەفرەتی خودا بکەوێت، لەپاش کوشتنی ڕەیحانەکەی پێغەمبەری خوداوە (د.خ)، ئیمامی حسەین ، ئەو کاتە ددانی بەوەداناوە، کە ئیمام زەینەلعابدین (س.خ) بە دیلی کەوتۆتە بەردەستی و لە کەربەلاوە دەیبەن بۆ دیمەشق بۆلای ـ لەوێ داوای لێدەکات کە سەربکەوێت بۆ مینبەرەکەی و پێیدەڵێت : (ئەی یەزید مۆڵەتم بدەرێ با بچمە سەر ئەم دارانە و بە چەند فەرموودەیەکی خودا قسە بکەم و کە ڕەزامەندیی خودایان تێدا بێت، هەروەها با چاکە و پاداشتی بۆ ئەو دانیشتوانەش تێدا بێت) بەڵام یەزید ڕێگەی ئەوەی پێنادات، ئیتر خەڵکیش گووتیان ئەی ئەمیری موسوڵمانان ڕێگەی پێبدە بابچێە سەر مینبەرەکە، با شتێك لەوەوە ببیستین، ئەویش گووتی، ئەو ئەگەر بچێتە سەر مینبەر نایەتە خوارەوە تا منیش و ئالی ئەبوو سوفیانیش بە تەواوی ڕسوا نەکات، ئیتر پێی گووترا: ئەی ئەمیری موئمنین تۆ بەچیدا دەزانیت کە ئەو ئەوەی پێدەکرێت ؟ ئەویش گووتی: ئەمە لە ئالی بەیتە، خۆیان سەرچاوەی زانستن. ئیتر وازیان لێ نەهێنا، تا مۆڵەتی پێدا و چووە سەر مینبەر، کە چوو، سوپاس و ستایشی خودای کرد و خوتبەیەکی خوێندەوە، هەموو چاوەکانی خستە گریان و دڵەکانیشی خستە لەرزین. بڕوانە : بحار الانوار للمجلسي (١١١١هـ) : ٤٥ : ١٣٨. هەروەها بڕوانە –

نییە پیایاندا بگاتەوە ، پرسیارێکی هەر شتێکیان لیٚ کرابێت لە کاتی خۆیدا وەڵامیان داوەتەوە. بۆیە هەرگیز وشەی (نازانم) بەسەر زمانیاندا نەهاتووە[1] و وەڵامدانەوەشیان دوانەخستوە بۆئەوەی بڵێن دەچم سەیری سەرچاوە دەکەم و بیری لێدەکەمەوە.

لە کاتێکدا ، کە تۆ سەیری کەسێك لە فەقیهەکانی ئیسلام بکەیت ، کە شتی لیٚ وەرگیردرابێت ، یان لە زمانی ئەوەوە شتێك گێڕدرابێتەوە ، دەیبینیت لەگەڵیدا باسی ئەوانە کراوە، کە ئەمە شاگردی فلان کەس بوە یان فلان کەس پەروەردەی کردوە، لەبەرئەوە گێڕانەوە و زانستەکەیی لە کەسانی ناسراوەوە وەرگرتوە، بۆیە مەسەلەی فیقهیی هەندێك شتی هاتۆتە ناودەست، یان گومانی لە زۆر شت کردوە، وەك خەڵکانی ئاسایی هەموو سەردەم و شوێنێك.

## ٢٦- بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی پەیڕەویکردنی ئیمامەکانەوە

ئێمە لەو بڕوایەداین، کە ئیمامەکان ئەو وەلی ئەمرانەن ، کە خودای گەورە فەرمانی کردووە تاعەتیان بکرێت[2]، لەبەرئەوەی ئەوان شایەت و گەواهیدەرن لەسەر خەڵك،

---

- لواعج الاشجان في مقتل الحسين (ع.س) لمحسن الامين (١٣٧١هـ): ٢٣٣. هەروەها بڕوانە الفتوح لابن اعثم الكوفي (٣١٤هـ): ٥: ١٣٢ـ١٣٣. مقتل الحسين (ع.س) للخوارزمي (٥٦٨هـ): ٢: ٦٩ـ٧١.

(١) لە ئیمام جەعفەری سادقەوە (س.خ) دەگێڕنەوە، کە فەرموویەتی " خودا کەسیٚ ناکات بە حوجەت لەسەر زەویەکەی خۆی، کە پرسیاری لێکرا، ئەو بڵێت نازانم" الكافي الكليني (٣٢٩هـ):١:٢٢٧، باب ان الائمة عليهم السلام عندهم جميع الكتب التي نزلت من عند الله، ح (١). الامامة و التبصيرة لابن بابويه القمي (٣٢٩هـ): ١٣٩، ح (١٥٩). التتوحيد للصدوق (٣٨١هـ): ٢٧٥، ح (١)، باب الرد على الذين قالوا أن الله ثالث ثلاثة. هەروەها بڕوانە الفصول المهمة في اصول الائمة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١: ٤٩٠، الباب ٧، ح (١٩)/٦١٩. وورد عن الامام الصادق عليه السلام (ان الارض لاتترك الا بعالم، يحتاج الناس اليه و لايحتاج الى الناس، يعلم الحلال و الحرام) . ئەم شتە لەسەرچاوەی (المحاسن)ی برقیدا باس کراوە (٢٧٤هـ) چاپەکەی کۆمەڵەی زانستیی ئالی بەیت (س.خ)، ١: ٣٦٦/ ٧٩٤، ح (١٩٦)، کتێبی (مصابيح الظلم) بەشی (لاتخلوا الارض من عالم. بصائر الدرجات الكبرى) لە نووسینی صفار (٢٩٠هـ): ١٥٦، ح (٤)، بەشی (ماعند الائمة من كتب الاولين.... ويقاريه في ): ٣٧٤، ح (٤) باب في الائمة عليهم السلام ورثوا العلم من رسول الله (ص) ٥٠٥، ح (٨)، من باب الارض لاتخلو من الحجة و هم الائمة. هەمان نموونەش لەلای ئەمانە هەیە: كمال الدين وتمام النعمة للصدوق (٣٨١هـ): ٢٢٣، ح (١٥)، باب اتصال الوصية من لدن آدم عليه السلام وان الارض لاتخلو من حجة الله...

(٢) لە ئیمام محەمەد باقرەوە (س.خ) دەگێڕنەوە، کە لەبارەی ئایەتی ژمارە ٥٩ی سورەتی النساء ، کە دەفەرموێت ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ ﴾ فەرموویەتی: -

ئەوان دەروازەکانی بەرەو خودان ، هۆکارن بەرەو گەیشتن بە خودا ، ڕێبەری ئەو ڕێگایەن . گەیەنەری زانیارییەکانی ئەون، تەرجومانە زیندووەکانین، پایەکانی یەکێتیی خودان و کانگای کۆکردنەوەی زانستەکانی ئەون ، لەبەرئەوە چۆن ئەستێرەکان خاڵی ئەمانن بۆ خەڵکی ئاسمان ، ئاوا ئەوانیش خاڵی ئەمانن بۆ خەڵکی سەر زەوی[1] ، وەك ئەوەی کە پێغەمبەری خودا، (د.خ) ، باسی کردوون و فەرموویەتی ( نموونەی ئەوانە لەناو ئەم ئومەتەدا وەك کەشتییەکەی نووح وایە ، کە هەرکەس لەگەڵیدا سەرکەوت ڕزگاری دەبێت و هەرکەسیش فریای نەکەوت ئەوا نوقم دەبێـت و دەفەوتێت)[2] .

---

- کە : (ئیمامەکان ئەوانەن کە لە کوڕانی عەلی و فاتمەن (س.خ) تا ڕۆژی هاتنی قیامەت.) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە الامامة والتبصيرة لابن بابويه القمي (٣٢٩هـ) : ١٣٣، ح (١٤٥). هەروەها سەیری ئەم سەرچاوەیەش بکە: الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ١: ٢٧٦، ح (١)، باب الامام عليه السلام يعرف الامام الذي يكون من بعده... عيون اخبار الرضا للصدوق (٣٨١هـ):١: ١٣٩، باب ماكتبه الرضا عليه اللسلام للمأمون في محض الاسلام وشرائع الدين، ح (١٤). کاتێکیش کە لە ئەبوو بەسیر ئیمام جەعفەری سادق سەبارەت بۆچوونی لەبارەی ئەو ئایەتەوە لە وڵامدا وتی : (ئەوە لەبارەی عەلیی کوڕی ئەبی تالیب و حەسەن و حسەینەوە (س.خ) دابەزیوە) ئەمجا لێیان پرسییەوە کە خەڵك دەڵێن ، ئەی بۆچی خودای مەزن ناوی عەلی و ئالی بەیتەکەیی نەهێناوە لەناو قورئانی پیرۆزدا، ئەویش وەڵامی دایەوە : (قولوا لهم : ان رسول الله صلى الله عليه وسلم نزلت عليه الصلاة ولم يسم الله لهم ثلاثا ولا اربعا، حتى كان رسول الله صلى الله عليه وسلم هو الذي فسر ذلك لهم، ونزلت عليه الزكاة ولم يسم لهم من كل اربعين درهما درهم.) بڕوانە الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ١: ٢٨٦. باب مانص الله عزوجل ورسوله على الائمة واحدا فواحداً، ح (١). هەروەها لە ئیمامی باقرەوە (س.خ) دەگێڕنەوە، کە لە تەفسیری ئایەتی ژمارە ٨٣ی سەرەتی النساء دا ﴿ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ ﴾ دا فەرموویەتی (خودا خۆی ئیمامەکانی ئالی بەیتی پێغەمبەری خودای کردووە بە خەڵکی زانست و عیلم و توانای هەڵێنجاندنی شتیان هەیە ، لەبرئەوە تاعەتکردنی ئەوان بووە بە واجیب، بۆیە گووتی: ﴿ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ ﴾ دەتوانیت بۆ ئەم مەبەستە سەیری دعائم الاسلام بکەیت، لە نووسینی قازی نوعمانی مەغریبی (٣٦٣هـ): ١: ٢٤. نموونەی تری ئەمە زۆرن لەناو سەرچاوە ئیسلامییەکاندا، خوێنەر دەتوانێت بیاندۆزێتەوە.

(١) لە پێغەمبەرەوە (د.خ) هاتووە : "چۆن ئەستێرەکان خاڵی ئەمانن بۆ خەڵکی ئاسمان، بۆ ئەهلی بەیتم ئەمانن بۆ ئەتەوەکەم" . عيون اخبار الرضا (ع.س) و هەروەها لە پێشەوا سادق (س.خ) هاتووە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: "... ئەستێرەکان ئەمانن بۆ خەڵکی ئاسمان و ئەهلی بەیتم ئەمانن بۆ خەڵکی سەر زەویو گەر ئەستێرەکان چوون خەڵکی ئاسمان تووشی نارەحەتی دەبن و گەر ئەهلی بیتم بچن ئەوە ئەوە خەڵکی سەرزەوی تووشی ناخۆشی دەبن". علل الشرائع للصدوق (٣٨١ك) .

(٢) دعائم الاسلام للقاضي النعمان المغربي (٣٦٣هـ) .

بەڵکوو هەر بەو شێوەیەی کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ﴿ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ ﴾[1].

ئەمانە ئەو کەسانەن ، کە پیسیی پێوە نەهێشتوون و بە خاوێنکردنەوە خاوێنی کردوونەتەوە[2] .بەڵکوو بگرە ئیمە لەو بڕوایەدایىن، کە فەرمانی ئەوان بریتییە لە فەرمانی خودا، نەهیی ئەوانیش هەر بە هەمان شێوە بریتییە لە نەهیی خودا ، پەیڕەوەیکردن لەوان پەیڕەوی کردنە لە خوودا و دەرچوون لە فەرمانی ئەوان دەرچوونە لە فەرمانی خودا، ویلایەتی ئەوان ویلایەتی خودایە، دوژمنی ئەوان دوژمنی خودایە.

نابێت بەرپەرچیان بدرێتەوە، بەرپەرچدانەوەی ئەوان وەك بەرپەرچدانەوەی پێغەمبەر وایە. بەرپەرچدەرەوەی پێغەمبەریش بەرپەرچدەرەوەی خودای مەزنە[3] .

---

(١) بڕوانە هەردوو ئایەتی ٢٦ و ٢٧ لە سورەتی الانبیاء.

(٢) بڕوانە الایضاح لابن شاذان الازدي النیسابوري (٢٦٠هـ): ١٧٠. الغارات للثقفي الكوفي (٢٨٣هـ) : ١: ذ٩٩. مناقب الامیر المؤمنین للكوفي القاضي (كان حیا سنة ٣٠٠هـ): ١: ١٥٧، ٢: ١٣٢، ١٥٢، ١٦١، ٥٠٠. المسترشد في الامامة امیر المؤمنین للطبري الامامي (اوائل القرن الرابع): ٥٨٩: ٦٨٥. الامالي للطوسي (٤٦٠هـ): ٢٦٤. تثبیت الامامة للهادي الزیدي الیمني (٢٨٩هـ): ٣٤. مسند ابن حنبل (٢٤١هـ): ٣: ٢٥٩، ٤: ٧١٠٧، ٢٨٥، ٦: ٢٩٢، ٢٩٨، ٣٠٤. سنن الترمذي (٢٧٩هـ): ٥: ٣١، ٣٢٨، ٣٦١ الاحادیث (٣٢٥٨)، (٣٨٧٥)، (٣٩٦٦).كتاب السنة لعمرو بن ابي عاصم للضحاك (٢٨٧هـ): ٥٨٩. السنن الكبرى للنسائي (٣٠٣هـ). المستدرك على الصحیحین للحاكم النیسابوري (٤٠٥هـ): ٣: ١٧٢. شواهد تنزیل لقواعد التفضیل للحاكم الحكساني (القرن الخامس الهجري):٢: ١٠٣. الصواعق المحرقة للهیثمي (٩٧٤هـ): ١٤٣.

هەروەها بۆ زیاتر زانیاری دەتوانیت بڕوانیتە : اية التطهیر، الاصفي، محمد مهدي (معاصر) قم: المجمع العالمي لاهل البیت علیهم السلام . الطبعة الاولى ١٤١٦هـ / ١٩٩٥م.م

آیة التطهیر رؤیة مبتكرة، الفاضل اللنكراني ، و شهاب الدین الاشراقي، الطبعة الاولى ١٤١٦هـ / ١٩٩٥م .

آیة التطهیر دراسة في المدالیل والاهداف، عبدالزهرة عثمان محمد، الطبعة الاولى، ١٤١٤هـ مع الدكتور السالوس في اية التطهیر (سلسلة على مائدة العقیدة ـ ١٦ ) الحسیني المیلاني، علي (معاصر).

هەروەها هەموو ئەو سەرچاوە گەورانەی تەفسیرکردن کە لە پەراوێزی ئەم ئایەتە شەریفەدا نوسراون و چەند سەرچاوەیەکی تری کتێبی کەلەپووری ئیسلامی.

(٣) لە زمانی ئیمامی سادقەوە (س.خ) دەگێڕنەوە، کە لە پەراوێزی (مقبولة ابن حنظلة)دا گووتویەتی (وەڵامدەرەوە و بەرپەرچدەرەوەی ئێمە ، بەرپەرچدەرەوەی خودایە ، هەر وەکوو شەریك بڕیارلێدانە -

بۆیە ئیتر پێویستە تەسلیمی ئەوان ببین و مل بە فەرمانیان بدەین و بە قسەیان بکەین.

لەبەر ئەوە لەو بڕوایە داین ، کە لە گۆزەی ئاوی ئەوانەوە نەبێت ئاوی حوکمە شەرعییەکان هەڵناهێنجدرێت ، لەوانەوە نەبێت نابێت هیچ وەربگیردرێت ، کەسێك ئەرکێکی لەسەر بێت تەنها بەوە لە کۆڵی دەبێتەوە ، کە بچێتە لای ئەوان ڕێگەی بۆ دابنێن ، ئیتر لە نێوانی خۆی و خودای خۆیدا مێشکی ئیسراحەت بکات ، کە لە ڕێگەی ئیمامەکانەوە ئەرکە واجیبەکانی سەرشانی خۆیی بە ئەنجام گەیاندووە.

ئەوان وەك کەشتییەکەی نووح وان ، هەرکەس لەگەڵ ئەو کەشتییە سەربکەوێت ڕزگاری دەبێت ، هەرکەسیش لەو کەشتییە دوابکەوێت ، ئەوا نووقمی ناو دەریای هەڵچووی پڕ لە شەپۆلی گومان و چەواشەکاری و بانگەشەکاریی جیاجیا و ناکۆکی دەبێت.

ئەوەی کە مەبەستمانە لە لێکۆڵینەوە لەسەر ئیمامەتی ناو چاخ و سەردەمە جیاوازەکان ئەوە نییە ، کە بیسەلمێنین ئەوانە خەلیفەی شەرعی و ئەهلی دەستەڵاتی خودایی بوون ، چونکە ئەوە شتێکە کە بەناو مێژوودا ڕۆچووە و تازەش سەلماندنەوەی بۆ جارێکی تر چەرخی ڕۆژگار ناگەڕێنێتەوە ناشتوانرێت بەو کارە مافی خوراوی هیچ کەسێك بگەڕێندرێتەوە . بەڵکوو ئەوەی کە لەمەدا بەلای ئێمەوە گرنگە بریتییە لەوەی بڵێین کە پێویستە بۆ بڕیاردان لەبارەی حوکمە شەرعییەکانەوە بگەڕێینەوە بۆلای ئەوان. بۆئەوەی ئەوشتانەمان دەست بکەوێت ، کە بە ڕێگایەکی ڕاست و دروست ڕاستەوخۆ لە پێغەمبەر خۆیەوە هاتوون و دەگەن بە ئێمە.

بۆیە شت وەرگرتن لەو گێڕەرەوە و موجتەهیدکارانەوە ، کە ئاوی کانیی ئیمامەکانیان نەخواردۆتەوە و بە تیشکی ئەوان ڕێگەی خۆیانیان ڕوون نەکردۆتەوە ، مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە ڕێگەی ڕاست و ڕەوانی ئایین ، هەروەها کەسی ڕاسپێدراویش بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی خۆی لەوە دڵنیا نابێت ، کە ئەو ئەرکە لە ئەستۆی کەوتبێت ، کە خودای گەورە فەرزی کردووە لەسەری ، چونکە ئەوەندە ڕاو بۆچوونی

---

- بۆ خودا). بڕوانە: الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ١: ٦٧، ح (١٠) ، دەروازەی اختلاف الحديث. و٧: ٤١٢، ح (٥)، باب كراهية الارتفاع الى قضاة الجور. الكافي في الفقه الحلبي (٤٤٧هـ): ٤٢٥. تهذيب الاحكام للطوسي (٤٦٠هـ): ٦: ٢١٨، ح (٦)، باب من اليه الحكم واقسام القضاة والمفتين. كتاب القضايا والاحكام. الفصول المهمة في اصول الائمة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١: ٥٣٨، ح (١)، باب (٢٠) ، وجوب الرجوع الى رواة الحديث ، فيما رووه من الاحكام.

جیاواز لە نێوانی دەستە و تایفەکاندا هەیە ، کە ئومێدی ئەوەیان لێ ناکرێت ڕوانینی ئەمانە مرۆڤ سەربخات ، ئەوەش بۆ کەسی ڕاسپێردراو بە ڕەخساوی نامێنێتەوە کە خۆی سەرپشك بکات و بچێتە سەر هەر مەزهەب و ئاراستەیەك کە خۆی بەلایەوە باش بێت ، بەڵکوو پێویستە کە شتەکان بپشکنێت و بگەڕێت هەتا دەگات بە بەدەستهێنانی بەهانەی یەکجاری لەنێوانی خۆی و خودای خۆیدا بۆئەوەی مەزهەبێکی تەواو و تایبەت بگرێتەبەر و دڵنیاش بێت لەوەی کە ئەو مەزهەبەی دەیگەیەنێت بە حوکمەکانی خودای باڵادەست . ئەستۆی خۆشی پاك دەکاتەوە ، بەوەی کە هەموو ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت . چونکە مرۆڤ چۆن دڵنیایە لەوەی کە حوکم هەیە و سەپێندراوە بەسەریدا و فەرزە بۆ جێبەجێکردن ، ئاواش دەبێت دڵنیا بێت ، کە ئەو ئەرك و حوکمانەی جێبەجێ کردووە و هیچیشی لە ئەستۆدا نەماوە ، چونکە کاردانی دڵنیایی پێویستی بە تەواوبوونی دڵنیایی و یەقین هەیە.

بەڵگەی یەکلاییکەرەوەی ڕێنوێنیکردن لەسەر پێویستبوونی گەڕانەوە بۆ لای ئالی بەیت ، بۆ ئەوەش ، کە ئەوان مەرجەع و سەرچاوەی ڕەسەنن لەپاش پێغەمبەرەوە بۆ ئەوەی حوکمە دابەزیوەکانی خودایان لێ وەربگیردرێت ، ئەو فەرموودەیەی حەزرەتی محەممەدە (د.خ)، کە دەفەرمووێت : (من لەناو ئێوەدا دووانم بەجێهێشتووە کە ئەگەر دەستیان پێوە بگرن هەرگیز ون نابن ، ئەوانیش بریتین لە دوو قورساییەکەی سەقەلەین[1]. یەکیان لە ئەوی تریان گەورەترە : بریتییە لە کتێبەکەی خودا ، کە حەبلێکە لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی ڕاکێشراوە ، ئەوی تریشیان بریتییە لە عوترەکەی

(١) سەقەل (الثقل) : واتە ئەو بارەی کە لە وڵاخ باردەکرێت. بە جن و ئینسیش گووتراوە سەقەلان، واتە دوو قورساییەکە ، لەبەرئەوەی ئەو دووانە باری سەر زەوین و وەك ئەوە وان کە قورسترینی بن، فەرموودەکە قورئانی پیرۆز و عترەکەی وەك یەك شوبهاندووە.. بەو مانایەی کە ئایین بەو دووانە ئاوەدان دەبێتەوە وك ئاوەدانبوونەوەی دنیا بە دوو قورساییەکە، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە کتێبەکەی زمخشری (الفائق في غريب الحديث) ساڵی (٥٣٨هـ): ١٥٠. کە تیایدا هاتووە (ئەو ناوی ناون سەقەلەین، واتە دوو قورسەکە ، لەبەر ئەوەی کە وەگرتن و کارپێکردنیان قورسە ، هەروەها دەشگووترێت هەموو شتێکی مەترسیدار و بەهادار قورساییان هەیە ، لەبەر ئەم هۆکارە و بۆ لەبەرچاوگرتنی مەزنایەتیی قەدری ئەوان و بە گەورە وەرگرتنیان ناوی ناون سەقەلەین، واتە دوو قورساییەکە. سەرنج بدەرە: النهاية في غريب الحديث و الاثر لابن الثير الجزري (٦٠٦هـ): ١: ٢١٦.

خۆم[1] ، ئالی بەیتی من ، ئەمانە لە یەك جیانابنەوە تا ئەوكاتەی لەسەر حەوزەكە[2] دەگەنەوە بە من.) .

---

(١) عوترە : مەبەست لە عوترە بریتییە لە خێڵ ، پێی گووتراوە مورز ، لەبەرئەوەی كە چەند لق و پۆپێكی جیاوازی لێدەبێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە بڕوان ە: الفائق في غريب الحديث: ١٥٠. هەروەها (ئیبن ئەبی لحەدید) لەناو (شرح كلام امير المؤمنين الامام علي بن ابي طالب عليه السلام)دا دەڵێت: (ئێوە چۆن چەواشە دەبن كە عوترەی پێغەمبەرەكەتان لەناودایە! و ئەوان زیمەتی حەق و مەشخەڵی ئاین و زمانی ڕاستگۆیی ، بۆیە ئەوان لە باشترینی ئەو شوێنانەدا دابنێن ، كە قورئان باسی كردووە و وەك تینوو بوون بۆئەوان بچنەوە بۆلایان.) هەروەها عوترەی پێغەمبەری خودا (د.خ) بریتییە لە كەسە نزیكەكان و نەوەكانی خۆی، بۆیە ئەو كەسانە ڕاست ناكەن كە دەڵێن عوترەكەی بریتین لە لایەنگرەكانی ئەگەرچی دووریش بن لێیەوە. ئەبوو بەكر لە ڕۆژی سەقیفە یان ڕۆژێكی دوای ئەودا گووتویەتی (ئێمەین كە عوترەی پێغەمبەرین (د.خ) ، ئەو هێلكەیەین كە لەسەری ئەوەوە جوڵاوین.) دیارە ئەمە بەناوی خەڵكی شوێنە جیاوازەكانەوە گووتراوە و بەشێوازی مەجازی گووتراوە، لەبەر ئەوەی وەك حەقیقەت عوترەی ئەو نین. ئەوەتا هەر وەك ئەمە، دەبینین (العدناني) شانازی بەسەر (القحطاني)دا دەكات و پێی دەڵێت: من كوڕی مامی پێغەمبەرم (د.خ) . دیارە ئەمە مانای ئەوە نییە، كە لە ڕاستیشدا هەر كوڕە مامی ئەوی موبارەك بێت ، بەڵكوو ئەمە وەك ئەوە وایەن كە خۆیی داوەتە پاڵی قەحتانی وەك ئەوەی كە كوڕی مامی بێت ، بۆیە ئەمە دەربڕینێكی مەجازییە. چونكە دیارە كە ئەم شتانە بەپێی خزمی خزم و بەو شێوەیە خەمڵێندراوە وەك كوڕی كوڕی مامی باوكی باوك و ئیتر شۆڕبوونەوە بەم پەیوەندییەدا تا گەیشتن بە ژمارەیەكی زۆری كوڕ و كوڕەزا ، دیارە كە ئەبوو بەكریش هەر بەمشێوەیە ویستویەتی بڵێت ، كە ئەوان عوترەی باپیری ئەون. ئەوەش ڕوونە كە پێغەمبەر خۆی (د.خ) ڕوونی كردۆتەوە، كە عوترەكەی كێن ، لەوەدا كە فەرموویەتی: (من لەناو ئێوەدا دوو قورساییم بەجێهێشتوە)، ئەمجا گووتویەتی (عوترەكەم كە ئالی بەیتی منن) هەروەها لە شوێنێكی تریشدا فەرمویەتی كە ئالی بەیتەكەشی كێن.
كە لە ئیمامی عەلی (س.خ) دەپرسن عوترەی سەقەلەین كێیە؟ ئەویش وەڵامی داوەتەوە فەرموویەتی: (من و حەسەن و حسەین و هەر نۆ ئیمامەكەی كوڕانی حسەین ، نۆیەمینیان مەهدییانە ، ئەو ڕاگریشیانە. ئەمانە نە لە كتێبی خودا جیادەبنەوە و نە كتێبی خودایش لەوان جیادەبێتەوە تا دەگەڕێندرێنەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا (د.خ) لە ڕۆژی قیامەت.) . عيون اخبار الرضا عليه السلام للصدوق (٣٨١هـ): ٢: ٦٠ ، ح (٢٥)، باب النصوص على الرضا عليه السلام بالامامة في جملة الائمة الاثناعشر. عليه السلام.

(٢) فەرموودەی سەقەلەین لە ئەو فەرموودانەیە ، كە گەیشتووە بە پلەی تەواتر، جگە لە زانایانی ئەهلی شیعە زانایانی ئەهلی سونەیش وەریانگرتووە و گواستویانتەوە، لەبەر گرنگیی ئەم فەرموودەیە نووسەران چەندان بەش و دروازەو لقی نووسینەكانی خۆیانیان تەرخان كردووە بۆ توێژینەوە -

ئەم فەرموودەیە هەموو ڕێگاکانی سەر بە سونە و شیعە هاوڕا و کۆکن لەسەری .

بۆیە بە وردی سەیری ئەم فەرمووده پیرۆزە بکە ، دەبینیت شتی وهای تێدایە ، کە لە بونیاد و ماناکەیدا ، کە سەرسامت دەکات . بڕوانە ئەو دیدگایە چەند قووڵە کە

---

- لە بارەیەوە ، کەسانی تریش هەن، کە نووسنیەکانی خۆیانیان لەژێر ناونیشانی ئەو فەرموودەیەدا داناوە، لەوانە :

فەرموودەی سەقەلەین ، القمي الوشنوي ، محمد قوام الدين ، القاهرة: دار التقريب بين المذاهب اللاسلامية، حديث الثقلين، تواتره، فقهه، الحسيني الميلاني، علي: قم : المؤلف، الطبعة الاولى، ١٤١٣هـ. محمد صلى الله عليه و سلم و حديث الثقلين، الشريف العسكري، نجم الدين (١٣٩٠هـ) النجف، مطبعة الاداب، ط٤ و غير ذلك ايضاً.

بە مەبەستی سوودگەیاندنی زیاتر ناوی هەندێك لەو سەرچاوانە دەهێنین کە فەرموودەی سەقەلەینیان گوواستۆتەوە : بصائر الدرجات الكبرى للصفار (٢٩٠هـ): ٤٣٢، ٤٣٣، ٤٣٤، باب (١٧) في قول رسول الله صلى الله عليه و سلم، اني تارك فيكم الثقلين كتاب الله و اهل بيتي. الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ١٤٩ ـ١٥٠. دعائم الاسلام للقاضي النعمان المغربي (٣٦٣هـ):١: ٢٨ ، الغيبة للنعماني (٣٨٠هـ): ٤٣ ، ٧٣. الامالي للصدوق (٣٨١هـ): ٥٠٠، ح (٦٨٦)/ ١٦، المجلس ٦٤ و ٦١٦: ح (٨٤٣)/ ١ ، المجلس (٧٩). الخصال للصدوق (٣٨١هـ)٦٥ : ٦٧. الارشاد للمفيد (٤١٣هـ)١:١٧٦.ی ٢٣٣ . الامالي للطوسي (٤٦٠هـ)٢٥٥: ٥٤٨. روضة الواعظين للفتال النيسابوري (٥٠٨هـ): ٢٧٣. الاحتجاج للطبرسي (٥٦٠هـ) ١: ٧٥ : ١٩١، ٢٢١، ٣٩١، ٤٠٧، و ٢ : ٤٧ و ٢٥٢.ذخائر العقبى للطبري (٦٩٤هـ): ١٦ مسند ابن جعد (٢٣٠هـ)٣٩٧. المصنف لابن ابي شيبة الكوفي (٢٣٥هـ): ٧: ١٧٦. الباب ٢٧، ح ٥ و ٧: ٤١٨. مسند احمد (٢٤١هـ) ٣: ١٤، ١٧، ٢٦. ٥٩ و ٤: ٣٦٧، ٣٧١ و ٥: ١٨٢، ١٩٠. المنتخب من مسند عبد بن حميد (٢٤٩هـ): ١١٤، ح (٢٦٥) سنن الدارمي (٢٥٥هـ) ٢ : ٤٣٢. ما روي في الحوض و الكوثر لابن مخلد القرطبي (٢٧٦هـ): ٨٨. كتاب السنة لعمر بن ابي عاصم الضحاك (٢٨٧هـ) : ٣٣٦.– ٣٣٧، ح (٧٥٤)، ٦٢٩، الاحاديث (١٥٥١)، (١٥٥٢)، (١٥٥٣) و ٦٣٠ ، الاحايث (١٥٥٤) و (١٥٥٥) السنن الكبرى للنسائي (٣٠٢هـ): ٩٣. مسند ابي يعلى الوصلي (٣٠٧هـ): ٢: ٢٩٧ ، ح (١٠٢١) و ٣٠٣ ح (١٠٢٧)، و ٣٧٦ ح (١١٤٠). صحيح ابن حزيمة (٣١١هـ): ٦٣. المعجم الصغير للطبراني (٣٦٠هـ) ٣: ٦٥، ٦٦، ٦٧، ١٨٠ فەرموودەکانی ٢٦٧٨، ٢٦٧٩، ٢٦٨٠، ٢٦٨١، ٢٦٨٣، ٣٠٥٢، هەروەها ٥: ١٥٣، ١٥٤، ١٦٦، ١٦٧، ١٧٠، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٦ و فەرموودەکانی ٤٩٢١، ٤٩٢٢، ٤٩٢٣، ٤٩٦٩ و ٤٩٧٠. المستدرك على الصحيحين للحاكم النيسابوري (٤٠٥هـ): ٣: ١٠٩، ١٤٨. السنن الكبرى للبيهقي (٤٥٨هـ): ٧: ٣٠، و ١٠: ١١٤. شرح نهج البلاغة لابن ابي حديد (٦٥٦هـ)٩: ١٣٣. نظم درر السمطين للزرندي الحنفي (٧٥٠هـ): ٢٣٣. مجمع الزوائد للهيثي (٨٠٧هـ): ٩: ١٦٣، ١٦٤، و ١٠: ٣٦٣ . كنز العمال للمتقي الهندي (٩٧٥هـ): ١: ١٨٥، ١٨٦، ١٨٧، ١٨٨، ١٨٩، فەرموودەکانی ٩٤٣، ٩٤٤٤، ٩٤٥، ٩٤٦، ٩٤٧، ٩٤٨، ٩٤٩، ٩٥٠، ٩٥١، ٩٥٢، ٩٥٣، ٩٥٨، و ٥: ٢٨٩ ـ ٢٩٠، ح (١٢٩١١) و ١٣: ١٠٤، ح (٣٦٣٤٠)، و ١٣: ٦٤١، ح (٣٧٦٢٠) و ١٤: ٤٣٥، ح (٣٩١٩٢).

دەفەرمووێت (ئەگەر دەستتان پێیانەوە گرت هەرگیز لەپاش منەوە ون و چەواشە نابن). بۆیە ئەوەی کە ئەو لەلای ئێمە بەجێی هێشتووە بریتییە لە دوو قوورساییەکە بەیەکەوە. هەردووکیشیانی وەك یەك شت لێکردووە ، بۆیە نەیفەرمووە ، کە دەست بە یەکیانەوە بگرن، بۆیە کە دەستمان بەو دووانە بەیەکەوە گرت ، ئەوا هەرگیز چەواشە نابین.

هەروەها مانای ئەو فەرموودەیەشی چەند ڕوونە کە دەفەرمووێت ، (جیانابنەوە تا لەسەر حەوزەکە دەگەن بە من) ، لەبەرئەوە ئەو کەسە هەرگیز ڕێگای هیدایەت نادۆزێتەوە ، کە جیاوازی لە نێوانیاندا بکات و تەنها دەست بە یەکیانەوە بگرێت. لەبەر ئەوە ئەوان بوون بە کەشتیی ڕزگارکردن ، بوون بە ئەمانەتپارێزی خەڵکی سەرزەوی. بۆیە هەرکەس لەوان دوابکەوێت ئەوا نووقمی ناو شەوەزەنگی تاریکی دەبێت و لە فەوتانیش پارێزراو نابێت. ئەمە تەنها بەوە تەفسیر دەکرێت ، کە دەبێت ئەگەر تەنها خۆشت ویستن و ئیشت بە فەرموودە و قسەیان نەکرد و ڕێگای ئەوانت نەگرتەبەر، ئەوا تۆ تەنها پەنات بۆ دەمارگیری و بێئاگایی لە پەیڕەوی ڕاست و ڕەوانی نووسراو بە زمانی عەرەبی بردووە.

## ٢٧- بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی خۆشویستنی ئالی بەیتەوە (س.خ)

خودای مەزن دەفەرمویێت : ﴿ قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ ﴾[1]

ئێمە لەو بڕوایەداین ، کە سەرباری پێویستبوونی دەستگرتن بە ئالی بەیتەوە ، لەسەر هەمو موسوڵمانێکیش پێویستە کە سۆز و خۆشەویستیی بۆ ئەوان هەبێت. لەبەرئەوەی کە خودای مەزن لەناو ئەم ئایەتە پیرۆزەدا بەرپرسیارێتیی خەڵکی بەوە داناوە ، کە خۆشەویستییان بۆ کەسە نزیکەکانی هەبێت[2].

---

(١) ئایەتی ٢٣ لە سورەتی الشوری .

(٢) ئیمامی سادق (س.خ)، لە ئەبوو جەعفەری ئەحوەلی پرسی : رای خەڵکی بەسرە لەبارەی ئەم ئایەتەوە چییە ، کە دەفەرموویێت : (قُلْ لَا اَسْاَلُكُمْ عَلَيْهِ اَجْرًا اِلَّا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى) ئەویش وەڵامیی دایەوە و گووتی: خۆم بە فیدات بم، ئەوان دەڵێن، کە مەبەستی لە خزمەکانی پێغەمبەری خودایە (د.خ)، ئەویش گووتی: (ردۆیان کرد، چونکە ئەوە بە تایبەتی بۆ بۆ ئالی بەیت بۆمان دابەزیوە ، کە مەبەستی لە عەلی و فاتمە و حەسەن و حسەینە لەگەڵ ئەسحابی کەسا (س.خ) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە کافیي کلیني (٣٢٩هـ) ٨ : ٩٣.

هەروەها لە زمانی پێغەمبەریشەوە هاتوە (د.خ)، کە فەرموویەتی : (خۆشویستنیان نیشانەی ئیماندارییە، و ڕق لێبوونیشیان نیشانەی نیفاقە[1] ، هەرکەس ئەوانی خۆش

---

- هەروەها لە ابن عباس ەوە دەگێڕنەوە، کە ئەو کاتەی (قل لا اسالکم..) دابەزیووە پرسیویانە ئەی پێغەمبەری خودا ، ئایا ئەوانە لە خزمەکانی خۆتن کە پێویستە ئێمە خۆشمان بوێن ؟ ئەویش فەرموویەتی ئەوە عەلی و فاتمە و منداڵەکانی ئەوانە.

بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە مجمع الزوائد نووسینی الهیثمي (٨٠٧هـ): ٧: ١٠٣. المعجم الکبیر للطبراني (٣٦٠هـ) : ٣: ٤٧، ح (٢٦٤١) و ١١: ٣٥١. فیض القدیر شرح الجامع الصغیر للمناوي (١٣٣١هـ): ١: ٢٨٣، ح (٣٠٢).

(١) پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی (مژدەت لێبێت ئەی عەلی، خودای عەزموەجەل بەڵێنی ئەوەی پێداوم، کە لە موسوڵمان زیاتر کەس تۆی خۆش ناوێت ، هەروەها لە منافقیش زیاتر کەس ڕقی لە تۆ نییە.) الامالی للصدوق (٣٨١هـ): ١٩٧، هەروەها دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خودا (د.خ) بە عەلیی کوڕی ئەبی تالیب (س.خ) دەفەرمووێت (ئەوەی موسوڵمان نەبێت تۆی خۆش ناوێت، ئەوەشی منافق نەبێت، یان کوڕی زینای حەرام نەبێت یان ئەگەر دایکی لەکاتی بێنوێژیدا پێی حامل نەبوو بێت، ڕقی لە تۆ نابێت) علل الشرائع للصدوق (٣٨١هـ) ١: ١٤٥، ح ١٢، الباب ١٢٠ ـ لە بارەی ئەوەوە کە خۆشەویستیی ئالی بەیت لەلای ئەو کەسانە کە بە باشی لەدایك بوون، بڕوانە وسائل الشیعة نووسینی حر العاملی (١١٠٤هـ) ٢: ٣١٩، ح (٢٢٤٣)/ ٨، الباب ٢٤. هەروەها لە زمانی ئەمیری موئمنین عەلیی کوڕی ئەبی تالیبەوە دەگێڕنەوە، کە گووتویەتی (وەلاهی هەر بەو شێوەیەیە کە پێغەمبەری خودا فەرمووی کەس ڕقی لە من نابێت ئەگەر نافق نەبێت و کەسیش منی خۆش ناوێت ئەگەر بڕوادار نەبێت) . مسند احمد بن حنبل (٢٤١هـ): ١: ٨٤). عیون اخبار الرضا علیه السلام للصدوق (٣) ٨١هـ ١: ٦٥، ح (٢٣٥). هەروەها پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی (هەرکەس ڕقی لە ئالی بەیت بوو ، ئەوە منافقە.) هەروەها فەرموویيەتی (هەرکەس ئێمەی ئالی بەیتی خۆشویست ئەوە بڕوداری تەقواکارە، هەرکەس ڕقی لە ئێمە بوو ئەوە دووڕوو بەدکارە). ذخائر العقبی لاحد بن عبدالله الطبري (٦٩٤هـ): ١٨.

هەروەها لەبارەی هەمان ئەم مانایەوە لە زۆر سەرچاوەوە زۆر فەرموودەی تر گواستراوەتەوە، لەوانەش: الغارات نووسینی ابراهیم الیقفي الکوفي (٢٨٣هـ): ٢: ٥٢٠، ٩٤٦. مناقب امیر المؤمنین علیه السلا لمحمد الکوفي القاضي (٣٠٠ك)٢: ٤٦٩، ح (٩٦٣) و ٢: ٤٨٧، ح (٩٧٨). هەروەها چەندانی تریش لەبارەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرەوە (د.خ)، کە دەفەرمووێت هەرکەس ڕقی لە عەلی بوو هەرکەس عەلیی خۆشویست. الخصال للصدوق (٣٨١هـ): ٥٧٧، ٦٣٣. الامالی للصدوق (٣٨١هـ): ١٣٥ من المجلس ١٨، ١٩٧ ح (٢٠٧)/١ من المجلس ٢٨، ٥٢٥، ح (٧٠٩)/ ٢ من المجلس ٦٧، ٥٨٦، ح (٨٠٧)/ ٤ من المجلس ٧٥. کفایه الاپر للخزاز القمی (٤٠٠هـ): ٣١، ١١٠، الارشاد للمفید (٤١٣هـ)١: ٤٠. الامالی للمفید (٤١٣هـ): ٦٢، ٣٠٨. الامالي للطوسي (٤٦٠هـ)٣٠٦، ح (٦١٣)/ ٦٠ من المجلس ١١، ٤٧٢،-

ویست ئەوا خودا و پێغەمبەرەکەی خودای خۆشویستوە، هەرکەس ئەوانی بوغزاند، ئەوا خودا و پێغەمبەرەکەیی بوغزاندوە.)[1] .

بگرە خۆشویستنی ئەوان فەرزێکە لە فەرزەکانی ئایینی ئیسلام، کە هیچ گومان و دوودڵییەکی تێدا نییە. هەموو موسوڵمانەکان سەرباری جیاوازیی ڕاو بۆچوونەکانیان هاوڕان لەسەری ، جگە لە توێژێکی کەم کە لە دوژمنانی ئالی محەمەد ، ئەوانە بەناوی داخ لە دڵییەوە ئالی محەمەدیان بێزراندووە، واتە لەوانەن کە داخ و دوژمنایەتیان لە دڵدا

---

- الحديث الاخير من المجلس ١٦. روضة الواعظين لابن الفتال النيسابوري (٥٠٨هـ): ١٢٤. الاحتجاج للطبرسي (٥٦٠هـ)١: ١٤١ ، ٢٤٣. الثاقب في المناقب لابن حمزة الطوسي (٥٦٠هـ) : ١٢٣، الباب الثاني، الفصل الاول، فەرمودەکانی ٩، ١٠، ١١، ح (٢٠٢) مسند الحميدي (٢١٩هـ): ١: ٣١، ح (٥٨). مسند احمد بن حنبل (٢٤١هـ)١: ٩٥، ١٢٨. كتاب الايمان لمحمد العدني (٢٤٣هـ):٨٠ ـ ٨١. صحيح مسلم (٢٦١هـ): ١، ٦٠. سنن ابن ماجة (٢٧٥هـ): ١، ٤٢، ح (١١٤). سنن الترمذي (٢٧٩هـ): ٥: ٣٠٦، ح (٣٨١٩)/ ٩٤. كتاب السنة لعمر بن ابي عاصم (٢٨٧هـ): ٥٨٤، ح (١٣٢٥). السنن الكبرى للنسائي (٣٠٣هـ): ٥: ٤٧، ١٣٧، الاحاديث ٨١٥٣، ٨٤٨٥، ٨٤٨٦، ٨٤٨٧ و ٦: ٥٣٤، ٥٣٥، ح (١١٧٤٩)، (١١٧٥٣). مجمع الزوائد للهيثمي (٨٠٧هـ): ٩: ١٣٣. الديباج على صحيح مسلم للسيوطي (٩١١هـ): ١: ٩٣، ح (١٣١).

(١) لە زمانی پێغەمبەرەوە (د.خ) دەگێڕنەوە، کە فەرموویەتی (هەموو کوڕی باوکێك دەستەیەك خەڵکی هیە کە سەر بە خۆی بن، تەنها کوڕەکانی فاتمە جیایە لەمانە، ئەوان منی وەلییانم، من کەسی ئەوانم، ئەوان لە خێڵی منن، عوترەی منن، لەگەڵەکەی من دروست کراون، وەیل بۆ ئەو کەسانەی فەزڵی ئەوان بەدرۆدەخاتەوە، هەرکەس ئەوانی خۆش ویست خودای خۆشویستوە، ڕقی لە ئەوان بوو ئەوا ڕقی لە خودایە.) کنز العمال للمتقی الهندی (٩٧٥هـ): ١٢: ٩٨، ١٠٣، ١٠٤، ١١٦، فەرمودەکانی (٣٤١٦٨) (٣٤١٩٤) (٣٤١٩٨) و چەند فەرمودەیەکی تریش لەسەر هەمان ئەو لاپەڕانە.

هەروەها لە زمانی پێغەمبەرەوە دروودی خودای لەسەربێت دەگێڕنەوە، کە فەرمویەتی (من سەرۆکی نەوەکانی ئادەمم، هەروەها علەی تۆ و ئیمامەکانی پاش تۆیش سەرۆکی ئومەتەکەی منن ، هەرکەس ئێمەی خۆشویست خودای خۆشویستوە، هەرکەس ڕقی لە ئێمە بوو، ڕقی لە خوایشە ، کێ سەر بە ئێمە بوو سەر بە خودایە، کێ نەیاری ئێمە بوو ، نەیاری خودایە ، کێ تاعەتی ئێمەی کرد تاعەتی خودای کردووە و کێ ملهوڕیی لە ئێمە کرد ملهووڕی لە خودا دەکات.) الامالي للصدوق (٣٨١هـ): ١٣٥ من المجلس ١٨، ١٩٧ ح (٢٠٧)/١ من المجلس ٢٨، ٥٢٥، ح (٧٠٩)/ ٢ من المجلس ٦٧، ٥٨٦، ح (٨٠٧)/ ٤ من المجلس ٧٥. كفاية الاثر للخزاز القمي (٤٠٠هـ): ٣١، ١١٠، الارشاد للمفيد (٤١٣هـ)١: ٤٠. الامالي للمفيد (٤١٣هـ): ٦٢، ٣٠٨. الامالي للطوسي (٤٦٠هـ)٣٠٦، ح (٦١٣)/ ٦٠ من المجلس ١١، ٤٧٢، مجمع الزوائد للهيثمي (٨٠٧هـ): ٩: ١٠٩، ١٢٩، ١٣١، ١٣٢. كنز العمال للمتقي الهندى (٩٧٥هـ): ١١: ٦١٠، ٦٢٢، هەردوو فەرمودەی (٣٢٩٥٢) (٣٣٩٢٤)، و ١٣: ١٠٩، ح (٣٦٣٥٨).

بووه بۆ ئالی بەیتی محەمەد ، لەبەرئەوە، ئەمانە ئینکار لە زەرورەتێکی جێگیری ئیسلامی دەکەن ـ کە وەکوو واجببوونی نوێژ و زەکات واجیبە ـ ، کە دیارە ئەمەش هەر وەکوو ئینکاریکردنە لە پەیامەکە ، بە دڵنیایی ئینکاریکردنە لە پەیامەکە ، ئەگەرچی بە ڕواڵەت بە هێنانی دوو شەهادەی ئیمانەکەش شەهادەت بهێنن.

لەبەر ئەمانە ڕق لێبوونی ئالی محەمەد بریتییە لە نیشانەکانی نیفاق و خۆشویستنیشیان بریتییە لە نیشانەی بڕواداری ، هەر لەبەر ئەمانەش ڕقەکانی ئەوان ڕق بوون بووە لە خودا و پێغەمبەرەکەشی.

گومان لەوەدا نییە ، کە خودا لەبەر ئەوە خۆشویستنی ئەوانی فەرزکردووە ، کە ئەوان خۆیان ئەهلی خۆشەویستی و وەلائن ، لە ڕووی ئەوەوە کە لە خودا خۆیەوە نزیکن، پلەی ئەوان لەلای خودای مەزن بەرزە ، لە شیرك بڕیاردان و گومڕابوونەوە دوورن، لەوەوە دوورن ، کە بەپێی پێویست نەیپەرستن، بەدەر لەمانە ئیتر خۆ خودا خزمایەتی و هاوڕێیەتیی لەگەڵ کەسدا نییە ، هەموو خەڵك لەلای ئەو تەنها بەندەی خەلقکراون و وەك یەکن ، بۆیە کەواتە کەریمترینی خەڵك لەلای خودا بریتییە لەوانەیان کە زۆرترین بەندایەتیی دەکەن[1].

لەبەرئەوە خۆشەویستبوونی کەسێك لەلای هەموو خەڵك دەبێت بە واجیب، کە خۆی باشترین کەس بێت و زۆرترین تەقوای خودایشی هەبێت ، چونکە ئەگەر وا نەبێت ، ئەوا کەسانی تر دەبن ، کە لەو زیاتر شایانی خۆشەویستن بن ، چونکە خودا بە بێهوودە واناکات کە خۆشویستنی کەسێك فەرز بکات و ، بەڵکوو پێویستە کە کەسەکە شایان و خاوەنی کەرامەت بێت.

## ٢٨ ـ بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی ئیمامەکانەوە

بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی ئیمامەکانمانەوە (س.خ) وەك بیروباوەڕی توندڕەو و ئەوانەی زۆر موبالەغە دەکەن لە بڕواو حلولییەکان نییە ﴿كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ﴾[2]

بەڵکوو بیروباوەڕە تایبەتەکەمان بەم شێوەیەیە : کە ئەوانیش وەك ئێمە مرۆڤن ، ئەوان چییان هەیە ئێمەش هەمانە ، چی لەسەر ئێمە بێت لەسەر ئەوانیشە. ئەوەندە هەیە، کە ئەوان کۆمەڵە بەندەیەکن کە بەر کەرەمی خودا کەوتوون ، خودای مەزن کەرەمی خۆیی

---

(١) ئەمە ئاماژەیە بۆ ئایەتی ١٣ لە سورەتی الحجرات، کە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ .

(٢) ئایەتی پێنجەم لە سورەتی الکهف.

به تایبەتی ڕشتوە بەسەریاندا ، بەپێدانی ویلایەت خۆشەویستی کردوون ، لەبەر ئەوەی کە ئەوان بەرزترین پلەی کاملێتییان هەبووە لەناو مرۆڤەکاندا : زانستداربوون، تەقوایان هەبووە ، ئازایەتی و کەرامەت و پاکیی و هەموو ئاکارێکی بەرز و سیفەتی جوانیان هەبووە ، لەو شتانەدا کە بە ئەوان دراوە ، کەسێك نییە لەناو مرۆڤدا شان بدات لە شانیان.

لەبەر ئەم هۆیانە ئەوان شایانی ئەوەبوون ، کە ببن بە ئیمام و هیدایەتدەر ، لەپاش پێغەمبەرەوە بۆ هەموو حوکم و فەرمانێك ئەوان ڕێنوێنیی خەڵك بکەن ، قسەیان هەبێت لە دەربڕین و یاسادانان و شەرعدا و بە تایبەتییش لە هەموو ئەو شتانەدا ، کە پەیوەندییان بە قورئان و تەفسیر و ڕاڤەکردنەوە هەیە.

ئیمامی سادقەکەمان (س.خ) دەفەرموێت : (ماجاءكم عنا مما يجوز أن يكون في المخلوقين ولم تعلموه ولم تفهموه فلا تجحدوه وردوه إلينا ، وما جاءكم عنا مما لا يجوز أن يكون في المخلوقين فأجحدوه ولا تردوه إلينا.)[1]

## ٢٩- بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی ئەوەوە، کە دەبێت ئیمامەت بە پێی دەق بێت.

ئێمە لەو بڕوایە داین ، کە ئیمامەتیش وەك پێغەمبەرایەتی وەهایە ، بە هیچ شتێك نابێت تەنها بەوە ، کە دەقێکی لەلای خودای مەزنەوە لەسەر بێت و لە زمانی پێغەمبەرەکەیەوە پێمان گەیشتبێت ، یان لە زمانی ئیمامی دانراوەوە ، کە بە دەقێك ئیمامی پاش خۆی دابنێت[2].

---

(١) مختصر بصائر الدرجات للحسن الحلي (القرن ٩هـ): ٩٢.
بحار الانوار للمجلسي (١١١١هـ): ٢٥: ٣٦٤، ح ١ ، الباب ١٢.
مستدرك سفينة البحار للنمازي الشاهرودي (١٤٠٥هـ): ١: ١٩٩.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە سەیری پێداچونەوەی ژمارە ٢٠ بکە لەگەڵ تێبینیەکانی پاشتریدا لە کتێبی : المراجعات (رسائل متبادلة بين العلمين الشيخ سليم البشري شيخ الجامع الازهر و السيد شرف الدين العاملي): تحقيق: حسين الراضي، قم المقدسة: المجمع العالمي لاهل البيت عليهم السلام، الطبعة الاولى، ١٤٢٢هـ.

نظرية النص على الامامة في القرآن الكريم، الاراكي، محسن، لندن: بوك اكسترا، الطبعة الاولى، ١٤٢١/ ٢٠٠٠م.

النص الاجتهاد، شرف الدين، عبدالحسين (١٣٧٧هـ)، تحقيق: ابو مجتبى، قم: مكبعه سيد الشهداو، الكبعه الاولى، ١٤٠٤هـ.

حوكمەكەی لەمەدا حوكمی پێغەمبەرایەتییە بە بێ جیاوازی. چونكە خەڵك بۆیان نییە حوكم بەسەر ئەوەدا بكەن ، كە خودا كێ دەكات بە ڕێپیشاندەر و ڕێبەری هەموو مرۆڤایەتی.

هەروەها ئەو مافەیان نییە ، كە دایبمەزرێنن یان بیپاڵێون ، یان هەڵیبژێرن ، لەبەر ئەوەی كە ئەو كەسەی كە نەفەسی پیرۆزیی هەیە و لە خۆیدا ئامادەیی ئەوەی تێدایە، كە ئەركە قوورسەكانی ئیمامەتی گشتی هەڵبگرێت و ڕێنوێنیی هەموو مرۆڤ بكات، كەسێكە ، كە پێویستە هەر تەنها بە خودا خۆی بیناسێنێت و بە دانانی دەستی ئەو نەبێت بە دەستی كەسی تر دانانرێت.

هەروەها لەو بڕوایەشداین ، كە پێغەمبەر (د.خ)، بە دەق باسی جێنشینی خۆی و ئیمامی سەرزەویی كردووە ، كە لەپاش خۆیەوە دابنرێن ، ئەوەتا عەلی كوڕی ئەبی تالیبی ئامۆزای خۆیی كردووە بە ئەمیری موئمنین و ئەمین و پارێزەری وەحی و ئیمامی خەڵك ، ئەمانەی لە چەند بۆنەیەكدا ئەنجام داوە ، خۆی دایناوە ، ڕۆژی غەدیریش بە فەرمانكردنی بە موسوڵمانان بەیعەتی بۆ وەرگرتووە. فەرموویەتی : (ألا من كنت مولاه فهذا علي مولاه، اللهم وال من والاه وعاد من عاداه وانصر من نصره واخذل من خذله وأدر الحق معه كيفما دار) واتە (ئەوەیە ، كە من مەولای هەركەس بم، ئەم عەلییەش مەولای ئەوە، خودایە تۆ والیی هەركەسێك بە ، كە ئەو بە والیی خۆی بزانێت ، لە دژی هەركەس بە، كە لە دژی ئەو بێت ، هەركەسێك ئەوی سەرخست تۆش سەری بخە، هەر كەس ئەوی نائومێد كرد تۆش ئەو نائومێد بكە، واتە چۆن هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا كرد، تۆش بە حەق بەو شێوەیە هەڵسوكەوت لەگەڵ ئەواندا بكە.)[1]

---

(١) بصائر الدرجات الكبرى للصفار القمي (٢٩٠هـ): ٩٧. قرب الاسناد للحميري البغدادي (٣٠٠هـ): ٥٧. الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ١: ٢٨٧، ٢٩٤، ٢٩٥، ٢٩٦، ٤٢٠ و ٤: ١٤٩، ٥٦٦، و ٨: ٢٧. علل الشرائع للصدوق (٣٨١هـ): ١: ١٤٤. مسند احمد بن الحنبل (٢٤١هـ): ١: ٨٤، ١١٨، ١١٩، ١٥٢، ٢٣١ و ٤: ٢٨١، ٣٧٠، ٣٧٢ و ٥: ٣٤٧ ، ٣٦٦، ٣٧٠، ٤١٩. سنن الترمذي (٢٧٩هـ) ٥: ٢٩٧. المستدرك على الصحيحين للحاكم النياسبوري (٤٠٥هـ): ٣: ١٠٩، ١١٠، ١١٦، ١٣٤، ٣٧١، ٥٣٣. ئەو قسەیەی ابن حجر العسقلانی (٨٥٢هـ) بەسە كە دەڵێت زۆر كەس فەرموودەی (من كنت مولاه)یان هێناوە، لەوانەش (ترمزی و نسائی) زۆر شتیش هەن دەچنەوە سەر ئەمان، وەك ئەوەی كە ئیبن عوقدە یەك كتێبی لەسەر نووسیوە و زۆربەی پاڵپشتییەكانیشی هیی صحاح وحسانن. ئەوەشمان لە زمانی ئیمام ئەحمەدەوە گێڕایەوە، كە فەرموویەتی (ئەوەی كە لە ئیمامی عەلییەوە پێمان گەیشتوە، لە هیچ سەحابەیەكی ترەوە ئەوەندەمان پێ نەگەشتووە.) بۆ ئەمەش بڕوانە (فتح الباری شرح صحيح البخاری: ٧ ، ٦١). هەروەها بڕوانە –

هەروەها لە یەکەمین دەقەکانی کە دەربارەی ئیمامەت فەرموویەتی، ئەو فەرموودەیەی ئەو کاتەیە، کە بانگ دەکات لە خزمە نزیکەکانی و عەشیرەتەکەشی و پێیان دەفەرمووێت : ئەمە برامە ، جێنشینمە ، لەپاش خۆمەوە جێگەی من دەگرێتەوە ، بۆیە گوێی لێبگرن و پەیڕەویی بکەن . [1]. ئەو کاتەی کە پێغەمبەر (د.خ) ئەمەی فەرموو ئیمامی عەلی نەگەیشتبوو بە تەمەنی گونجاو. هەروەها ئەو فەرموودەیەی خۆیی چەندجارێك بۆ دووپات کردەوە (تۆ لەلای من وەك هارون وەهایت بۆ مووسا، بەڵام ئەوەندە هەیە ، کە لەپاش منەوە پێغەمبەری تر نایەت[2].

---

- سەرچاوەکانی پەراوێزی یەکەم لە بەشی ٢٢ی کتێبی (طريقة اثبات الاسلام و الشرائع السابقة) هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی فەرموودەی غەدیرەوە سەیری بەشی یەکەمی کتێبی : الغدير للاميني النجفي (١٣٢٩) بکە، کە زانیارییەکی زۆری تیایە .

(١) لە عەلی کوڕی ئەبی طالب (س.خ) قال : کە ئەم ئایەتە دابەزییە سەر پێغەمبەر (د.خ)﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴾ وتی : ((ئەی بەنی عەبدولموتەلیب بە خوا من نەمزانی کە گەنجێك لە عەرەب قەومەکەی باشترین کەسیان هێنابێ وەکوو ئەوەی من هێناوم بۆتان ، من چاکترین خێری دنیا و ئاخیرەتم بۆ هانی و خوا فەرمانی پێکردووم کە بانگتان بکەم بچنە هانایەوە ، کامتان پشتیوانیم دەکەن لەم مەسەلەیە ، کە دەبێ برا و وەصی و جێنشینم بێت بۆ ئێوە ، بەڵام قەومەکە هەموویان دووره بەرێزیان گرت . وتم من تەمەنم لە هەموویان بچووکترە و چاوم تیژ و بەهێزم ، من ئەی پێغەمبەری خوا دەبمە وەزیرت لەسەری و دووبارە وتمەوە ، ئنجا پێیانی وت : ئەمە برا و وەصی و جێنشینی منە لاتان ، گوێی لێبگرن و گوێڕایەڵ بن و قەومەکە پێکەنین و بە ئەبی تالیبیان وت فەرمانی پێکردووە گوێ لە کوڕەکەت بگرە و گوێڕایەڵ بە)) . شرح نهج البلاغة لابن ابي الحديد (٦٥٦هـ): ١٣: ٢١٠. نقله عن تاريخ الطبري. كنز العمال للمتقي الهندي (٩٧٤هـ): ١٣: ١٣٣، ح (٣٦٤١٩). لەبارەی سەرچاوە سوننییەکانیشەوە بڕوانە : المراجعة ٢٠ و٢١ من كتاب المراجعات لشرف الدين (١٣٧٧هـ) هەروەها کتێبی الغدير للاميني (١٣٩٢هـ):٢: ٢٧٨. لەژێر ناونیشانی حديث بدء الدعوة في السنة و التاريخ والادب. زۆر سەرچاوی شیعە هەن ئەم فەرمودەیەیان گواستۆتەوە، لەوانەش : مناقب امير المؤمنين علي السلام نووسيني الكوفي القاضي (ساڵی ٣٠٠کۆچی زیندوو بووە): ١: ٣٧٠. بەشی تەفسیری ئایەتی (انذار)، ح (٢٩٤). ئەمجا علل الشرائع للصدوق (٣٨١هـ): ١: ١٧٠. الارشاد للمفيد (٤١٣هـ): ١:٤٩. روضة الواعظين ابن الفتال النيسابوري. (٥٠٨هـ): ٢٥.

(١) المحاسن للبرقي (٢٧٤ یان ٢٨٠ کۆچی): ١: ١٥٩. كافي كليني (٣٢٩کۆچی): ٨: ١٠٧. دعائم الاسلام نوسيني تميمي مغربي(٣٦٣هـ)١: ١٦. علل الشرائع للصدوق (٣٨١هـ)::٦٦، ١٣٧، ١٣٨ ، ٢٩٢٩، ٢٢٢، و ٢: ٤٧٤. عيون اخبار الرضا عليه السلام للصدوق (٣٨١):١: ٢٠٩. مسند ابي داود الطيالسي (٢٠٤هـ): ٢٨، ٢٩. المصنف للصنعاني (٢١١هـ): ٥، ٤٠٦، ح (٩٧٤٥)، و١١: ٢٢٦، -

جگە لەمانەش چەندان گێڕانەوە و ئایەتی پیرۆز هەن هەموویان بەڵگەن بۆ سەلماندنی ویلایەتی گشتی، وەك ئایەتی : ﴿ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ ﴾[١].

ئەم ئایەتە ئەوکاتە دابەزیوە ، کە لە کاتی ڕکوع بردندا ئەنگوستیلەکەی خۆیی کرد بە خێر[٢].

دیارە ئەوە گونجاو نییە ، کە ئەم نووسینە بۆ ئەوە تەرخان بکەین بۆ بەدواداچوونی هەموو ئەو ئایەت و گێڕانەوانەی ، کە تەرخان کراون بۆ باسی ئیمامەت و باسکردنی بەڵگەکانی سەلماندنیان.

هەروەها ئیمامی عەلی خۆیشی بە دەق باسی لە ئیمامەتی حەسەن و حەسەین کردووە، حسەینیش دەقی هەیە لەسەر ئیمامەتی عەلیی زەینەلعابدین. بەم شێوەیە ئیمام لەپاش ئیمام ، پێشینەکان باسی پاشینەکانیان کردووە ، کە بەدوایاندا هاتوون .

### ٣٠ ـ بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی ژمارەی ئیمامەکانەوە

ئێمە لەو بڕوایەداین، کە ئیمامەکان سیفەتی ئیمامەتی حەقیان هەیە ، ئەوان مەرجەعی ئێمەن بۆ حوکمە شەرعییەکان ، کە بەپێی ئیمامەتی دوازدە ئیمامی[٣] دەقی

---

ـح (٢٠٣٩٠). صحيح مسلم للنيسابوري (٢٦١هـ): ٧: ١٢٠، ١٢١. سنن الترمذي (٢٧٩هـ): ٥: ٣٠٢، ح (٣٨٠٨)، و٣٠٤، ح (٣٨١٣، ) (٣٨١٤). المستدرك على الصحيحين للحاكم النياسابوري (٤٠٥هـ): ٢: ٣٣٧، و ٣: ١٠٩، ١٣٣. السنن الكبرى للبيهقي (٤٥٨): ٩: ٤٠. مجمع الزوائد للهيثمي (٨٠٧هـ): ٩: ١٠٩ـ ١١١. فتح الباري لابن حجر العسقلاني.

(١) ئایەتی ٥٥ لە سورەتی المائده .

(٢) المعيار والموازنة للاسكافي (٢٢٠هـ):٢٢٨، دعائم الاسلام للتميمي المغربي (٣٦٣هـ): ١: ١٦، ٢١. تحفة العقول للحراني (القرن الرابع الهجري): ٤٥٩: عيون اخبار الرضا عليه السلام للصدوق (٣٨١هـ): ٢: ٥٨. الامالي للصدوق (٣٨١هـ): ١٨٦. روضة الواعظين لابن الفتال النيسابوري (٥٠٨هـ): ١٠٢. جامع البيان للطبري (٣١٠هـ) : ٦: ٣٨٨. المعجم الاوسط للطبراني (٣٦٠هـ) : ٦: ٢١٨. احكام القرآن لجصاص الراضي (٣٧٠هـ): ٢: ٥٥٧، ٥٥٨، شواهد التنزيل للحاكم الحسكاني (قرن ٥ ك): ١: ٢١٢، ح (٢٢١)، و٢١٦، ح (٢٢٤) و٢١٧، ح (٢٢٥) و٢٣٣، ح (٢٣٦)، و٢٣٤ و ح (٢٣٧). شرح نهج البلاغة لابن ابي الحديد (٦٥٦هـ): ١٣: ٢٧٧. نظم درر السمطين للزرندي الحنفي (٧٥٠هـ): ٨٦.

(٣) ئەوە شتێکی دڵنیایە، کە سەرچاوەکانی کەلەپوری ئیسلامی لەناو دووتوێی خۆیاندا ئەو فەرموودە زۆر و دروست و ڕاستانەیان هەڵگرتوە، کە ژمارەی ئیمامەکانیان لەناو ئەم ژمارەیەدا سنوردارکردووە.ـ

- هەندێ: لە زانایانیش کتێبە موسەنەفکراوەکانی ئەوان یان چەند بەشێکی ئەو کتێبانەیان لەبارەی هەمان ئەم ناونیشانەوە پۆلێن کردووە ، بۆنموونە سەیری ئەمانە بکە:

كفاية الاثر في النص على الائمة الاثني عشر، الخزاز الرازي، علي بن محمد (القرن الرابع الهجري)، تحقيق عبداللطيف الحسيني الكوه كمري الخوئي ، قم انتشارات بيدار، ١٤٠١ هـ

مقتضب الاثر في النص على الائمة الاثني عشر: إبن عياش الجوهري، احمد بن عبدالله (٤٠١هـ) تصحيح وتهذيب وتعليق : هاشم الرسولي، قم ، مكتبة الطباطبائي.

الاستنصار في النص على الائمة الاطهار ، ابو الفتح الكراجكي (٤٤٩هـ) ، بيروت دار الاضواء ، ط٢ ، ١٤٠٥ هـ.

استقصاء النظر في امامة الائمة الاثني عشر، ابن ميثم البحراني (٦٧٩هـ)

فصل ما روي ان الائمة اثناعشر من طريق العامة وما يدل عليه من القرآن والتوراة ، من كتاب الغيبة للنعماني. (٣٨٠هـ). طرق حديث الائمة الاثناعشر، آل نوح ، كاظم (١٣٦٠هـ)، بغداد، دار المعارف.

رسالة مختصرة في النصوص الصحيحة على امامة الائمة الاثني عشر، التبريزي، الميرزا جواد (معاصر) "من حديث النبي صلى الله عليه و سلم يكون لهذه الامة إثناعشر قيماً" العسكري، المرتضى، بيروت: ص ب: ١٢٤/ ٢٤. ينابيع المودة لذوي القربى، للقندوزي الحنفي، سليمان ابراهيم (١٢٩٤هـ) تحقيق علي جمال اشرف الحسيني، دار الاسوة، الطبعة الاولى، ١٤١٦هـ المجلد الثالث، الباب (٧٧) في تحقيق حديث "بعدي اثناعشر خليفة".

هەروەها سەیری ئەمانەش بکە: مسند ابي داود الطيالسي (٢٠٤هـ):١٠٥، ١٨٠. مسند احمد بن حنبل (٢٤١هـ) :٥: ٨٦ ـ ١٠٨. صحيح البخاري (٢٥٦هـ): ٨: ١٢٧: كتاب المهدي، ح (٤٢٨٠) . سنن الترمذي (٢٧٩هـ): ٣: ٣٤٠، ح (٢٣٢٣)، باب ماجاء في الخلفاء، المعجم الكبير للطبراني (٣٦٠هـ) ١٩٥، ١٩٦، ٢٣٢. المستدرك على الصحيحين للحاكم النيسابوري (٤٠٥هـ): ٣: ٦١٧، ٦١٨. الكفاية في علم الرواية للخطيب البغدادي (٤٣٦هـ): ٩٥. صحيح مسلم بشرح النووي (٦٧٦هـ): ١٢: ٢٠١.

مجمع الزوائد للهيثمي (٨٠٧هـ) :٥: ١٩٠، ١٩١، باب الخلفاء الاثني عشر.

هەروەها جگە لەمانەش زۆری تریش هەن کە زانایانی ئەهلی سوننەیان تووشی نیگەرانی کردووە، لەوەی کە چۆن میسداقیەتی ئەم فەرموودانە پیادە و جێبەجێ بکەن. چونکە خۆیان ملیان بە ڕاستبوونیاندا ناوە لەبەر زۆریی ژمارەی گێڕانەوەکانیان، هەروەها چەند گریمانێکیشیان تیایاندا داناوە، بەڵام نەیانتوانیوە کە بڕیاری لەبارەوە بدەن. بۆ نموونەی ئەمەش دەتوانیت سەیری ئەمانە بکەیت: فتح الباري شرح صحيح البخاري لابن حجر العسقلاني (٨٥٢هـ): ١٣: ١٨٢ و لە پاش ئەویشەوە شتی تریش هەیە. هەروەها تحفة الاحوذي في شرح الترمذي للمباركفوري (١٣٥٣هـ): ٦: ٣٩١ ـ ٣٩٦، باب ماجاء في الخلفاء، بەڵام القندوزي الحنفي لەپاش ڕیزکردنی دوازدە فەرموودەوە لەم بارەیەوە کە ناوی هەندێك لە ساغکرەوەکانیشیان دەهێنێت، دەنووسێت: ينابيع المودة لذوي القربى للقندوزي الحنفي (١٢٩٤هـ):٣: ٢٩٢: ٢٩٣، باب (٧٧) في تحقيق حديث "بعدي اثناعشر خليفة" هەمان ئەم فەرموودەیە لەناو -

لەسەر هاتووە ، هەروەها پێغەمبەریش (د.خ) بە دەق ناوی هەموویانی هێناوە[1]. ئەمجا بەم شێوەیە هەریەکەیان هەواڵی ئەوی تری پاش خۆیی داوە.

---

- ئەمانەشدا دەبینیت: (سنن ابي داود: ٢: ٣٠٩، ح (٤٢٧٩)، هەروەها لەناو فتح الباري في شرح صحيحي البخاري : ١٣: ١٨٢. و چەندانی تریش .

هەروەها عەلامە تەسەتوری دەڵێت: ((ئەو فەرموودانەی بەڵگەن لەسەر جێنشینەکانی پاش پێغەمبەر (د.خ) دوانزەن لە زۆر ڕێگاوە ناوبانگی دەرکردووە ، بە شیکردنەوەی زەمان و پێناسەکردنی گەردوون و شوێن ، زانراوە کە مەبەستی پێغەمبەر (د.خ) لە فەرموودەکەی ئەم دوانزە پێشەوایە لە خەڵکی ماڵ و عترەکەی خۆین ، چونکە ناکرێت ئەم فەرموودەیە جێنشینەکان مەبستی بێت لە یاوەرەکانی چونکە لە دوازدە کەمترن و ناشکرێت مەلیکە ئەمەویەکان بن چونکە ژمارەیان لە دوازدە زیاترە لەبەر ئەو زوڵمە ناڕەوایەی کردیان تەنیا عومەر عەبدولعەزیز نەبێت و لەبەر ئەوەی کە لە بەنی هاشمیش نین ، چونکە پێغەمبەر (د.خ) وتی : ((هەموویان لە بەنی هاشمن)) لە ڕوایەتێکی عەبدولمەلیك لە جابرەوە و هەروەها مەلیکە عەباسیەکانیش ناگرێتەوە چونکە ژمارەیان لەوە زۆرترە و چاودێری ئەم ئایەتەش ناکەن : ﴿ قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰ ﴾ و هەروەها فەرموودەی (الكساء) ، بۆیە ئەم فەرموودەیە مەبەستی دوازدە پێشەواکەی ئال بەیت و عترەکەیەتی (د.خ) چونکە ئەوان زاناترین زەمانی خۆیان بوون و بەڕێزترو لە خوا ترس و لە خانەوادەی بەرز و باشترینیان و لای خوا پایەیان هەبوو و تا (د.خ) دەفەرمووێت : ((ئەم ئایینە هێشتا بەردەوامە تا دوازدە جێنشین دەبنە پێشەواتان و نەتەوە لەسەری ڕێکن)) . فەرموودەی (د.خ) : ((هەموویان نەتەوە لەسەریان کۆکن)) لە گێڕانەوەی جابر کوڕی سەمرە و مەبەستی (د.خ) نەتەوە کۆکن لەسەر بڕیاردان بە پێشەوایەتی هەموویان تا سەرهەڵدانی مەهدی (خوا لێیان ڕازی بێت) . ينابيع المودة لذوي القربى للقندوزي الحنفي (١٢٩٤هـ) . هەروەها عەلامە ئەلتستری دەڵێت : ((یاوەرەکانمان لە پێشەواییەکان (خوا لێیان ڕازی بێت) پەنا دەبنە فەرموودە صەحیحەکان کە دوانزە پێشەوا شایستەترن بۆ خیلافەت (خ.ڕ) تەنیا پێشەواییەکان دەڵێن ژمارەکە ئەوەندەیە و ئەوە پێشەوایەتی و خیلافەت دەلیلی ئاوز و نەقلە کە دەبێ کەسەکە پارێزراو و لەلایەن خوای مەزن و پێغەمبەرەکەی (د.خ) دانراو بێت ...)). بڕوانە : الصوارم المهرقة في نقد الصواعق المحرقة للقاضي التستري (١٠١٩هـ): ٩٥.

(١) راجع : الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ١: ٥٢٥، ٥٢٦، ح١كتاب الحجة، باب ما جاء في الاثني العشر عليهم السلام وكذلك : كفاية الاثر في النص على الائمة الاثني عشر للخزاز القمي الرزاي (القرن ٤هـ): ٥٣، باب ما جاء عن جابر بن عبدالله الانصاري عن رسول الله صلى الله عليه وسلم في النصوص على الائمة الاثني عشر صلوات الله عليهم. مختصر بصائر الدرجات للحلي (القرن ٩هـ): ٣٩، ١٢٢ ـ ١٢٣.

دلائل الائمة للطبري (اوائل القرن ٤ الهجري): ٤٤٨ ـ ٤٤٩. الهداية الكبرى للخصيبي (٣٣٤هـ): ٣٧٥. الاختصاص للمفيد (٤١٣هـ): ٢١٠. بحار الانوار للمجلسي (١١١١هـ): ٣٦: ٢٢٦ ـ ٣٧٢. الباب ٤١ نصوص الرسول صلى الله عليه وسلم. ينابيع المودة لذوي القربى للقندوي الحنفي(١٢٩٤هـ): ٣: ٢٨١-

| ژ | کونیه | ناو | نازناو | سالی لەدایکبوون | سالی وەفات |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەبولحەسەن | عەلی کوڕی ئەبی تالیب | ئەلمورتەزا | ٢٣ پ ك | ٤٠ کۆچی |
| ٢ | ئەبوو محەمەد | حەسەن کوڕی عەلی | ئەلزەکی | ٢ك | ٥٠ك |
| ٣ | ئەبوو عەبدوڵلا | حسەین کوڕی عەلی | سەروەری شەهیدان | ٣ك | ٦١ك |
| ٤ | ئەبومحەمەد | عەلی کوڕی حسەین | زەینەلعابدین | ٣٨ك | ٩٥ك |
| ٥ | ئەبووجەعفەر | محەمەد کوری عەلە | ئەلباقر | ٥٧ك | ١١٤ك |
| ٦ | ئەبوعەبدوڵلا | جەعفەر کوڕی محەمەد | ئەلصادق | ٨٣ك | ١٤٨ك |

---

- وما بعدها الباب (٧٦) في بيان الائمة الاثني عشر باسمائهم. ونقل الجويني في فرائد السمطين عن رسول الله صلى الله عليه وسلم. ينابيع المودة لذوي القربى للقندوزي الحنفي (١٢٩٤هـ): ٣: ٢٨١ وما بعدها الباب (٧٦) في بيان الائمة الاثناعشر باسمائهم. ونقل الجويني في فرائد السمطين عن روسل الله صلى الله عليه وسلم انه قال (انا سيد النبيين و علي بن ابي يطالب سيد الوصيين، وان اوصيائي بعدي اثناعشر. اولهم علي بن ابي طالب واخرهم المهدي)، (ان خلفائي واوصيائي وحجج الله على الخلق بعدي الاثني عشر اولهم اخي واخرهم ولدي) قيل يا رسول الله ومن اخوك؟ قال (علي بن ابي طالب) قيل فمن ولدك؟ قال "المهدي الذي يملأها قسطا و عدلا كما مثلت ظلما و جورا، وىالذي بعثني بالحق بشيرا و نذيرا لو لم يبق من الدنيا الا يوم واحد لطول ذلك اليوم حتى يخرج فيه ولدي المهدي، فينزل روح الله الله عيسى بن مريم فيصلي خلفه و تشرق الارض بنور ربها، و يبلغ سلطانه المشرق و المغرب."

نقل ذلك العلامة العسكري عن نسخة مخطوطة للمكتبة المركزية في جامعة طهران برقم ١١٦٤/ ١٦٩٠ – ١٦٩١ الوورقة ٦٠ . راجع: سلسلة على مائدة الكتاب و السنة ـ ٦ تحت عنوان (من حديث النبي صلى الله عليه و سلم يكون لهذه الامة اثنا عشر قيما) وللاطلاع على المزيد من النصوص الواردة باسماء الائمة الاثني عشر راجع: العلامة المتبحر الشيخ لطف الله الصافي الكلبايكاني في مقدمته القيمة على كتاب (مقتضب الاثر في النص على الائمة الاثني عشر) المذكور في الهامش السالف، حيث عدد فيها الكثير من الكتب في هذا الصدد، وذكر العديد من النصوص المتواترة الواردة من طرق الجمهور الدالة على امامة الاثني عشر من آل محمد صلى الله عليه وسلم.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | ئەبوئیبراهیم | موسای کوری جەعفەر | ئەلکازم | ١٢٨ك | ١٨٣ك |
| ٨ | ئەبولحەسەن | عەلی کوڕی موسا | ئەلرەزا | ١٤٨ك | ٢٠٣ك |
| ٩ | ئەبوو جەعفەر | محەمەد کوڕی عەلی | ئەلجواد | ١٩٥ك | ٢٢٠ك |
| ١٠ | ئەبولحەسەن | عەلی کوڕی محەمەد | ئەلهادی | ٢١٢ك | ٢٥٤ك |
| ١١ | ئەبوو محەمەد | حەسەن کوڕی عەلی | ئەلعەسکەری | ٢٣٢ك | ٢٦٠ك |
| ١٢ | ئەبولقاسم | محەمەد کوڕی حەسەن | ئەلمەهدی | ٢٥٦ك | ...... |

ئەو حوجەتەی سەردەمەکەی ئێمە کە غایبە و چاوەڕوانکراوە، خودا دەربازبوونەکەی خێرا بخات و ئاشکرابوونی ئاسان بکات، بۆ ئەوەی سەرزەوی پڕ بکات لە دادپەروەری و لەپاش پڕبونەوەی بەو زوڵم و ستەمە، ڕەوایی بەرقەرار بکات.

## ٣١ـ بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی مەهدییەوە.[١]

مژدەدان بە دەرکەوتنی مەهدی لە کوڕەکانی فاتمەوە[٢] لە کۆتایی زەمەندا بۆئەوەی دنیا پڕبکاتەوە لە ڕەوایی و دادپەروەری، لەپاش پڕبونەوەی دنیا بە جەور و ستەم. ئەو فەرموودانە دەم بە دەم لە پێغەمبەرەوە هاتوون (د.خ)، هەموو موسوڵمانانیش تۆماریان

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە کتێبەکەی (الغیبة)ی نوعمانی (سەدەی ٣کۆچی).توێژینەوەیەك دەربارەی مەهدی (س.خ). نووسینی محەمەد باقر ئەلسەدر (١٩٨٠ان). هەروەها المهدي لە نووسینی صدرالدین الصدر. لەگەڵ موسوعة الامام المهدي علیه السلام (تاریخ الغیبة الکبری) نووسینی محمد الصدر. هەروەها منتخب الاثر في الامام الثاني عشر علیه السلام للصافي الکبایکاني (معاصر). الرد على الشبهات احمد الکاتب حول الامامة اهل البیت علیهم السلام ووجود المهدي المنتظر علیه السلام نوسیني البدري (هاوچەرخە). بۆ ناسینی ئەم کتێبانە بڕوانە لیستی سەرچاوەکانی ساغکردنەوەی ئەم کتێبە، لە کۆتایی کتێبەکەوە. هەروەها دەسەدان کتێبی تریش هەن لەبارەی مەهدییەوەن (س.خ) .

(٢) بۆ بینینی بەڵگە لەسەر ئەوەی کە لە کوڕەکانی فاتمەیە ، بڕوانە: معجم احادیث المهدي عجل الله فرجه الشریف للکوراني (هاوچەرخە): ١: ١٣٧، ١٣٨، ١٨٩، ٥٦٦، و ٣: ١٩١.
دەیان سەرچاوەی هەردوولایەنەکە هەن ئاماژە بەوە دەدەن ، کە دەیسەلمێنن ئەو لە کوڕەکانی حسەینە، بڕوانە هەمان سەرچاوە: ١: ٣٩٤، و ٣: ١٥.

کردوون و به جیاوازیی ڕاو بۆچوونەکانی خۆیانەوە ئەو فەرموودانەیان دەماودەم گێڕاوەتەوە[١].

دیارە ئەمە بیرۆکەیەکی داهێنراوی لای شیعەکان نییە ، کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی جەور و ستەمەوە خەونیان بەوەوە بینبێت ، کە کەسێك لەسەر زەوی دەربکەوێت ، کە پیسیی ستەم کردن نەهێڵێیتەوە ، وەك ئەوەی کە هەندێك لە کەسانی بەهەڵەداچوو بۆی دەچن.

دیارە ئەگەر ئەوە نەبوایە ، کە بیرۆکەی مەهدی لەلایەن پێغەمبەرەوە بەشێوەیەك سەلمێندراوە ، کە هەموو موسوڵمانان پێی ئاشنان و لەناخیاندا جێگیر بووە و بڕوایان پێی هێناوە ، ئەوا بانگەشەکارانی بانگەشەی مەهدی لە چاخە بەراییەکاندا ، لە نموونەی (کیسانییەکان)[٢]و عەباسییەکان و دەستەیەك لە عەلەوییەکان و چەندی تریش)کە هەڵخەڵەتێنەر بوون و هەوڵیانداوە بۆ بەدەستهێنانی موڵك و دەستەڵات ئەم بیروباوەڕە بۆ خۆیان پاوان بکەن. لەبەرئەوە هاتوون بە بانگەشەکردن بۆ مەهدییەکی درۆزنانە کاریگەریی خۆیانیان خستۆتە سەر کۆی گشتیی خەڵك ، بۆئەوەی بتوانن لەو ڕێگایەوە دەستەلاتی خۆیان بسەپێنن بەسەریاندا.

ئێمەش لەگەڵ بڕواماندا بە ڕاست و دروستیی ئایینی ئیسلامی، بەوەش کە ئەمە دووایین ئایینی ئاسمانییە و چاوەڕوانی ئەوەش ناکەین، کە ئایینێکی تر بێتە پێشەوە و ڕەوشی مرۆڤ چارەسەر بکات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زوڵم و ستەم دەبینین، دەبینین کە گەندەڵی بە شێوەیەك بڵاوبۆتەوە، کە لەناو کۆی وڵاتەکانی دنیادا جێگە پێیەك بۆ دادپەروەری و چاکەخوازی نابینین، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین، کە موسوڵمانان خۆیان لە ئایینەکەیان دوورخستۆتەوە و لەناو هەموو وڵاتەکانی ئیسلامدا حوکم و یاساکانی ئیسلامیان پەك خستووە ، پەیڕەوی لە یەك لەسەر هەزاری حوکمەکانی

(١) لەبارەی ئەو فەرموودەیەی حەزرەتی پێغەمبەرەوە کە دەفەرمووێت دنیا پڕدەکات لە ڕەوایی و دادپەروەری بڕوانە هەر هەمان سەرچاوە: ١: ٩٤، ١١٤، ١٢١، ١٢٣، ١٧٠، ٢٦٥، ٣٦٤، و ٣: ١١، ١٢، ٤٠، ٦١، ٢٠٢، ٣٠٧، ٣١٨، ٣٢٣ و ٤: ٢٢٥، ٣٥٠، ٣٦١، ٤٩٧ و ٥: ٢٨١، ٣٥٨.

(٢) کیسانییەکان دەستەیەکی شیعەکانن ، باسی ئیمامەتی محەممەدی کوڕی حەنیفەیان کردووە: لەبەر ئەوەی محەممەد هەڵگری ئاڵاکەی باوکی بوو لە ڕۆژی بەسرەدا (ڕۆژی شەڕی جەمەل) بە جیا لە حەسەن و حسێن ئەو ئاڵاکەی هەڵگرتبوو. بەو ناوەشەوە ناونران ، لەبەر ئەوەی کە موختاری کوڕی ئەبی عوبیدی سەقەفی سەرۆکیان بوو، و ئەو پێی دەگووترا کیسان . لە قسە و کردەوە و کوشتاردا لە موختار بەهێزتر بوو. وەك سەرچاوە، بڕوانە : فرق الشیعە للنوبختي (لە ناودارانی سەدەی سێیەمی کۆچییە.): ٢٣.

ئیسلامیش ناکەن. لەبەرئەوە ئێمە لەگەڵ هەموو ئەم بارانەدا پێویستە کە چاوەڕوانی ئەوە بکەین ئایینی ئیسلام بگەڕێتەوە سەر هێزەکەی جارانی خۆی و بشتوانێت ئەم دنیایە چاك بکاتەوە، کە بە هۆی ستەمەوە نوقمی ناو زوڵم و گەندەڵی بووە.

ئەمجا ناشکرێت ئیسلام بگەڕێتەوە سەر هێزەکەی خۆی کۆنترۆڵی هەموو مرۆڤ بگرێت بە دەستی خۆیەوە، لەکاتێکدا کە خۆی لەسەر بارودۆخەی ئەمڕۆی و پێش ئەمڕۆی خۆی بێت، کە بڕوادارەکانی و یاسا و حوکمەکانی هەموویان ئەوەندە لە یەکتری جیاواز بن. کە یاساکانی شێوێندراون و بانگەشەکانیشی چەواشەکراون.

بۆیە ئەستەمە کە ئەم ئایینەش بگەڕێتەوە سەر هێزەکەی جارانی هەتا چاککەرەوەیەکی مەزن بەسەر سەری ئایینەکەوە دەرنەکەوێت ، کە گوتاری ئیسلامی یەك بخات و ئەو شێواندنانەی کەسە شێوێنەرەکان لانەبات و ئەو هەموو بیدعە و چەواشەکارییانە کە لکێندراون بە پەیامی خوداوە لانەبات، کە ئەمانەی کرد، ئەو دەبێت بە کەسێکی هادیی مەهدی ، پلەیەکی مەزن و سەرۆکایەتییەکی گشتی و هێزێکی سەروو ئاسایی دەبێت ، بۆئەوەی زەوی پڕ بکاتەوە لە ڕەوایی و دادپەروەری ، پاش ئەوەی کە پڕکرا لە جەور و ستەم.

**پوختە :**

سروشتی ڕەوشی گەندەڵی مرۆڤ ، کە گەیشتووە بەوپەڕی ستەم و زوڵمکاری لەگەڵ بوونی ئەو بڕوایەی ئێمەدا ، کە ئەمە ئایینێکی ڕاستە و دووایین ئایینیشیە وا پێویست دەکات ، کە چاوەڕوانی هاتنی مەهدیی موسڵیح بکەین بۆ ئەوەی ئەم جیهانە لە ئەو بارودۆخەی ڕزگار بکات ، کە تیایدا دەژی.

لەبەر ئەمە هەموو دەستە موسوڵمانەکان بڕوایان بە ئەم چاوەڕاوانیکردنە هێناوە ، بگرە ئومەتە ناموسوڵمانەکانیش هەر بە هەمان شێوە . ئەوەندە هەیە ، کە جیاوازی لە نێوانی ئیمامیەت و نا ئیمامیەت ئەوەیە ، کە ئیمامەت بڕوای وایە ، کە ئەم موسڵیحە مەهدییە ، کەسێکی دیاریکراوە ، کە لە ساڵی ٢٥٦ی کۆچیدا لەدایك بووە و تا ئێستەش هەر زیندووە ، کوڕی حەسەنی عەسکەرییە، ناوی محەمەدە ، ئەم ڕاستییە بە پێغەمبەرو ئالی بەیت سەلمێندراوە و ئەوان بەڵێنی هاتنیان داوە ، هەروەها دەماودەم لای ئێمەش شت لەبارەی لەدایکبونەکەی و بەهاداریەکەی هاتووە.

ناکرێت ئیمامەت لە هیچ سەردەمێکدا بپردرێتەوە و بگۆڕدرێت . ئەگەر ئیمام شاردراوەش بێت ، ئەوا لەو ڕۆژەدا دەردەکەوێت ، کە خودای مەزن خۆی بەڵێنی داوە، دیارە ئەوەش یەکێکە لەو نهێنییانەی کە خودای مەزن خۆی نەبێت کەسی تر نایزانێت.

دیارە ئەوەش لە موعجیزەی خودایی بێبەری نییە ، کە ژیانەکەی چۆن بووە و ئەم هەموو ماوە درێژەش دەمێنێتەوە. ئیتر ئەوەش لە موعجیزە گەورەتر نییە ، کە ئەو لە تەمەنی پێنج ساڵیی خۆیدا ببێت بە ئیمامی خەڵك ، لەو ڕۆژەدا ، کە باوکی کۆچی کردووە و گەڕاوەتەوە بۆلای خودی باڵادەست . دیارە ئەمەش لە ئەو موعجیزەیەی عیسا گەورەتر نییە ، کە ساوایەکی ناو بێشکە بووە و قسەی لەگەڵ خەڵکدا کردووە و بە پێغەمبەری نێردراوە بۆ خەڵك.

درێژیی تەمەنیش زیاتر لە تەمەنی سروشتی ـ یان زیاتر لە ئەو تەمەنەی کە وا دەزانین سروشتییە ـ شتێك نییە کە هونەری پزیشکی ڕێگریی لێبکات و لێی تێنەگات، بەڵام ئەوەندە هەیە ، کە هێشتا ئەم زانستە شتێکی وەهای نەدۆزیوەتەوە ، کە بتوانێت بەهۆیەوە تەمەنی مرۆڤ درێژ بکاتەوە ، بەڵام شتێك کە زانستی پزیشکی لاوازبێت لە ئاستیدا، ئەوا خودایەکی مەزن هەیە ، کە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. بەڕاستییش ئەوە ڕوویدا ، کە تەمەنی نووح زۆر درێژکرایەوە و عیسایش بە زیندوویی هێڵدرایەوە ، بەو شێوەیەی کە قورئان هەواڵی لەبارەیەوە داوە، بۆیە ئەگەر کەسێکیش هەبوو گومانی لە قورئان کرد، ئەوا لەلای ئەو کەسە فاتیحە بۆ ئیسلام خوێندراوە.

لەبەرئەوە ئیتر ئەوە مایەی سەرسووڕمانە ، کە موسوڵمانێك بێت گومان لەوە بکات و بیشڵێت ، کە ئیمانی بە قورئانی پیرۆز هەیە!!

ئەوەی شایانی ئەوەبێت کە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین و یادی خۆمانی بخەینەوە، ئەوەیە ، کە چاوەڕوانکردنی مەهدیی چاکەکار و ڕزگارکەر ئەوە نییە ، کە موسوڵمانان دەستەوەستان ڕابوەستن لەبارەی حەق و مافی ئایینەکەیانەوە بێدەنگ بین و کار بۆ سەرخستنی نەکەن و جیهاد بۆ ئایینەکەیان نەکەن ، یان فەرمان بە چاکە نەکەن و نەهییش لە خراپە نەکەن.

بەڵکوو کەسی موسڵمان هەمیشە موکەلەفە بەوەی کە کار بە حوکمە شەرعییە دابەزیوەکان بکات. ئەرکی سەرشانیەتی ، کە هەوڵ بدات ڕاستیی حوکمە شەرعییەکان بزانێت و بیشزانێت کام ڕێگەیە بە ڕاستی و ڕەوانی دەیگەیەنێت بەو حوکمانە. ئەرکی سەرشانیەتی فەرمان بە چاك بکات و نەهییش لە خراپە بکات، هەرچەند پێیبکرێت

پەیڕەوی لە ئەم فەرمانانە بکات ، لەبەر ئەوە هەمووتان چاودێریکارن و هەمووشتان بەرپرسن لەو شتانەی کە چاودێرییان دەکەن ، (کلکم راع وکلکم مسؤول عن رعیته)[1]

لەبەرئەوە نابێت کە تەنها لەبەرئەوەی چاوەڕوانی هاتنی مەهدیی چاکەکار دەکات ئیتر لە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی دوا بکەوێت ، لەبەر ئەوەی هاتنی مەهدی نە تەکلیفی سەر کەس کەم دەکاتەوە، نە هیچ کارێك دوادەخات و نەخەڵکیش وەك گیانلەبەری بێئەرك بەرەڵا دەکات[2].

## ٣٢- بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی گەڕانەوەوە[3]

ئەوەی کە ئیمامەت بۆی دەچێت - بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شتانەی کە لە ئالی بەیتەوە هاتبوون (س.خ) - ئەوەیە ، کە خودای مەزن کەسانێك لە مردووەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر دنیا لەو وێنانەی خۆیاندا کە لە دنیادا لەسەری بوون، ئەمانە دەستەیەکیان عیزەت وەردەگرن و دەستەیەکی تریان دەچەوسێنرێنەوە ، ئەوانەی لەسەر حەقن لەوانە جیادەکاتەوە کە لەسەر باتڵن ، ستەمکاران لە ستەملێکراوان جیادەکاتەوە ئەمە ئەوکاتە ڕوودەدات ، کە مەهدیی ئالی محەمەد دێتەوە ، باشترین سەلام و سەلەواتیان لەسەربێت.

تەنها ئەو کەسانە دەگەڕێنرێنەوە، کە پلەی ئیمانەکەیان زۆر بەرزە ، یان ئەوانەی کە لە گەندەڵکاریدا گەیشتوون بە ئەو پەڕی خراپی، ئەمجا لەپاش ئەوەوە دەگەڕێنرێنەوە بۆ مردن، ئەمجا لەپاش ئەوەوە بەرەو نشوور و ڕاگەیاندنی پاداشت و سزا، وەك ئەوەی کە خودای مەزن لەناو قورئانە پیرۆزەکەیدا دەیگێڕێتەوە کە کەسانێك ئیسلاح نەبوون و

---

(١) بڕوانە ئەم سەرچاوانە: کشف المحجة لثمرة المهجة نووسینی ابن گاووس (٦٦٤هـ): ٣٩. عوالي اللئالي نوسینی ابن ابی جمهور (دورەوبەری ساڵی ٨٨٠کۆچی): ١: ١٢٩، ح (٣) و ٣٦٤، ح (٥١). بحار الانوار للمجلسی (١١١١کۆچی): ٧٢:٣٨، ح ٣٦. مسند احمد بن حنبل (٢٤١کۆچی): ٢: ٥:، ٥٤، ١١١، ١٢١. صحیح البخاری (٢٥٦کۆچی): ١: ٢١٥، و ٢: ٧٩، و ٣: ٨٨، ١٢٥، ١٨٩، و ٦: ١٤٦، ١٥٢. صحیح مسلم للنیسابوري (٢٦١کۆچی): ٦: ٨. سنن ابي داود السجستاني (٢٧٥هـ): ٢: ١٣، ٣: ٢٤.

(٢) گیانلەبەری بێکەڵك لەبریی وشەی (هملا کالسوائم)ی ناو سەرچاوە ڕەسەنەکە بەکارهێنراوە، همل واتە بێکەڵك، سوائم واتە حوشترێك خواردنی پێنادرێت، بەڵکو بەرەڵادەکرێت بۆئەوەی خۆی خواردنی خۆی دابین بکات.

(٣) وشەی گەڕانەوە لەبریی الرجعة یان العودة بەکارهاتووە، کە مانای گەڕانەوەیە لە پاش مردنەوە بۆ ناو ژیانی دنیایی.. بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەیت:
الرجعة او العودة الی الحیاة الدنیا بعد الموت، مرکز الرسالة: قم، الطبعة الاولی، ١٤١٨ هـ سلسلة المعارف الاسلامیة.

ئیتر کەوتونەتە بەر تووڕەیی خودا ، بۆیە داوایان کردووە ، کە بۆ جاری سێیەم بگەڕێندرێنەوە بۆ ئەوەی ئەمجا بتوانن چاکە بکەن : ﴿ قَالُوا رَبَّنَا أَمَتَّنَا اثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا اثْنَتَيْنِ فَاعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَى خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ ﴾[1] .

بەڵێ لە قورئانی پیرۆزیشدا باسی ڕوودانی گەڕانەوە بۆ ناو دنیا هاتووە ، هەموو ئالی عیسمەت و ئیمامەتیش بە گشتی هاوڕان لەسەری ، تەنها کەمێکیان نەبێت ، کە وا تێدەگەن ئەم ڕەجعەیەی باسی کراوە بریتییە لە گەڕاندنەوەی دەوڵەت و ئەمر و نەهی بۆ ئالی بەیت لەگەڵ گەڕانەوەی ئیمامی چاوەڕوانکراودا ، نە وەك بە گەڕاندنەوەی پیاوە باشەکان بۆ دنیا و زیندووکردنەوەی مردووەکان.

باسی گەڕاندنەوە لەلای ئەهلی سونە لە مونکەرەکانە و وادەزانن خراپە بڕوای پێ بهێنیت ، نووسەرەکانیان ئەوانەی کە ئەهلی فەرموودە بوون وا دەزانن کە بڕوا بوون بە گەڕانەوە مونکیرە و لە ڕیزی تانوتدانە و پێویستە گێڕانەوە و هێنانەبەر باسیشی ڕەت بکرێتەوە ، لەوە دەچێت کە ئەوان لە پلەی کفر و هاوبەش دانان بۆ خودا و بگرە خراپتریشدا دایبنێن . لەبەر ئەوە ئەوان بە هۆی بوونی ئەم بیرو بڕوایەوە گەورەترین تانوتیان لە شیعەی ئیمامی داوە و وەك خراپە بۆیان هەژمار کردوون.

گومان لەوەدا نییە ، کە ئەم جۆرە هەڵپە و هەڵوێستانەی کە تایفە ئیسلامییەکان ـ لە ڕابوردووەوە ـ وەك بەهانەیەك بەکاریان هێناوە بۆ تانووتدان لە یەکتری و دیعایەکردن لە دژی یەکتر ، ئێمە تەنها وەك گەورەکردنەوەی شتەکان دەیبینین ، لەبەر ئەوەی کە بڕوابوون بە گەڕانەوە ئەوەندە نییە ، کە بیروباوەڕی یەکتاپەرستی بڕوشێنێت ، زیانیش بە پێغەمبەرایەتی ناگەیەنێت ، بەڵکوو جەخت لەسەر ئەم دوو بڕوایە هەردووکیان دەکاتەوە ، چونکە گەڕانەوە بەڵگەی توانایەکی گەورەی خودای مەزنە وەك زیندووکردنەوە و قیامەت وەهایە، یەکێکە لە مەسەلە سەرووئاساییەکان، کە دەکرێت موعجیزەیەکی پێغەمبەرەکەی ئێمە و ئالی بەیتەکەشی بێت (س.خ) .

ئەوە هەر هەمان موعجیزەی زیندووکردنەوەی مردووەکانە کە درابوو بە مەسیح (س.خ) ، بگرە لێرەدا هەندێك گەورەتر و ڕەوانتریشە . چونکە لەپاش ئەوەوە ڕوودەدات، کە مردووەکان دەبنەوە بە گڵ : ﴿ قَالَ مَن يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ

---

(١) ئایەتی ١١ لە سورەتی المؤمن (غافر) .

مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ﴾ [1] . بەلام ئەگەر بێن بەوە تانووت لە گەڕانەوە بدەن ، کە بڵێن دەچێتەوە سەر دۆنادۆنی (بەدوای یەك هاتن) بێمانای ڕووحەکان ، لەبەرئەوەی کە نەتوانن جیاوازی لە نێوانی دۆنادۆن و گەڕانەوەی لەش و کەسی گەڕێنداروە بە لەشیەوە بکەن، ئەوە دەڵێین دۆناندۆن مانای گواستنەوەی ناخە لە لەشێکەوە بۆ لەشێکی تری جیاواز لە ئەوەی یەکەم جار ، کە ئەمەش مانای گەڕێندراوە بە لەشەوە ناگەیەنێت ، بەڵکوو مانای گەڕاندنەوەی ناخی ناو لەشی یەکەمە بە خەسڵەتە دەرونییەکانیەوە، مانای گەڕاندنەوەش جیاوازە. بۆیە ئەگەر گەڕاندنەوە بریتی بێت لە دۆنادۆن ، ئەوا زیندوو کردنەوەی مردووان لەسەر دەستی عیسا (س.خ) بریتی بووە لە دۆنادۆن، بۆیە ئەگەر گەڕاندنەوەش دۆنادۆن بێت، ئەوا زیندووکردنەوەو گەڕاندنەوەی لەشیش هەر دۆنادۆنە. کەواتە هەر ئەوەندە ماوەتەوە، کە گەڕاندنەوە لە دوو ڕووەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت:

یەکەم : مەحاڵە بێت گەڕاندنەوە ڕووبدات.

دووەم : درۆبوونی ئەو فەرموودانەی کە لەبارەیەوە هاتوون.

لە ڕووی خەملاندنی ئاستی ڕاستبوونی گفتوگۆکەرانی ئەم مەسەلەیەوە ، باوەڕبوون بە گەڕاندنەوە ئەوەندە خراپ نییە ، کە بەو شێوەیە نەیارانی شیعە گەورەیان کردووە. ئەمجا چەند بیروباوەڕی دەستەکانی تری ناو موسوڵمانان هەن ، کە ڕوودانیشیان موستەحیلە ، یان هیچ شتێك نییە بیسەلمێنێت ، کە ڕاستن و ڕوودەدەن ، کەچی دەبینیت وەك کفرکردن لە قەڵەم نەدراوە و بە دەرچوون لە ئیسلامیش دانەنراوە ، بۆ ئەمەش نمونەمان زۆرن ، لەوانە : بڕوابوون بە شیانی ئەوەی کە پێغەمبەریش هەڵە و گومڕایی بکات[2] ، یان بڕوابوون بە بە کۆنبوونی قورئان[3] و هەروەها بڕوابوون بەوەی کە پێغەمبەر بە دەق نەیگووتووە لەپاش خۆیەوە خەلیفەی دەبێت.

---

(١) هەردوو ئایەتی ٧٨ ـ ٧٩ لە سورەتی یس .

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە دەتوانیت بڕوانیتە : الصحیح من سیرة النبي الاعظم (ص)، نووسینی العاملی (کەسێکی هاوچەرخە): ٥: ١٧٥، توێژینەوەی سێیەم : ذو الشمالین وسهو النبي (ص) ، گواستنەوەی فەرموودەکانی لە دەروازەی بەهەڵەداچووندا لەناو هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیم و چەندانی تر.

(٣) وەك گوتەی حەنبەلی و ئەشاعرییەکان، کە ئەم شتە وەك گەورەیی بۆ قورئان دادەنێن، تەنانەت هەندێکیان لەو بڕوایەدان کە کاغەزی قورئان و بەرگەکەشی کۆنن و لەگەڵ زاتی خودادا یەکیان گرتووە، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانیت بڕوانیتە : دراسات في القرآن الکریم، نووسینی الاصفی، علی محمد: ٨٠ .

بەڵام ئەم دوو جۆرە مشتومڕکردنە هیچ جۆرە بناغەیەکی ڕاستبوونیان نییە. بەڵام لەبارەی موستەحیلبوونی گەڕاندنەوەوە گوتمان کە ئەمەیان لە جۆری زیندووکردنەوە و گەڕێندراوە بە لەشەوە وایە ، بەڵام ئەمە بریتییە لە زیندووکردنەوەیەکی کاتی لەناو دنیادا ، کەواتە بوونی بەڵگە لەسەر شیان و گونجاوبوونی زیندووکردنەوە ، بەڵگەیە لەسەر شیانی گەڕاندنەوەش ، بۆیە هیچ هۆکارێك نییە ، بۆئەوەی وەك شتێکی نامۆ سەیری ئەمە بکرێت ، لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە ژیانی دنیایی خۆماندا لەسەری ڕانەهاتووین و ناشزانین هۆکار و ڕێگرییەکانی چین و چ شتێك لەوەی نزیك دەخاتەوە، یان دووری دەخاتەوە ، کە ئێمە ددانی پێدابنێین. دیارە کە خەیاڵی مرۆڤ بەلایەوە ئاسان نییە بڕوا بە شتێك بکات ، کە خۆی پێی ئاشنا نەبێت ، ئەمە هەر وەك ئەوە وایە ، کە زیندووکردنەوەی بەلاوە نامۆ بێت و بپرسێت : ﴿مَن يُحۡيِ ٱلۡعِظَٰمَ وَهِيَ رَمِيمٞ قُلۡ يُحۡيِيهَا ٱلَّذِيٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٖۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلۡقٍ عَلِيمٌ﴾ [1]

بەڵێ ، شتی وامان هەن ، کە بەڵگەیەکی عەقڵی بوونی نییە بیسەلمێنێت، یان ڕەتی بکاتەوە، شتی واشمان هەن ، کە خۆمان وا بۆی بچین، کە بەڵگە نەبێت لەسەریان، لەم بارەدا پێویستە مل بە ئەو دەقە ئایینییانە بدەین، کە لە سەرچاوەی وەحیی خوداییەوە دێن . هەروەها لەناو قورئانی پیرۆزیشدا شتی وا هاتوون، کە بیسەلمێنن بۆ هەندێك مردوو ئەوە ڕوودەدات ، کە بگەڕێندرێنەوە بۆ دنیا ، وەك موعجیزەکەی عیسا (س.خ) ، لە بارەی زیندووکردنەوەی مردووەکانەوە: ﴿وَأُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ﴾ [2]

هەروەها ئەو فەرموودەیەی خودای گەورە ، کە دەفەرمووێت :﴿قَالَ أَنَّىٰ يُحۡيِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۖ فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِاْئَةَ عَامٖ ثُمَّ بَعَثَهُۥ﴾ [3]

ئەو ئایەتەش، کە پێشتر باسمان کرد:﴿قَالُواْ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثۡنَتَيۡنِ﴾ [4]

---

(١) هەردوو ئایەتی ژمارە ٧٨ و ٧٩ لە سورەتی یس.

(٢) ئایەتی ٤٩ لە سورەتی آل عمران .

(٣) ئایەتی ٢٥٩ لە سورەتی البقرە.

(٤) ئایەتی ١١ لە سورەتی المؤمن (غافر).

دیاره مانای ئەم ئایەتە ڕێك نابێتەوە، تەنها بەوە نەبێت، کە مردووەکە لەپاش مردنەوە بگەڕێندرێتەوە بۆ دنیا، ئەگەرچی هەندێك لە موفەسیرەکان لە ڕاڤەکردنیادا بەشێوەیەك بۆی چوون، کە نە مرۆڤ دڵنیا دەکاتەوە و نە مانای ڕاستەقینەی ئایەتەکەش دەپێکێت.

مشتومڕی دووەم ـ مشتومڕی ئەوەی کە فەرمودەی تایبەت بە گەڕانەوە دانراوبێت ـ هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە ، چونکە بەپێی ئەو شتانەی کە لە ئالی بەیت و هەواڵەکانی ئەوانەوە هاتوون ، گەڕاندنەوە یەکێکە لە مەسەلە پێویستەکان.

لەپاش ئەمانەوە ئیتر ئەوە مایەی سەرسووڕمان نییە ، نووسەرێکی بەناوبانگ ، کە باسی مەعریفە و دانایی خۆی دەکات و ناوی (أحمد أمین)ە، لە کتێبی (فجر الاسلام) دا بڵێت : (فالیهودیة ظهرت في التشیّع بالقول بالرجعة)[1] کە ماناکەی دەکاتە : کەواتە ئایینی جولەکە لەناو ئەهلی شیعەدا دەرکەوتەوە ، لە ڕێگەی باسکردنی گەڕاندنەوەوە.

منیش لەسەر ئەم قسەیەی بە ئەو دەڵێم : جولەکەیی لە ڕێگەی باسی گەڕاندنەوەوە لەناو قورئانیشدا دەرکەوتووە ، وەك ئەوەی لەناو ئەو ئایەتانەی پێشەوەدا دەیبینین.

بۆ زیاتریش دەڵێین : لە ڕاستیدا هەر دەبێت جولەکە و نەسرانییش لەناو زۆر بیر و باوەڕ و حوکمی ئیسلامیدا دەربکەون ، چونکە کە پێغەمبەری شکۆدار (د.خ) هاتووە، ڕاستبوونی ئەو شەریعەتە ئاسمانییانەی سەلماندووە کە لەپێش خۆیەوە هەبوون و هەندێك حوکمی ئەوانیشی نەسخ کردۆتەوە ، لەبەرئەوە دەرکەوتنی جولەکە یان نەسرانی لەناو هەندێك لە بیروباوەڕی ئیسلامیدا وەك کەموکوڕی ژمارە ناکرێت بۆ ئیسلام. وەك ئەوەی کە ئەم نووسەرە بۆی چووە گەڕاندنەوەش ببێت بە کەموکوڕییەك بۆ ئیسلام.

بە هەرحاڵ ، گەڕاندنەوەش یەکێك نییە لەو ئسووڵانەی کە پێویست بێت بڕوامان پێی هەبێت و سەیریشی بکەین ، بەڵکوو بڕوابوونی ئێمە بەپێی شوێنکەوتنی ئەو میراتە ڕاست و دروستانە بووە ، کە لە ئالی بەیتەوە سەلامی خودایان لەسەربێت بۆمان هاتوون. ئێمەش متمانەمان بە ئەوان داوە ، کە دووربن لە درۆوە ، بۆیە گەڕاندنەوەش یەکێکە لەو مەسەلە غەیبییانەی کە ئەوان باسیان کردووە و ڕێگریی لە ڕوودانی ناکرێت.

---

(١) فجر الاسلام لأحمد امین : ٢٧٦.

## ٣٣- بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی تەقواکارییەوە [1]

لە زمانی صادقی ئالی بەیتەوە (س.خ) ، دەگێڕنەوە ، کە لە (الاثر الصحیح)دا فەرموویەتی (التقیة دیني و دین آبائي)[2] هەروەها (من لا تقیة له، لا دین له)[3].

---

(١) بۆ ئاشنابوون بە بیرۆکەی تەقیە و ڕەچەڵەکانی بەشێوەیەکی بەرفراوان، بچۆ سەیری ئەم سەرچاوانە بکە :

التقیة في الفکر الاسلامي (سلسلة المعارف الاسلامیة ـ ٧)، مرکز الرسالة، قم: مرکز الرسالة، الطبعة الاولی، ١٤١٩هـ.

التقیة عند أهل البیت علیهم السلام، قصیر العاملي، مصطفی (معاصر)، قم: المجمع العالمي لاهل البیت علیهم السلام، ط٢، ١٤١٥هـ[41].

واقع التقیة عند المذاهب و الفرق الاسلامیة من غیر الشیعة الامامیة، العمیدي، ثامر هاشم حبیب.. قم: مرکز الغدیر للدراسات الاسلامیة، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٥م.

التقیة، الانصاري، مرتضی (٢١٤ – ١٢٨٢هـ)، تحقیق فارس الحسون، قم: مؤسسة قائم آل محمد عجل الله فرجه الشریف، الطبعة الاولی، ١٤١٢هـ .

التقیة في فقه أهل البیت علیهم السلام، بحث الداروي (معاصر): تقریر محمد علي المعلم، قم، المؤلف، ١٤١٨هـ (مجلدان) و للفائدة ایضا راجع المسألة العاشرة من کتاب اجوبة مسائل جار الله، شرف الدین الموسوي (١٣٧٧هـ): تحقیق عبدالزهراء الیاسري، قم: المجمع العالمي لأهل البیت علیهم السلام، الطبعة الاولی ١٤١٦/ ١٩٩٥م.

(٢) دعائم الاسلام للقاضي النعمان المغربي (٣٦٣هـ): ١: ١١٠، ١٦٠، و ٢: ١٣٢. عوالي اللئالي للاحسائي (٨٨٠هـ): ٢: ١٠٤، ح (٢٨٦).
هەروەها لەناو ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکاندا بە ئەم شێوەیە هاتوە "ان التقیة دیني و دین آبائي، ولا دین لمن لا تقیة له" بۆ نموونە سەیری ئەم کتێبە بکە: المحاسن للبرقي (٢٧٤ یان ٢٨٠ کۆچی): ١: ٣٩٧، ح (٨٩٠)، طبعة المجمع. و لە ناو چاپەکەی دار الکتب الاسلامیة دا بڕوانە: ١: ٢٥٥، ح (٢٨٦)، باب التقیة.. وسائل الشیعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١٦: ٢١٠، ح (٢١٣٧٩). باب وجوب التقیة مع الخوف.. فەرموودەی (٤). مشکاة الانوار في غرر الاخبار للطبرسي (سەدەی حەوتەمی کۆچی): ٨٧، بەشی ١١ في التقیة، ح (١).. الصراط المستقیم الی مستحقي التقدیم للعاملي النبطي (٨٧٧هـ): ٣: ٧١. کما ورد عن الامام الباقر علیه السلام لە زمانی ئیمای باقرەوە بە ئەم شێوەیە دەیگێڕنەوە: "التقیة من دیني و دین آبائي، ولا ایمان لمن لا تقیة له". بڕوانە الکافي نووسینی کلیني (٣٢٩کۆچی) : ٢: ٢١٩، باب التقیة، ح (١٢). و هەروەروەها بڕوانە وسائل السیعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١٦: ٢٠٤، ح (٢١٣٥٩)، باب وجوب التقیة.. فەرمودەی ٤.

(٣) بەم دەقە هاتووە لە : فقه الرضا لابن بابویه (٣٢٩هـ) : ٣٣٨. اوائل المقالات للمفید (٤١٣هـ) : ٢١٦. وبحار الانوار للمجلسي (١١١١هـ) : ٧٥ ، ٣٤٧. کە لە زۆربەی سەرچاوە فەرموودەییەکاندا هاتووە : –

هەروەها ئەمە دروشمێك بووە بۆ ئالی بەیت (س.خ)، بۆئەوەی بتوانن لە ڕێگەیەوە زەرەر و زیان لە خۆیان و شوێنکەوتوەکانیشیان دوور بخەنەوە، بۆئەوەی خوێنیان نەڕژێت،[1] هەروەها بۆ باشترکردنی ڕەوشی موسوڵمانانو یەکخستنی گوتاریانو پێکەوە کۆکردنەوەشیان. هێشتا خەسڵەتێك ماوەتەوە کە ئیمامیەکانی پێ دەناسرێنەوە و لە دەستە و تایفەکانی تر جیایان دەکاتەوە ، هەر مرۆڤێکیش هەستی کرد، کە خۆی یان ماڵ و موڵکی کەوتۆتە بەر مەترسی، بەهۆی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیەوە ، ئەوا دەبێت بێدەنگ بێت و لە شوێنە مەترسیدارەکاندا خۆی بپارێزێت، ئەمە شتێکە، کە خواستی عەقڵ پەسەندی کردووە.

ئەوە زانراوە ، کە ئیمامیەت و ئیمامەکانیشیان ئەوەندە جۆری ستەم و ئەوەندە چەشنی تەنگ پێهەڵچنینیان بینیووە ، کە هیچ تایفە و نەتەوەیەکی تر نەیانبینیوە.[2] لەبەر ئەوە لە زۆربەی سەردەمەکانی خۆیاندا ناچاربوون تەقیە بەکاربهێنن بۆ بێدەنگبوونیان بەرانبەر بە نەیارەکانیان و دژایەتی نەکردنیان و پەردەپۆشکردنی بیروباوەڕ و کارە تایبەتەکانی خۆیان ، کە دیارە ئەمانەش زیانی بۆ دین و دنیایان لێ دەکەوتەوە. لەبەر ئەم هۆکارە خەسڵەتی تەقیە بوونیان دایە پاڵیان و بەمەش خۆیانی پێ ناسرانەوە.

تەقیە لە ڕووی واجیب بوون و واجیب نەبوونیەوە چەند حوکمێکی هەیە دەوەستێتە سەر ئاستی جیاجیای ترسانیان لە زەرەرکردنی خۆیان . ئەم ئاستانە لەناو بەشەکانی کتێبەکانی زانا فیقهییەکاندا هەیە.

---

- ((ئەوەی تەقیەی نەبێت ئایینیشی نییە)) . بڕوانە سەرچاوەکانی پەراوێزی ژمارە (٢) : و هەروەها: من لایحضره الفقيه للصدوق (٣٨١هـ) : ٢ : ١٢٨ ، ح (١٩٢٨) . صفات الشيعة للصدوق ايضا : ٣ . الكافي للكليني (٣٢٩هـ) : ٢ : ٢١٧ ، باب التقية ، ح٢ . وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٣٣) ، باب جواز الافطار للتقية ... ح (٣) . و ١٦ : ٢١٠ ، ح (٢١٣٧٨) و١٦ : ٢١٥ ، ح (٢١٣٩٤) ، مشكاة الانوار للطبرسي (القرن ٧هـ) : ٨٩ وكنز العمال للمقي الهندي (٩٧٤هـ) : ٣ : ٩٦ ، ح (٥٦٦٥) .

(١) لە زمانی ئیمامی باقرەوە دروودی خودای لەسەربێت دەگێڕنەوە، کە گوتویەتی (انما جعلت التقية ليحقن بها الدم، فاذا بلغ الدم، فليس تقية.) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە الكافي لە نووسینی کلینی (٣٢٩کۆچی): ٢: ٢٢٠. هەروەها تهذيب الاحكام للطوسي (٤٦٠ کۆچی): ٦: ١٧٢. وسال الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١٦: ٢٣٤.

(٢) بۆ زانینی وردەکارییەکانی ئەم مەسەلەیە سەیری ئەم سەرچاوانە بکە : الشيعة والحاكمون ، مغنية ، محمد جواد (هاوچەرخە): بيروت، دار الهلال ودار الجواد ، چاپی پێنجەم، ١٩٨١ز.

بەهەرحاڵ ئەم شتە واجیب نییە . بەڵکوو دەگونجێت و پێویستە هەندێجار پێچەوانەشیان بیت ، بەتایبەتی ئەگەر لەبارەی دەرخستنی حەق و نوواندنی سەرخستنی ئایین و خزمەتکردنی ئیسلام و جیهادکردن لە پێناویدا بێت . چونکە لەم حاڵەتانەدا ماڵ بەخشین ئاسانە و خۆبەخشینیش قوورس نییە. ڕەنگە تەقیەکان ئەو کارانە حەرام بکەن ، کە بە پێویستی دەزانن ناخە ڕێزلێگیردراوەکان بکوژرێن ، یان پەرە بە کاری پووچ و باتڵ بدرێت یان گەندەڵی لە ئاییندا بەرپا بکرێت ، یان زیانی گەورە بە موسوڵمانان بگەیەندرێت ، یان جەور و ستەم بڵاوبکرێتەوە.

بە هەرحاڵ مانای تەقیە لەلای ئیمامەت ئەوە نییە ، کە بیانکەین بە کۆمەڵەیەکی نهێنی کە کار بۆ ڕوخاندن و شێواندن بکەن ، وەك ئەوەی کە دوژمنانی تەقییە دەیانەوێت وێنای بکەن و خۆیان نایانەوێت لە ڕاستیەکەیان تێبگەن. هەروەها ئەمە مانای ئەوەش نییە کە ئایین و حوکمەکانی ئایین بکەیت بە یەکێك لە ئەو نهێنییانەی کە نەشێت بۆ کەسێکی ئاشکرا بکەیت ، کە هەڵگری ئایینەکە نەبێت، ئەگەر ئەمە وابێت ئیتر چۆن چۆن کتێب و نووسینەکانی ئیمامەت لەبارەی فیقهو حوکمەکان و توێژینەوە لە زمان و بیروباوەڕەکانەوە سەر ڕەفەکانیان پڕکردۆتەوە و سنووری باوەڕبونی هەر نەتەوەیەکی تری بە ئیمانەکەی خۆی تێپەڕاندووە!! بەڵێ هەر کەسێك ویستبێتی گێچەڵ بە ئیمامەت بکات ، هاتووە بڕوابوونی ئێمەی بە تەقیە کردەوە بە خاڵی پەلاماردان ، کردوویانە بە نیشانە بۆ پەلاماردانی، وەك ئەوەی تەنها بەوە قایل بن ، کە شمشێر بخەنە سەر ملیان بۆئەوەی تا دووایین کەسیان مل بپەڕێنن ، وەك ئەو ڕۆژگارەی کە هەر ئەوەندە بەس بوو بۆ کەسێك کە بڵێن ئەمە شیعەیە بۆئەوەی یەکسەر لەلایەن دوژمنەکانی ئالی بەیتەوە وەك ئەمەوییەکان و عەباسییەکان و بگرە عوسمانیەکانیشەوە بکوژرێت. بۆیە ئەگەر کەسێك بڵێت پێویستە کەسێك لەبەر نەگونجاویی لایەنە ئایینیەکەی لە ملی بدرێت، ئەوا ئێمەش دەڵێین:

یەکەم : ئێمە کەوتوینەتە شوێنی ئیمامەکانی خۆمان (س.خ) ، ئەوە ئەوانن کە فەرمانیان بە ئێمە کردووە و لەکاتی پێویستدا شتیان فەرزکردووە بەسەرماندا. بە بڕوای ئیمامەکانیش ئەم شتانەی ئەوان سەرچاوەکەیان لە ئایینەوەیە. تۆ ئەو گووتەیەی سادقت بیست (س.خ) کە دەڵێت "هەرکەسێك تەقیەی نەبوو، ئیتر ئایینیشی نییە".

دووەم: شەرعی تەقیە لەناو خودی قورئانی پیرۆزداو بە گووتەی خودای مەزن هاتووە، کە دەفەرمووێت: ﴿إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ﴾ [1] ئەم ئایەتە لەبارەی عەمار کوڕی یاسر هاتووە کە بەدرۆوای پیشان داوە پەنای بردۆتە بەر کوفر لەترسی دوژمنانی ئیسلامدا[2]. هەروەها فەرموودەی خوای مەزن: ﴿إِلَّا أَن تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً﴾ [3].

---

(١) ئایەتی ١٠٦ لە سورەتی النحل .

(٢) تفسير العياشي لابن عياش السلمي السمرقندي (٣٢٠هـ) : ٢ : ٢٧٢ - ٢٧٣ . ح ٧٦ . تفسير القمي (٣٢٩هـ) : ١ : ٣٩٠ . حقائق التأويل في متشابه التنزيل للشريف الرضي (٤٠٦هـ) : ٧٦ . التبيان في تفسير القرآن للطوسي (٤٦٠هـ) : ٦ : ٤٢٨ . مجمع البيان تفسير القرآن للطبرسي (٥٦٠هـ) : ٦ : ٢٠٣ . تفسير القرآن لعبدالرزاق الصنعاني (٢١١هـ) : ٢ : ٣٦٠ . جامع البيان عن تأويل آي القرآن للطبري (٣١٠هـ) : ٧ : ٣٥٥ و ١٤ : ٢٣٧ . احكام القرآن للجصاص (٣٧٠هـ) : ٣ : ٢٤٩ . المستدرك على الصحيحين للحاكم (٤٠٥هـ) : ٢ : ٣٥٧ . زاد المسير في علم التفسير لابن الجوزي (٥٩٧هـ) : ٤ : ٣٦٢ و سەرچاوەی دی فەرموودە و شیکردنەوە .

(٣) ئەمە ئایەتی ٢٨ هەمە لە سورەتی آل عمران، هەروەها ئەمیری موئمنینیش عەلیی کوڕی ئەبی تالیب (س.خ) لە یەکێك لە ناڕەزایی دەربڕینەکانیدا دەڵێت: " وآمرك ان تصون دينك ، وعلمنا الذي أودعناك ، فلا تبد علومنا لمن يقابلها بالعناد ، ولا تفش سرنا إلى من يشنع علينا ، وآمرك ان تستعمل التقية في دينك فإن الله يقول : ﴿لَّا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ إِلَّا أَن تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً﴾ وقد اذنت لكم في تفضيل اعدائنا إن الجاك الخوف إليه وفي إظهار البراءة إن حملك الوجل عليه وفي ترك الصلوات المكتوبات ان خشيت على حشاشة نفسك الآفات والعاهات ، فإن تفضيلك اعداءنا عند خوفك لا ينفعهم ولا يضرنا ، وإن اظهارك براءتك منا عند تقيتك لا يقدح ، فينا ولا ينقصنا، ولئن تبرأ منا ساعة بلسانك وانت موال لنا بجنانك ، لتبقي على نفسك روحها التي بها قوامها، ومالها الذي به قيامها ، وجاهها الذي به تمسكها ، وتصون من عرف بذلك اولياءنا واخواننا ، فإن ذلك افضل من ان تتعرض للهلاك ، وتنقطع به عن عمل في الدين ، وصلاح اخوانك المؤمنين ، وإياك ثم إياك ان تترك التقية التي امرتك بها ، فانك شائط بدمك ودماء إخوانك معرض لنعمتك ونعمتهم للزوال ، ومذل لهم في ايدي اعداء دين الله ، وقد امرك الله باعزازهم ، فانك ان خالفت وصيتي كان ضررك على إخوانك ونفسك اشد من ضرر الناصب لنا ، الكافر بنا. " کە ئەم فەرموودەیە بە ڕوونی باس لە شتێك دەکات بە ڕوونی دیارە کە یەکێکە لە پەیڕەوەکانی تەقیە و دەڵێت ئەگەر زانیت کە وازهێنانت لە نوێژە فەرزەکان دەبێتە هۆی ئەوەی لە زیانی دەستی دوژمنەکانت دەرباز ببیت ، ئەوا لەو کاتەدا وازیان لێ بهێنە ، بەمەش نە زیان بە ئێمە دەگات و نە سوودیش بە دوژمنەکانت دەگات. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانیت بڕوانیتە الاحتجاج للطبرسي (٥٠٦کۆچی): ١: ٣٥٤ ـ ٣٥٦، هەروەها مدينة العاجز للبحراني (١١٠٧ کۆچی): ١: ٣٦٠. وسائل السيعة للحر العاملي (١١٠٤کۆچی): ١٦: ٢٢٩، ح (٢١٤٣١)، هەروەها فەرموودەی دەیەم لە دەروازەی جواز التقية في الاظهار كلمة الكفر. بحار الانوار للمجلسي (١١١١١ کۆچی): ١٠: ٧٥ الباب -

هەروەها بڕوانە ئەو فەرمودەیەی خودای مەزن ، کە دەفەرمویّت: ﴿ وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَـٰنَهُۥ ﴾[1]

---

- (٤) احتجاجه صلوات الله عليه على الطبيب اليوناني. هەروەها لە زمانی ئیبن عەباسیشەوە دەگێڕنەوە (س.خ) کە گوتویەتی: " التقاة التكلم باللسان والقلب مطمئن بالايمان فلايبسط يده فيقتل ولا الى اثم فانه لا عذر له" . بڕوانە المستدرك على الصحيحين للحاكم النيسابوري (٤٠٥کۆچی): ٢: ٢٩١. هەروەها السنن الكبرى للبيهقي (٤٥٨کۆچی): ٨: ٢٠٩. هیی تریش: هەروەها ابوبكر الجصاص لەژێر ناونیشانی بيان معنى التقية و حكمها دەڵێت : " وقوله تعالى "الا ان تتقوا منهم تقية"، يعني ان تخافوا تلف النفس، او بعض الأعضاء، فتتقوهم بإظهار الموالاة من غير اعتقاد لها .. وهذا هو ظاهر ما يقتضيه اللفظ وعليه الجمهور من أهل العلم. وقد اقتضت الاية جواز إظهار الكفر عند التقية، وهو نظير قوله تعالى : من كفر بالله من بعد ايمانه الا من اكره وقلبه مطمئن بالايمان واعطاء التقية في مثل ذلك انما هو رخصة من الله تعالى.

بڕوانە : أحكام القرآن للجصاص (٣٧٠کۆچی): ٢: ١٢. هەروەها تەبەری لە زمانی ئیبن عەباسەوە و لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەڵێت: تەقواکاری بە زمانە. هەروەها ئەلزەحاکیش هەر شتێکی لەم شێوەیەی گێڕاوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە: جامع البيان للطبري (٣١٠کۆچی): ٣: ٣١٠، ٣١١. هەروەها القرطبي لە ئەلحەسەنەوە دەگێڕێتەوە، کە گوتویەتی: تەقیە خەڵاتێکە بۆ مرۆڤ لە ڕۆژی قیامەتدا، تەقیەکاری لە کوشتندا نییە، هەروەها بوخاریش لە ئەلحەسنەوە دەگێڕێتەوە، کە شتێکی نزیکی لەمەوە گووتوە ، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : الجامع لاحكام القرآن نوسینی القرطبي (٦٧١کۆچی): ٤: ٥٧. هەروەها صحيح البخاری (٢٥٦کۆچی): ٨: ٥٥، كتاب الاكراه. هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە سەرچاوەکانی تری تەفسیرکردنی ئەم دوو ئایەتەی ئاماژەیان پێدراوە.

(١) ئایەتی ٢٨ لە سورەتی المؤمن (غافر) .

## بەشی چوارەم

## ئەو شتەی کە ئالی بەیت شیعەکەی خۆیانی پێ پەروەردە دەکەن

### سەرەتایەک

ئیمامەکانی ئالی بەیت (س.خ) پێشوەخت زانیویانە کە تا خۆیان لە ژیاندا بن ، دەوڵەتەکەیان بۆ ناگەڕێتەوە ، خۆشیان و شیعەکەشیان لەژێر دەستەڵاتی سوڵتانی دەرەوەی خۆیاندا دەمێننەوە ، لەو سوڵتانانەی کە وادەزانن پێویستە بە هەرچی ئامرازی توندوتیژی هەیە ئالی بەیت لەناوبەرن.

لەبەرئەوە ئیتر ئەوە شتێکی سروشتی بوو، کە ـ لەلایەك ـ بێدەنگی هەڵبژێرن و تەقیە بکەن بە ئایین و خەیاڵی خۆیان و شوینکەوتوەکانیشیان ، لەبەرئەوەی تەقیەبوون لە ڕشتنی خوێنی ئەوان کەم دەکاتەوە ، هەروەها زیانیشی تێدانییە بۆ کەسانی تر و بۆ ئاینەکەشیان، بۆئەوەی بتوانن کە لەناو گەرمەی ئەم کێشانەدا بمێننەوە ، کە پڕیەتی لە فیتنەکاری .

لەلایەکی تریشەوە بەپێی پێداویستییەکانی ئیمامەتیان - لەلایەکی ترەوە - وا پێویستی دەکرد ، کە وانەکانی حوکمەکانی شەریعەت بە شوێنکەوتەوەکانی خۆیان بڵێنەوە ، و بەرەو ئاینێکی ڕاست و دروست ئاراستەیان پێبدەن. بۆئەوەی کە بتوانن ڕێگایەکی کۆمەڵایەتییانەی سودبەخش بگرنەبەر، بۆئەوەی ببن بە نموونەی موسوڵمانی ڕاستی دادپەروەرە.

ئەم پەیامەی ئێمە ناتوانێت بە تەواوی پەی بە شێوازی ئالی بەیت لە پەروەردەکردندا ببات، ئەوە کتێبە قەبە و گەورەکانن ، کە مەعریفەی ئایینییان بڵاوکردۆتەوە ، بەڵام ئەوەش خراپ نییە لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لە ئەو شتانە بدەین ، کە لەوە دەچێت بچنە ناو دەروازەی عەقیدە و بیروباوەڕەوە ، واتە ئەو بیروباوەڕانەی کە ئەوان بەکاریان دەهێنا بۆ پەروەردەکردن و ڕاهاتنی شیعەکانی خۆیان ئەو ئادابانەیان فێربکەن کە دەیانخاتە سەر ڕێگای ڕەوتی کۆمەڵایەتیی سوودبەخش و نزیکیان دەکاتەوە لە خودای میهرەبان و سنگیان لە ژەنگی گوناهکاری و خراپەکاری پاك دەکاتەوە ، دەیانکات بە کەسانی دادخواز و ڕاستگۆ.

پێشتر قسەمان لەبارەی تەقیەکانەوە کرد، کە تەقیەش بریتییە لە بەشێك لەو ئادابە کۆمەڵایەتییە سوودبەخشانە بۆ ئەوان ، وا ئێمەش لێرەدا هەندێك لەو ئادابانە باس دەکەین :

## ٣٤ ـ بیروباوەڕی ئێمە لەبارەی دوعاکردنەوە [١]

پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: "الدعاء سلاح المؤمن، وعمود الدين ، نور السموات والارض" واتە دوعاکردن چەکی دەستی موسوڵمانە، ستوون و ڕاگری ئایینە ، ڕۆشنایی ئاسمانەکان و زەوییە[٢].

هەروەها دوعاکردن یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شیعەکان و ئەوان ئیمتیازی دوعاکردنیان هەیە ، نووسینیان لەبارەی چاکە و فەزڵ و ئادابی دوعاکردنەوە هەیە، لە بارەی دوعا کاریگەرەکانەوە دەیان کتێب هەن ، کە لەسەر ئالی بەیت نووسراون، تیایەتی درێژە و تیاشیایەتی کە کورتە ، لەناو ئەم کتێبانەدا ئەوانە دانراون کە هەریەکە لە پێغەمبەر (د.خ) هانی خەڵکیان پێداوە بۆئەوەی دوعاو پاڕانەوە لە خودا بکەن، ئەوەتا لە زمانی ئەوانەوە دەگێڕنەوە، کە فەرموویانە "أفضل العبادة الدعاء"[٣] چاکترین عیبادەت

---

(١) بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لەبارەی فەلسەفەی دوعاکردنەوە و حاڵەتەکانی و شوێنکەوتە دنیای یو قیامەتییەکانی و هەروەها لەبارەی وەڵامدانەوە و نەدانەوەی دوعا، بڕوانە: الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ٤٦٦ ـ ٥٩٥... كتاب الدعاء.. لەوێدا شتی وا دەدۆزیتەوە ، کە ویژانی مرۆڤ ئاسوودە دەکات. هەروەها بڕوانە: الدعاء عند أهل البيت عليهم السلام، الاصفى محمد مهدى (هاوچەرخە).
بڕوانە گوتاری (العبد ، المولى، نقاط التماس) لە نووسینی محمد كاظم الكرمانى، کە لە گۆڤاری رسالة الثقلين ، هەردوو ژمارەی ١٩ ـ ٢٠ دا بڵاوکراوەتەوە.

(٢) الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ٤٦٨، كتاب الدعاء، باب الدعاء سلاح المؤمن. عيون اخبار الرضا عليه السلام للصدوق (٣٨١هـ): ١: ٤٠، ح ٩٥. المستدرك على الصحيحين للحاكم النيسابوري (٤٠٥هـ) : ١ : ٤٩٢. مجمع الزوائد للهيثمي (٨٠٧هـ): ١٠١٠: ١٤٧. بابب الاستنصار بالدعاء ابو يعلي الموصلي (٣٠٧هـ): ٢١: ٣٤٤، ح (٤٣٩). الجامع الصغير للسيوطي (٩١١هـ): ١: ٦٥٥، ح (٤٢٥٨) .

(٣) الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ٤٦٦، كتاب الدعاء، باب الدعاء و الحث عليه، ح ١.. المجتنى من دعاء المجتبى لابن طاووس (٦٦٤هـ): ٥: وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ٧: ٣٠، ٣١. باب استحباب اختيار الدعاء على غيره من العبادات المستحبة، ح ١/ (٨٢٦٥). هەروەها لە زمانی پێغەمبەرەوە (د.خ) دەگێڕنەوە ، کەفەرموویەتی (ح (٧)، (٨٦٣١)) "افضل العبادة الدعاء، و اذا اذن الله للعبد في الدعاء فتح له أبواب الرحمة، انه لن يهلك مع الدعاء احد"... بڕوانە بحار الانوار للمجلسي (١١١١هـ): ٩٠: ٣٠٢، ح (٣٩). المستدرك على الصحيحين للحاكم النيسابوري (٤٠٥هـ): ١: ٤٩١. كتاب الدعاء والتكبير-

دوعایە و خۆشەویسترین کار لای خوای مەزن عیبادەتە "أحب الاعمال الى الله عزّ و جل في الارض الدعاء"[1]

هەروەها لە زمانی ئەوانەوە هاتووە ، کە : دوعا لە دەرد و بەلاّ دووردەخاتەوە{إن الدعاء يرد القضاء و البلاء}[2] و هەروەها شیفای هەموو دەردێکە{شفاء من كل داء}[3]

هەروەها دەگووترێت، کە ئەمیری موئمنین (س.خ) پیاوێکی دوعاکار بووە[4]، واتە دوعای زۆری کردووە، ئەو هەر دەبێت وەهابێت ، خۆ ئەو سەرکردەی یەکتاپەرستەکان و ئیمامی هەموو ئیلاهییەکانە.

---

- والتهليل..... الجامع الصغير للسيوطي (٩١١هـ): ١: ١٩٢، ح (١٢٨١)... كنز العمال للمتقي الهندي (٩٧٤هـ): ٢: ٦٤، ح (٣١٣٤).

(١) الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ٤٦٨، كتاب الدعاء، باب الدعاء و الحث عليه، ح ٨.. رواه عن امير المؤمنين (ع) . وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ) : ٧ : ٣١ ، ح (٨٦٢٨) . مستدرك الوسائل للنووي الطبرسي (١٣٢٠هـ) : ٥ : ١٧٠ ، ١٧١ ، ح (٥٥٩٢) ، ح (٥٥٨٨) ، مسند احمد بن حنبل (٢٤١هـ) : ٢ : ٣٦٢ . سنن ابن ماجة (٢٧٥هـ) : ٢ : ١٢٥٨ ، ح (٣٨٢٩) . المستدرك على الصحيحين للحاكم النيسابوري (٤٠٥هـ): ١: ٤٩١. كتاب الدعاء والتكبير ...كشف الخفاء ومزيل الالباس للعجلوني (١١٦٢هـ) : ٢: ١٦٩ ، ح (٣١٣٤).

(٢) بڕوانە قرب الاسناد للحميري البغدادي (٣٠٠كۆچی): ٣٢. هەروەها لە ئیمامی سادقەوە دەگێڕنەوە (س.خ) کە فەرموویەتی (إن الدعاء يرد القضاء، وان المؤمن لياتي الذنب فيحرم به الرزق). الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ٤٦٩. باب ان الدعاء يرد البلاء والقضاء. الخصال للصدوق (٣٨١هـ): ٦٢٠. تحف العقول للحراني (سەدەی چوارەمی کۆچی) : ١١٠. هەروەها وسائل الشيعة الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ٧: ٣٦. باب جواز الدعاء برد البلاء المقدر و طلب تغيير قضاء السوء واستحباب ذلك. كتاب الدعاء للطبراني سليمان بن احمد (٣٦٠هـ): ٣٠ الستدرك على الصحيحين للحاكم الميسابوري (٤٠٥هـ): ٣: ٤٨١. الجامع الصغير للسيوطي (٩١١هـ): ١: ٢٠٦، ٦٥٥، ٦٥٦، فەرمودەکانی (١٣٩٠، ٤٢٦٢، ٤٢٦٥). كنز العمال للمتقي الهندي (٩٧٤هـ): ٢: ٦٢، ٦٣، ٦٩. فەرموودەکانی : (٣١١٨، ٣١٢٠، ٣١٢١، ٣١٦١، ٣١٦٢).

(٣) الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ٤٧٠. باب ان الدعاء شفاء من كل داء و ٦:٤١٣. وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ٧: ٤٥، ح (٨٦٧٧)، باب استحباب الدعاء عند نزول المرض والسقم.

(٤) لە زمانی ئیمامی سادقەوە (س.خ) دەگێڕنەوە، کە گووتویەتی : "كان امير المؤمنين عليه السلام رجلا دعاء" واتە ئەمیری بڕواداران پیاوێکی دوعاکاربووە.: بڕوانە الكافي الكليني (٣٢٩هـ): ٢: ٤٦٨، كتاب الدعاء، باب فضل الدعاء والحث عليه، ح ٨، عدة الداعي ونجاح الساعي لابن فهد الحلي (٨٤١هـ): ٣٣: ١٩١.

دوعاکانی ئەویش وەك گوتار و وەك نموونەیەك لە نموونەکانی ڕەوانبێژیی عەرەبی هەژمار دەکرێن ، وەك دوعا بەناوبانگەکەی کەمیلی کوڕی زیاد[1] ئەم دوعایە ئەوەندە مەعریفەی ئیلاهی و ڕێنمایی ئایینیی تێدایە ، کە شایانی ئەوەیە ببێت بە پەیڕەوێکی بەرز بۆ موسوڵمانی ڕاست و دروست.

لە ڕاستیدا ، ئەو دوعایانەی کە لە زمانی پێغەمبەرەوە (ج.خ) هاتوون و لە زمانی ئالی بەیتەکەیەوە هاتوون باشترین پەیڕەون بۆ موسوڵمانان ئەگەر، بتوانن بیڵێن، ئەوا لە ناو ناخیاندا هێزی ئیمان و بیروباوەڕ و ڕووحی قوربانیدا لە پێناوی حەقدا دەبوژێتەوە، فێری نهێنیی عیبادەتکردنی دەکەن ، تامی موناجاتکردنی خودای میهرەبانی پێدەدەن. هەروەها ئەوشتانەش فێری مرۆڤ دەکەن ، کە پێویستە لەبارەی ئایینەکەی خۆیەوە بیزانێت. چونکە ئەم شتانە لە خودای گەورە نزیکیان دەکاتەوەو لە گەندەڵی و ئارەزوو و بیدعەی پووچ دووریان دەخەنەوە.

بە کورتی ، پوختەی مەعریفە ئایینییەکان لەبارەی ڕەوشت و ئەدەبدانەوە ، لە ڕووی ئایینی ئیسلامییەوە خراونەتە ناو ئەم دوعایانەوە ، بگرە ئەم دوعایانە لە گرنگترین سەرچاوەکانی فەلسەفە و توێژینەوە زانستییەکانی بواری خوداناسی و ئاکارناسیین.

ئەگەر خەڵك بتوانن ـ دیارە هەموویان ناتوانن ـ ئەم هیدایەتە وەربگرن ، کە لەناو ناوەرۆکی بەرزی ئەم دوعایانەدا هەیە ، ئەوا ئەم هەموو گەندەڵییانەت نەدەبینی ـ کە باری ئەم سەر زەوییەیان قورس کردووە ـ شوێنەواریشیان نەدەمایەوە . هەروەها ئەو هەموو ناخی مرۆڤانەش کە پڕبوون لە خراپەکاری ، دەیانتوانی بە باڵی ئازادی خۆیان بە ڕووی ڕاستی و ڕەواییدا بفڕن . بەڵام کوا ، کەی مرۆڤ دەتوانێت گوێ لە گوتاری

---

(١) لە سەرەتاکەیەوە دەڵێت : "اللهم اني اسالك برحمتك التي وسعت كل شيء، وبقوتك التي قهرت بها كل شيء، و خضع لها كل شيء، وذل لها كل شيء..."ئەمە ئەو دوعایەیە کە کەمیلی کوڕی زیادی نەخەعی لە زمانی ئەمیری موئمنینەوە گێڕاویەتیەوە ، واتە لە زاری ئیمام عەلیی کوڕی ئەبی تالیبەوە (س.خ) . هەروەها پێیشی دەگوترێت دوعای خزر، لەبەر گرنگییەکەی ئیمامی عەلی (س.خ) ڕێنمایی بۆ کەمیل کردووە، بە رە رەحمەتی خودا بکەوێت و پێی گووتوە: اي كميل اذا حفظت هذا العداء فادع به كل ليلة جمعة أو في الشهر مرة، او في السنة مرة، او في عمرك مرة تكف وتنصر وترزق، ولن تعدم المغفرة".

بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : إقبال الاعمال لابن طاووس (٦٦٤هـ): ٢٢٠، دەروازەی هەشتەم لەبارەی مانگی شەعبانەوە. البلد الامين والدرع الحصيين للكفعمي (٩٠٠هـ): ٢٦٥.

چاکەخوازان و ئەو کەسانە بگرێت ، کە بانگەشە بۆ حەق دەکەن ؟ ئەوەتا خودای مەزن ئەوانەمان بۆ ئاشکرا دەکات:

﴿ إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ ﴾ (١) ﴿ وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴾ (٢)

بەڵێ ، پایەی خراپەکاریی لای مرۆڤ بریتییە لە شانازیکردنی بە خۆیەوە و فەرامۆشکردنی خراپەکانی خۆی لەوەدایە ، کە دەستی برد بۆ کارێك وا بزانێت کە خۆی لێی دەزانێت ، بەمەش ستەم دەکات و سنوور دەبەزێنێت ، درۆ و دەستی دەکات ، مل بە ئارەزووەکانی خۆی دەدات و چۆن بۆی بلوێت وەها دەجووڵێت ، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە دەستی خۆی ناخی هەڵدەخەڵەتێنێت ، لەبەر ئەوەی کە بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی نەکردووە ، کە پێویست بووە بیکات ، یان چاوپۆشیی خۆویستانەی لە هەندێ شت کردووە و گوایە دەیەوێت بەپێی ڕوانینی خۆی ئاستی هەڵەکەی کەم بکاتەوە.

ئەم دوعا کاریگەرانەی کە لە سەرچاوەی وەحییەوە سوروش وەردەگرن هەوڵ دەدەن، کە وا لە مرۆڤ بکەن ، کە بەرانبەر بە ناخی خۆی دابنیشێت ، خۆی لە بە تەنها بەرانبەر بە خودای مەزن ڕابوەستێت، بۆئەوەی ددان بە هەڵەبوونی خۆیدا بنێت ، ددان بەوەدا بنێت، کە خۆی گوناهکارە و داوای تەوبە و لێخۆشبوونیش بکات ، بۆئەوەی بتوانێت دەست بۆ شوێن و خاڵەکانی لەخۆباییبوونەکەی خۆی ببات ، وەك ئەوەی کە یەکێك لە دوعاکانی کەمیلی کوڕی زیاد بخوێنێت و بڵێت :

(( اِلهي وَمَوْلاي اَجْرَيْتَ عَلَي حُكْماً اتَّبَعْتُ فيهِ هَوى نَفْسي وَلَمْ اَحْتَرِسْ فيهِ مِنْ تَزْيينِ عَدُوّي ، فَغَرَّني بِما اَهْوى وَاَسْعَدَهُ عَلى ذلِكَ الْقَضاءُ فَتَجاوَزْتُ بِما جَرى عَلَي مِنْ ذلِكَ بَعْضَ حُدُودِكَ ، وَخالَفْتُ بَعْضَ اَوامِرِكَ ))(٣) .

واتە : ئەی خودا و مەولای من ، تۆ حوکمێکت بەسەر مندا دا ، کە تیایدا من کەوتمە شوێنی ئارەزوەکانی خۆم ، لەوەشدا باکم لەوە نەبوو دوژمنەکەی خۆم جوان بکەم، لەبەر ئەوە ئارەزوو بە هەڵەیدا بردم ، بەمەیلی ئارەزوەکانم جولام ، لەبەر ئەوە بەو شتەی

---

(١) بڕوانە ئایەتی ٥٣ لە سورەتی یوسف.

(٢) بڕوانە ئایەتی ١٠٣ لە سورەتی یوسف.

(٣) إقبال الاعمال لابن طاووس (٦٦٤هـ): ٢٢١. البلد الامين للكفعمي (٩٠٠هـ): ٢٦٧، و غيرها من كتب الادعية.

بەسەرمدا هات هەندێکی سنوورەکانی تۆم بەزاند ، سەرپێچیم کرد لە هەندێکی فەرمانەکانت .

گومان لەوەدا نییە ، کە ئەم ددان پێدانانە لە تەنهاییدا بۆ مرۆڤ لەوە ئاسان ترە ، کە بە ئاشکرا و لەپێشچاوی خەڵك ددان بە شتەکانیدا بنێت ، ئەگەرچی ئەمەشیان هەر بۆ دەروونی مرۆڤ قوورسە ، ئەگەرچی کە ئەمەیان لە نێوانی خۆی و خودی خۆیدایە لە تەنهاییدا ، بۆیە ئەگەر مرۆڤێك ئەمەی پێکرا ، ئەوا دەستکەوتێکی گەورەی دەست کەوتووە ، بەوەی کە هەندێك سەرکێشییەکانی خراپیەکانی ناخی خۆیی کەم کردۆتەوە، وای ڕاهێناوە، کە داوای خێر و چاکەش بکات.

هەرکەسێك کە مەبەستی بێت ناخی خۆی خاوێن بکاتەوە ، ئەوا پێویستە ئەم خەڵوەتکێشییەی بۆ دروست بکات ، ئازادانە بیری لیٚ بکاتەوە بۆئەوەی بتوانێت بیخاتە ژێر لێپرسینەوە ، باشترین ڕێگەش بۆ ئەم خەڵوەکێشان و لێپرسینەوەیە ، ئەوەیە، کە بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوەی ئەم دوعا کاریگەرانە ، کە ناوەرۆکەکانیان دەتوانن بگەن بە قووڵایی ناخی مرۆڤەکان ، وەك ئەوەی کە لە دوعاکەی ئەبوو حەمزەی سەمالیدا[1] دەیبینین ، (خ.پ) :

(( اَيْ رَبِّ جَلِّلْني بِسَتْرِكَ ، وَاعْفُ عَنْ تَوْبيخي بِكَرَمِ وَجْهِكَ ))

بە وردی بڕوانە وشەی جللنی.. کە ماناکەی دەکاتە ئەوەی شکۆم پیٚ ببەخشە . ئەم وشەیە ناخی مرۆڤ بەرەو ئەوە دەجوڵێنێت ، کە هەرچی خراپەیەکی تێدا بێت بیشارێتەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکە خۆی لەناو خراپەکانی ناو ناخی خۆی ئاگادار ببێتەوە، هەروەها بیهێنێتە ژێر بار تا ئەوەی ددان بە خراپەکاریدا دەنێت ، ئەمجا دوای ئەوەش بڵێت :

(( فَلَو اطَّلَعَ الْيَوْمَ عَلى ذَنْبي غَيْرُكَ ما فَعَلْتُهُ، وَلَوْ خِفْتُ تَعْجيلَ الْعُقُوبَةِ لاَجْتَنَبْتُهُ ))

ئەم ددان نانە بە بوونی شتێکی نامۆ لەناو ناخی مرۆڤدا و ئاگاداربوونی مرۆڤەکە و بەتەنگەوە هاتنیشی بۆ شاردنەوەی ئەو خراپیانەی کە هەیەتی بۆ ئەوەی لە خۆی

---

(١) ئەمە ئەبوو حەمزەی سەمالی لە زمانی ئیمام زەنەلعابدینەوە گێڕاویەتیەوە (س.خ) ، کە دوعاکەیە لە سیحر ، سەرەتاکەی دەڵێت : "خودایە بە سزای خۆت ئازارم نەدەیت، نەکەومە بەر حیلەی تۆ ، ئەی من چاکە لە کوێوە بهێنم ئەی خودا، کە چاکە لەلای تۆ نەبێت دەست ناکەوێت.". بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : الصحيفة السجادية للامام زين العابدين (٩٤هـ): الدعاء رقم ١١٦. منهج الدعوات ومنهج العبادات لابن طاووس (٦٦٤هـ): ٢٠٨. البلد الامين و الدرع الحصين للكفعمي (٩٠٠هـ): ٨٨/٢.

دەرنەکەون حەزی مرۆڤ بەرەو ئەوە دەوروژێنێت کە داوای عەفو و لێخۆشبوون لە خودای میهرەبان بکات ، بۆئەوەی لەلای خەڵك ڕسوا نەبێت، ئەگەر خودا ویستی لەم دنیایە و لە قیامەتیشدا سزای بدات . کەواتە با مرۆڤ ئەوکاتە پەنا بۆ پاڕانەوەی نهێنی ببات، ڕوو بکاتەوە خودای دلۆڤان و سوپاسیشی بکات ، بۆئەوەی کە خودا تەحەمولی ئەمی کردووە و بەو هەموو توانایەوە کە هەیەتی لێی خۆش بووە و ڕسواشی نەکردووە.

ئەمجا بڵێت :

(( فَلَكَ الْحَمْدُ عَلى حِلْمِكَ بَعْدَ عِلْمِكَ، وَعَلى عَفْوِكَ بَعْدَ قُدْرَتِكَ ))

ئەمجا کاریگەریی دوعاکردنەکە وەحیی پۆزش هێنانەوە دەدات بە دەروون ، لەسەر ئەو خراپەکارییانەی کە کردوویەتی و داوای لێخۆشبوون لە خودای گەورە بکات، بۆئەوەی پەیوەندییەکانی نێوانی بەندەکە و خوداکەی نەبچڕێن.

ئەمجا بۆئەوەی کە بەندە فێر بکرێت ، کە گومڕاییەکەی ئەو بۆ ئینکاریکردن نییە لە خودای مەزن و بە کەم سەیرکردنی فەرمانەکانیشی نییە ، با بڵێت :

((وَيَحْمِلُني وَيُجَرِّئُني عَلى مَعْصِيَتِكَ حِلْمُكَ عَنّي، وَيَدْعُوني اِلى قِلَّةِ الْحَياءِ سِتْرُكَ عَلَيَّ، وَيُسْرِعُني اِلَى التَّوَثُّبِ عَلى مَحارِمِكَ مَعْرِفَتي بِسِعَةِ رَحْمَتِكَ، وَعَظيمِ عَفْوِكَ))

ئیتر دوعای لەم شێوەیە لەناو پاڕانەوە نهێنییەکاندا دەخوێندرێن ، بە مەبەستی پەروەردەکردنی ناخ و دەروون و ڕاهێنانی ناخ لەسەر تاعەت کردن و وازهێنان لە گومڕایی.

دیارە کە ئەم نامەیەی بواری ئەوەی تیادا نییە ، کە نموونەی ئەم دوعایانە زۆر بکەین، کە دیارە خۆیان زۆرن. بەڵام پێم خۆشە نموونەی هەندێك دوعا و پاڕانەوە بهێنمەوە ، کە لەسەر شێوازی بەهانە هێنانەوە بۆ خودای مەزن هاتوون بۆئەوەی داوای عەفوو و لێخۆشبوونیان پێ بکرێت ، وەك ئەم نموونەیەی کە لە دوعاکەی کەمیلی کوڕی زیاددا دەبینین ، کە دەڵێت :

((وَلَيْتَ شِعْري يا سَيِّدي وَ اِلهي وَمَوْلايَ ، اَتُسَلِّطُ النّارَ عَلى وُجُوه خَرَّتْ لِعَظَمَتِكَ ساجِدَةً ، وَعَلى اَلْسُن نَطَقَتْ بِتَوْحيدِكَ صادِقَةً ، وَبِشُكْرِكَ مادِحَةً ، وَعَلى قُلُوب اعْتَرَفَتْ بِاِلهِيَّتِكَ مُحَقِّقَةً ، وَعَلى ضَمائِرَ حَوَتْ مِنَ الْعِلْمِ بِكَ حَتّى صارَتْ خاشِعَةً ، وَعَلى جَوارِحَ سَعَتْ اِلى اَوْطانِ تَعَبُّدِكَ طائِعَةً ، وَ اَشارَتْ بِاسْتِغْفارِكَ مُذْعِنَةً ؟! ما هكَذَا الظَّنُّ بِكَ ، وَلا اُخْبِرْنا بِفَضْلِكَ ))

جارێکی تریش ئەم برگەیەی سەرەوە بخوێنەرەوە و سەیری لووتفی شێوازی بەهانە هێنانەوەکەی بکە و بزانە ڕەوانبێژی و تەلیسمی دەربڕینەکەی لە چ ئاستێکدایە. دەبینیت ، کە لە کاتێکدا هانی ناخ دەدات، کە ددان بە کەموکوڕییەکانی خۆیدا بنێت و

خۆی بە کۆیلە دابنێت ، فێری ئەوەشی دەکات ، کە لە ڕەحمەت و کەرەمی خودای میهرەبان نائومێد نەبێت . ئەمجا قسەی دڵسۆزانە لەگەڵ ناخدا دەکات و بە نهێنییش پێی دەڵێت : کە تۆ واجیبی بەرزت لەسەر هەیە و چاوەڕوانی ئەوەت لێدەکرێت، کە واجیب و ئەرکەکانی سەرشانتت بە تەواوی ئەنجام دابێت. ئەمجا پێی دەڵێت ، کە ئەگەر تۆی مرۆڤ ئەم ئەرکانەت بە باشی بە ئەنجام گەیاند، ئەوا شایانی ئەوەشیت، کە خودا بە فەزڵی خۆی بتخاتە بەر بەزەیی.

ئەمە هانی مرۆڤ دەدات ، کە بگەڕێتەوە بۆلای خۆی و لەوێوە دەست ببات بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی سەرشانی کە ئەنجامی نەداون. ئەمجا شێوازێکی تری بەهانەهێنانەوە لە هەمان دوعادا دەخوێنینەوە ، کە دەفەرمووێت :

(( فَهَبْنِي يا إلهي وَسَيِّدِي وَمَوْلايَ وَرَبِّي صَبَرْتُ عَلى عَذابِكَ ، فَكَيْفَ اَصْبِرُ عَلى فِراقِكَ ، وَهَبْنِي صَبَرْتُ عَلى حَرِّ نارِكَ ، فَكَيْفَ اَصْبِرُ عَنِ النَّظَرِ إلى كَرامَتِكَ ))

ئەمەش تەڵقیندانێکی ناخە لەسەر پێویستیی چێژبینین لە نزیکبوونەوە لە خودای گەورە و بینینی کەرامەت و تواناکانی خودا ، بە خۆشویستنی خودا حەزکردن لە ئەو شتانەی کە لەلای خواوەن. پێویستە ئەم چێژبینینە بگات بە ئاستێك کە ئیتر وازهێنان لە چێژبینینەکە ئەوەندە قوورس بێت لەسەر ناخ، کە مرۆڤ بەرگەی گەرمای ئاگر بگرێت، بەڵام بەرگەی ئەوە نەگرێت، کە واز لە چێژەکان بهێنێت.

هەروەها ئەو بڕگانەی سەرەوە فێری ئەوەمان دەکەن ، کە ئەم خۆشەویستییە و ئەم چێژبینینە لە نزیکبوون لە خودای پەرستراوەوە باشترین شەفاعەتکارە لەلای خودای بۆئەوەی عەفوو دەربکات و مرۆڤەکە بخاتە بەر لێخۆشبوونی خۆی.

ئەو خودا بەخشندە و حەلیمە ، کە تەوبە لە بەندەکانی وەردەگرێت و لە گوناهیش خۆش دەبێت ، ئەم جۆرە پاڕانەوەیە وەردەگرێت . لەبەرئەوە خراپ نییە ، کە ئەم توێژینەوەیەمان بە هێنانەوەی دوعایەکی کورت کۆتایی پێبهێنین ، کە هەموو ڕەوشتە جوانەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە ، لەوێدا کە پێویستە هەموو تاك و ئەندامێکی مرۆڤ هەموو جۆرە سیفات بەرزەکانی تێدابێت:

((اَللّهُمَّ ارْزُقْنا تَوْفيقَ الطّاعَةِ، وَبُعْدَ الْمَعْصِيَةِ، وَصِدْقَ النِّيَّةِ، وَعِرْفانَ الْحُرْمَةِ، وَاَكْرِمْنا بِالْهُدى وَالاْسْتِقامَةِ، وَسَدِّدْ اَلْسِنَتَنا بِالصَّوابِ وَالْحِكْمَةِ، وَامْلاْ قُلُوبَنا بِالْعِلْمِ وَالْمَعْرِفَةِ، وَطَهِّرْ بُطُونَنا مِنَ الْحَرامِ وَالشُّبْهَةِ، وَاكْفُفْ اَيْدِيَنا عَنِ الظُّلْمِ وَالسَّرِقَةِ، وَاغْضُضْ اَبْصارَنا عَنِ الْفُجُورِ وَالْخِيانَةِ، وَاسْدُدْ اَسْماعَنا عَنِ اللَّغْوِ وَالْغيبَةِ، وَتَفَضَّلْ عَلى عُلَمائِنا بِالزُّهْدِ وَالنَّصيحَةِ، وَعَلَى الْمُتَعَلِّمينَ بِالْجُهْدِ وَالرَّغْبَةِ، وَعَلَى الْمُسْتَمِعينَ بِالاْتِّباعِ وَالْمَوْعِظَةِ، وَعَلى مَرْضَى الْمُسْلِمينَ بِالشِّفاءِ وَالرّاحَةِ،

وَعلى مَوْتاهُمْ بِالرّأفَةِ وَالرَّحْمَةِ، وَعَلى مَشايِخِنا بِالْوَقارِ وَالسَّكينَةِ، وَعَلَى الشُّبابِ بِالْاَنابَةِ وَالتَّوْبَةِ، وَعَلَى النِّساءِ بِالْحَياءِ وَالْعِفَّةِ، وَعَلَى الاَغْنِياءِ بِالتَّواضُعِ وَالسَّعَةِ، وَعَلَى الْفُقَراءِ بِالصَّبْرِ وَالْقَناعَةِ، وَعَلَى الْغُزاةِ بِالنَّصْرِ وَالْغَلَبَةِ، وَعَلَى الاَسْراءِ بِالْخَلاصِ وَالرّاحَةِ، وَعَلَى الاُمَراءِ بِالْعَدْلِ وَالشَّفَقَةِ، وَعَلَى الرَّعِيَّةِ بِالاِنْصافِ وَحُسْنِ السّيرَةِ، وَبارِكْ لِلْحُجّاجِ وَالزُّوّارِ فِي الزّادِ وَالنَّفَقَةِ، وَاقْضِ ما اَوْجَبْتَ عَلَيْهِمْ مِنَ الْحَجِّ وَالْعُمْرَةِ، بِفَضْلِكَ وَرَحْمَتِكَ يا اَرْحَمَ الرّاحِمينَ.))[1]

من وەسیەت بۆ برایانی خوێنەر دەکەم ، کە ئەوەیان لە دەست دەرنەچێت ، کە سوود لە خوێندنەوەی ئەم دوعایانە وەربگرن ، بەو مەرجەی کە تێگەیشتنیشیان بۆ مانا و مەبەستەکانیان هەبێت ، دڵی بدەنێ و ڕووی تێبکەن و بە ملکەچی خزوعەوە ڕوو بکەنەوە خودای گەورە ، بەو شێوەیە بیانخوێننەوە ، کە خۆیان نووسیبێتیان بۆئەوەی گوزارەی لەناخی خۆیان پێبکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئادابانە لەپێش چاو بگرن، کە لە ڕێگەی ئالی بەیتەوە پێمان گەیشتوون، چونکە ئەگەر بیانخوێننەوە و دڵیان نەدەنێ، ئەوا هەردەبێت بە گووتنی زارەکی و مەعریفەکانی مرۆڤ پەرە پێنادەن ، هەروەها نزیکیشی ناکەنەوە لە خودا ، خەمیان لانابات، ئەمجا دوعاکەشی وەرناگیردرێت. (( ان الله عزوجل لایستجیب دعاء بظهر قلب ساه ، فاذا دعوت فاقبل بقلبك ثم استیقن بالاجابة.))[2]

## ٣٥ ـ دوعاکانی سەحیفەی سەجادی

لەپاش ڕووداوە خەمهێنەکەی ئەلتەفەوە[3] ، کە ئیتر بەنوو ئومەیە چارەنوسی ئومەتی ئیسلامییان گرت بە دەستی خۆیانەوە و خۆیانیان نووقمی ناو سەرکوتکاری کرد و خوێنیان ڕشت ، سووکایەتیشیان بە ڕێنماییەکانی ئایین کرد، ئیتر ئیمام زەینەلعابدینی

---

(١) ئەمە لە زمانی ئیمامی مەهدییەوە گێڕدراوەتەوە، خودای مەزن دەربازبونەکەی پێشبخات، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : البلد الامین والدرع الحصین للکفعمي (٩٠٠هـ): ٤٨٠.

(٢) الکافي للکلیني (٣٢٩هـ): ٢: ٤٧٣. وسائل الشیعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ٧: ٥٤، ح (٨٧٠٢)، باب استحباب الاقبال بالقلب حالة الدعاء. کارم الاخلاق للطبرسي (٥٤٨هـ): ٣٧٠. عدة الداعي لابن فهد الحلي(٨٤١هـ): ١٢٦. شرح نهج البلاغة لابن ابي الحدید (٦٥٦هـ): ١١: ٢٢٩. و ورد ایضا عن امیر المؤمنین علیه السام : "ان الله عزوجل لایقبل دعاء قلب لاه". انظر الکافي الکلیني (٣٢٩هـ): ٢: ٤٣٧. وعن الامام الصادق علیه السلام (ان الله عزوجل لایستجیب دعاء بظهر قلب قاس) الکافي ایضاً: ٢: ٤٧٤.

(٣) ئەلتەف لە زماندا واتە هەر بەشێکی خاکی عەرەب لەناو گوندەکانی عیراقدا..تەف فرات، واتە کەناری ڕوباری فورات. هەروەها ئەلتەف خاکێکە لە سنووری کوفە، لەسەر ڕێگای دەشتەکان، ئەو شوێنەی کە کوژرانەکەی حسەین تیایدا ڕوویداوە (س.خ). دەشتێکە، کە نزیکە لە گوندەکانەوە.
دەتوانیت بۆ زانیاریی زیاتر سەیری معجم البلدان ی حەمەوی بکەیت. (٦٢٦کۆچی): ٤: ٣٥.

سەردەستەی سوژدەبەران (س.خ) بە خەمباری لەناوەوەی ماڵی خۆیدا دانیشت و هەر خەمبار بوو[1]. تەنهای ماڵەوە کەوتبوو ، کەسیش نەدەچوو بە دەووریدا ، بۆیە نەیدەتوانی دەنگی خۆی بگەیەنێت بە خەڵك و پێیان بڵێت چی بکەن و چی نەکەن.

لەبەرئەوە ناچاربوو کە شێوازی دوعاکردن بگرێتەبەر - وەك ئەوەی کە گووتمان دوعاکردنیش یەکێکە لە ڕێگا فێرکارییەکانی پەروەردەکردنی ناخ - دەیەویست لە ڕێگەی دوعاکاردنەوە ڕێنماییە قورئانییەکان و ئادابی ئیسلام و تەریقەتی ئالی بەیت بڵاوبکاتەوە ، بۆئەوەی ڕوحیەتی ئایین و زوهدکاری بگەیەنێت بە خەڵك ، هەروەها ئەو شتانەش بگەیەنێت ، کە دەروونی پێ پەروەردەدەکرێت.

ئەم ڕێگای تەلقینکردنە لەلایەن ئەوەوە داهێنراوە ، گومانی ئەو کەسانەی نەکەوتۆتە سەر، کە ئەویان ڕاوەدوونـاوە، ئەوان ناتوانن دوعاکان بکەن بە بەهانە بۆ تانووت لێدانی ئەو، چونکە دوعاکانی زۆر ڕەوانن.

هەندێکی ئەو دوعایانە لە (الصحیفة السجادیة) دا کۆکراونەتەوە ، کە پێیی دەگوترێت (زەبور ئال محەمەد) لە شێوازی گووتن و دەربڕینیدا لە باڵاترین ئاستی شێوازی ئەدەبی عەرەبیدایە ، باڵاترین مەبەستی پیرۆزی ئایینیشی تێدایە . لەگەڵ وردترین نهێنییەکانی یەکتاپەرستی و پێغەمبەرایەتیدا . بۆیە لە ڕاستیدا لە پاش قورئان و کتێبی نهج البلاغە وە باڵاترین شێوازی دەربڕینی عەرەبییە . بەرزترین سەرچاوەی فەلسەفییە لە بواری خوداناسی و ئاکارناسیدا.

شتی وای تێدایە، کە: فێرت دەکات چۆن خودا بە بەرزی و پیرۆزی ببینیت، سوپاس و ستایشی بکەیت و تەوبەی بەردەستی ئەو بکەیت.

شتی وای تێدایە، کە: فێرت دەکات چۆن پەنای بۆ ببەیت، بە تەنها خۆت دابنیشیت و تەنها لەگەڵ ئەو بیت.

شتی وای تێدایە، کە: مانای سەڵاواتدانت لە پێغەمبەرەکەی فێردەکات.

---

(١) لەبەرئەوەی کە ئەو خۆی کارەساتەکەی کەربەلای بینیبوو ، کە حاکمی ئەمەوییەکان و چڵکاوخۆرەکانی ئەو چوون ڕەیحانەکەی پێغەمبەری خودا (د.خ) ، سەردەستەی شەهیدان یان سەربڕی، کە سەردەستەی گەنجانی ئەهلی بەهەشت بوو، پێغەمبەر لەبارەیەوە فەرموو بووی (حسەین لە منە و منیش لە حسەینم). باوکیشی حسەینی کوڕی عەلی و و براکانی و دەستەیەك لە لە ئالی بەیتەکەی و لایەنگرەکانیان بەو کارەساتەوە ڕۆشتن و تەنها ئەو مایەوە، لەبەرئەوەی کە بە هۆی نەخۆشبوونییەوە نەیتوانی بوو بچێت بۆ ڕووبەڕووبونەوە سەربازییەکە، بەڵام لە دیلیشدا وازی لە ململانەکردنی یەزیدی تاغووت نەهێنا.

شتی وای تێدایه، که : فێرت دەکات چۆن پێویسته بۆ تۆ گوێڕایەڵی دایك و باوکت ببیت .

شتی وای تێدایه، که: بۆت ڕوون دەکاتەوه مافەکانی باوك لسەر کوڕەکەی چییه، یان مافەکانی کوڕ لەسەر باوکی چییه ، مافی دراوسێ چییه ، مافی خزمایەتی و مافی موسوڵمانان به گشتی بریته له چی ؟ مافی هەژارەکان لەسەر دەوڵەمەندەکان و به پێچەوانەشەوه مافی دەوڵەمەندەکان لەسەر هەژارەکان چییه.

شتی وای تێدایه، که: ئاگادارت دەکاتەوه ئەگەر قەرزی خەڵکت لەلابوو پێویسته چی بکەیت ، هەروەها لەناو کاروبارە دارایی و ئابوورییەکاندا چۆن هەڵسوکەوت بکەیت. پێویسته هەڵسوکەوتت لەگەڵ خزم و هاوڕێ و هەموو خەڵکدا چۆن بێت ، چۆن ئەوان بۆ بەرژەوەندیی خۆت بەکاردەهێنیت.

شتی وای تێدایه، که: هەرچی ئاکاری جوانه بۆت کۆدەکاتەوه و بۆ ئەوه دەست دەدات، که ببێت به پەیڕەوێکی تەواو بۆ ڕەوشتناسی.

شتی وای تێدایه، که : فێرت دەکات چۆن له ڕووبەڕوبونەوەی خراپه و توشبونی کارەساتدا بەرگەبگریت ، چۆن ڕووبەڕووی حاڵەتەکانی تەندروستی و نەخۆشیت ببیتەوه.

شتی وای تێدایه، که : ئەرك و واجیبی سوپای ئیسلامت فێردەکات ، باسی ئەوەت بۆ دەکات که ئەرکی خەڵك بەرانبەر به سوپای ئیسلام چییه ، ئایا پێداویستییەکانی ڕەوشتی محەمەدی و شەریعەتی خودایی بریتین له چی ؟ هەموو ئەم شتانەی به شێوازی دوعاکردن تێدایه ، تەنها به شیوازی دوعاکردن.

وا دیاره که دوعاکانی ئیمام چەند مەسەلەیەکیش دەگرێتەوه، لەوانه :

یەکەم : ناساندن به خودای گەوره و مەزنایەتی و تواناکانی و ڕاگەیاندنی تەنهایی خودا و بێگەردیەکەشی به وردترین دەربڕینی زانستی ، ئەم شته به شێوازی جیاجیا له هەموو دوعاکاندا چەند باره دەبێتەوه، وەك ئەوەی که له دوعای یەکەمدا دەیبینین، که دەڵێت :

((اَلْحَمْدُ للهِ الاوَّلِ بِلا اَوَّلٍ كَانَ قَبْلَهُ، وَالاخِرِ بِلاَ آخِرٍ يَكُونُ بَعْدَهُ . الَّذِي قَصُرَتْ عَنْ رُؤْيَتِهِ اَبْصَارُ النَّاظِرِينَ، وَعَجَزَتْ عَنْ نَعْتِهِ اَوهامُ اَلْوَاصِفِينَ . ابْتَدَعَ بِقُدْرَتِهِ الْخَلْقَ ابْتِدَاعاً، وَاخْتَرَعَهُمْ عَلَى مَشِيَّتِهِ اخْتِرَاعا)) ً.

لەمەدا تۆ به وردی مانای ئەو سیفەتەی خودا دەخوێنیتەوه ، که ئەو هەر خۆی یەکەمین و دوواهەمینیشه ، ڕایدەگەینیت که خودا تەنهایه ، ئەوەنده خودای میهرەبان

بێگەردە ، کە نە چاو پێیدەگات بۆ بینین ، نە وەهم . ئەوە مانای وردی خەلقکردن و گەردوونیشە.

هەروەها لە دوعای شەشەمدا شێوازێکی تری بەیانکردن دەخوێنیتەوە کە باسی ڕاگەیاندنی توانایی و مەزنایەتی خودایە :

((الْحَمْدُ للهِ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهارَ بِقُوَّتِهِ، وَمَيَّزَ بَيْنَهُمَا بِقُدْرَتِهِ، وَجَعَلَ لِكُلِّ واحِد مِنْهُمَا حَدّاً مَحْدُوداً، وَأَمَداً مَمْدُوداً ، يُولِجُ كُلَّ وَاحِد مِنْهُمَا فِي صَاحِبِهِ، وَيُولِجُ صَاحِبَهُ فِيهِ بِتَقْدِير مِنْهُ لِلْعِبَادِ فِيمَا يَغْذُوهُمْ بِهِ وَيُنْشِئُهُمْ عَلَيْهِ ، فَخَلَقَ لَهُمُ اللَّيْلَ لِيَسْكُنُوا فِيْهِ مِنْ حَرَكَاتِ التَّعَبِ، وَنَهَضَاتِ النَّصَبِ، وَجَعَلَهُ لِبَاساً لِيَلْبَسُوا مِنْ رَاحَتِهِ وَمَنَامِهِ، فَيَكُونَ ذَلِكَ جَمَاماً وَقُوَّةً ، وَلِيَنَالُوا بِهِ لَذَّةً وَشَهْوَةً.))

لە دانەیەکی تریدا ، کە دوعای حەوتەمە باسی سوودەکانی خەلقکردنی شەو و ڕۆژ دەکات و باسی ئەوەش ، کە بۆچی پێویستە مرۆڤەکان لەسەر ئەم نیعمەتانە سوپاسی خودا بکەن :

((يا مَنْ تُحَلُّ بِهِ عُقَدُ الْمَكارِهِ، وَيا مَنْ يُفْثَأُ بِهِ حَدُّ الشَّدائِدِ ، وَيا مَنْ يُلْتَمَسُ مِنْهُ الْمَخْرَجُ إِلى رَوْحِ الْفَرَجِ ، ذَلَّتْ لِقُدْرَتِكَ الصِّعابُ، وَتَسَبَّبَتْ بِلُطْفِكَ الأَسْبابُ ، وَجَرى بِقُدْرَتِكَ الْقَضاءُ ، وَمَضَتْ عَلى إِرادَتِكَ الأَشْياءُ، فَهِيَ بِمَشِيَّتِكَ دُونَ قَوْلِكَ مُؤْتَمِرَةٌ، وَبِإِرادَتِكَ دُونَ نَهْيِكَ مُنْزَجِرَةٌ)) .

دووەم : ڕاگەیاندنی فەزڵی خودای باڵادەست بەسەر بەندەکانەوە و لاوازیی بەندەکان لە پێدانی ماڤ خودا هەرچەندە مرۆڤ زیادەڕەوی بکات لە تاعەت و پەرستندا، دابڕان لە دنیا و مانەوە بۆ خودای باڵادەست، وەك ئەوەی کە لە دوعای ژمارە ٣٧ دا دەیبینین :

((اللَّهُمَّ إِنَّ أَحَداً لا يَبْلُغُ مِنْ شُكْرِكَ غَايَةً إِلاَّ حَصَلَ عَلَيْهِ مِنْ إِحْسَانِكَ مَا يُلْزِمُهُ شُكْراً ، وَلا يَبْلُغُ مَبْلَغاً مِنْ طَاعَتِكَ وَإِنِ اجْتَهَدَ إِلاَّ كَانَ مُقَصِّراً دُونَ اسْتِحْقَاقِكَ بِفَضْلِكَ، فَأَشْكَرُ عِبَادِكَ عَاجِزٌ عَنْ شُكْرِكَ وَأَعْبَدُهُمْ مُقَصِّرٌ عَنْ طَاعَتِكَ)) .

هەروەها بە هۆی مەزنی و گەورەیی نیعمەتەکانی خودا بەسەر بەندەکانیەوە کە کۆتاییان نایەت، مرۆڤ لاوازدەبێت لە سوپاسکردنی، ئەمجا وەرە سەرباری ئەمەش مرۆڤ ناوبەناو سەرپێچیی فەرمانی خودا بکات ! چونکە لەپاش سەرپێچیکردنەوە مرۆڤ هەرچییەك بکات ناتوانیت کەفارەتی یەك دانە سەرپێچیی خۆی بدات ، بڕگەکانی دوعای ژمارە ١٦ ئەمەمان پیشان دەدەن :

(( يَا إِلَهِي لَوْ بَكَيْتُ إِلَيْكَ حَتَّى تَسْقُطَ أَشْفَارُ عَيْنَيَّ ، وَانْتَحَبْتُ حَتَّى يَنْقَطِعَ صَوْتِي ، وَقُمْتُ لَكَ حَتَّى تَتَنَشَّرَ قَدَمَايَ ، وَرَكَعْتُ لَكَ حَتَّى يَنْخَلِعَ صُلْبِي ، وَسَجَدْتُ لَكَ حَتَّى تَتَفَقَّأَ حَدَقَتَايَ ، وَأَكَلْتُ تُرَابَ الأَرْضِ طُولَ عُمْرِي ، وَشَرِبْتُ مَاءَ الرَّمَادِ آخِرَ دَهْرِي ، وَذَكَرْتُكَ فِي خِلاَلِ ذَلِكَ حَتَّى يَكِلَّ

لِسَانِي ثُمَّ لَمْ أَرْفَعْ طَرْفِي إِلَى آفَاقِ السَّمَاءِ اسْتِحْيَاءً مِنْكَ مَا اسْتَوْجَبْتُ بِذَلِكَ مَحْوَ سَيِّئَةٍ وَاحِدَةٍ مِنْ سَيِّئَاتِي )) .

سێیەم : ناساندنی پاداشت و سزا و بەهەشت و دۆزەخ ، ناساندنی ئەوەی ، کە پاداشتی خودای دلۆڤان هەمووی هەر فەزڵە ، بۆیە مرۆڤیش شایانی سزادان دەبێت کە ئەگەر کەمترین سەرپێچیی لێ دەربکەوێت . چونکە حیجەتی خودای مەزنی دەکەوێتە سەری.

هەموو دوعا سەجادییەکان لەسەر ئەم تۆن و ئاوازە کاریگەرەن ، بۆئەوەی کە ئاماژە بە دەروون بدەن ، بۆئەوەی کە لە سزای خودایی بترسێت و داوای پاداشتی خودایی بکات، هەموو ئاماژەی ئەوەن، و بە شێوازە کاریگەرەکەی جیاجیاکەی خۆی نووسراونەتەوە، کە ترس و لەرزین دەخەنە ناو ئەو دڵەوە ، کە بیەوێت سەرپێچیی و گومڕایی لێ دەربکەوێت ، نمونەی ئەمە لەناو دوعای ژمارە ٤٦ دا دەخوێنینەوە ، کە دەفەرمووێت:

((حجتك قائمة لا تُدحض، وسلطانك ثابت لا يزول. فالويل الدائم لمن جنح عنك، والخيبة الخاذلة لمن خاب منك، والشقاء الأشقى لمن اغتر بك. ما اكثر تصرفه في عذابك، وما اطول تردده في عقابك، وما ابعد غايته من الفرج ، وما اقنطه من سهولة المخرج. عدلا من قضائك لا تجور فيه، وإنصافا من حكمك لا تحيف عليه، فقد ظاهرتَ الحجج وابليت الأعذار)) .

هەر وەك ئەوەی کە لە دوعای ژمارە ٣١ دا دەیخوێنیتەوە:

(( اَللَّهُمَّ فَارْحَمْ وَحْدَتِي بَيْنَ يَدَيْكَ، وَوَجِيبَ قَلْبِي مِنْ خَشْيَتِكَ، وَاضْطِرَابَ أَرْكَانِي مِنْ هَيْبَتِكَ، فَقَدْ أَقَامَتْنِي يَا رَبِّ ذُنُوبِي مَقَامَ الْخِزْيِ بِفِنَائِكَ، فَإِنْ سَكَتُّ لَمْ يَنْطِقْ عَنِّي أَحَدٌ، وَإِنْ شَفَعْتُ فَلَسْتُ بِأَهْلِ الشَّفَاعَةِ.)) .

هەر وەك ئەوەی کە لە دوعای ژمارە ٣٩ دا دەیخوێنیتەوە :

((فإنك إن تكافني بالحق تهلكني وإلا تغمدني برحمتك توبقني . . واستحملك من ذنوبي ما قد بهظني حمله واستعين بك على ما قد فدحني ثقله ، فصل على محمد وآله وهب لنفسي على ظلمها نفسي ، ووكل رحمتك باحتمال إصري)) .

چوارەم : پاڵنانی کەسی دوعاکار بەم دوعایانە بۆ ئەوەی کە لە ڕەوشتی خراپ و سیفەتی دزێو دووربکەوێتەوە و ویژدانی بپاڵێوێت و دڵیشی پاك بکاتەوە ، هەر وەك ئەوەی کە لەناو دوعای ژمارە ٢٠ دا دەیخوێنینەوە:

((اللهم وفر بلطفك نيتي وصحح بما عندك يقيني ، واستصلح بقدرتك ما فسد مني ، اللهم صل على محمد وآل محمد ومتعني بهدى صالح لا استبدل به وطريقة حق لا ازيغ عنها ، ونية رشد لا اشك فيها. اللهم لا تدع خصلة تعاب مني إلا اصلحتها ، ولا عائبة أؤنب بها إلا حسنتها ، ولا اكرومة في ناقصة إلا اتممتها )) .

پێنجەم : ئامازەدان بە کەسی دوعاکار ، کە پێویستە لە ئاستی خەڵکدا بەرز بێت و خۆی بە زەلیلی بۆ ئەوان پیشان نەدات . داوای پێداویستیی خۆی تەنها لە خودا بکات، چونکە چاوبڕینە ئەو شتانەی کە لە دەستی خەڵکدان خوو سیفەتێکی زۆر خراپە بۆ مرۆڤ، وەك ئەوەی کە لەناو دوعای ژمارە ٢٠ دا دەیخوێنیتەوە :

((ولا تفتني بالاستعانة بغيرك إذا اضطررت ، ولا بالخشوع لسؤال غيرك إذا افتقرت ، ولا بالتضرع إلى من دونك إذا رهبت ، فاستحق بذلك خذلانك ومنعك وإعراضك)) .

وەك ئەوەی کە لەناو دوعای ژمارە ٢٨ دا دەیخوێنیتەوە :

((اللهم إني اخلصت بانقطاعي إليك ، وصرفت وجهي عمن يحتاج إلى رفدك ، وقلبت مسالتي عمن لم يستغن عن فضلك، ورايت أن طلب المحتاج إلى المحتاج سفه من رايه وضلة من عقله)) .

وەك ئەوەی کە لەناو دوعای ژمارە ١٣ دا دەیخوێنیتەوە:

((فمن حاول سد خلته من عندك ورام صرف الفقر عن نفسه بك ، فقد طلب حاجته في مظانها واتى طلبته من وجهها . ومن توجه بحاجته إلى احد من خلقك او جعله سبب نجاحها دونك ، فقد تعرض للحرمان واستحق منك فوت الإحسان )) .

شەشەم : فێرکردنی خەڵك بۆ پێویستبوونی لەبەرچاوگرتنی مافی کەسانی تر و هاوکاریکردنیان و ڕەخساندنی سۆز و بەزەیی لە نێوانیاندا، دڵسۆزی یەکتری بن، بۆئەوەی مەبەستی برایەتیی ئیسلامی بهێننە دی ، وەك ئەوەی کە لە دوعای ژمارە ٣٨ دا دەیخوێنینەوە:

((اللهم إني اعتذر إليك من مظلوم ظلم بحضرتي فلم انصره ، ومن معروف اسدى إلي فلم اشكره ، ومن مسيئ اعتذر إلي فلم اعذره ، ومن ذي فاقة سالني فلم اؤثره ، ومن حق ذي حق لزمني لمؤمن فلم اوفره ، ومن عيب مؤمن ظهر لي فلم استره )) .

ئەم پۆزش هێنانەوەیە یەکێکە لە جوانترین ئەو شتانەی دەروون ئاگادار دەکاتەوە، لەسەر پێویستبوونی ئەوەی کام ئاکارە خوداییە بەرزە بگرنەبەر.

هەروەها لە دوعای ژمارە ٣٩یشدا شتی لەوە زۆرتر هەیە ، فێرت دەکات، کە چۆن لە ئەو کەسانە ببوریت ، کە خراپەیان بەرانبەرت کردووە ، ئاگاییت پێدەدات ، کە نابێت

تۆڵەیان لێ بکەیتەوە ، بۆیە ئەم کارە دەروونت بەرز دەکاتەوە، بۆ ئاستی کەسە پیرۆزەکان :

((اللهم وايما عبد نال مني ما حظرت عليه وانتهك مني ما حجرت عليه ، فمضى بظلامتي ميتا او حصلت لي قبله حيا . فاغفر له ما الم به مني ، واعف له عما ادبر به عني ، ولا تقفه على ما ارتكب في ، ولا تكشفه عما اكتسب بي ، واجعل ما سمحت به من العفو عنهم وتبرعت من الصدقة عليهم ازكى صدقات المتصدقين ، واعلى صلات المتقربين ، وعوضني من عفوي عنهم عفوك ومن دعائي لهم رحمتك ، حتى يسعد كل واحد منا بفضلك)) .

ئەم برگەیەی کۆتاییەکەی چەند وانە و چەند کاریگەرییەکی جوانیش دەخاتە سەر ناخی مرۆڤەکان ، ئاگاردااریان دەکاتەوە ، لەوەی کە پێویستە نیازیان بەرانبەر بە هەموو خەڵك پاك بێت ، داوای ئاسوودەییش بکەن ، بۆ هەموو کەسێك ، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش ، کە ستەمیان لێدەکەن و دەستدرێژی دەکەنە سەریان.

نموونەی ئەمانە لەناو دوعا سەجادییەکاندا زۆرە ، زۆری وەهایان تێدایە ، کە ڕێنمایی ئاسمانی وا دەدەن بە مرۆڤ ناخیان پاك بکاتەوە و هیدایەتیان بدات.

## ٣٦- بیروباوەڕمان لەبارەی سەردانکردنی گۆڕەکانەوە

یەکێك لە خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی ئیمامەت ئەوەیە ، کە گرنگی بە زیارەتکردنی گۆڕەکان دەدەن[١] ، گۆڕی پێغەمبەر (د.خ) و گۆڕی ئیمامەکان (س.خ) ، دروستکردنی تەلاری گەورە لەسەریان[٢]، ئەوان لە بڕوای خۆیان و پاکیی دەروونیانەوە هەرچی شتی گرانبەها و هەرزانی خۆیان هەیە لەم پێناوەدا دەیبەخشن.

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن : زيارة القبور ، الموسوي عبدالرحيم (هاوچەرخە): لة لجنة البحوث واجوبة الشبهات، قم، المجمع العالمي لاهل البيت عليهم السلام، الطبعة الاولى، ١٤٢٢.

(٢) لەبارەی سەردانکردنی گۆڕی پێغەمبەرەوە (د.خ) و گۆڕی وەلی و بڕوادارەکانەوە هاتووە، کە زۆر گێڕانەوەی جیاجیا لە سەرچاوەکانی هەردوولای سونە و شیعەدا هەن ، دەتوانن سەیریان بکەن، فەرموو سەیری ئەم فەرموودەیەش بکە کە لەبارەی سەردانکردنی گۆڕی پێغەمبەری هەرە مەزنەوەیە (د.خ)، کە لە زمانی ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕنەوە، کە گووتوویەتی: پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: هەرکەس سەردانم بکات بە مردوویم ، وەك ئەوە وەهایە ، کە بە زیندوێتیم سەردانی کردبم ، هەرکەس سەردانی گۆڕەکەی من بکات، لە ڕۆژی قیامەتدا شەفاعەتکردنی من بۆ ئەو دەبێت بە واجیب ، بۆیە هەرکەسێك لە ئومەتەکەم لەتوانایدا هەبوو سەردانم بکات و نەیکرد ، ئەوە ئیتر بەهانەی نامێنێت. ئەم فەرموودەیە لەلایەن سەمعانی کوڕی ئەلمەهدییەوە گەیەندراوە، سەمعانیش لە الثقاتی ئیبن حەبانەوە وەریگرتووە. هەروەها النسائی دەڵێت : خراپی تێدا نییە . بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : الدرة الثمينة في فضائل المدينة لابن النجار: ١٤٤.

سەرچاوەی هەموو ئەمانە بریتییە لە وەسیەتی ئیمامەکان ، کە ئەوان هانی شیعەکانی خۆیان دەدەن بۆ سەردانکردنی گۆڕەکان و وروژاندنی ئارەزوویان بەرەو ئەو پاداشتە گەورەیەی کە لەلای خودای گەورەوە دەدرێتەوە پێیان ، لەو بڕوایەوەی ، کە لەپاش پەرستنە فەرزەکانەوە ، ئیتر ئەمانە باشترین پلەی تاعەتکردنن و لەبەر ئەو بەهانەیەش، کە ئەو گۆڕانە باشترین شوێنن بۆ وەلاّمدانەوە بە دوعاکان و وەستان بەرانبەر بە ڕەحمی خودای میهرەبان.

هەروەها وەك وەفایەکی تەواویش بەرانبەر بە ئیمامەکان دانراوە ، چونکە :

**((ان لكل إمام عهدا في عنق اوليائه وشيعته ، وان من تمام الوفاء بالعهد وحسن الأداء زيارة قبورهم، فمن زارهم رغبة في زيارتهم وتصديقا بما رغبوا فيه كان ائمتهم شفعائهم يوم القيامة))**.

واتە هەر ئیمامێك پەیامێك و پەیمانێکی هەیە لە گەردنی وەلی و شیعەکانی خۆیدا، لەبەرئەوە باشترین وەفاداری و پەیمانپاراستن بریتییە لە سەردانکردنی گۆڕەکانیان، بۆیە هەرکەسێك سەردانی کردن وەك ئارەزوویەك بۆ سەردانکردنیان و پەسەندکردنی خواستەکانی ئەوان ، ئەوا ئیمامەکانیان لە ڕۆژی قیامەتدا دەبن بە شفاعەتکار بۆ ئەوان(1).

لە سەردانکردنی گۆڕەکاندا سوودی ئایینی و کۆمەلاّیەتیی وەها هەیە کە شایانی ئەوەون کە ئیمەماکانمان گرنگییان پێبدەن ، چونکە ئەم کردەوەیە لە کاتێکدا ، کە پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوانی ئیمامەکان و وەلییەکان زیاددەکات و یادەوەری و جیهادی حەقخوازانەی ئەوان لە ناخی مرۆڤدا زیندوو دەکاتەوە ، لە وەرزەکانی سەردانەکاندا هەموو موسوڵمانە پەرش و بلاّوبوەوەکانی دنیا لە یەك شوێندا کۆ دەکاتەوە ، بۆیەکترناسین و ئاشنابوون ، ئەمجا ڕووحی گەڕانەوە بۆلای خودا لەناو ناخیاندا چەکەرە دەکات بۆئەوەی تەنها ئەو بپەرستن و گوێڕایەڵیی فەرمانەکانیشی بکەن. هەروەها ناوەڕۆکی دەستەواژە و دەربڕینەکانی ئالی بەیتیشیان فێردەکات ، بە تایبەت ئەوانەی کە لەبارەی ڕاستیی یەکتاپەرستی و داننان بە پیرۆزیی ئیسلام و پەیامی موحەمەدییدان . هەروەها فێری ئەو خو و نەریتە بەرزانەیان دەکات، کە لەسەر شانی موسوڵمان پێویستن ، فێری ملکەچبونیان دەکات بۆ سەروەرەی بوونەوەرەکان و

(1) سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە: حکم البناء على القبور، البهبهاني عبدالكريم (معاصر) (لجنة البحوث و اجوبة الشبهات): قم: المجتمع العالمي لاهل البيت عليهم السلام: الطبعة الاولى، ١٤٢٢ هجري. البناء على القبور والاولياء واتخاذها مساجد وأماكن العبادة (سلسلة على مائدة الكتاب والسنة ـ ١٧)، العسكري، مرتضى (معاصر)، (طهران): المجمع العلمي لاسلامي، الطبعة الاولى، ١٤١٧هـ.

سوپاسکردنی نیعمەتەکانی ، کەواتە لەم ڕووەوە هەمان ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدات، کە دوعا کاریگەرەکان هەیانە.

بگرە هەندێکیشیان ڕەوانترین و بالاترین دوعایشی تێدایە ، وەك زیارەتی (أمين الله)[1] ئەمە ئەو زیارەتەیە ، کە لە زمانی ئیمام زەینەلعابدەینەوە گێڕدراونەتەوە (س.خ) کە سەردانی گۆڕەکەی پێشەوای بڕواداران باپیری خۆیی کردووە (س.خ)[2] .

هەروەها ئەم سەردانە کاریگەرانە وادەکەن مرۆڤ لە هەڵوێستی ئیمامەکان و قوربانیدانی ئەوان سەلامی خودایان لەسەربێت لەپێناوی سەرخستنی حەق و باڵاکردنی گووتاری ئاییندا تێبگات ، ئەمانە بە شێوازێکی عەرەبیی ڕەوان نووسراونەتەوە بە ڕەوانبێژییەکی بەرزەوە ، بە کۆمەڵە دەستەواژەیەکی ئاسان ، کە خەڵکانی تایبەت و گشتییش تێیدەگەن . هەروەها باڵاترین ماناکانی یەکتاپەرستی و دوعاکردن و پاڕانەوەیان لە خودای مەزن تێدایە.

کەواتە لەپاش قورئانی پیرۆز و نەهجی بەلاغە و دوعا کاریگەرەکانەوە ئەمانە باڵاترین ئەدەبن ، چونکە پووختەی مەعریفەکانی ئیمامەکانیان تیادا کۆبۆتەوە ولەبارەی کاروباری ئایینی و پەروەردەکردنەوە.

هەروەها فێرکردن و ڕێنمایی وا هەن لەناو ئادابی ئەنجامدانی سەردانی گۆڕەکاندا کە هەموویان دەیسەلمێنن ئەو مانا ئایینییە باڵایانە دێنە دی ، وەك بەرزکردنەوەی ڕووحی مەعنەوییانەی موسوڵمان و پەرەدان بە ڕووحی دڵنەواییکردنی هەژار و مامەڵەکردن

---

(١) ئەمانەش بریتین لە چەند بەشێك لە دوعای ئەو زیارەتە : ((اَلسَّلامُ عَلَيْكَ يا اَميرَ الْمُؤْمِنينَ ورحمة الله وبركاته ، السلام عليك ياامين الله في ارضه وحجته على عباده ، اَشْهَدُ اَنَّكَ جاهَدْتَ فِي اللهِ حَقَّ جِهادِهِ وَعَمِلْتَ بِكِتابِهِ وَاتَّبَعْتَ سُنَنَ نَبِيِّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ حَتّى دَعاكَ اللهُ اِلى جِوارِهِ فَقَبَضَكَ اِلَيْهِ بِاخْتِيارِهِ وَاَلْزَمَ اَعْدآئَكَ الْحُجَّةَ مَعَ ما لَكَ مِنَ الْحُجَجِ الْبالِغَةِ عَلى جَميعِ خَلْقِهِ اَللّهُمَّ فَاجْعَلْ نَفْسى مُطْمَئِنَّةً بِقَدَرِكَ راضِيَةً بِقَضائِكَ مُولَعَةً بِذِكْرِكَ وَدُعائِكَ مُحِبَّةً لِصَفْوَةِ اَوْلِيائِكَ مَحْبُوبَةً فى اَرْضِكَ وَسَمائِكَ صابِرَةً عَلى نُزُولِ بَلائِكَ شاكِرَةً لِفَواضِلِ نَعْمائِكَ ذاكِرَةً لِسَوابِغِ آلائِكَ مُشْتاقَةً اِلى فَرْحَةِ لِقائِكَ مُتَزَوِّدَةً التَّقْوى لِيَوْمِ جَزائِكَ مُسْتَنَّةً بِسُنَنِ اَوْلِيائِكَ مُفارِقَةً لاِخْلاقِ اَعْدائِكَ مَشْغُولَةً عَنِ الدُّنْيا بِحَمْدِكَ وَثَنائِكَ ...اَللّهُمَّ اِنَّ قُلُوبَ الْمُخْبِتينَ اِلَيْكَ والِهَةٌ وَسُبُلَ الرّاغِبينَ اِلَيْكَ شارِعَةٌ وَاَعْلامَ الْقاصِدينَ اِلَيْكَ واضِحَةٌ)) .

(٢) بڕوانە : كامل الزيارات لابن قولويه (٣٦٨هـ): ٩٢، الحديث رقم (١) من الباب (١١) ، المزار الكبير لابن المشهدي (٦١٠هـ): ٢٨٢، ئەو سەردانەی کە تایبەتە بە ڕۆژی غەدیر، اقبال الاعمال لابن طاووس (٦٦٤هـ): ٧٨٦، فصل في زيارة الامير يوم الغدير. البلد الامين والدرع الحصين لە نووسینی کەفعەمی (٩٠٠هـ) : ٤١٦. وسائل لشيعة للحر العامل (١١٠٤هـ) : ١٤: ٣٩٥، ح (١٩٤٥١.) .

لەگەڵیدا بە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی باش و حەزکردن بە تێکەڵبوونی خەڵك هەیە، ئەمانە پێویستە لەپێش چاو بگیردرێن پێش چوونەناوەوە بۆ ناو مەرقەدی پاك و سەردانکردنی.

ئادابی وا هەن ، کە پێویستە لە کاتی زیارەتکردنەکەدا ئەنجام بدرێن ، هیی واش هەن لە پاش زیارەتەکەوە ، لێرەدا هەندێك لەو ئادابانە باس دەکەین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستانەی باسمان کردن.

لەئادابەکانی سەردانکردن :

١ـ دەبێت کەسی سەردانکەر پێش دەستکردن بە زیارەتەکەی ، خۆی بشووات و خۆی خاوێن بکاتەوە ، سوودی ئەمەش وەك ئەوەی کە لێی تێدەگەین ڕوونە ، واتە مرۆڤ لەشی خۆی لە پیسییەکان پاك بکاتەوە و بۆئەوەی لە زۆر نەخۆشیی بیپارێزێت و لەبەر بۆنی خەڵکیش هاواری لێ هەڵنەسێت و بڵێت (ئۆف)[1] ، واتە خۆی لە پیسی پاك بکاتەوە.

لە پەندەکان هاتووە، کە وا باشە کەسی سەردانکەر لەپاش تەواوبوونی خۆشتنەکەی و بۆ بیرهێنانەوەی ئامانجە بەرزەکان بڵێت : ((اللهم اجعله لي نورا وطهورا وحرزا وكافيا من كل داء وسقم ومن كل آفة وعاهة وطهر به قلبي وجوارحي ولحمي ودمي وشعري وبشري ومخي وعظامي وعصبي وما اقلت الأرض مني واجعله لي شاهدا يوم القيامة ويوم حاجتي وفقري وفاقتي)).[2]

٢ـ دەبێت باشترین و پاکترین جلی خۆی لەبەربکات، چونکە ڕێکوپێکبوونی جلوبەرگ لەناو بۆنە و وەرزە گشتییەکاندا وادەکات خەڵك لەلای یەکتری خۆشەویست بن، نزیکیان دەخاتەوە لە یەکتری ئاستی دەروونیی کەسەکان بەرز دەکاتەوە و هەموویان هەست بە گرنگیی ئەو وەرزە دەکەن ، کە تیایدا بەشدارن.

---

(١) دەڵێت ئۆف : عەرەب دەڵێن فلان کەس لە ئەنجامی بۆنێکەوە ناڵاندنی و گووتی ئۆف.. ماناکەی ئەوەیە ، کە مرۆڤ بڵێت ئۆف ئۆف. بڕوانە لسان العرب لابن منظور (٧١١هـ): ٩: ٧. مادەی ئۆف.. هەروەها لە پێشەوای بڕوادارانەوە دەگێڕنەوە (س.خ) کە گووتویەتی "تنظفوا بالماء من الريح المنتنة وتعهدوا انفسكم، فان الله يبغض من عبادة القاذورة الذي يتافف به من جليس اليه."

(٢) ئەمە لە ئیمامی سادقەوە هاتووە (س.خ) . بڕوانە: كامل الزيارات لابن قولويه (٣٦٨هـ): ٣٥٤، ح (٥٨٣). بڕوانە دەروازەی (اغتسل في الفرات وزار الحسين عليه السلام).

هەروەها سەرنج بدە لەوەی کە مەرحومی نووسەر نووسیویەتی جیاوازییەکی کەمی تیدایە لەگەڵ سەرچاوەکانی تردا. جیاوازییەکەی لەوە کەمترە، کە الشيخ الطوسي (٤٦٠هـ) نوسیویەتی لەناو تهذيب الاحكام : ٦: ٥٤. باب فضل الغسل للزيارە، ح (٧) (١٣٠). لەناو تهذيب الاحكام دا ئاوا هاتووە: (وحرزاً كافيا.. ومخي وعصبي.... واجعله لي شاهدا يوم القيامة يوم حاجتي..) .

ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی پێبدەین ، ئەوەیە، کە فەرز نییە کەسەکان باشترین جۆری جلوبەرگ لەبەر بکەن ، بەڵکوو دەتوانن ئەو باشانە لەبەر بکەن ، کە بە خۆیان دابین دەبێت ، چونکە هەموو کەسێك توانای ئەوەی نییە باشترین جل لەبەر بکات ، چونکە ڕەنگە ئەمە باری کەسانێکی هەژار قورس بکات . چونکە ئەدەبی ئەم ڕێوڕەسمە وایە کە دەبێت جلی باش لەبەر بکەیت و ئاستی هەژارەکان و لاوازەکانیش لەبەرچاو بگریت.

٣ـ دەبێت کەسەکە ئەوەندەی کە پێی بکرێت خۆی بۆن خۆش بکات. سوودی ئەم بۆن خۆشبوونە وەك سوودی لەبەرکردنی جلی باش وایە.

٤ـ دەبێت ئەوەندەی کە پێیدەکرێت یارمەتی هەژارەکان بدات ، چونکە ئەوەش ڕوونە، کە سوودی دەستگیرۆیی کردن لە ئەم بۆنانەدا چەندە، بۆیە دەبێت ئەوەشی تێدابێت کە یارمەتیی نەداران بدەیت و ڕۆحی سۆز و خۆشەویستی لە نێوانیاندا بڵاوبکەیتەوە.

٥ـ دەبێت کەسەکە بە بە لەسەرخۆیی و بە شکۆوە بڕوات و چاو هەڵنەبڕێت . ئەوەش ڕوونە کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوت کردنە ڕێزی حەرەمەکە و زیارەتەکەی تێدایە ، بە مەزن پیشاندنی کەسە سەردانکراوەکەیە و ڕووکردنە خوای مەزنیشە و خۆ تەرخانکردنە بۆ خودا ، کەواتە بەپێی هەموو ئەمانە پێویستە کە خەڵك بێزار نەکەیت و کێشە بۆ هاتوچۆکردنیان دروست نەکەیت و یەکتری بێزار نەکەن.

٦ـ پێویستە هاواری (الله اکبر) بکەیت و هەر چەند پێتکرا چەندبارەی بکەیتەوە. هەندێ سەردانکردن هەن ، کە تیایاندا دەستنیشان دەکرێت ، کە دەبێت سەدجار الله اکبر بکەیت . سوودی ئەمە ئەوەیە ، کە تۆ وا لە دەروونی خۆت دەکەیت کە هەست بە گەورەیی خودا بکات ، وابزانێت کە هیچ لە خودا گەورەتر نییە . ئەو زیارەتکردنەشت تەنها بۆ پەرستنی خودا و پیرۆزکردنیەتی لە ڕێگەی زیندوو ڕاگرتنی فەرمانەکانی خودا و پشتگیریکردن لە ئایینەکەیەوە.

٧ـ لەپاش تەواوبوونی زیارەتەکەی پێغەمبەر (د.خ) یان زیارەتی ئیمامەکە دەبێت بەلای کەمەوە دوو ڕکعات نوێژ بکەیت ، خۆبەخشانە و بۆ پەرستنی خودای میهرەبان، بۆئەوەی سوپاسی خودا بکەیت ، کە تۆی سەرخستووە لەوەدا کە توانیوتە زیارەتەکەت ئەنجام بدەیت ، و ئەمجا پاداشتی نوێژەکەش هەدیە بکەیت بەو کەسەی کە زیارەتی گۆڕەکەیت کردووە.

لەناو ئەو دوعا کاریگەرەدا ، کە کەسی سەردانکەر لەپاش نوێژەکەیەوە دەیخوێنێت تێدەگەین ، کە ئەو کەسە ئەو نوێژ و کردەوەیەی خۆیی تەنها بۆ خودایە و ئەمیش لە

خودا زیاتر کەس ناپەرستێت ، ئەم زیارەتەش کە کردوویەتی تەنها جۆرێکە لە هەوڵی نزیکبوونەوە لە خودای گەوە ، بۆیە دەبێت بڵێیت :

((اللهم لك صليت ، ولك ركعت ، و لك سجدت وحدك لاشريك لك ، لأنه لاتكون الصلاة والركوع والسجود الا لك ، لأنك نت الله لا اله الا انت.

اللهم صلي على محمد وآل محمد ، وتقبل مني زيارتي واعطني سؤلي ، بمحمد وآله الطاهرين.))[1] .

لەناو ئەم جۆرە ئەدەبەدا ئەوەندە شت هەیە، کە بە هۆیانەوە لە مەبەستی ئیمامەکان و شعەکانیان تێبگەیت و بزانیت بەپێی بۆچوونی ئەوان سەردانی گۆڕەکان بکەیت. بۆیە ئەو کەسانەش کە خۆیان دەکەن بە نەزان و دەڵێن ئەم جۆرە سەردانانە وەك پەرستنی گۆڕ وەهایە و خۆنزیك کردنەوەیە لە گۆڕەکان و هاوبەش دانانە بۆ خودا ، هیچیان پێ ناکرێت و بەردێکیان پێ ناجوڵێندرێت.

زیاتر ڕوانینی ئێمە وەهایە، کە مەبەستی ئەو کەسانە ئەوەیە بڕی ئەو سودە کۆمەڵایەتیەی ئاینییانە کەم بکەنەوە، کە لە وەرزی زیارەتەکاندا بۆ دەستەی ئیمامەت دێت . چونکە ئەم جۆرە زیارەتانە بووە بە دڕکێك لە ناو چاوی دوژمنانی ئالی بەیتی محەمەددا ، ئەگەر وا نەبێت، ئەوا ئێمە باوەڕ ناکەین ، کە ئەوان نەزانن ڕاستیی مەبەستی ئالی بەیت لە ئەم سەردانانە چییە.

هەرگیز نابێت و ناگونجێت کە ئەو کەسانەی کە نیازی خۆیانیان پاك کردۆتەوە بۆ خودا و تەنها خۆیانیان بۆ پەرستنی ئەو تەرخان کردووە و هەوڵی خۆیانیان داوەی بۆ سەرخستنی ئایینەکەی خودا ، بچن خەڵك بانگ بکەن بۆ شەریك دانان لە پەرستنی خودادا.

٨ـ هەروەها لە ئادابەکانی سەردانکردن ئەوەیە ، کە کەسی سەردانکار هاوڕێیەتیی باش بێت بەرانبەر بەو کەسانەی کە دەبن بە هاوڕێی زیارەتەکەی ، بۆ مەبەستی چاکەکردن نەبێت بە کەمی قسە بکات ، زۆر یادی خودا بکات ، کڕنۆش ببات ، زۆر نوێژ بکات ، سەلەوات و درود بۆ محەمەد و ئالی محەمەد بنێرێت ، چاو هەڵنەبڕێت ، ئەگەر تەنگانەیەکی براکانیی خۆیی بینی بچێت بە هانایانەوە ، دڵیان بداتەوە ، خۆی لە ئەو

---

(١) المزار للشهيد الاول (٧٨٦هـ): ٥٠، بحار الانوار للمجلسي (١١١١هـ): ٩٧: ٢٨٨. المزار (مناسك المزار) للشيخ مفيد (٤١٣هـ): ٢١١. باب مايقول الزائر عن اخيه تطوعاً. المزار لابن المشهدي (٦١٠هـ): ٥٩٧، الباب الثاني (مايقول الزائر عن غيره بالاجر ، ومايقول عن اخيه تطوعاً).

شتانە لابدات ، نەهییان لیٚ کراوە ، خۆی لە شەڕ لابدات ، بڕوای زۆر بێت ، ئەو قسانە بکات ، کە نیشانەی ئیماندارین.

ئەمجا پاشان دەڵێین ، کە ڕاستیی زیارەتکردن ئەوەیە ، کە سەلام لە پێغەمبەر یان لە ئیمامەکە بکەیت، لەبەر ئەو بەهایەی کە ئەوان کەسانێکن ﴿ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴾ [1]. چونکە ئەمانە قسە دەبیستن و وەڵامیشی دەدەنەوە و ئیش بە ڕەوانبێژی و ڕاست گووتنەکانیشیان دەکەن ، بۆ نموونە ئەوەندە بەسە ، کە تەنها بڵێیت : (السلام علیك یا رسول الله).

بەڵام باشتر وایە ، کە ئەو دوعا کاریگەرە بخوێنیتەوە ، کە لەبارەی زیارەتکردنەوەیە و لە ئالی بەیتەوە بۆمان هاتووە ، - وەك باسمان کرد - زۆر مەبەستی بەرز و سوودی ئایینیی تێدایە ، هەروەها ڕەوانبێژی و فەساحەتی باشیشی تێدایە ، دوعای بەرزی وای تێدایە، کە تیایدا مرۆڤ تەنها ڕوودەکاتە خودای گەورە .

## ٣٧ - بیروباوەڕمان لەبارەی مانای تەشەیوعەوە لەلای ئالی بەیت

چەند ئیمامێکی سەر بە ئالی بەیت (س.خ) ، لەپاش ئەوەی کە وازیان لەوە هێنا فەرمانی ئومەتەکە بگەڕێتەوە دەستیان ، خەم و هەمیان بوو بەوەی کە موسوڵمانان پەروەردە بکەن ، بەو شێوە ڕاست و دروستە پەروەردەیان بکەن ، کە خودا لێی دەوێن، لەبەر ئەمە ، ئەوان لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا بوون ، کە متمانەیان دەدا پێیان و ئەوپەڕی هەوڵی خۆیانیان دەدا ، کە فێری حوکمە شەرعیەکانیان بکەن . مەعریفە محەمەدییەکانیان بدەنیٚ و ئاشنایان بکەن ، بەوەی کە ماف و ئەرکیان چییە.

بۆیە هیچ کەسێکیان بە شیعەی خۆیان و سەر بە خۆیان دانەدەنا ، ئەگەر ئەو کەسە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا نەبوایە و توانای ئەوەی تێدا نەبوایە ، کە واز لە ئارەزووەکانی خۆی بهێنێت بۆ ئەوەی کە کار بە ڕێنمایی و ئامۆژگاریی ئەوان بکات. ئەوان پێیان وا نییە ، کە تەنها خۆشویستنی ئەوان بەس بێت بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ، وەك ئەوەی کە هەندێك کەس مل دەدەن بە حەز و ئارەزووەکانی خۆیان و بەهانەش دەهێننەوە بۆ هەڵگەڕانەوەیان لە تاعەتکردنی خودای مەزن . ئیمامەکانی ئالی بەیت وا دەزانن کە خۆشویستنی ئەوان بە تەنها بەس نییە ئەگەر ئەنجامدانی کاری چاکەشی

---

(١) بڕوانە ئایەتی ١٦٩ لە سورەتی ئال عمران.

لەگەڵدا نەبێت و ئەگەر ئەو کەسانەی کە سەر بە ئەوانن ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی و لە خواترسی و تەقواکارییان بۆ خودای دلۆڤان نەبێت.

((یا خیثمة ، ابلغ موالینا، انه لا نغني عنهم من الله شیئاً إلا بعمل ، وانهم لن ینالوا ولایتنا الا بالورع، وإنّ اشدّ الناس حسرة یوم القیامة من وصف عدلاً ثم خالفه الی غیره.)) [1] .

بەڵکوو ئەوان لە شوێنکەوتوەکانی خۆیانیان دەوێت ، کە بانگخوازی حەق بن. ڕێنوێنی بکەن بەرەو چاکە و کارکردن بە عەقڵ . وا دەزانن کە بانگکردن بۆ ئایین بە کردەوە لە بانگکردن بە زمان باشترە . (کونوا دعاة للناس بالخیر بغیر السنتکم، لیروا منکم الاجتهاد و الصدق و الورع.)[2] واتە بانگی خەڵك بکەن بۆ چاکەکاری بەڵام تەنها بە زمان نا ، بۆئەوەی خەڵك بتوانێت لە ئێوەوە ئیجتیهاد و ڕاستگۆیی و ئایینویستن ببینێت.

وا لێرەدا هەندێك گفتوگۆکردنی ئەوان لەگەڵ هەندێك لە شوێنکەوتوەکانیاندا بە نموونە دەهێنینەوە ، بۆئەوەی بزانیت کە ئەوان چەند جەختیان لەسەر بەرزکردنەوەی ڕەوشتی خەڵك کردووە :

**١ـ گفتوگۆی ئەبی جەعفەری باقر (س.خ) لەگەڵ جابری جەعفیدا:**

"ئەی جابر.. ئایا بۆ ئەو کەسەی کە شیعەبوونی خۆی دەنوێنێت ئەوەندە بەسە ، کە ئێمەی ئالی بەیتی خۆشبووێت ؟! بەخودا هیچ کەسێك لە شیعەی ئێمە نییە ئەگەر تەقوا و تاعەتی خودا نەکات .

ئەوانە دبێت هەر بە خۆنەویستی[3] و ملکەچیدا بناسرێنەوە ، بە ئەمانەت ، و زۆر یادی خودا کردن ، و ڕۆژووگرتن ، و نوێژکردن ، و ڕێزگرتنی دایك و باوك و

---

(١) ئەمە برێتییە لە گوتاری ئیمام محەممەد باقر (س.خ) بۆ شیعەکانی خۆی : بۆ بینینی ئەم گوتارە، سەیری ئەم سەرچاوانە بکە: الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ١٧٦. هەروەها هەمان گوتار بە دەربڕینی هاوشێوەی نزیك لەناو ئەمانەشدا هەیە: مصادقة الاخوان للصدوق (٣٨١هـ): ٣٤... وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٩٤هـ): ١٢: ٧، ح (١٥٥٠١هـ). الحكايات للشيخ مفيد (٤١٣هـ): ٩٢. مستطرفات السرائر لبن ادريس الحلي (٥٩٨هـ): ٦٢٥ ـ ٦٢٦.

(٢) ئەمەش لە وەسیّتەکانی ئیمامی سادقە (س.خ) بۆ شوێنکەوتووەکانی، بڕوانە : الكافي لە نووسینی الكليني (٣٢٩هـ): ٢: ١٠٥، ح (١٠) ، باب الصدق واداء الامانة .. هەروەها لە ٢: ٧٧، ٧٨، ١٠٥. وسائل الشيعة نوسيني حر العاملي (١١٠٤هـ): ١٢: ١٦٢، ح (١٥٩٥٥)، باب وجوب الصدق. مشكاة الانوار للطبرسي (القرن ٧هـ): ٣٠.

(٣) لە سەرچاوەکەدا بەم شێوەیە هاتووە: و ما كانوا يعرفون يا جابر الا...

بەتەنگەوەچوونی دراوسێ هەژارەکان و هاوماڵ و نەداران و هەتیوان ، ڕاستگۆگوتن لە قسەکردندا ، قورئان خوێندن ، قسەنەکردن جگە لە چاکە گووتن ، جێ متمانەبوونی کەسوکار و عەشیرەتی خۆیان. دە کەواتە تەقوای خودا بکەن ، خودا خزمایەتیی لەگەڵ کەسدا نییە ، بۆیە خۆشەویستترین بەندە لەلای خودای عەزەوەجەل ئەو کەسانەیە کە تەقوای زۆرە و بە پێی پەرستنی خوداش هەڵسوکەوت دەکات.

ئەی جابر ، وەڵاهی ئێمە تەنها بە تاعەت کردن نەبێت بە هیچ شتێك لە خودای تەبارەك و تەعالا نزیك نابینەوە[1] ، ئێمە ئەوەمان نییە ئەستۆی کەس لە ئاگر بپارێزین ، کەسیش هیچی لەلای خودا نییە ، بۆیە ئەو کەسەی کە گوێڕایەڵی خودا بوو، ئەوە بۆ ئێمە و بۆ منیشە. و هەرکەسێك گومڕایی لە خودا کرد ، ئەوە دوژمنی ئێمەشە، ویلایەتی ئێمە تەنها بە کردەوە و وەرەعی بەرز بەدەست دێت. "[2]

**٢ـ گفتوگۆی ئەبی جەعفەر (س.خ) لەگەڵ سەعیدی کوڕی حەسەن :**

ئەبوو جەعفەر (س.خ) : ئایا کەس لای ئێوە دێت بۆلای براکەی دەست بکات بە گیرفانیدا چیی ویست ببات و لە بەرانبەریشدا هیچی نەداتەوە ؟

سەعید: شتی وام لای خۆمان نەدیووە.

ئەبوو جەعفەر (س.خ) : کەواتە نیتانە

سەعید: کەواتە دەفەوتێین!

ئەبوو جەعفەر (س.خ) : کەواتە هێشتا ئەم خەڵکە بە ئاواتەکانی خۆیان نەگەیشتوون[3].

**٣ـ گفتوگۆی ئەبی عەبدوڵلای سادق (س.خ) لەگەڵ ئەبی سەباحی کینانیدا:**

کینانی بە ئەبوو عەبدوڵلا (س.خ) دەڵێت: خەڵك لەبارەی تۆوە چیمان پێ دەڵێن ؟

ئەبوو عەبدوڵلا: دەبێت خەڵك چی بڵێن ؟[4]

---

(١) لە سەرچاوەکەدا بەم شێوەیە هاتووە: والله ما يتقرب الى الله...

(٢) الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ٧٤. هەروەها بە دەربڕینێکی نزیك لەمەوە لە : الامالي للطوسي (٤٦٠هـ): ٧٣٥. وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١٥: ٢٣٤، ح (٢٠٣٦٢)، باب وجوب طاعة الله، فەرموودەی دووهەم.

(٣) الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ١٧٤. نموونەی ئەمە لەناو: كتاب المؤمن ی کوفیی ئەهوازیدا هەیە، کە لە پێش ساڵی ٣٠٠ کۆچییەوە ژیاوە : ٤٤. وسائل الشيعة نووسینی حەری عاملي (١١٠٤هـ): ٥: ١٢٠، ح (٦٠٩)، و ٩: ٤٢٨، ح(١٢٤٠٦).

(٤) لە سەرچاوەکەدا ئاوا هاتوە: (ومالذي تلقى من الناس فيَّ ؟))

کینانی : ئەگەر لەگەڵ هەر پیاوێکدا قسە بکەین ، هێشتا لە قسەکردنداین ، کەچی پێمان دەڵێن ئەی جەعفەریی نگریس.

ئەبوو عەبدوڵڵا: ئەی کەواتە بە بۆنەی منەوە قسەتان پێدەڵێن ؟

کینانی : بەڵێ.

ئەبوو عەبدوڵڵا: من بڵێم چی وەڵاهی هەرکەسێك لە ئێوە کەوتە دوای جەعفەر ، ئەوا دەبێت بە سەحابەیەکی لە خواترس بەرز و کار بۆ خوداکەی دەکات و چاوەڕوانی پاداشتی باش دەکات و ئەو کەسە دەبێت بە سەحابی[١].

**٤- هەروەها ئەبوو عەبدوڵڵایش (س.خ) لەم بارەیەوە چەند گووتەیەکی هەیە ، ئێمە لەو گووتانەی ئەو، ئەمانە هەڵدەبژێرین:**

ئەو کەسە لە ئێمە نییە - هەروەها ئەوە کەرامەتیش نییە - کە لە ناوچەیەکدا بژی، کە سەدهەزار کەس یان زاتر لەو شوێنەدا بژی، کەچی لەو ژمارەیە کەسێك هەبێت لە ئەوەی ئێمە باشتربێت[٢]. "ئێمە هیچ پیاوێك بە بڕوادار دانانێین تا کار بە هەموو فەرمانەکانمان نەکات، بۆیە هەرکەس گوێی لە فەرمانی ئێمە گرت و خواستی لەخوا ترستان هەبوو ، ئەوا بە تەنگی وەرەعبونەکەتان بن ، چونکە بەو هۆیەوە خودا ڕەحمتان پێدەکات."[٣]

ئەو کەسە لە شیعە و دەستەی ئێمە نییە ، کە کاری پەرستن و وەرەع تەزوو بەناو دەماریدا نەهێنێت، هەروەها ئەو کەسەش لە وەلییەکانی ئێمە نابێت کە لەناو گوندێکدا بژی کە دەهەزار کەسی تێدابێت و ئەو لە هەموویان پەرستنی زیاتر نەبێت[٤].

---

(١) الكافي للكليني (٣٢٩هـ):٢ : ٧٧، باب الورع، ح (٦). هەروەها دەتوانیت دوابەشی ئەم گفتوگۆیەش ببینیت، کە ئیمامی سادق تیایدا وەسفی هاوەڵەکانی خۆی دەکات، لەناو الكافي: ٢: ٢٣٦، دەروازەی باب المؤمن علامته وصفاته، ح(٢٣). شرح الاخبار للقاضي النعمان المغربي (٣٦٣هـ: ٣: ٥٠٣، ح (١٤٤٥). اختيار معرفة الرجال للطوسي (٤٦٠هـ): ٢: ٥٢٥. وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١٥، ٢٤٤، ح (٢٠٣٩٨).

(٢) الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ١٧٤. دەروازەی الورع ، ح(١٠). هەروەها شتێکی تری نزیکی ئەمەش لەناو : شرح الاخبار للقاضي النعمان (٣٦٣هـ): ٣: ٥٠١، ح (١٤٣٧). مستطرفات السرائر لابن ادريس الحلي (٥٩٨هـ). مشكاة الانوار في غرر الاخبار للطبرسي (القرن ٧هـ): ١٣٨.

(٣) الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ١٧٤. باب الورع، ح (١٣). وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١٥: ٢٤٣، ح (٢٠٣٩١). فەرموودەی یەکەم لە بەشی وجوب الورع. الف حديث في المؤمن للنجفي (معاصر): ٢٦١، ح (٧٨٦).

(٤) الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ٧٩. باب الورع، ح (١٥). وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١٥: ٢٤٦، ح (٢٠٤٠٤).

شیعەی جەعفەر ئەو کەسەیە ، کە خاوێنیی سکی و دامانیی پاراست ، جیهادی کرد، کاری بۆ خودا کرد و ئومێدی بە پاداشتی خودا هەبوو. لە سزای خودا ترسا، بۆیە کەی خەڵکی وەهات بینی، ئەوا ئەوانە شیعەی جەعفەرن[1].

## ٣٨ـ بیروباوەڕمان لەبارەی جەور و ستەمەوە

یەکێك لە ئەو گوناهانەی کە ئیمامەکان سەلامی خودایان لەسەربێت بەلایانەوە گوناهی گەورەیە مرۆڤ ئەنجامی بدات، بریتیە لە دژایەتیکردنی کەسانی تر و ستەمکردن لە خەڵك، دیارە ئەوانیش بەپێی قورئانی پیرۆز ئەمە وەك گوناهی گەورە دەبینن، بەوپێیەی کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە، کە زوڵمکردن گوناهی زۆر گەورەیە و نەهیی لێکراوە، وەك ئەوەی کە خودای باڵادەست دەفەرموێت : ﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴾[2].

هەروەها لەناو قسەی پێشەوای بڕواداران (س.خ) شتی وا هاتووە ، کە باسی دزێویی زوڵم و خۆلادان لە زوڵمکردن دەکات ، وەك ئەو قەسەیەی ـ کە قسەیەکی ڕاستی بڕواپێکراوە ـ و لەناو نەهجی بەلاغەدا هاتووە ، ژمارە ٢١٩ی لەسەرە:

((والله لو اعطيت الأقاليم السبعة بما تحت افلاكها على أن اعصي الله في نملة أسلبها جلب شعيرى ما فعلت)).

---

(١) الخصال للصدوق (٣٨١): ٢٩٥ ـ ٢٩٦، باب الخمسة (خمس ما اثقلهن في الميزان)، ح (٣). صفات الشيعة للصدوق ايضاً: ١١. هەروەها شتی تریش لەبارەیەوە لەناو ئەم سەرچاوەیەدا بەردەستە وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١٥: ٢٥١، ح (٢٠٤٢٥). باب وجوب العفة، ح (١٣).

هەروەها لە زاری ئیمامی سادقەوە دەگێڕنەوە (س.خ) کە فەرموویەتی: (شیعەکانی عەلی، ئەوانەن کە دامێنیان خاوێن بوو..) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : الكافي لكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٢: ٢٣٣، باب المؤمن و علاماته و صفاته، ح (٩). وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١: ٨٦، ح (٢٠٤). باب تأكد استحباب الجد والاجتهاد في العبادة، ح ٧. مشكاة الانوار للطبرسي (القرن ٧هـ): ١١٩.

هەروەها بۆ زانینی سیفاتی زیاتری بڕوادارانی شیعەی (س.خ) ، بڕوانە الكافي: ٢: ٢٢٦. باب المؤمن وعلاماته وصفاته ، الحديث الاول، لەناو ئەم سەرچاوانەدا دەبینیت ، کە حەزرەتی ئیمامی عەلی (س.خ) باسی نزیکەی سەد سیفاتی کەسی بڕواداری کردووە..

(٢) بڕوانە ئایەتی ٤٢ لە سورەتی ابراهیم.

واته سوێند بەو خودایە ، ئەگەر هەر حەوت هەرێمەکە بدەن بە من بە هەموو موڵکی ژێر ئاسمانەکانیانەوە بۆ ئەوەی کە سەرپێچیی فەرمانی خودا بکەم بەرانبەر بە مێرولەیەك کە ماف بردنی دەنکە جۆیەکی لێ وەربگرمەوە ، نایکەم.

ئەمجا سەیرکە ئەم مەبەستێکە کە ئەوەندە بەرزە لە خۆلادان لە زوڵمکردن و پارێزرکردن لە جەور و نەهیکردن لە ئەنجامدانی کە مرۆڤ ناتوانێت وێنای بکات.

ئەو دەڵێت زوڵمی ئەوە لە مێرولەیەك ناکات ، کە دەنکە جۆیەکی لێ بسەنێتەوە، ئەگەر هەر حەوت هەرێمەکەی بدەنێ ، ئەی دەبێت حاڵی ئەو کەسانە چۆن بێت کە خوێنی موسوڵمانان دەڕژێت و ماڵی خەڵك تالان دەکات و شەرەف و کەرامەتیان بە سووك دەبینێت ؟؟ دەبێت ئەم کارەی ئەم خەڵکانە چۆن لەگەڵ کردەوەکەی ئەمیری بڕواداران بپێورێت ؟ پلەی ئەو کەسانە لەلای فیقهی پێغەمبەری خودا (د.خ) چۆن دەبێت؟

ئەمە ئەو ئەدەبە خواییە بەرزەیە کە ئایین داوا لە خەڵك دەکات هەیانبێت.

بەڵێ ، زوڵمکردن یەکێکە لە ئەو شتانەی کە خودای مەزن حەرامی کردوون. لەبەرئەوە ئالی بەیتیش لەناو فەرموودەکانی خۆیان و دوعاکانیاندا بەلایانەوە خراپەیەکی گەورە بووە و داواشیان لە شوێنکەوتووەکانی خۆیان کردووە ، کە خۆیانی لێ بەدوور بگرن.

ئەمە سیاسەتی ئەوانە (خ.ڕ) ، ڕەوشتیشیان هەر بەو شێوەیەیە ، تەنانەت بەرانبەر بە ئەو کەسانەش ، کە دەستدرێژی دەکەنە سەریان و ئەمبازی مەقامی ئەوان دەبن. چیرۆکەکەی ئیمامی حەسەنیش چیرۆکێکی ناسراوە ، (س.خ) کە بەرگەی قسە و پەلامارەکانی کابرا شامییەکەی گرت ، کە دەمدرێژیی کرد و قسەی بە ئیمام گووت، ئیمامیش بە نەرمی قسەی لەگەڵدا کرد ، تا ئەو ئاستەی ، کە وای لێکرد هەستی بە خراپیی کردەوەکەی خۆی کرد[1].

---

(١) مبرەد و ئیبن عائیشە گێڕاویانەتەوە، کە کەسێکی خەڵکی شام ئەوی بینیووە، بە سواری و ئەمجا کابرا دەستی کردووە بە نەفرەتکردن لە ئیمام ، ئەویش وەڵامی نەداوەتەوە تا قسەکانی تەواوکردووە، کە تەواوبووە حەسەن چووە بۆلای و پێکەنیوە و پێی گووتوە: ئەی پیرەمێرد وادەزانم تۆ کەسێکی غەریبیت ، ڕەنگە شوبهەت لەلا دروست بوو بێت ، بۆیە ئەگەر گلەییت لێمان هەیە ، ئەوا گلەییەکەت دەڕەوێنینەوە ، داواکاریت هەبێت بۆت جێبەجێ دەکەین، ڕێنماییت دەوێت، ڕێنماییت دەکەین، بارێکت هەبێت بۆت باردەکەین، ئەگەر برسیتە ئەوا تێرت دەکەین ، ئەگەر ڕووتیت جلت لەبەردەکەین، ئەگەر نەداریت دەوڵەمەندت دەکەین ، ئەگەر لانەوازیت هەوارێکت دەدەینێ ، ئەگەر داخوازییەکت هەیە بۆت جێبەجێ دەکەین، هەروەها ئەگەر کۆچ و باریشت بۆ ئێرە هێناوە و میوانی ئێمەیت، تا کاتی ڕۆشتنت، ئەوا جێگەت دەدەینێ، چونکە ئێمە شوێنێکی بەرفراوان و سینەیەکی فراوان و پارەیەکی زۆرمان هەیە.-

پێشتریش لەناو دوعاکەی (سید الساجدین)دا و لەناو ئەدەبی بەرزدا لەبارەی لێبووردەیی بەرانبەر بە دەستدرێژیکاران و داوای بەخشین کردن بۆ ئەوان شتت خوێندەوە. دیارە ئەمە مەبەستێکە ، کە مرۆڤ بە بەرزیی دەروونی و بە مرۆڤایەتیی تەواو دەتوانێت پێی بگات ، ئەگەرچی دەستدرێژیکردنە سەر کەسی زاڵم بە هەمان ئەو پلەیەی کە ئەو دەستدرێژیی کردۆتە سەرتان ڕەوایە لە شەریعەتدا. هەروەها دوعا لێکردنیشی ڕێگەپێدراوە. بەڵام ڕێپێدراوی شتێکە و لێبوردنیش ، کە یەکێکە لە ئاکارە بەرزەکان شتێکی ترە.

بگرە لەلای ئیمامەکانیشەوە (س.خ) ، شتێکی وەها هاتووە ، کە لەوانەیە زیادەڕەویکردن لە دوعاکردن لە زاڵمان ڕەنگە ئەمیش زوڵم بێت ، ئەوەتا ئیمامی سادق (س.خ) دەڵێت: "تا وایلێدێت بەهۆی زۆر گوتنەوەی دوعاکانیەوە لە زاڵمەکەی خۆیشی دەبێت بە زاڵم".[1]

ئای لە گەورەیی خودا ! ئایا دوعاکردن لە ستەمکاریش ستەمە، ئەگەر سنووری خۆیی تێپەڕاند؟ ئەی کەواتە دەبێت ڕەوشی ئەو کەسە چۆن بێت کە خۆی دەست دەبات و جەور و ستەم دەکات؟ دەستدرێژی دەکاتە سەر خەڵک؟ پەلاماری شەرەفیان دەدات و ماڵیان دەبات و لەلای ستەمکاران تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەستێت و هەڵیاندەخەڵەتێنێت تا تووشی ناڕەحەتییان دەکات؟ یان دەیانبێزرێنێت و زیانیان لێ دەدات؟ یان سیخوڕییان بەسەرەوە دەکات؟ دەبێت ئەم کەسانە ڕەوشیان لەناو فیقهی ئالی بەیتدا، چۆن بێت؟

ئەم کەسانە کە وا هەڵسوکەوت دەکەن دوورترین خەڵک دەبن لە خودای مەزنەوە، گووناهکارترین و سزادراوترین خەڵک دەبن، کار و ڕەوشتیان زۆر ناشیرین دەبێت.

---

- کە پیاوەکە ئەم قسانەی ئەوی بیست گریا و گووتی: وا من گەواهی دەدەم ، کە تۆ جێنشینی خودایت لەسەر زەویی خودا. خودا خۆی دەزانێت پەیامی خۆی دەدات بە کێ تۆ و باوکت لەلای من بێزراوترین خەڵکی دنیابوون ، کەچی ئێستە تۆ خۆشەویستترین خەڵقی خودایت لەلای من ، بۆیە ئیتر ئەم کابرایە بە میوانی لەلای ئەو مایەوە تا خۆی ڕۆشت. پاش ئەوە بڕوای بە خۆشەویستبوونەکەیان هێنا، بڕوانە مناقب آل ابي طالب لابن شهر آشوب (٥٨٨هـ): ٣: ١٨٤. هەمان شت بە دەربڕینێکی تر لەناو (کشف الغمة)ی ئەربلیدا هەیە (٦٩٣هـ): ٢: ١٨٤.

(١) الکافي للکلیني (٣٢٩هـ): ٢: ٣٣٤، باب الظلم، ح ١٧. ثواب الاعمال، عقاب الاعمال للصدوق (٣٨١): ٢٧٤.. هەروەها شتێکی نزیک لە ئەم دەربڕینەشەوە لەناو ئەم سەرچاوەیەدا هەیە: مکارم الاخلاق للطبرسي (٥٤٨هـ): ٣٣٢.

٣٩- بیروباوەڕمان لەبارەی هاریکاریکردن لەگەڵ ستەمکاراندا

لەبەر زۆریی مەترسیی ستەمکردن و خراپیی گەمژەیی ئەنجامدانەکەی خودای گەورە نەهیی لە هاریکاریکردنی ستەمکاران و پەنابۆبردنیشیان کردووە: ﴿ وَلَا تَرْكَنُوٓا۟ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنْ أَوْلِيَآءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴾ [1] ئەمەیە ئەدەبەکەی قورئانی پیرۆز و ئەدەبەکەی ئالی بەیتە (س.خ). شتی وا لە ئەوانەوە هاتووە و دەگێڕدرێتەوە، کە نەهی لە پەنابردن بۆ ستەمکاران و هارکاریکردنی ستەمکاران دەکات لەگەڵ بەشداری کردنی هەر کارێکی ئەواندا، یان هەر هاریکاریکردنێکیان ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بێت[2].

گومان لەوەدا نییە، کە یەککێك لە خراپترین زیان کە لە ئیسلام و موسوڵمانەکان بکەوێت بریتییە لە ئاسانکاری لەگەڵ کەسانی ستەمکار و چاوپۆشیکردن لە خراپەکاریەکانی ئەوان، مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، جگە لە هاندانیان و سەرخستنیان و پشتگیریکردنیان لە ستەمکردنیاندا.

ئەوەی کە نەهامەتیی بەسەر کۆمەڵگەی موسوڵماندا هێناوە تەنها و تەنها بریتییە لەو لادانە لەسەر ڕێگەی ڕاست، کە بەهۆیەوە و بەپێی ڕۆژگار ئایینیش لاواز بووە، هێزەکەیی نەماوە و گەیشتووە بەو ئاستەی کە ئەمڕۆ تیایدایەتی، بۆیە بوەتەوە بە شتێکی نامۆ، بۆیە موسوڵمانەکان، یان بڵێین ئەو کەسانەی کە بە خۆیان دەڵێن موسوڵمان، جگە لە خودا وەلییەکی تریان نییە و ناتوانن بەسەر لاوازترین دوژمنی خۆیاندا، کە جولەکەی بێدەستەڵاتن سەربکەون، ئەمجا وەرە سەیری خاچپەرستە سەلیبییەکان بکە، کە بەهێزن.

ئیمامەکان (س.خ)، بە باشی هەوڵیان داوە ئەوکەسانە لە خۆیانەوە دوور بخەنەوە، کە هاوکاریی ستەمکاران دەکەن، لەم ڕووەوە ئەوەندە شتیان باس کردووە، کە لەناو ئەم

---

(١) بڕوانە ئایەتی ١١٣ لە سورەتی هود.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: وسائل الشیعة نوسینی حر العاملي (١١٠٤هـ): ١٧ : ١٧٧، باب معونة الظالمین و لو بمدة قلم و طلب ما في ایدیهم من الظلم. هەروەها لەناو مستدرك الوسائل للنوري الطبرسي (١٣٢٠هـ): ١٣: ١٢٢، هەمان بەش.

الكافي للكلیني (٣٢٩هـ): ٥: ١٠٨، بەشی عمل السلطان وجوائزهم. هەروەها لە پێغەمبەری مەزنیشەوە (د.خ) دەگێڕنەوە، کە فەرمویەتی "من تولی خصومة ظالم او اعان علیها، ثم نزل به ملك الموت، قال له: ابشر بلعنة الله و نار جهنم و بئس المصیر"، "من دل حائرا علی جور، كان قرین هامان في جهنم". بڕوانە سەرچاوەی الأمالي للصدوق (٣٨١هـ): ٥١٣.

بەشەدا جێگەیان نابێتەوە بیانژمێرین. نموونەی ئەمانەش ئەوەیە، کە ئیمام زەنەلعابدین (س.خ) بۆ محەمەدی کوڕی موسلیمی و هۆشداریی پێدەدات لەوەی کە نابێت هاوکاریی زاڵمان بکات لە زوڵمەکەیاندا:

(( ئەی ئەوە نەبوو ، کە بانگیان کردیت و تۆیان کرد بە قوتبێك بۆ خۆیان ، ڕوویان وەرچەرخاندیت بە دیوی ستەمکارییەکانی خۆیاندا ، کرایت بە پردێك بۆئەوەی بەسەر تۆدا بەڵاو ستەمەکانی خۆیان تێپەڕ بکەن ، کرایت بە پلیکانەیەك بۆ چەواشەکارییەکانیان ، بانگەشەکارێك بۆ جەوریان ، ڕێگەی ئەوانت گرتەبەر، لە ڕێگەی تۆوە گومان دەخەنە دڵی زاناکانەوە ، بەهۆی تۆوە دڵی کەسە نەزانەکان بۆ خۆیان کێش دەکەن.. لەبەرئەوە وەزیرە تایبەتەکان و لایەنگرە بەهێزەکانیان کەسیان نەماوە کە تۆ گەندەڵییەکانی ئەوانت چاك نەکردبێ.. بۆیە بڕوانە ئەوەی کە ئەوان دەیدەن بە تۆ چەند کەمە لە ئاستی ئەوەدا ، کە لێت وەردەگرن .. ئەوەی بۆ تۆیان ئاوەدان کردۆتەوە ، چەند کەمە لە ئاستی ئەوەدا ، کە لەناو تۆدا وێرانیان کردووە. لەبەرئەوە سەیری خۆت بکە و وەك پیاوێکی بەرپرس لێپرسینەوە لەگەڵ خۆتدا بکە..

وشەی (وەك پیاوێکی بەرپرس لێپرسینەوە لەگەڵ خۆتدا بکە) چەند گەورەیە . چونکە کاتێك ئارەزوو بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێت ، بە نهێنی و لە ناخی خۆیدا هەست بەوە دەکات ، کە کەرامەتی خۆیی ڕووشاندوە ، واتە خۆی وانابینێتەوە کە ئیتر کەسێکی بەرپرس بێت بەرانبەر بە ئەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدات ، واتە خۆی لەوە تێدەگات، کە ئیتر لەو ئاستەدا نییە ، کە حسابی بۆ بکرێت، لەبەرئەوە قێز لە کارەکانی خۆیشی دەکاتەوە ، چونکە خۆی دەیزانێت کە ئیتر خۆی لەو ئاستەدا نەماوە کە لێپرسینەوە لە کارەکانی بکرێت . ئەمانەش بریتین لە نهێنییەکانی ناخی مرۆڤ ، لەبەر ئەوە ئیمام ویستویەتی کە زوهەیر لەبارەی ئەم نهێنییە دەروونییەوە ئاگادار بکاتەوە، بۆئەوەی ئەوەك وەهم بیگرێت و لەناو بەرپرسیاریدا خۆی بفەوتێنێت.

شتێکی تر ، کە لەوەش ڕەوانترە، حەرامبوونی هاریکاریکردنی ستەمکارانی وێنا کردووە، بریتییە لە قسەوباسی سەفوان ئەلجەمال لەگەڵ ئیمام مووسای کازمدا (س.خ)، ئەم سەفوانە یەکێك بووە لە شیعەکانی ئیمام و یەکێکیش بووە لەوانەی کە بە متمانەوە فەرموودەکانی ئەویان گێڕاوەتەوە:

بەپێی ئەوەی کە ریوایەتی لە ـ الكشي في رجاله بترجمه صفوان– دا هاتووە، سەفوان دەڵێت: چووم بۆلای و ئەویش پێی گووتم : ئەی سەفوان ، هەرچی شتت هەیە جوانە، تەنها یەك شت نەبێت.

منیش گووتم : گیانم بە فیدات ئەو شتەیان چییە ، کە جوان نییە ؟

ئەو گووتی: ئەوەی کە حوشترەکانی خۆتت بە کرێ داوە بە ئەو کابرایە - مەبەستی لە هاروون بوو - .

منیش گووتم : وەڵڵاهی من بۆ ئەوە نەمداوە پێی کە ئیشی پێبکات و شتی خۆیی پێ بگوێزێتەوە ، بۆ ئەوە نەمداوە پێی پێیان بچێت بۆ ڕاوکردن و ڕابواردن ، بەڵکوو بۆ ئەو ڕێگایە داومە پێی - کە ڕێگەی چوون بۆ مەکەیە - خۆیشم حوشترەکانی بۆ بەڕێووە نابەم ، بەڵکوو غیلمانەکانمی لەگەڵدا دەنێرم.

گووتی : سەفوان تۆ کرێی ئەوان وەردەگریت ؟

گووتم : بەڵێ گیانم بە فیدات.

گووتی : حەزدەکەیت ئەوانیش بمێننەوە تا تۆ کرێکەت دەست دەکەوێت؟

گووتم : بەڵێ.

گووتی: هەرکەس حەز بە مانەوەی ئەوانە بکات ، ئەوە خۆی لەگەڵیاندایە ، هەرکەس لەگەڵ ئەوانەدا بێت ، ئەوا دەبێت بە گوڵی ناو دۆزەخ.[(١)]

سەفوان گووتی : ئیتر منیش ڕۆشتم و هەموو حوشترەکانم فرۆشت(٢).

بۆیە ئەگەر خۆشویستنی ژیان و مانەوەی ستەمکاران بەم پلەیە بێت ، ئیتر دەبێت ڕەوشی ئەو کەسانە چۆن بێت ، کە ئەوان بۆ ستەمکردنی خۆیان پشتیان پێ دەبەستن، یان لە جەور و ستەمکردندا پشتگیرییان دەکەن ، یان کاریان بۆ دەکەن ، یان لەگەڵ کاروانیاندا دەڕۆن و دەچنە ژێر فەرمانیان ؟

٤٠- بیروباوەڕمان لەبارەی کارو پیشەوە لەناو دەوڵەتی ستەمکاردا

ئەگەر هاریکاریکردنی ستەمکاران بە نیو لەت خورما و حەزکردن لە مانەوەیان دوو شت بن لەوانەی ئیمامەکان زۆر ئاگاییان لەبارەیانەوە داوە: ئەی دەبێت ڕەوشی ئەوە چۆن بێت ، کە لە حوکمکردندا هاوبەشییان بکەیت و بچیتە ناو پیشە و ویلایەتی ئەوانەوە ؟ ئەی دەبێت حاڵی ئەو کەسانە چۆن بێت ، کە دەبێت بە دەستەی دامەزرێنەرانی دەوڵەتەکەیان ؟ یان بە یەکێك لە پایەکانی دەستەڵاتیان ؟ بەناو بونیادنانی حوکمی ئەواندا ڕۆدەچن ؟

---

(١) لە سەرچاوەکەدا بەم شێوەیە هاتوە: ومن کان منهم کان ورد النار .

(٢) من لا یحضره الفقیه للصدوق (٣٨١هـ): ٤: ٤٣٦. اختیار معرفة الرجال (رجال الکشي) للطوسي (٤٦٠هـ): ٢: ٧٤٠. وسائل الشیعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١٧: ١٨٢، ح (٢٢٣٠٥).

له (تحف العقول) له ئیمامی صادقدا (س.خ) هاتووه ، که فەرموویەتی : "که ستەمکار ویلایەتی گرت بە دەستەوە، هەموو وانەکانی ڕەوایی بەڕوونی دەردەکەون، چونکە ئەوان هەرچی کاری باتڵە زیندووی دەکەنەوە، جەورو ستەمو گەندەڵی پیشانی خەڵك دەدەن"[1]

بەڵام هەر لە زمانی ئیمامەکانیشەوە (س.خ) ، هاتووە ، کە ویلایەتی کەسی ستەمکار ڕێپێدراوە ، ئەگەر ئەو ویلایەتە بتوانێت دادپەروەری بپارێزێت و سنووری خودا بناسێت و ڕایبگرێت و چاکە لەگەڵ موسوڵماناندا بکات و فەرمان بە چاکە بکات و نەهییش لە خراپە بکات ، وەك ئەوەی کە لە قسەیەکی ئیمام مووسای کوڕی جەعفەرەوە (س.خ) دەگێڕنەوە ، کە فەرمویەتی (إن لله في أبواب الظلمة من نور الله به البرهان ومكن له في البلاد ، فيدفع بهم عن أوليائه ويصلح بهم أمور المسلمين أولئك هم المؤمنون حقا . أولئك منار الله في أرضه أولئك نور الله في رعيته .)[2]

لەم ڕووەوە فەرمووده زۆر هەن ، کە هەموویان ئەو شێوازە ڕوون دەکەنەوە ، کە پێویستە والی و فەرمانبەران لەسەری بڕۆن ، نموونەی ئەمەش ئەوەیە ، کە لەناو پەیامەکەی ساقدا (س.خ) هاتووە ، کە بۆ عەبدوڵڵای نەجاشیی میری ئەهوازی ناردووە ، بۆ ئەم مەبەستە سەیری (الوسائل كتاب البيع) بکە ، الباب (٧٨).

**٤١ ـ بیروباوەڕمان لەبارەی بانگەشەکردنەوە بۆ یەکێتیی ئیسلامی**

ئالی بەیت (س.خ) بەوەدا ناسراونەتەوە ، کە بە تەنگ ئەوەوە بوون ، کە سیماکانی ئیسلام بهێڵنەوە و داوای عیزەتی ئیسلام بکەن و گووتاری ئومەتی ئیسلامی یەك بخەن و برایەتیی نێوانیان بپارێزن سەخیمەی[3] ڕق و تووڕەیی لە نێوانی دڵەکانیاندا نەهێڵنەوە و ڕق لە دڵە ناخی کەسدا نەهێڵنەوە.

---

(١) لە تحفة العقول ی حەرانیدا هاتووە (سەدەی چوارەم ): ٣٣٢، لەژێر ناونیشانی تفسير معنى الولايات، گێڕانەوەکەی لەوێدا ئاوا دەست پێدەکات: وذلك ان في ولاية الجائر.. هەروەها هەمان شت لەناو بحار لانوار ی مەجلیسیشدا هاتووە (١١١١هـ): ١٠٠: ٤٥، لە بەشی جوامع المكاسب المحرمة والمحللة، لەوێدا بەمشێوەیە هاتووە: وذلك ان في ولاية الوالي الجاير دروس الحق.

(٢) هەمان فەرموودە بە جیاوازییەکی کەمەوە لە زمانی ئیمام ڕەزایشەوە (س.خ) دەگێڕدرێتەوە، لەناو : منية المريد في أدب المفيد والمستفيد للشهيد الثاني (٩٦٦هـ): ١٦٤. بڕوانە بحار الانوار للمجلسي (١١١١هـ): ٧٢: ٣٥٠، باب احوال الملوك والامراء... و لاپەڕەی ٣٨١ لە بەشی الركون الى الظالمين وحبهم وطاعتهم، ح (٤٦).

(٣) سەخیمە ، واتە ڕق و بوغزی ناو ناخ و دەروون ، وشەکە لە (السخمه) هاتووە ، کە مانای ڕەشێتی دەدات، بۆ مانای ئەم وشەیە بڕوانە : لسان العرب لابن منظور (٧١١هـ): ١٢: ٢٨٢، مادة السخم ، هەروەها بڕوانە مجمع البحرين للطريحي (١٠٨٥هجري): ٢: ٣٥٠، هەروەها مادەی سەخم. لە زمانی-

هەروەها هەڵوێستی پێشەوای بڕواداران لەگەڵ خەلیفەکانی پێش خۆیدا شتێك نییە، کە شایانی لەبیرکردن بێت ، ئەگەرچی کە هەر نەرم بووە لەگەڵ ئەواندا و بڕوای وابووە، کە ئەوان مافی ئەمیان خواردووە ، کەچی هەر لەگەڵیاندا بووە و بە ئاشتی لەگەڵیاندا ژیاوە ، هەرگیز ئەو بۆچوونەی خۆیی دەرنەبڕیووە لەبارەی ئەوەوە ، کە بە دەق خەلافەت بۆ ئەو نووسراوە ، لەناو قەرەباڵەغیدا ئەو دەقەی نەخوێندۆتەوە تا ئەو کاتەی کە فەرمانی بۆ هاتووە ، بۆیە لە ڕۆژە ناسراوەکەی (الرحبە)دا بە شایەتیدانی چەند سەحابەیەك دەقی غەدیری خوێندۆتەوە[1].

ئەو هەرگیز لەوە دوا نەکەوتووە ، کە ئاماژەیان پێبدات لەسەر ئەوەی کە ئایا چ شتێك سوود و بەرژەوەندیی ئیسلام و موسوڵمانانی تێدایە ، ئەو ڕۆژگارە ئەو چەندان جار دەیگووت : فخشیت إن لم انصر الاسلام و أهله أن أرى فيه ثلماً أو هدماً[2]..

هەروەها هیچ کردەوەیەکی وای لێ نەوەشاوەتەوە، کە کاریگەری بخاتە سەر حوکمی ئەوان یان دەستەڵاتەکەیان لاواز بکات، یان لە هەیبەتیان کەم بکاتەوە، لەبەر ئەوە خۆی بە تەنها لەناو ماڵی خۆیدا دانیشتووە ، سەرباری ئەو فشارانەی کە لەلای ئەوانەوە بۆی دەهات.

هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی ئەو ، بۆ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی ئیسلام بوو بە گشتی و بۆئەوە بوو ، کە لەناو ئیسلامدا کورتهێنان یان ئەگەری ڕووخان دروست نەکرێت ، ئەو بەمشێوەیە ناسرابوبوو، بۆیە زۆرجار خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب

---

- پێغەمبەرەوە (د.خ) دەگێڕنەوە، کە فەرموویەتی : حسن البشر يذهب بالسخيمة، هەروەها فەرموویەتی: "تصافحوا فان التصافح يذهب السخيمة".

بڕوانە تحف العقول للحراني (قرن ٤ الهجري): ٤٥: ٥٥، (الهدية تذهب السخيمة) غوالي اللئالي لابن ابي جمهور الاحسائي (دەوروبەری ٨٨٠ی کۆچی ژیاوە): ١: ٢٩٤، ح ١٨١.

(١) لێرەدا بواری ئەوەنییە، کەسەرچاوەکان و ڕێگاکانی غەدیر بنوسینەوە، لەبەر زۆریی ژمارەیان، بۆیە داوا لە خوێنەری خۆشەویست دەکەین، کە بگەڕێنەوە سەر پەراوێزەکانی شیخ حسەین ئەلرازی لەسەر (الرسائل المتبادلة بين الاستاذ الاكبر الشيخ سليم البشري وشيخ الجامع الازهرو بين الامام شرف الدين العاملي)) . هەروەها بڕوانە کتێبی (المراجعات) نوسینی (شرف الدين) (١٣٧٧هـ): المراجعة: ٥٣، ص ١٧٩ و پاش ئەویش. هەروەها سەیری پەراوێزی دووەم بکە، لە بەشی ٢٩ی ئەم کتێبەی بەردەستت، بەشی بیروباوەڕمان لەبارەی ئەوە، کە ئیمامەت بەپێی دەق دەبێت. هەروەها دەشتوانیت بۆ زانیاریی زیاتر سەیری: موسوعة الغدير للاميني النجفي (١٣٩٢هـ) بکەیت، کە ژمارەی بەرگەکانی ئەم کتێبە لەپاش ساغکردنەوەکەی گەیشتووە بە ١١ بەرگ.

(٢) بڕوانە : نهج البلاغه: تحقيق : محمد عبده: ٣: ١١٩، الكتاب ٦٢.

دەیگووت: (لاكنت لمعضلة ليس لها أبو الحسن)[1] ، واتە كێشەیەك بە باوكی حەسەن چارەسەر نەكرێت ، ئەوا بە من چار نەدەكرا ، یان دەیگووت : (لولا على لهلك عمر)[2] واتە ئەگەر عەلی نەبوایە ، ئەوا عومەر دەفەوتا.

---

(١) ئەم قسەیەی زۆر بەناوبانگە و لە زۆر بۆنەدا بە شێوازی جیاواز و دەربڕینی جیاواز چەندبارە كراوەتەوە، لەوانەش :

لا ابقاني الله لمعضلة ليس لها أبو الحسن.

اللهم لا تبقني لمعضلة ليس لها أبو الحسن

اعوذ بالله من معضلة ليس لها أبو الحسن.

لاعشت لمعضلة ليس لها أبو الحسن.

لا ابقاني الله بعدك.

اعوذ بالله من معضلة لا علي لها.

جگە لەمانە، چەندان دەربڕینی تری نزیكی تریش هەن، بۆ نمونە سەیری ئەمانە بكە:

دلائل الامامة للطبي (اوائل القرن الرابع الهجري): ٢٢. شرح الاخبار للقاضي النعمان (٣٦٣هـ): ٢: ٣١٧، ح (٦٥١)، و ٥٦٥، ح (٦٥١). الارشاد للمفيد (٤١٣هـ): ١: ٢٠٤. مناقب آل ابي طالب لابن شهر آشوب (٥٨٨هـ): ١: ٣١١ و ٢: ١٨٢. العمدة لابن البطريق الاسدي الحلي (نحو ٦٠٠هـ): ٢٥٧. وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤): ٢٨، ١٠٨، ح (٣٤٣٣٣)، باب ثبوت الزنا بالاقرار اربع مرات... الحديث رقم ٧.. الطبقات الكبرى لابن اسعد (٢٣٠هـ): ٢: ٣٣٩. المناقب لخوارزمي (٥٦٨هـ): ٩٦ – ٩٧، الحديثان ٩٧ و ٩٨. تاريخ مدينة دمسق لابن عساكر (٥٧١هـ): ٢٥: ٣٦٩، و ٤٢: ٤٠٦. اسد الغابة لابن الاثير (٦٣٠هـ) : ٤: ٢٣. ذخائر العقبى لاحمد بن عبدالله الطبري (٦٩٤هـ): ٨٢. تهايب الكمال للمزي (٧٤٢هـ): ٢٠: ٤٨٥. نظم الدرر للسمطين للزرندي الحنفي (٧٥٠هـ): ١٣١ ـ ١٣٢. البداية و النهاية لابن كثير الدمشقي (٧٧٤هـ): ٧: ٣٩٧. الاصابة في تمييز الصحابة لابن حجر العسقلاني (٨٥٢هـ): ١٣: ٢٦٨. ينابيع المودة للقندوزي الحنفي (١٢٩٤هـ): ١: ٢٢٧، الحديثان ٥٧ و ٥٨. فيض القدير شرح الجامع الصغير للمناوي (١٣٣١هـ): ٤: ٤٧٠، ح (٥٩٤٤). هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە كتێبی الامام علي عليه السلام في آراء الخلفاء لمهدي فقيه الايماني (معاصر) لێرەدا دەیان سەرچاوە و ڕێگەی لەم بوارەوە باس كراوە، بڕوانە لاپەڕە ٩٣ و لاپەڕەكانی پاشتری. ذخائر العقبى لاحمد بن عبدالله الطبري (٦٩٤هـ): ٨٢. تهذيب الكمال للمزي (٧٤٢هـ): ٢٠: ٤٨٥. نظم الدرر للسمطين للزرندي الحنفي (٧٥٠هـ): ١٣١ ـ ١٣٢.

(٢) الايضاح لابن شاذان الازدي (٢٦٠هـ): ١٩٢. دلائل الامامة للطبري (القرن ٤ الخجري): ٢٢. الكافي للكليني (٣٢٩هـ): ٧: ٤٢٤، باب النوادر، ح ٦. من لايحضره الفقيه للصدوق (٣٨١هـ):٤: ٣٦، ح ٥٠٥٢..خصائص الائمة للشريف الرضي (٤٠٦هـ): ٨٥. الاختصاص للمفيد (٤١٣هـ): ١١١. كشف اليقين في فضائل امير المؤمنين عليه السلام للعلامة الحلي (٧٢٦هـ): ٦٢. فضائل الخمسة من الصحاح الستة للفيروزآبادي (معاصر): ٢: ٣٠٩. المناقب للخوارزمي (٥٦٨هـ): ٨١، ح ٦٥. شرح نهج البلاغة لابن ابي حديد المعتزلي (٦٥٦هـ): ٢: ١: ١٨، ١٤١، و ١٢: ١٧٩، ٢٠٥، ٢٠٦. الرياض النضرة لاحمد بن عبدالله الطبري (٦٩٤هـ): ٢: ١٩٤. ذخائر العقبى لاحمد بن عبدالله الطبري (٦٩٤هـ): ٨٢.نظم الدرر –

هەڵوێستی حەسەنی کوڕی عەلی (س.خ) ، لە بارەی سوڵحکردن لەگەڵ مەعاویەدا[1] لەپاش ئەوەوە ، کە ئەلحەسەن بینیی ئەگەر شەڕ بکەن ، ئەوا ئەو شەڕە زیان بە گەورەیی و قورسایی وشەی الله اکبر و بە دەوڵەتی دادپەروەرییش دەگەیەنێت ، بگرە تا کۆتایی زەمانە زیانی بۆ ناوی ئیسلامیش دەبێت ، شەریعەتی خودایی نامێنێتەوە و ئەو هەندە خەڵکە کەمەی ئالی بەیتیش کە ماونەتەوە لەناو دەبرێن ، لەبەرئەوە ، حەسەن پێی باش بوو ، کە پارێزگاری لە سیماکانی ئیسلام و ناوی ئایین بکات ، ئەگەرچی دەیشیزانی کە ئەگەر لەگەڵ مەعاویەدا ئاشتی بەرپا بکات ، کە ئەو کەسێکە دوژمنی سەرسەختی ئایینە و خەڵکی ئایین دۆستیشە ، دوژمنی داخ لە دڵی حەسەن خۆی و شیعەکانیشیەتی . هەروەها چاوەڕوانی ئەوەشیان لێدەکات کە خۆی و شوێنکەوتەکانیشی لەسەر دەستی ئەوان توشی چەوساندنەوە و ستەم لێکردن بن. بەڵام بەلای حەسەنەوە بەرژەوەندیی ئیسلام لەسەرووی هەموو شتێکەوەبوو.

هەرچی حسەینی شەهیدیشە (س.خ) لەبەر ئەوە هەستایەوە و ڕاپەڕی کە دەیبینی بەنوو ئومەیە درێژەیان بە ڕەوشە خراپەکە داو کەسیش نەبوو بەڕوویاندا بوەستێتەوەو نیازە خراپەکانی ئەوان ئاشکرا بکات، بۆیە لەوانەبوو ئەوان یادی ئیسلام بسڕنەوەو سەروەرییەکانیشی لەناوبەرن، لەبەرئەوە ، ئەویش ویستی ستەمکاری و دوژمنکاریی ئەوان بۆ مێژوو بسەلمێنێت ، ئەوەش ڕسوا بکات کە ئەوان چەند نیازی خراپیان بەرانبەر بە شەریعەتی ئیسلام پێغەمبەری خودا (د.خ) هەبووە . بۆیە خۆی چۆنی ویست ، وەهای کرد، ئەگەر ئەو ڕاپەڕینەی ئەویش نەبوایە ، ئەوا ئیسلامیش کۆتایی پێدەهات ، ئەمجا مێژوویش وەك ئایینێکی پووچ باسی ئیسلامی دەکرد.

بۆیە شیعەش سوورن لەسەر ئەوەی کە بە هەموو جۆرێك و بە شێوازی جیاجیا یادی حسەین زیندوو بکەنەوە ، وەك تەواوکارییەك بۆ پەیامی ڕاپەرینەکەی ئەو و وەستانەوەی بەڕووی جەور و ستەمدا و بۆ زیاندوو ڕاگرتنی یادەکەی و گوێڕایەڵبوون بەرانبەر بە فەرمانی ئیمامەکانی پاش خۆی.

---

- السمطين للزرندي الحنفي (٧٥٠هـ: ١٣٠ ، ١٣٢. كنز العمال للمتقي الهندي (٩٧٥هـ): ١٠: ٣٠٠، ح (٢٩٥٠٩). ينابيع الموده للقندوزى الحنفى (١٢٩٤هـ): ١: ٢١٦، ٢٢٧، و ٢: ١٧٢، و ٣: ١٤٧. فيض القدير للمناوي (١٣٣١هـ): ٤: ٤٧٠، ح (٥٥٩٤). هەروەها بڕوانە : الامام علي عليه السلام في اراء الخلفاء المذكور في الهامش السابق ، هەروەها چەندان سەرچاوەی تر.)

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : سوڵحی حەسەن (س.خ) لە نووسینی آل یاسین، راضي: تصدير: عبدالحسين شرف الدين، بيروت مؤسسة النعمان، ١٤١٢هـ / ١٩٩١م.

بەڕوونی ئەوەمان لێ دیارە، کە ئالی بەیت (د.خ) سووربوون لەسەر پاراستنی عیزەتی ئیسلام ـ ئەگەر دەستەڵاتداران لە سەرسەختترین دوژمنەکانیشی بن ـ . ئەم سووربوونە بەڕوونی لەناو هەڵوێستی ئیمام زەینەلعابدین (س.خ) لە بەرانبەر پادشاکانی بەنوو ئومەیەدا دەبیندرێت ، کە ئەو دەستەڵاتدارانە چییان بەرانبەر بە ئەو و حورمەتی خۆی و باوکی و ئالی بەیتەکەشی کرد. دەبینین زەینەلعابدین بە نهێنیی داوای سەرکەوتنی سوپای موسوڵمانای دەکرد ، داوای عیزەت و سەروەریی بۆ ئیسلام دەکرد و ئاشتی و سەلامەتیشی بۆ موسوڵمانان دەویست ، پێشتریش باسی ئەوەمان کرد، کە تاکە چەکی ئەم ئیمامە لە بڵاوکردنەوەی مەعریفەدا بریتی بووە لە دوعاکردن، بۆیە ئەو شیعەکانی خۆیی فێرکرد کە چۆن دوعای خێر بۆ سوپای ئیسلام و موسوڵمانان بکەن ، وەك ئەو دوعا ناسراوەی خۆی ، کە بە دوعای (أهل الثغور) ناسراوە و تیایدا دەڵێت :

(( اَللّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّد وَآله، وَحَصِّنْ ثُغُورَ الْمُسْلمينَ بعزَّتكَ، وَأَيِّدْ حُمَاتَهَا بقُوَّتكَ، وَأَسْبغْ عَطَايَاهُمْ منْ جدَتكَ. اَللّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّد وَآله، وَكَثِّرْ عدَّتَهُمْ، وَاشْحَذْ أَسْلحَتَهُمْ، وَاحْرُسْ حَوْزَتَهُمْ، وَامْنَعْ حَوْمَتَهُمْ، وَأَلِّفْ جَمْعَهُمْ، وَدَبِّرْ أَمْرَهُمْ، وَوَاترْ بَيْنَ ميَرهمْ، وَتَوَحَّدْ بكفَايَة مُؤَنهمْ، وَاعْضُدْهُمْ بِالنَّصْرِ، وَأَعنْهُمْ بِالصَّبْرِ، وَالْطُفْ لَهُمْ فِي الْمَكْرِ. ))[1]

ماناکەی دەکاتە : خودایە سڵاو لە محەمەد و ئالی محەمەد بکە ، بە عیزەتی خۆت کەموکووڕیی موسوڵمانان پڕ بکەرەوە ، بە هێزی خۆت پشتگیریی پارێزەرەکانیان بکە، لە بەزەیی خۆتەوە بەخشینەکانی ئەوان جوان بکە ، ئیلاهی سڵاو لە محەمەد و ئالی محەمەد بکە و ژمارەیان زۆر بکە ، چەکەکانیان تیژو کاریگەر بکە، حەوزەکەیان بپارێزە، ڕێگری لە گەمارۆدان و پەلاماردانیان بکە ، نێوانی کۆمەڵەکانیان باش بکە، کاروباریان رایی بکە ، کاربەدەستانیان بکە بە دۆستی یەکتری ، ڕۆزییان دابین و ڕەخساو بکە، بۆ سەرخستنیان یەکیان بخە ، ئارامگرییان پێ ببەخشە، لوتفت هەبێت بەرانبەریان ئەوکاتەی پلانیان بەرانبەر دەگێڕدرێت.

تا دەگات بەوەی لەپاش دوعاکردن لە کافرەکان دەڵێت:

(١) بروانە الصحيفە السجاديە لزين العابدين على بن الحسين (ع.س) (٩٤هـ): دوعای ژمارە ٢٧.

((اللَّهُمَّ وَقَوِّ بِذَلِكَ مَحَالَّ أَهْلِ الإِسْلَامِ ، وَحَصِّنْ بِهِ دِيَارَهُمْ ، وَثَمِّرْ بِـــهِ أَمْوَالَهُمْ ، وَفَرِّغْهُمْ عَنْ مُحَارَبَتِهِمْ لِعِبَادَتِكَ وَعَنْ مُنَابَذَتِهِمْ لِلْخَلْوَةِ بِكَ، حَتَّى لَا يُعْبَدَ فِي بِقَاعِ الأَرْضِ غَيْرُكَ وَلَا تُعَفَّرَ لأَحَدٍ مِنْهُمْ جَبْهَةٌ دُونَكَ. ))[1] .

بەمشێوەیە بەردەوام دەبێت لە دوعا ڕەوانەکەیدا ، کە یەکێکە لە دوور و درێژترینی دوعاکانیدا و لەناویاندا ڕێنمایی دەدات بە سوپای موسوڵمانان ، کە پێویستە لەسەریان، کە پەیڕەوی لە ئاکار و ڕەوشتی بەرز بکەن ، خۆیان بۆ شەڕی دوژمنان ئامادە بکەن ، بۆ ئەوەی دڵسۆزییەکەیان بۆ خودای مەزن بێت. باقیی ئیمامەکانی تریش بەرانبەر بە پاشامان هەروەها بوون ، ئەگەرچی توندترین و سەختترین سزای دەستی ئەوانیان خواردووە ، بۆیە ئەمان هەر ڕوویان لەوە کرد ، کە خەڵك فێری ڕەوشتەکانی ئایینەکەیان بکەن . وە ئاراستەیەکی بەرزی ئایینی بدەن بە شوێنکەوتوەکانی خۆیان.

هەموو شۆڕشانەی ، کە لە سەردەمی ئەواندا لەلایەن عەلەوییەکانەوە بەرپاکراون، بەپێی خواست و ئاماژەپێدانی ئیمامەکان نەبوون ، بەڵکوو هەموویان سەرپێچیکردنی ڕاست و ڕەوانی فەرمانەکانی ئەوان بوون . چونکە ئیمامەکان هەر بە تەنگی ئەوەوە بوون ، کە داوای کەیانی دەوڵەتی ئیسلامی لە هەموو کەسێك بکەن ، تەنانەت لە خەلیفەکانی بەنی عەباس خۆشیان.

ئەوەندە بەسە ، کە وەسیەتەکەی ئیمام مووسای جەعفەر بخوێنینەوە (س.خ) ، کە بۆ شیعەکانی خۆیی نووسیوە :

((لا تذلوا رقابكم بترك طاعة سلطانكم ، فإن كان عادلاً فاسألوا الله إبقاءه ، وإن كان جائراً فاسألوا الله إصلاحه ، فإن صلاحكم في صلاح سلطانكم ، وإن السلطان العادل بمنزلة الوالد الرحيم ، فأحبوا له ما تحبون لأنفسكم ، واكرهوا له ما تكرهون لأنفسكم))[2]

واتە بە وازهێنان لە گوێرایەڵیی سوڵتانەکەتان خۆتان ملکەچ مەکەن، بۆیە ئەگەر سوڵتانێکی باش بوو داوا لە خودا بکەن کە بیهێڵێتەوە ، ئەگەر ستەمکاریش بوو داوا لە خودا بکەن چاکی بکاتەوە ، چونکە چاکبوونی ئێوە لە ڕێگەی چاکبوونی

---

(١) چەند کۆپییەك لەم دوعایە هەیە ، لەوانەش : چاپەکەی زانکۆی المدرسین لە قوم، هەروەها کۆمەڵەی زانستیی ئالی بەیت (س.خ) و قوتابخانەی ئیمامی مەهدی، خودای مەزن هاتنەوەکەی خێرا بکات : اللهم صل علی محمد وآله، وكثر عدتهم.. وتوحد بكفاية مؤنهم.

(٢) الامالي للصدوق (٣٨١هـ): ٤١٨، ح (٥٥٤)/ (٢١). وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١٦: ٢٢٠، ح (٢١٤٠٦)، فەرمودەی یەکەم لە دەروازەی پێویستبوونی تاعەتی سوڵتان بۆ تەقیەکاران . بحار الانوار للمجلسی (١١١١هـ): ٧٢: ٣٦٩، فەرموودەی دووەم لە دەروازەی الركون الى الظالمين وحبهم وطاعتهم.

سوڵتانەکەتانەوە دەبێت . سوڵتانی دادپەروەر لە پلەی باوکێکی بە بەزەییدایە، لەبەرئەوەی چیتان بۆ خۆتان پێخۆش بوو ، بۆ سوڵتانەکەشتان پێتان خۆش بێت، بۆخۆتان ڕقتان لە هەرچییەك بوو با بۆ سوڵتانەکەشتان ڕقتان لێی بێت.

ئەمەش مەبەستێکە بۆ پارێزگاریکردنی ڕەعیەت لە سوڵتانی خۆیان ، وەك ئەوەی کە چییان بۆ خۆیان پیٚ خۆش بوو ، بۆ ئەویش پێیان خۆش بێت ، هەروەها ڕقیان لە چی بوو بۆ خۆیان بۆئەویش با ڕقیان لێی بێت.

لەپاش ئەمەوە ، ئیتر سەیرکەن تاوانی هەندێك لە نووسەرانی ئەم سەردەمە چەند قووڕسە ، کە شیعە وەك دەستەیەکی تێکدەر باس دەکەن ، یان وەك دەستەیەکی شۆڕشگێڕی بێزار لە هەموو شتێك.

ڕاستە ئەوە لە ئەخلاقی پیاوی موسوڵمانی سەر بە ڕێنماییەکانی ئالی بەیتە (س.خ) ، کە ڕقیان لە ستەم و ستەمکاران بێت و بەرانبەر بە ئەهلی ستەم و خراپەکاری و گەندەڵی خراپ بن و بە قێزهاتنەوەوە سەیری هاندەر و لایەنگری ئەو جۆرە کەسانە بکەن.

ئەمە جۆرێکە لە ئاکار کە بەناو ناخی شیعەکاندا ڕۆچووە و چێندراوە و نەوە پاش نەوە دەیدەنەوە بە یەکتری . بەڵام ئەوە لە ئەمان ناوەشێەوە، کە غەدر و ستەم لەخەڵك بکەن ، هەروەها لەناو ڕێگاکەی ئەواندا شتی وا نییە کە بەناوی ئیسلامەوە شۆڕش و ڕاپەڕین لە دژی دەستەڵاتی ئایینی بکەن و بەناوی ئیسلامەوە لە دژی بجوڵێنەوە، چ بە ئاشکرابێت یان بە نهێنی. ڕێگە بە خۆیان نادەن  کە موسوڵمانان تیرۆر بکەن ئیتر مەزهەب و ڕێگای ئەو موسوڵمانانە هەرچییەك بێت ، ڕێنمایی ئیمامەکانی ئێمە وەهایە، (س.خ) ، کە هەر موسوڵمانێك دوو شەهادەکەی ئایینی بە زاردا هات ئیتر ماڵی پارێزراوە و نابێت خوێنی بڕژێت ، و شەرەفیشی پارێزراو دەبێت.(لایحل مال امریء مسلم الا بطیب نفسه)[1] واتە ماڵی هیچ موسوڵمانێك بۆ موسوڵمانێکی تر حەڵاڵ نییە ،

---

(١) ئەم فەرموودەیە بە چەند دەربڕینێکی نزیك لە یەکترەوە هاتووە ، لەوانەش :

" لایحل مال امریء مسلم الا عن طیب نفسه "

" لایحل مال امریء مسلم الا  من طیب نفسه "

" لایحل مال امریء مسلم الا بطیب نفسه منه"

" لایحل مال امریء مسلم الا  عن طیب نفسه منه "

" لایحل مال امریء مسلم الا بطیبة من نفسه "

هەروەها بە چەند شێوازێکی تریش هاتووە، بۆ نموونە سەیری ئەمانە بکە : من لایحضره الفقیة، للصدوق (٣٨١هـ): ٤: ٩٣، ح(٥١٥١). تحف العقول للحراني (القرن الرابع الهجري): ٣٤. عوالي اللئالي –

ئەگەر خۆی بە خۆشیی خۆی پێی نەبەخشێت . بەڵکوو موسوڵمان برای موسوڵمانە، هەموو ئەو مافانەی برایەتیی لەسەریەتی کە لەناو ئەم توێژینەویەی پاشتردا دەیبینین.

٤٢ ـ بیروباوەڕمان لەبارەی مافی موسوڵمان بەسەر موسوڵمانەوە

یەکێك لە جوانترین و مەزنترین ئەو شتانەی کە ئیسلام بانگەشەی بۆ کردووە بریتییە لە برایەتیی نێوانی موسوڵمانان بە جیاوازیی چین و پلە و پایەکانیانەوە ، هەروەها لە نزمترین و خراپترین کردەوەکانی موسوڵمانانیش لە ئەمڕۆ و ڕۆژگاری پێش ئەمڕۆشدا ئەوەیە چاوپۆشییان کردووە و نەیانویستووە کە بەپێی پێداویستییەکانی ئەم برایەتییەی نێوانی موسوڵمانان کار بکەن.

چونکە یەکێك لە ساناترین پێداویستییەکانی ئەم برایەتییە وەك ئەوەی کە لە ئەم گوتەیەی ئیمامی سادقدا دەیبینی، ئەوەیە ، کە کەسی کوسوڵمان چیی بۆ خۆی خۆشویست دەبێت بۆ برا موسوڵمانەکەشی خۆشی بوویت ، بۆ خۆی ڕقی لە چی بوو، دەبێت بۆ براکەشی ڕقی لێی بێت.

(( أن يحب لاخيه المسل ما يحب لنفسه، ويكره له مايكره لنفسه ))[1] .

بە وردی سەیر بکە و ئەمجا بیر لە ئەم خەسڵەتە ئاسانە بکەرەوە، کە لە ڕوانینی ئالی بەیتدا چۆن بووە (د.خ) . کەچی دەبینیت ئەمڕۆ یەکێکە لە ئەو شتانەی کە زۆر قوورسە داوای لە موسوڵمانان بکرێت ، چونکە ئەم ئاکارەی کە ئەمان ئەم ڕۆژگارە کاری پێدەکەن زۆر دوورە لە ڕوحییەتی ئیسلامەوە.

---

- (٠٨٨٠هـ): ١: ٢٢٢، ح (٩٨)، و (٢: ١١٣، ح (٣٠٩)، و ٣: ٤٧٣، ح (١)، لە دەروازەی تووڕەییەوە الغضب. وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ٥: ٧٢.. احكام القرآن للجصاص (٣٧٠هـ): ٢: ٢١٦، ٢٢٤، ٢٤١، و ٣: ٤١٥، ٤٣٣، ٤٣٤، ٥٨٩، ٥٩٩. اعجاز القرآن للباقلاني (٤٠٣هـ): ١٣١. السنن الكبرى للبيهقي (٤٥٨هـ): ٨: ١٢٨. جگە لەمانەش چەندان سەرچاوەی تر هەن.) .

(١) بڕوانە : المحاسن للبرقي (٢٧٤ او ٢٨٠هـ): ١: ٧٢، باب الستة ، ح ٢٨. كنز الفوائد للكراجكي (٤٤٩هـ) : ١٤١. الامالي للطوسي (٤٦٠هـ): ٤٧٨، ح (١٠٤٣). المجلس السابع عشر، ح ١٢. وسائل الشيعة للحر العاملي (١١٠٤هـ): ١٢: ٢١١، ٢١٢، ٢١٣، فەرموودەکانی : (١٦١١١)(١٦١١٣)(١٦١١٤). باب اداء حق المؤمن وجملة من حقوقه، الاحاديث (٢١)، (٢٣)،، (٢٤). بحار الانوار للمجلسي (١١١١هـ): ٢٧:٨٩، ح (٤١ صحيح مسلم للنيسابوري (٢٦١هـ): ١: ٤٨. سنن ابن ماجة (٢٧٥هـ): ٢٦، ٦٦، باب في الايمان. سنن الترمذي (٢٧٩هـ): ٤: ٧٦، ح (٢٦٣٤). السنن الكبرى للنسائي (٣٠٣هـ): ٨: ١١٥ ، ١٢٥. علامة المؤمن . و چەندان سەرچاوەی تر.).

بیر لە ئەم خەسڵەتە بکرەوە ، ئەگەر موسوڵمانەکان بیانتوانیبا لەگەڵ خۆیاندا بە ویژدان بن و بەڕاستی ئایینەکەیان بناسن و کاری پێبکەن ، هەر تەنها ئەوەندەی کە کەسێکیان بۆ خۆی چیی پێ خۆش بوو، ئەوا بۆ براکەیشی پێی خۆش بێت ، ئەوا نە ستەمت دەبینی و نە دەستدرێژی ، نە دزیکردن و نە درۆ، نە غەیبەت و نە پشت مل قسە پێوتن ، نە تۆمەتی خراپەکاری و تۆمەت بۆ هەڵبەستنی پووچ. نە سووکایەتی و نە ناچارکردن.

بەڵێ ئەگەر موسوڵمانان ڕابوەستانایە و هەستیان بە سادەترین خەسڵەتی برایەتیی نێوانی خۆیان بکردبایە و کاریان پێ بکردبایە ئەوا زوڵم و ستەم لەسەر زەوی نەدەمایەوە ، دەتبینی مرۆڤ هەموو برای یەکترین، هاوشان و تەبان و بەرزترین پلەی ئاسوودەیی کۆمەڵایەتییان بۆ ڕەخساوە . ئیتر خەونی فەیلەسووفە دێرینەکانیش لە بەرپابوون و دروستبوونی شاری چاکەکاران دەهاتەدی. ئەو دەمە ئیتر بە خۆشەویستی و دڵسۆزی مامەڵەیان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد و پێویستیان بە بوونی حکومەت و دادگا و پۆلیس و زیندان نەدەبوو ، پێویستیان بە بوونی یاسا و سزا و حوکمی سنوور و ملپەڕاندن نەدەبوو، ملکەچی داگیرکەران و دەستەمۆی دەستی بەهێزەکان نەدەبوو، ئیتر ستەمکارانیش ستەمیان لێ نەدەکردن. ئەم زەوییەش دەگۆڕا بە زەوییەکی تر، دەبوو بە بەهەشتی خۆشی و خانەی ئاسوودەیی.

زانیارییەکی زیاترت دەدەمێ : ئەگەر یاسای خۆشەویستی لە نێوانی مرۆڤەکاندا بەرقەرار ببێت ـ بەو شێوەیەی کە ئایین بەپێی ڕێنماییەکانی برایەتی باسیان دەکات ـ ئەوا لەناو فەرهەنگی زمانەکانی ئێمەدا وشەی دادپەروەری بوونی نەدەمایەوە، ئەمە بەو مانایەی کە ئیتر ئێمە ئیشمان بە دادپەروەری و یاساکانی نەدەما، ئیتر نەماندەویست وشەکەشی بەکاربهێنین، بەڵکو هەر تەنها پێویستمان بە یاسای خۆشەویستی دەبوو، بۆئەوەی بتوانین چاکە و ئاشتی و ئاسوودەیی بڵاوبکەینەوە. چونکە مرۆڤ پێویستی بە بەکارهێنانی دادپەروەری نابێت هەروەها بە یاساش داوای ناکات ، تا خۆشەویستی لە دەست نەدات لەبەرانبەر ئەو کەسانەدا، کە پێویستە بەرانبەریان دادپەروەر بێت. بەڵام ئەو کەسانەی کە خۆشیدەوێن، وەك کوڕ و برا ، ئەوا بۆ ئەمانە ، مرۆڤەکە خۆی چاکەیان لەگەڵدا دەکات و لە کۆمەڵێك مافی خۆیشی خۆشدەبێت لەبەر خۆشەویستیەکەی و لەبەر خاتری کەسە خۆشەویستەکانی ، نەك بە هۆی دادپەروەری و بەرژەوەندییەوە.

نهێنی ئەمە ئەوەیە، کە مرۆڤ تەنها خۆی و ئەو شتانەی خۆشدەوێت، کە لەگەڵ خۆیدا گونجاون ، هەرگیز ناگونجێت کە شتێك یان کەسێکی خۆش بووێت کە لە دەرەوەی

خۆی بێت ، ئەگەر پەیوەستێك هەبێت بە یەکیانەوە ببەستێتەوە و وێنەیەکی گونجاویان لەلای یەکتری بۆ دروست بکات .

هەروەها هەرگیز ناگونجێت لەپێناوی کەسێکی تردا بە خواستی خۆی واز لە ئەو شتانە بهێنێت کە خۆشەویستن لەلای و خۆی ئارەزووویان دەکات ، مەگەر تەنها لەو کاتەدا کە بیرو باوەڕێکی وەهای لەلا دروست ببێت ، کە لە خۆشەویستییەکەی گەورەتر بێت. وەك بیروباوەڕی دادپەروەری و چاکەکاری ، ئەمجا ئەو کاتە ئیتر قوربانی بە یەکێك لە ئارەزووەکانی خۆی دەدات لەپێناوی ئارەزوویەکی بەهێزتری وەك بیروباوەڕدا ، کە بەشێك بێت لە بیروباوەڕەکگانی خۆی، یان بەشێك بێت لە خۆی.

بۆئەوەی کە ئەم بیروباوەڕە نموونەییە لەلای ناخی مرۆڤ دروست ببێت، ئەوا پێویستە ڕووحی مرۆڤەکە بەرەو بالآیی هەڵبکشێت و بەسەر بەها لەبەرچاوگیردراوە مادییەکاندا زاڵ ببێت ، بۆئەوەی بتوانێت بگات بە نموونەی بالآی دادپەروەری و چاکەکاری و بۆ کەسانی تر. دیارە ئەمەش پاش ئەوەی ، کە لەناو ناخی خۆیدا هەستی ڕاستگۆیانەی برایەتی و سۆز لە نێوانی خۆی و دەوروبەرەکەیدا دروست دەکات.

کەواتە یەکەمین پلەی موسوڵمانێتی کە پێویست بێت کەسێك پیایدا تێپەڕ ببێت، ئەوەیە ، کە هەستی برایەتیی بەرانبەر بە کەسانی تر بۆ دروست ببێت.

بەلآم ئەگەر نەیتوانی ـ دیارە ، کە بە زۆری گریمانەکە وەهایە، کە نەتوانێت لەبەر زۆریی ئارەزووەکانی و خۆپەرستێتیی ـ ئەو کاتە دەبێت لەناو ناخی خۆیدا و بە لەبەرچاوگرتنی ڕێنماییەکانی ئیسلام بڕوابوونی خۆی بە دادپەروەری و چاکەکاری گەڵاڵە بکات، ئەگەر ئەمەشی بۆ نەکرا، ئەوکاتە شایانی ئەوەش نییە، کە هەر بە ناویش موسوڵمان بێت ، چونکە لە کایەی ویلایەتی خودا چووەتە دەرەوە و بەپێی ئەم قسەیەی ئیمام کە لە خوارەوە دەیبینین ، شانسی ئەوەی تێدا نەماوە کە بۆ خودا بێت.

دیارە کە مرۆڤ بە زۆری ئارەزووە توند و سەختەکانی بەسەریدا زاڵ دەبن، لەبەرئەوە قورس دەبێت بەلایەوە ، کە خۆی بۆ ئەوە سازبدات ، کە ئەم بیروباوەڕی دادپەوەرییە پەسەند بکات، ئەمجا وەرە بەراوردی ئەمە بکە، لەگەڵ ئەوەدا کە بیەوێت بیروباوەڕێکی وەها بۆ خۆی گەڵاڵە بکات، کە بتوانێت بەسەر ئارەزووەکانی خۆیدا زاڵ ببێت.

لەبەرئەوە ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی مافەکانی برایەتی یەکێکە لە قورسترین ڕێنماییەکانی ئایین ، ئەوکاتەی کە مرۆڤ خۆی هەستێکی ڕاستەقینەی حەزکردن لە برایەتیی تیادا نەبێت. لەبەر ئەوەی ئیمام ئەبوو عەبدوڵڵای سادق (س.خ) دێت بە سۆزەوە باسی مافەکانی برایان بۆ یەکێك لە هاوەڵەکانی ڕوون دەکاتەوە ، کە بریتییە لە

